
IJOKS
2014

IJOKS
ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies
http://www.ijoks.com/



A new perception for adjectives in Kurdish Language

January 2019
Vol 5 (1)

IJOKS ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

Editor-in-Chief

Hasan KARACAN, Ph. D

English Language Editor

Christopher DUFFY, (USA)

About

- International Journal of Kurdish Studies (IJOKS) is a peer-reviewed international journal published biannually, in January and August, which accepts papers written in Turkish, Kurdish (Kurmancî, Zazakî and Soranî), English or Russian languages.
- Opinions by the authors of articles in the journal are solely those of the author, and do not necessarily reflect those of the journal, its editor, assistant editors, or advisory board.
- Articles published by the journal may not be reproduced totally or in part without the express written permission of the publisher.
- All papers in PDF format can be retrieved on our web site: http://www.ijoks.com/

Abstracting & Indexing

© All rights reserved.

IJOKS ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

ADVISORY BOARD

Prof. Dr. Hasan ÇİFTÇİ (Muş Alparslan University/Turkey
Prof. Dr. Hasan TANRIVERDİ (Dicle University/Turkey)
Prof. Dr. Abdullah Kurshid ABDULLAH (Salahaddin University, Iraq)
Prof. Dr. Abdurrahman ACAR (Dicle University/Turkey)
Prof. Dr. Mesut ERGİN (Dicle University/Turkey)
Prof. Dr. Kinyaz İbrahim MİRZOYEV (Abai National Pedagogical University / Kazakhstan)
Assoc. Prof. Dr. Yahya SUZAN (Dicle University/Turkey)
Assoc. Prof. Dr. Giovanni BORRIELLO (Roma Tre University/Italy)
Assoc. Prof. Dr. Vecihi SÖNMEZ (Yüzüncü Yıl University/Turkey)
Assoc. Prof. Dr. Gulmira ABDIRASILOVA (Kazakh State Women's Teacher Training University / Kazakhstan)
Assoc. Prof. Dr. Eva DURAN (University of Roehampton / UK)
Assoc. Prof. Dr. Hajjah Jariah Mohd JAN (University of Malaya, MALAYSIA)
Assoc. Prof. Dr. Safin Jalal FATHWLLA (Koya University /Kurdistan Region of Iraq)
Assoc. Prof. Dr. Zahir ERTEKİN (Bingöl University / Turkey)
Assoc. Prof. Dr. Murat ÖZCAN (Gazi University, Turkey)
Assoc. Prof. Dr. Muhammet ÖZDEMİR (Katip Celebi University/Turkey)
Asst. Prof. Dr. Ercüment YILDIRIM (Sutcu Imam University/Turkey)
Asst. Prof. Dr. Murat DEMİR (Ankara Haci Bayram Veli University, Turkey)
Asst. Prof. Dr. Serkan TÜRKOĞLU (Artvin Coruh University/Turkey)
Asst. Prof. Dr. Mustafa ÖZTÜRK (Mardin Artuklu University/Turkey)
Asst. Prof. Dr. Abdulhadi TIMURTAS(Yüzüncü Yıl University/Turkey)
Asst. Prof. Dr. Joanna BOCHENSKA (Jagiellonian University, Kraków / Poland)
Asst. Prof. Dr. Necat KESKIN (Mardin Artuklu University/Turkey)
Asst. Prof. Dr. Omed Barzan BRZOO (Germian University /Kurdistan Region of Iraq)
Dr. Christian SINCLAIR (University of Arizona / USA)
Dr. Salah Hwayyiz RASOOL (Koya University / Kurdistan Region of Iraq)
Dr. Nawzad Anwer OMER (Koya University / Kurdistan Region of Iraq)
Dr. Amir KARIMIPOUR (University of Isfahan / IRAN)
Dr. Katya DUNAJEVA (Eotvos Lorand University, Budapest, HUNGARY)

IJOKS ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

EDITORIAL

We are together with the tenth issue, the first issue of 2019. It is very exciting to present a new issue of our e-journal, entitled IJOKS [International Journal of Kurdish Studies], [January 2019], to the Kurdish studies. Every issue provides new ambitions and motivation for us to reach a better journal, thanks to your fruitful and motivational support, collaboration and encouragement.

The papers in this number of our journal are as in contents. We hope that the issues of our journal shall contribute to the field of Kurdish Studies. We thank to the journal employees, authors, reviewers and all the others who have contributed to the preparation process of this issue.

Hope to meet you in next issues…

Hasan KARACAN, Ph. D
Editor

IJOKS ISSN: 2149-2751
International Journal of Kurdish Studies

Vol. 5 Issue 1
(January 2019)

CONTENTS *Page*

Articles

A Study of the concept of law from John Locke's point of view — An Examination of the reality of law in Kurdistan Region: "A Theoretical Study" 1
Asrin Zrar QADER & Salim P.ALIAS

Newşên Yekemîn Yên Kurd Li Elmanya: Destpêk
First Kurdish Generations in Germany: Introduction 11
Avdo Karataş

Kurdish Image in Novels of Early Period of Turkish Republic 41
Şener Şükrü YİĞİTLER

Hînkirina Rêzimana Kurmancî di nav konteksê de
Teaching Kurdish Grammar in the context 53
Resul GEYİK

Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example 78
Nawzad Waqas SAHID & Rebwar Muhammed ISMAIL

Detailed analysis of text: An example using the poet Kazal Ahmed 103
Ala Dara Abdul MAJID

Prevalence of Existential Vacuum of Writers in the Kurdistan region- Iraq 121
Yousif H.Salih MOSTAFA & Muhammad Taha Hussein BAKR

The style of personal structure of the Development and simple in the novels: Karwan Omar Kakasor 137
Sardar Ahmed Hassan GERDI & Awara Kamal SALEH

The history of educational laws, regulations, and curricula for the formal study in the city of Erbil, 1961-1968 167
Mohammed Abdulla Kaka SUR & Snur Sabah SIDIQ

Zihaf Impact on music Activators of Hashu Lines of Kurdish classical poetry 194

Nawzad Waqas SAEED & Hiwa Nuraddin AZIZ

Economic conditions in the province of Erbil since the late Ottoman rule 213
Mahdi Mohammed QADER & Fatah Bahram KHADER

The structure of Verb phrase in the Kurdish language 237
Karwan Juma RAHEEM

The Effect of Leftist Thinking on Kurdish Organization in Eastern Kurdistan (1945 – 1938) 253
Ismael Abdalrahman SAEED

The application of 1958 and 1970 Agrarian Reform Acts in HawlerLiwa (Governorate) and its effects a historical study 290
Khalil Ali MURAD & Burhan Hatam OTHMAN

Uzaktan Eğitim Alaninda Ana Dili Arapça Olmayanlara Arapça Öğretiminde, Sosyal Medya Faktörü 312
Hasan AKREŞ

Notes & Comments

Salīm Barakāt's Intermediary Existence: His Poem Maḥmūd Darwīsh 328
Aviva BUTT

İran'ın Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi'nin (IKBY) Bağımsızlık Girişimlerine Bakışı 359
Mehmet Akif KOÇ

Book Review

Irak'ı Anlamak– Cengiz Han'ın Moğollarından Osmanlı Türklerine ve İngiliz Manda Yönetiminden Amerikan İşgaline Kadar Irak Tarihinin Bütün Gelişimi 363
Mehmet Akif KOÇ

International Journal of Kurdish Studies
Vol5, Issue 1 January 2019

ISSN:2149-2751

Editorial Hasan Karacan	ENG	PDF
ARTICLES		
A Study of the concept of law from John Lockes, point of view- An Examination of the reality of law in Kurdistan Region: A Theoretical Study Asrin Zrar QADER & Salim P.ALIAS	KRD	PDF
Newşên Yekemîn Yên Kurd Li Elmanya: Destpêk Kurdish First Generations in Germany: Introduction Avdo Karataş	KRD	PDF
Kurdish Image in Novels of Early Period of Turkish Republic Şener Şükrü YİĞİTLER	ENG	PDF
Hînkirina Rêzimana Kurmancî di nav konteksê de Teaching Kurdish Grammar in the context Resul GEYİK	KRD	PDF
Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example Nawzad Waqas SAHID & Rebwar Muhammed ISMAIL	KRD	PDF
Detailed analysis of text: An example of the text of the poet Kazal Ahmed Ala Dara Abdul MAJID	KRD	PDF
Levels of Existential Vacuum of Writers in the Kurdistan region- Iraq Yousif H.Salih MOSTAFA & Muhammad Taha Hussein BAKR	KRD	PDF
The style of personal structure of the Development and simple in the novels: Karwan Omar Kakasor Sardar Ahmed Hassan GERDI & Awara Kamal SALEH	KRD	PDF
The history of educational laws, regulations, and curricula for the formal study in the city of Erbil, 1961-1968 Mohammed Abdulla Kaka SUR & Snur Sabah SIDIQ	KRD	PDF
Zihaf Impact on music Activators of Hashu Lines of Kurdish classical poetry Nawzad Waqas SAEED & Hiwa Nuraddin AZIZ	KRD	PDF
Economic conditions in the province of Erbil since the late Ottoman rule Mahdi Mohammed QADER & Fatah Bahram KHADER	KRD	PDF
The structure of Verb phrase in Kurdish language Karwan Juma RAHEEM	ENG	PDF
The Effect of Leftist Thinking on Kurdish Organization in Eastern Kurdistan (1945 – 1938) Ismael Abdalrahman SAEED	ENG	PDF

The application of 1958 and 1970 Agrarian Reform Acts in HawlerLiwa (Governorate) and its effects a historical study Khalil Ali MURAD & Burhan Hatam OTHMAN	KRD	PDF
Uzaktan Eğitim Alaninda Ana Dili Arapça Olmayanlara Arapça Öğretiminde, Sosyal Medya Faktörü Hasan AKREŞ	TR	PDF
Salīm Barakāt's Intermediary Existence: His Poem Maḥmūd Darwīsh Aviva BUTT	ENG	PDF
İran'ın Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi'nin (IKBY) Bağımsızlık Girişimlerine Bakışı Mehmet Akif KOÇ	TR	PDF
Irak'ı Anlamak– Cengiz Han'ın Moğollarından Osmanlı Türklerine ve İngiliz Manda Yönetiminden Amerikan İşgaline Kadar Irak Tarihinin Bütün Gelişimi Mehmet Akif KOÇ	TR	PDF

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 1 – 10
http://www.ijoks.com

A Study of the concept of law from John Locke's point of view — An Examination of the reality of law in Kurdistan Region: "A Theoretical Study"

Asrin Zrar QADER[1]& Salim P.ALIAS[2]

Received: Mar 18, 2018 **Reviewed**: Mar 22, 2018 **Accepted**: Apr 25, 2018

Abstract

The law is the standard model of power that legal governments and recognized states possess. In democratic and civilized societies, law — as the opposite of force plays a significant role in conflict resolution. The rule of law obliges the state and state structures to obey the laws; this is how justice and equity is manifested in political systems and governing systems. Once authority is directed based on the rule of law and justice, human rights will be guaranteed, protected, and legally recognized. Rationality is the very essence of law. That is why British philosopher John Locke tried to reform the existing political system to be more based on rationality. He clearly proposed this idea in his "social contract" theory, which went on to become the standard source of legal authority later throughout civilized societies. Hence, it seems that French philosopher Voltaire was affected by Locke's ideas, as he believed that law is a rational guide in a world where rationality is absent.

Key words: Law, Political Authority, Social Justice, Human rights, Equality

Recommended citation:
Qader, A. Z. & Alias, S.P. (2019). A Study of the concept of law from John Locke's point of view — An Examination of the reality of law in Kurdistan Region: "A Theoretical Study". *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 1 – 10 DOI: **10.21600/ijoks.516467**

[1] Correspondent Author: Lecture, Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq. E.mail: asrin.qader@su.edu.krd, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0003-4353-2472
[2] Assistant Prof. Dr., Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq. E.mail: salim.alias@su.edu.krd,

خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی یاسا لای جۆن لۆك - ڕەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بە نموونە[3]

"تیۆرییە"

م. ئەسرین زرار قادر- پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سلیم بطرس إلیاس

پێشەکی

لە هەر وڵاتێکدا یاسا بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی دادپەروەری دادەنرێت، بنەمای ئەم یاسایەش لە ئەنجامی پێداویستییەکانی هاوبەندی و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان هاووڵاتییاندا سەرچاوە دەگرێت، بەمانایەکی تر پێویستە یاساکان گوزارشتی ڕاستەقینەی کردەوە و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکانی خەڵك بن. واتە گونجان و ڕێککەوتن لە نێوان ڕێسا یاساییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هەبێت. لەو کۆمەڵگەیەی یاسا سەروەر بێت مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراو دەبێت. هەمیشە سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ دوو لایەنی یەك کردەوەن کە بریتییە لە دادپەروەری. سەروەری یاسا ئاماژەیەکە بۆ ئاستی پابەندبوون بە پاراستنی سستمی یاسایی، بۆیە مەرجێکی پێشوەختەی هەر دیموکراسییەتێکە، ئەگەر دیموکراسی ئەوەبێت کە دەبێت سستمی یاسایی بگونجێت لەگەڵ داواکاری و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان، ئەوە دەبێتە مەرجێکی بنچینەیی بۆ سەروەری یاسا. کەواتە سەروەری یاسا، دادپەروەری و دیموکراسییەت سێ چەمکی پێکەوەگرێدراون و لە سایەیاندا مافەکانی مرۆڤ دەستەبەردەبن. ستەم و فەرمانڕەوایەتی ڕەهای پاشایەتی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بە گشتی، بوو بە هەوێنی دروستبوونی بیرۆکەی یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا و دواجار سەروەری یاسا بوو بە بنەمایەکی گرنگی نێو تیۆر و نووسراوە هزرییەکانی فەیلەسوف و بیرمەندانی سەدەکانی حەقدە و هەژدە. لەو نێوەندەدا بیرمەندی بەریتانی (جۆن لۆك) لە تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا، وەك بنەمایەکی بنچینەیی پێداگیری خۆی لەسەر یەکسانی لەیاسادا و سەروەری یاسا بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا، دووپاتکردۆتەوە. لەم گۆشەنیگایەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە هەڵسەنگاندنێکی بابەتی و واقیعییانە بۆ پرسی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت دواتر چەندە بابەتی مافەکانی مرۆڤ لەو ڕەوشە یاساییەی کە لە کۆمەڵگەدا دەگوزەرێ، دەستەبەر و پارێزراون قسە و باسی لێکراوە. ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پوختە و پێشەکییەکەی، پێکهاتووە لە ڕەهەندە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە دواتر شیکردنەوەیەکی بابەتییانە کراوە بۆ تێڕوانینی جۆن لۆك بۆ یاسا لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەروەها ڕەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بە نموونە وەرگیراوە، لە کۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

١ـ ڕەهەندە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

چوارچێوەی میتۆدۆلۆژیا و ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١ـ١ کێشەی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی بەو بابەتە دەسپێدەکات کە وەك کێشەیەك یان پرسێکی ئاڵۆز لە هزری توێژەردا گەڵاڵە دەبێت و دواجار بە چەند پرسیارێکی سەرەکی گوزارشتی لێدەکرێت. پرسی یاسا لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بابەتێکە جێگای سەرنج و گرنگیپێدانە، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە سستمی سیاسی دیموکراسی نییە و دەسەڵاتی دادوەری سست و ڕۆڵی دادگاکان کارا نییە لە پابەندبوون بە سستمی یاسایی. سەروەری یاسا لە پاڵ پایەداری دەستووردا دوو دەستەبەری یاساییں کە لە ڕێگایانەوە مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر و پارێزراو دەبن، لێرەوە دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند پرسیارەدا دەستنیشانکات: ئایا لە هەرێمی کوردستاندا یاساکان بە پێی پێویست و وەکو خۆیان جێبەجێ دەکرێن؟ ئایا لە نەبوونی دەستوور و سستی دامەزراوە دادوەری و یاساییەکانی تردا، دەکرێت بڵێین یاسا سەروەرە؟ ئایا پابەندبوون بە یاسا تەنها گوتاری دەسەڵاتی سیاسییە یان کردەوەیەکی بەرجەستەکراوی ڕاستەقینەیە؟ ئەگەر ئەوەی دواییان ڕاستییەکە بێت، بۆچی ڕۆژانە پێشێلکاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ ڕووەدات؟ بە پشتبەستن بەو بنەمایەی کە

[3] ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتورا بە ناونیشانی (ڕۆڵی دامەزراوە نیشتمانییەکان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەك نموونە) بەسەرپەرشتی (پ. ی. د. سەلیم پترۆس ئیلیاس) کە وەك مەرجێك بەرلە تەواوکردنی تێزەکە پێویستە بڵاوبکرێتەوە.

(هەمووان یەکسانن لەبەردەم یاسادا)، هەر بەو شێوەیەی کە (لۆك) لە تێۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە روونکرنەوەی پێویست بۆ ئەم پرسیارانە بخرێتەڕوو.

١ـ٢ گرنگی توێژینەوەکە

بایەخدان بە ڕەوش و بارودۆخی هەنووکەیی پرسی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، بەپشتبەستن بە تێۆری زانستی و شیکرنەوەی کۆمەڵایەتی و یاساییانە بۆ ئەو بارودۆخە، گرنگی زانستییانەی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات، لە لایەکی تر هەوڵدان بۆ دیاریکردنی کەموکورتی دەقە یاساییەکان لە بواری ڕێ و شوێنەکانی جێبەجێکردنیان و خستنەڕووی کۆمەڵێک ڕاسپاردە بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی ڕەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا، ئاستی گرنگی ئەم توێژینەوەیەی زیاترکردووە.

١ـ٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوەن:

•ڕوونکردنەوەی ئاستی پراکتیزەکردنی یاساکان وەک خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا .

• ڕوونکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بۆ سەروەری یاسا و خۆبەدوورگرتن لە دەستتێوەردانی حزبی .

١ـ٤ میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی شیکاری ڕەخنەگرانە پرسی یاسای لە هەرێمی کوردستاندا هەڵسەنگاندووە، بە گەڕانەوە بۆ چەمکی یاسا لە تێۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) (جۆن لۆك)، بە تیشك خستنەسەر بنەمای یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا.

١ـ٥ چەمکی سەرەکی توێژینەوەکە

• یاسا

بە ئاماژەیەکی کورت دەکرێت بڵێین یاسا بریتییە لە ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵك، بەو مانایەی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای یاسایەکی دیاریکراو و ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت. هەروەك (مۆنتسکیۆ) لە پێناسەکردنی یاسادا پێی وایە یاسا بە گشتی بریتییە لە پەیوەندییە پێویستەکان کە لە سروشتی بوونەوەرەکان وەرگیراوە و هەموو بوونەوەرەکان خاوەنی یاسای تایبەتین. (مونتسکیو،1953،ص11) لە لێکۆڵینەوە یاساییەکان چەمکی یاسا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک ڕێسا کە لەسەر تاکەکان جێبەجێ دەکرێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کە ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی یاسا فەرز دەکاتەسەر ڕەفتارەکانیان، بە ئامانجی هێنانەدی سستم لە کۆمەڵگەدا. (الجیریا،

2017 ، ص.1) کەواتە یاسا پابەندبوونە بە کۆمەڵێک ڕێسای گشتی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆیی، پاداشت هەروەها سزا لەخۆدەگرێت لە لایەن دەسەڵاتی گشتی دەوڵەتەوە بۆ ئەوانەی جێبەجێی ناکەن و سەرپێچی دەکەن. (الجازي، 2017 ، ص.1)

بەپێی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی یاسا بەم شێوەیە دەبێت: یاسا بریتییە لە بنەمای ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، پابەندبوون پێی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان دەهێنێتەدی کە پێویستە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا پابەندی بن، تاوەکو یەکسانی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا دەستەبەر و تەواوی مافەکانیان پارێزراو بێت.

٢ ـ چەمکی یاسا لە تێۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی جۆن لۆك ـ ڕەوشی یاسایی هەرێمی کوردستان بە نموونە

لەم بابەتەدا تیرۆانینەکانی (جۆن لۆك) بۆ پرسی یاسا و جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە تێۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا هەروەها شیکرنەوەیەکی بابەتی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ڕەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا دەخەینەڕوو:

٢ـ١ تێرۆانینی (جۆن لۆك 1632- 1704) بۆ یاسا و جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە تێۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا

تێڕوانین و بیرۆکەکانی فەیلەسوف و بیرمەندی بەریتانی (جۆن لۆك) دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، یاسا و سستمی فەرمانڕەوایی کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی و بارودۆخی سیاسی بە گشتی. (لۆك) بە یەکێك لەو فەیلەسوفە دیارانە دادەنرێت کە بەشداری گرنگی هەبووە لە مێژووی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەخنەگرتن لە سستمی فەرمانڕەوایی پاشایەتی رەها، پێیوابوو دەسەڵاتی خەڵك لەسەرووی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییە. (لۆك) لە کتێبی (دوو نامە دەربارەی فەرمانڕەوایەتی-1690) تێڕوانینەکانی بۆ دۆخی سروشتی، یاسای سروشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، چۆنییەتی دروستبوونی دەوڵەت و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی خستوتەڕوو. پێیوابوو دۆخی سروشتی حاڵەتی جەنگ و ململانێ نەبووە، بەڵکو تاکەکان چێژیان لە ئازادی، یەکسانی و ئارامی وەرگرتووە، چونکە لە سروشتدا کەس مافی لە کەسێکی دیکە زیاتر نەبووە هەروەها عەقڵی سروشتییش وا فێریکردوون، لەبەرئەوەی هەموویان ئازاد و یەکسانن، نابێت کەس زیان بە ژیان و ئازادییەکانی ئەوانی دیکە بگەیەنێت. (Locke, 1977,P.4)

ناوەڕۆکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە ڕای (لۆك) رێککەوتنی واژووکراوی نێوان دوو لایەنە، هاوواڵتییان لەلایەك و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا (حکومەت) لەلایەکی دیکە؛ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لە پێناو دروستکردنی رێکخستنێك کە بتوانێت یاسا پراکتیزە بکات، بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی ماف و ئازادییەکانی هاوواڵتییان. ملکەچی کۆمەڵگە بۆ ئەو دەسەڵاتە و پابەندبوون بە بڕگەکانی رێککەوتنەکە، حکومەت (دەوڵەت) ناچاردەکات بە پابەندبوون بە دەستەبەرکردنی مافەکانی تەواوی هاوواڵتییان. ئەگەر حکومەت بڕگەکانی گرێبەستە واژووکراوەکەی پێشێلکرد، ئەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و هاوواڵتییان (گەل) مافی ئەوەیان هەیە لایبەن و حکومەتێکی دیکە دروستبکەن کە پابەندی پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکان بێت. کۆمەڵگەی سیاسی (مەدەنی) ئەو کاتە دەستەبەردەبێت کە تاکەکان دەستبەرداری مافە سروشتییەکانیان بن لە بەرامبەر یاسایەکی گشتی و دەسەڵاتێکی دادوەری کە ئەرکی پاراستنی ئەو مافانە و سزادانی سەرپێچیکاران بگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا لە دۆخی سروشتیدا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی چەند کەسێك بووە. (Locke, 1967, sec.,78,96),

ئەو خاڵە گرنگەی (لۆك) لە تێۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، مافی بڕیاردان و بەشداریکردنی هاوواڵتییانە لە ژیانی سیاسیی و دروستکردن و هەڵبژاردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی، ئەمەش سستمی دەسەڵاتدارێتی رەها ڕەتدەکاتەوە. ئەو بابەتەی کە یاسا مسۆگەرتر دەکات، بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانە. (لۆك) دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەت) دابەشکرد بۆ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، یەکێتییەکان و تاجی پاشایەتی). پاساوی جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی گەڕاندەوە بۆ دوو هۆکار:

- دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە بەردەوام ئامادەبێت بۆ دەستبەری جێبەجێکردنی یاساکان بە بەردەوامی، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکی دانانی یاساکانە لە شێوەی رێسای گشتی، ئەم ئەرکەش دەکرێت لە ماوەی لێکدابڕاودا ئەنجامبدرێت. واتە کارەکە پێویستی بە ئامادەگی بەردەوام نییە، تەنها بەپێی پێویست نەبێت.
- کۆبوونەوەی هەردوو دەسەڵات لە یەك دەستدا، دەبێتە هۆکاری ستەم و دەسەڵاتی رەها، چونکە مرۆڤ بە سروشت مەیلی بەلای دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانییەتی، لە پێناو دروست نەبوونی ئەم جۆرە دەسەڵاتەش پێویستە دەسەڵات بەسەر زیاتر لە دەستەیەکدا دابەشبکرێت و دەستەکانیش چاودێری یەکتر بکەن و سنووری پابەندییەکانیان دیاری بکەن .

(لۆك) پێداگیری لەوە کردووە کە دەسەڵاتی یاسادانان بە تەنها بەرزترین دەسەڵاتی دەوڵەت نییە، بەڵکو پیرۆزە و بە هیچ شیوەیەك ناکرێت بگۆڕدرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگە ئەو ئەرکەیان پێدەسپێرێت. دەسەڵاتی باڵا ناکرێت ستەمکار و ڕەها بێت لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هاوواڵتییانی، چونکە هەر کەسێك دەسەڵاتێکی لەم شێوەیەی

هەبێت بۆ وێرانکردنی ژیان و دەستبەسەرداگرتنی خۆی یان کەسانی دیکە بەکاریدێنێت، بەڵکو دەسەڵاتی یاسایی تەرخانکراوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و پێویستە ڕەچاوی بەندەکانی یاسای سروشتیش بکات.(Locke, 1967,sec. 134) (لۆك) پێی وابوو ئەرکی فەرمانڕەوای مەدەنییە لە رێگای کۆمەڵێك یاساوە کە بە یەکسانی بەسەر هەمووانداجێبەجێ دەکرێت، تێکڕای مافە مەدەنییەکان بپارێزێت، هەر کەسێکیش ئەو یاسایە بە نارەوایی پێشێلبکات، دەبێت سزابدرێت کە بێبەریکردنیەتی لە هەموو یان بەشێك لەو مافانەی کە هەیەتی. (لۆك، 2011، ل3,14,15) واتە هەوڵیداوە ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی دەوڵەت ببەخشێت، ئەنجامی ئەمەشی لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ دەرکەوت کە پاساوەکانی بوونی دەوڵەت و پابەندی دوو لایەنەی نێوان دەوڵەت و هاوواڵتییانی تێدا خستەڕوو. (Dun fee et al, 1999,p.14,33)

۲ -۲ ڕەوشی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا

پێداگیری (لۆك) دەربارەی یەکسانی هەمووان تەنها مافە بنچینەییەکانی نەگرتەوە، بەڵکو یاسا پرسێکی تری نێو بابەتی یەکسانی بوو کە لە بنەمادا جەختی لەوە کردۆتەوە، یاسا رێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان هاوواڵتییان و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەسەڵات ئەنجامی رێککەوتنی هاوبەشی نێوان هەردوو لایەنە.

دیارە بوونی یاسایەکی دیاریکراو کە پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵات و سنووری دەسەڵاتداران دەستنیشان بکات، هۆکارێکی بنچینەیی و گرنگە لە پابەندبوون بە سەروەری یاسا و دەستبەرکردن و پاراستنی ماف و ئازادییەکان. بەرلە بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی (لۆك) و هاوکات لە سەردەمی ئەویشدا، ماف و ئازادییەکان بە یاساییکراون لە دیارترینیان (پەیماننامەی مەزن *Magnacarta*1215 (M ARSHALL, 1998,p.568) و (*Petition of Rights*- 1628) (قرقور،2010،ص.74) هەروەها (*Bill of Rights*-1689) (AL- Aqaileh,n.d.,p.39) بوون. ئەو راگەیاندراوانە ئەنجامی فشاری هاووڵاتییانی کۆمەڵگەی بەریتانی ئەوکات بوون لە دژی دەسەڵاتی تۆندوتیژی پاشا و فەرمانڕەواکان .

یەکسانی مرۆڤ لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی، لە بەندی (7)ی راگەیەندراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (1948) جەختی لێکراوەتەوە بەوەی ((هەموو خەڵك لەبەردەم یاسادا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بەبێ جیاوازی لە لایەن یاساوە بپارێزرێن .....)).(حکومەتی هەرێمی کوردستان،2006،ل7) لە ماددە (26)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان(1966) هاتووە کە ((تێکڕای خەڵکی یەکسانن لەبەردەم یاسادا و مافی ئەوەیان هەیە یەکسان و پارێزراوبن لە لایەن یاساوە بەبێ جیاوازی)). (UNITED NATION,2016,p.52) لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەند و ماددانەدا لە دەستووری عێراقی (2005) لە ماددەی (14)دا یەکسانی عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی...(دستور جمهوریه العراق،2005) هەروەها لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق لە ماددەی (20) بڕگەی (1)دا ((هەموو کەس بەرامبەر بە یاسا یەکسانە)) (پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق،2009) جەختی لێکراوەتەوە. هەڵبەتە هەر حکومەت یان دەوڵەتێکی یاسایی، ئاساییە بە دەقی یاسایی دیاریکراو تێشك بخاتەسەر سەروەری یاسا و یەکسانی هەموان لە بەرامبەریدا، ئەوەی کە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە لە ڕەوشی یاسایی هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە، تاچەند دەقێکی یاسایی دەخرێتە بواری کردارییەوە؟ ئایا جێبەجێکردنی یاسا لە هەردوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنیدا، لە نێوان کەسانی ئاسایی و بەرپرسانی حکومی یان حزبی وەك یەکە؟ ئەگەر یاساکان تەنها بەسەر هاووڵاتییانی ئاساییدا پراکتیزە بکرێن، ڕەوشی ماف و ئازادییەکان چۆن دەبن؟ لە بارودۆخێکی ئاوادا دادگا و دەسەڵاتی داواکاری گشتی چۆن سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن؟ ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە ڕاگرتنی هاوسەنگی سەروەری یاسا لە نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵات چۆن دەبێت؟ کەمتەرخەمی و جیاوازیکردن لە جێبەجێکردنی یاسا لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا هەروەها جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگا وەکو خۆی، دەکرێت ببنە هۆکاری ئەوەی یاساکان کە سەرەکیترین دەستەبەری پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤن بەهای کرداری، متمانە، دڵنیایی و ڕێزیان لە لای هاووڵاتییان لەدەستبدەن. بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا دەستەبەرە دەستوورییەکانی وەك بنەماکانی پایەداری دەستوور، جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری گوزارشتی ڕووکەشیانەی نێو دەقە یاساییەکانن هەروەها ڕێ و شوێنە ڕێکارییەکانی وەك سستمی پەرلەمان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لە ئاستی پێویست نین؛ لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەستەمە یاسا خاڵی یەکلاکەرەوەی بابەتەکان بێت و بتوانێت سەروەربێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا.

بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، کۆڵەگەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنییە، هەر کاتێك سنووری نێوان دەسەڵاتەکان ناڕوون و تێکەڵاوبوو هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لاواز و دەوڵەتی یاساش بوونی نابێت، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی بەهێز دەبێت؛ لە کاتێکدا بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دەستەبەرێکی دەستوورییە کە لە ڕێگایەوە مافەکانی مرۆڤ لە بڕیاری نادادپەروەرانە و دەسەڵاتی سیاسیش لە تاکڕەوی ڕەها دەپارێزن. پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرنگ نییە، بەقەد ئەوەی کە گرنگە دەسەڵاتەکان دیاریکراوبن لەگەڵ ئەوەی کە تەواوکەری یەکترن، چونکە بەتەنها جیاکردنەوەیان لە ڕووی تیۆری و دەستتێوەردان و تێکەڵاوییان لە کردارداً، سنووری پابەندی ئەرك و بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بە یەکتری لەناودەبەن، ئەمەش دواجار بە زیانی بەرژەوەندی گشتی کۆتایی دێت، بە

واتایەکی تر لەو نێوەندەدا بۆی هەیە مافەکانی مرۆڤ پێشێل و پشتگوێ بخرێن، چونکە دەسەڵاتەکان ناتوانن بە کارایی

ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیان بگێڕن. بۆ پراکتیزەکردنی یاسا زۆر گرنگە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی سوورببوونی خۆیان بە ڕێز لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دووپاتبکەنەوە. بە پشتبەستن بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە یاسادا، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت پارێزراوبێت هەروەها دادوەرەکان بتوانن بڕیاری سەربەخۆ و بێلایەنانە بدەن دەربارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە هاووڵاتییان ئەنجامدەدرێن. بە شێوەیەکی گشتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان بوونێکی ڕاستەقینە و بەرجەستەکراویان نابێت، ئەگەر لە ژێر سستمێکی یاسایی پشتبەستوو بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان دەستبەر نەبن و بە ڕێ و شوێنێکی یاسایی دیاریکراو پارێزراو نەبن. لە دەستووری عێراقی و لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمێك مادەی و بڕگە جەخت لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، سەروەری یاسا و دادگای دادپەروەر بۆ هەموان کراوەتەوە، بەڵام هەمیشە دەقە یاساییەکان شتێك و واقیعی کرداری

شتێکی ترمان نیشان دەدەن، بەواتایەکی تر نە دەستووری هەرێم پەسندکرا نە یاساکانیش وەکو خۆیان جێبەجێ دەکرێن. بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بە ئاگا و ووریایانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی یاسا و یەکسانی هەمووان لەبەردەمیدا بکات و لە تەنها دەقێکی رووتی نێو یاسا ناوخۆییەکان وەریانبگێرێت بۆ راستی کرداری، چونکە گرتنەبەری رێ و شوێنی جێبەجێکردنی یاساکان تەواوکەری خودی یاسا هەبووەکانن، هەر ئەمەش دەستەبەری راستەقینەی پتەوکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا دێننە ئاراوە .

ئەگەرچی رەوشی یاسایی بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا نییە، بەڵام ناکرێت چاو لەو راستییەش دابخەین کە هەرێمی کوردستان لە بواری یاساییدا بە بەراوورد بە عێراق ژمارەیەک یاسای نوێی دەرکردووە لە بەرژەوەندی مافەکانی هاووڵاتیان سەرەڕای هەموارکردنی چەندین ماددە و بڕگە لە یاساکانی عێراقیدا کە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێت بە ئامانجی گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا رەوشی یاسایی بێ کەموکورتی نییە و دادگاکان لە کاتی جێبەجێکردنی یاساکان و دەرکردنی بڕیارەکاندا رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبنەوە لە بواری رێ و شوێنەکانی جێبەجێکردن؛ وێڕای دەستێوەردانی حزبی و خێڵەکی کە کاریگەری نەرێنییان هەیە بۆ سەر بەلاڕێدابردنی رێڕەوی یاساکان و رەوشی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، لە هەمان کاتیشدا کاتێک پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەردەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون ناکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاخۆ دەرچوونی ئەم یاسایە کاریگەری ئەرێنی دروستکردووە لەسەر گۆڕینی هزر و رەفتاری هاووڵاتییانی کۆمەڵگە یان بەپێچەوانەوە دەرهاوێشتەی نەرێنی لێکەوتوتەوە بۆ سەر مافەکانی هاووڵاتیان بە گشتی. لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند نموونەیەک لە پێشێلکاری و کەموکورتییە یاساییەکان لە نێو یاساکانی هەرێمی کوردستاندا بخەینەڕوو:

1) پەسندنەکردنی رەشنووسی ساڵی (2009) ی دەستووری هەرێمی کوردستان و رەتکردنەوەی یەکجارەکی لە ساڵی (2014) دا بە هۆی ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکان و بوونی هەندێک ماددە تیایدا کە پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بوون سەرەڕای بوونی هۆکاری دەرەکی کە بەربەستیان لەبەردەم هەرێمی کوردستان دروستکرد بۆ ئەوەی نەتوانێت دەستوورەکە بخاتە ڕاپرسییەوە.
2) یاسای ژمارە (4) ساڵی (2010) ی تایبەت بە دامەزراندنی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، بە هۆی نەبوونی بودجەیەکی سەربەخۆ لە ساڵی (2014)وە هەروەک دامەزراوەیەکی حکومی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لە رێگای وەزارەتی دارایییەوە بودجەکەی بۆ دابیندەکرێت، لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەی خودی یاساکەیە لە هەمان کاتدا کاریگەری نەرێنیشی دروستکردووە لەسەر رۆڵی لە چاودێریکردنی پێشێلکارییەکانی حکومەت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی پرسی سەربەخۆبوونی خستۆتە گومانەوە.
3) هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوە ناحکومییەکان دامەزراوە هەروەها یاسای رێکخستنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارە (1) ساڵی (2011) دەرچووە، بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە جێبەجێ دەکرێت.
4) هەرچەندە سەرۆکایەتییەکانی دەستەی نیازپاکی و چاودێری دارایی و کۆمسیۆنی باڵای سەبەخۆی هەڵبژاردن دامەزراون، بەڵام ناڕوونی و نەگونجانیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەم ئەرک و پێگانە سەرەڕای دەستێوەردانی سیاسی لە دروستکردنی پێکهاتەی کارگێڕیان، ئەم دەستانەی لە بەرپرسیارێتی خۆیان دوورخستۆتەوە.
5) یاسای ژمارە (8) ساڵی (2011) تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی خێزانی، نەبوونی رێنمایی تایبەت بەجێبەجێکردنی یاساکە و ناڕوونی لێژنەکانی ئاشتەوایی سەرەڕای دروست نەکردنی شوێنی دیاریکراو بۆ دادگای تایبەتمەند، لە کێشە سەرەکییەکانی یاساکەن.
6) هەندێک یاسا وێڕای دەرچوونیان ماف و ئازادییەکان بەرتسک و مەرجدار دەکەن وەک یاسای ژمارە (11) ساڵی (2010)ی تایبەت بە رێکخستنی خۆپیشاندان کە پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەتە، ئەم مەرجە جگە لەوەی لەبری مۆڵەت دەبێت ئاگادارکردنەوە بێت لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەندێک بارودۆخ و حاڵەتی لە ناکاو ناگونجێت کە پێویستیان بە

وەرگرتنی هەڵوێستی خێرای جەماوەریی هەیە.

7) سەرەڕای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (188) ساڵی (1959)ی عێراقی لەو ماددەیەی تایبەتە بە فرەژنی و هەروەها یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی (1969) ماددەی کوشتن لەسەر شەرەف، بەڵام تا ئێستاش ئەم دوو دیاردەیە بەردەوامیان هەیە.
8) یاسای ژمارە (11) ساڵی (2013) تایبەت بە بەدەستهێنانی مافی زانیاری دەرچووە، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

9) سەرەڕای دەرچوونی یاسای ژمارە (35) ساڵی (2007) تایبەت بە کاری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە هەندێک دادگادا کار بەرێنمایی‌یەکان یان یاسای دیکە دەکرا لە سزادانی ڕۆژنامەنووسان لەبری ئەم یاسایە.
10) لە دادگاکاندا دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکان ڕووبەدات لە قۆناغە جیاجیاکانی دادگاییکردن و بڕیاردانداء وێڕای ئەوەی هەندێکجار هاوواڵتیان دەستگیردەکرێن بەبێ ئاگادارکردنەوەی خێزانەکانیان کە بەپێی یاسا دەبێت لە ماوەی (24) کاتژمێردا خێزانەکان لە هۆکار و شوێنی دەستگیرکردنی کەسەکانیان ئاگادار بکرێنەوە.
11) بەدەقی یاسایی هاوواڵتی مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە لە حاڵەتی بە هەڵە دەستگیرکردنی بە بڕیاری دادوەری، بەڵام تا ئێستا ئەم مافە بە هاوواڵتیان نەدراوە.
12) ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی هەڵاتن و خۆکوشتن لە نێو زیندانی و دەزگا چاکسازییەکان لە ئەنجامی خراپی بارودۆخ و مامەڵەی نامرۆڤانە و ئازار و ئاشکەنجەدان وەک تاکە ڕێگای دانپێدانان بە ئەنجامدانی تاوانەکان لە لایەن دەستگیرکراوانەوە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی دژی ئەشکەنجەدان دەربڕیوە، ئەمە وێڕای بوونی سزای لە سێدارەدان.
13) سەرەڕای بوونی ئەنجومەنی دادوەری و پەیمانگای دادوەری لە هەرێم، کەچی پێکهاتەی کارگێڕییان بە پلانی سیاسی دادەنرێن، ئەمەش هەڕەشە و مەترسی لەسەر سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەری دروستکردووە.
14) هەرچەندە عێراق ڕێککەوتننامەی مافەکانی مندااڵی واژوو کردووە، بەڵام ماددەی (14)ی یاساکەی ڕەتکردۆتەوە کە تایبەتە بە مافی بیروڕا و بیرووباوەڕی ئایینی، بۆ هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەیە.
15) لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمدا تەمەنی بەرپرسیارێتی سزایی کراوە بە (11) ساڵ، کەچی لە دەزگاکانی ئاسایش و چاکسازییەکان منداڵی خواروی ئەو تەمەنە دەستگیردەکرێن.
16) سەرەڕای دەرچوونی یاسای ژمارە (22) ساڵی (2011)ی تایبەت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کەچی بەپێی پێویست جێبەجێ ناکرێت و خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییەکانی ژیان بۆ ئەم چینە تایبەتە دابین نەکراوە. (UPR, 2014)
17) لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا کار بە یاسای کاری ژمارە (71)ی ساڵی (1987)ی عێراقی دەکرێت، لە کاتێکدا عێراق خۆی ئەم یاسایەی هەڵوەشاندۆتەوە و لە جێگایدا یاسای ژمارە (37)ی ساڵی (2015)ی دەرکردووە. سەندیکا و یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران کار بە یاسای ڕێکخستنی سەندیکایی ژمارە (152)ی ساڵی (1987)ی عێراقی دەکەن کە بەپێی ئەم یاسایە کار و چاالکییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران بە کەرتی تایبەت، تێکەاڵو و هەرەوەزییەوە پەیوەستکراوە، بەمەش سەندیکاکان ناتوانن لە کەرتی گشتیدا چاالکییان هەبێت، بە تایبەتی کە حکومەتی عێراقی بە بڕیاری ژمارە (150)ی هەمان ساڵ ناونیشانی کرێکارانی کەرتی حکومی بۆ فەرمانبەر گۆڕی، بە ئامانجی سستکردنی کاری سەندیکایی و لێکترازاندنی توێژە جیاجیاکانی کرێکاران لە دەوڵەتی عێراقیدا. (ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، 2017)
18) داواکاری گشتی کە دەبێت دەسەاڵتێکی فراوان و سەربەخۆی هەبێت لە بەرگریکردنی مافەکانی هاوواڵتییان، سەرەڕای کەمکردنەوەی دەسەاڵتەکانیان بەپێی ئەو یاسایەی کاری پێدەکەن، لەبری ئەوەی سەربە دەسەاڵتی دادوەری بن لە ڕووی کارگێڕییەوە، کەچی سەربە وەزارەتی دادن، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەسەاڵتییان لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی حکومەت لە بەرامبەر پێشێلکارییەکان بەرتەسکدەکاتەوە.
19) لە دەستووری عێراقیدا ماددەی (2) بڕگە (1)دا حوکمە نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسالم دەکاتە بنچینەی دانانی هەر یاسایەک کە پابەندبوونی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم ماددەیە دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگەیەکی فرە بیروباوەڕ و ئایینداً ئەمە بە پێشێلکردنی مافی پێکهاتە ئایینییەکانی تر دادەنرێت.

جێی ئاماژەیە لە کارکەوتنی پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ لە (2017 -2015) پێشێلکردنێکی یاسایی گەورەبوو سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، چونکە پەرلەمان نوێنەری خەڵکە و لەکاروەستانی زۆرترین زیانی بە کارەکانی لێژنەکانی یاسایی، مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مەدەنی گەیاند، بە تایبەت لە ساڵی (2015)دا خەریکی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بوون بۆ هەرێمی کوردستان. وێڕای وەستانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە، لەم نێوەندەشدا هاوواڵتییان زۆرترین زیانیان بەرکەوت. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە لە ماوەی ساڵی (2014)ەوە تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە کە مانگی ئاداری (2018)یە، حکومەتی عێراقی گەورەترین پێشێلکاری دەستووری بەرامبەر بە هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە بە نەناردنی بودجەی هەرێم و بڕینی مووچەی هاوواڵتییان، چونکە لە هەر بارودۆخێکدا بێت

نابێت مافەکانی هاوواڵتییان بکرێنە قوربانی ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان. لێرەوە جەختکردنەوە لەسەر توکمەترکردن و پراکتیزەکردنی یاساکان وەکو خۆیان پێویستییەکی گرنگە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەاڵتی سیاسی بایەخی زیاتری پێبدەن، ملکەچی و پابەندبوونیش بە یاسا، دادپەروەری کۆمەاڵیەتی و پارێزراوی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەردەکەن.

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1. یاسا بنەمایەکی گرنگ و بنچینەییە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە وەك دەرئەنجامێك بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵك دانراون، نابێت وەك بابەتێکی ڕۆتینی کارپاییکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
2. لە هەرێمی کوردستاندا یاساکان وەکو خۆیان جێبەجێ ناکرێن و کەموکورتی لە ڕێ و شوێنەکانی جێبەجێکردنی هەندێک لە یاساکان، پرسی پابەندبوون بە یاسای خستوتە گومانەوە.
3. دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان بە تەواوی سەربەخۆنین و لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی و دەستتێوەردانی حزبیدان. بۆیە نەتوانراوە یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا جێبەجێ بکرێت، لە نەبوونی دادگایەکی دادپەروەریشدا مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر و پارێزراو نابن.
4. ئەگەرچی بە یاسا دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری جیاوازن، بەڵام لە واقیعی کرداریدا سنووری نێوانیان ڕوون نییە و تێکەڵاووی و دەستتێوەردان لە نێوانیاندا ڕوودەدات، ئەمەش ئاستی پابەند نەبوون بە یاساکان و سستی ڕۆڵی دادگا و داواکاری گشتی دەردەخات لە بەرامبەر بەهێزی دەسەڵاتی سیاسی.
5. ڕەتکردنەوە و پەسند نەکردنی ڕەشنووسی دەستووری ساڵی (2014) پێشێلکردنێکی یاساییە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە کە پەرلەمانی کوردستانە، لەبەرئەوەی خۆی دەستوورێک دەنووسێتەوە هەر خۆیشی ڕەتیدەکاتەوە.
6. هەروەکو (لۆک) لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە حکومەت بەرهەمی ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵاتی سیاسییە هەروەها پابەندبوونی هاووڵاتییان بە یاسا پەیوەستە بە ئاستی ڕەزامەندبوونیان بەم دەسەڵاتە. لەمەوە بەو دەرئەنجامە دەگەین کە لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوا هاووڵاتییان بە هاوبەشی خۆی دانانێت و لە دەستکەوتە نیشتمانییەکاندا بێبەرییان دەکات، لە ڕەوشێکی ئاواشدا هاووڵاتییان بەم دەسەڵاتە ڕەزامەندنابن، دواجار پابەند نەبوون بە یاسا و سەروەرنەبوونی دەبێتە حاڵەتێکی ئاسایی.

ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

بە پێویستی دەزانین لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

- بەهۆی گرنگی یاسا لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتییان، پێویستە یاسا بکرێتە بنەمای ژیان لە ئاستی بچووکترین یەکەی کۆمەڵگە کە خێزانە تا گەورەترین یەکە و پێکهاتە بونیادییەکانی تر.
- پێویستە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بە کردەوە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆبن و لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە و ویستی گشتیدا کاربکەن.
- پێویستە یاسا بکرێتە خاڵی یەکلاکردنەوە و بڕیاردان، پشتبەستن و پابەندبوون بە یاسا لە هەر هەنگاوێکدا دەستەبەری دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەمەش دەکرێت گوزارشتی ڕاستەقینەی سەروەری بێت بۆ یاسا.
- پێویستە یاساکان سەرچاوەی هێز و دەسەڵات بن و دەسەڵاتە گشتییەکان لە یاساوە سەرچاوەبگرن. لەسەر سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هۆشیارانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەمای سەروەری یاسادا بکات و بەرپرسیارێتییە ئاکاری و یاساییەکانی خۆی بەرامبەر بە ویستی گشتی جێبەجێ بکات.
- پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان وردبینانەتر یاساکان دابڕێژێت بۆ ئەوەی ئەگەری ڕوودانی کەمترین کەموکورتی لە کاتی جێبەجێکردنیاندا هەبێت.
- دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یاسایی گونجاو بۆ قەیرانە سیاسی و ئابووریەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند، پێویستییەکی هەنووکەیی گرنگە بۆ قۆناغی ئێستا، چونکە ئاڵۆزبوونی کێشە سیاسی و ئابووریەکان ژیانی کۆمەڵاتی بەرەو تێکچوون و دابڕان دەبات و بابەتی یاسا و پابەندبوون پێوەی کەمترین گرنگیپێدانی دەبێت.

References

Al-Aqaileh, Ziad (n.d). Terminology of law, Amman publisher and distributor.

Dunfee, Thomas W., Smith, N.Craig Ross and Ross Jr, William T. (1999). Social Contracts and Marketing Ethics, Journal of marketing, 63(3).

Al-Jiria, Star, (2012). Concept of law, taken from http:s// www.staralgeria.net/t1922-topic on 14th of March 2018.

Al-jazy, Hayl (2017). Definition of law: language and terminology, taken from http:s// www.mawdoo3.com

Kurdistan region government, The Ministry of Human Right, (2006). Human Rights Declaration, Karwan print, Erbil.

Locke , John, (2011). A letter concerning tolerance, ed: Ali, Abdulrezaq, Erbil Arass press and print. Erbil.

Locke, John, (1967). Tow Treatises of Government, ED: Peter, asle H., S.L.: Cambridge University Press.

Locke, John, (1977). The second treatise of government, ed: peardon, thomas p., s.l.: the library of arts.

Montesquieu, (1953). The spirit of law, ed: Zahitar, Adl, Cario, international commission for translation of human flags.

Marshall, Gordon, (1998). A Dictionary of Sociology (2eded.), New York: Oxford University Press.

Qrqur, Nabil, (2010). Human rights between western and Islamic conception, Al-Azaritta, new university House.

Submission the UN Universal periodic Review Eighth session of the UPR working Group of the Human Rights council, (2014). UPR October, IRAQ- Kurdistan Region.

The freedom of syndication and the reality of trade unions in Iraq and Kurdistan region, peace and freedom organization, (2017). Erbil.

The constitution of the public of Iraq, (2005).Baghdad, Iraqi representative council.

The draft of constitution of Kurdistan region- Iraq, (2009). Erbil, taken from http://www.krp.org/docs/draftconst Kurdish on 12th of January 2017.

United nation, the core international human rights treaties, (2016). Ed : Human rights office - United Nations Assistance Mission for Iraq.

قراءة لمصطلح القانون عند جون لوك -الواقع القانوني في إقليم كوردستان نموذجا

الاستاذة أسرين زرار قادر – الأستاذ المساعد د .سليم بطرس إلياس

الملخص

القانون مثل اعلى لأي سلطة حكومة او دولة قانونية .في المجتمعات المدنية و الديمقراطية يأتي القانون مقابل القوة و يلعب دورا اساسيا في حسم النزاعات .سيادة القانون يخضع الدولة و جميع مرافقها الاساسية لحكم القانون و في ضلالها تصبح العدالة طابع عمل و اسلوب ادارة النظام السياسي .عندما يصبح سيادة القانون و العدالة اسسا للسلطة، يصبح حقوق الانسان ضامن و محمي و قانوني .العقل اساس القانون، لذلك المفكر البريطاني) جون لوك (حاول ان يعيد تنظيم نظام الحكم بتنظيم سياسي جديد و اشار الى ذلك بوضوح في نظرية" العقد الاجتماعي "و التي اصبحت قاعدة للحكم القانوني في مجتمع مدني .يمكن هذه الاراء ل"لوك "اثرت على المفكر الفرنسي" فولتير "و الذي كان يعتقد بأن القانون نصيحة عقلية، في عالم خالي من العقل!

المفاهيم الاساسية :القانون، السلطة السياسية، العدالة الاجتماعية، حقوق الانسان، المساواة .

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 11 – 40
http://www.ijoks.com

Newşên Yekemîn Yên Kurd Li Elmanya: Destpêk

Avdo KARATAŞ [1]

Received: Dec 2, 2018 **Reviewed**: Dec 18, 2018 **Accepted**: Dec 22, 2018

First Kurdish Generations In Germany: Introduction

Abstract

The most neglected issue when examining the phenomenon of migration is the first generations issue. The first generations are, of course, the leading actors in migration trends. Despite playing an important role in the socialization of immigrants and the formation of the perception of immigrants, first generations have largely been neglected in migration research, and destination countries have typically been more interested in new generations.

When the Kurdish immigration phenomenon is objectively observed, it is clear that there is much waiting to be examined. In general, the first generation of Kurdish immigrants are neglected in the research. There are two "first generations" among Kurdish immigrants: "Worker first generation" and "refugee first generation." This makes the study of the first generation of Kurdish immigrants even more important. In order to draw attention to this neglected issue, a biographical survey was conducted with six immigrants from the first generation and interpreted under the category of "the worker and the refugee first generation." It sought to interpret four independent sections from the obtained data. This article was prepared as the first chapter and serves as the introduction for the first generations research. The purpose of this introduction is to establish a framework for the grading, concept, description, methods and theories about the first generation immigrants. The following three sections not included in this journal are about the following: "Problems of the first generation," "new phenomena occurring in the Kurdish family in the diaspora," and "the identities of the first generation."

Key words: Kurdish migration, First generation of Kurds in Germany, First generation workers, First generation politicians

Puxte

Di nav mijarên koçberiyê de ya herî tê îhmal kirin, mijara newşên yekemîn e. Her çiqas ev newş aktorên sereke yên koçberiyê, yên sosyalîzekirina newşên nu, runiştina îmaja koçberan û hwd. in, dîse jî di lêkolînan de pir tên îhmal kirin û dewletên koçgirt behtir ramana xwe diberdin ser newşên nu. Wekî mirov bi nerîneke objektîf li koçberên Kurd dinêre, peyt dike ku mijara koçberên Kurd bi tewahî li benda lêkolînkirinê ye. Bi gelemperî newşa yekemîn ya Kurd di koçberiyê de bi tewahî tê îhmal kirin. Anko li cem koçberên Kurd hem newşeke yekemîn ya karker hem jî yeke penaber heye, mijara newşên yekemîn wateyek pircure û muhîm e. Ji bona ku ev

[1] Ph.D Can., Freiburg University, Germany, E-mail: avdokaratas2@gmail.com,
ORCID NO : https://orcid.org/0000-0002-1854-2591

mijara hatî îhmalkirin, hinekî balê bikşîne, lêkolîneke biyografîk bi şeş kesên ji newşên yekemîn re hatiye kirin û di bin kategoriyên newşa yekemîn ya karker û ya penaber de hatiye şîrovekirin. Li ser wan daneyan hatiye plankirin ku çar mijarên sereke werin şîrovekirin. Ev nivîs wek mijara yekemîn hatiye amadekirin û destpêka mijara newşên yekemîn e. Armanca vê destpêkê ev e ku çarçoveyeke têbînî, têginî, pênasî, rêbaz û teorîkî ya mijara newşa yekemîn ya koçber rave bike. Xebata didoyê li ser mijara „Pirsgirekên newşên yekemîn“ e. Yan sisê li ser „Nûrudanên malbata kurd ya diyasporayê“ ye û ya çarê li ser „Nasnameya newşên yekemîn“ e.

Têgînên sereke: Koçberiya Kurdan, newşên yekemîn yên Kurdan li Elmanya, newşa yekemîn ya karker, newva yekemîn ya penaber

Recommended citation:
Karataş, A. (2019). Newşên Yekemîn Yên Kurd Li Elmanya: Destpêk. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 11 – 40 DOI: **10.21600/ijoks.516471**

Destpêk

Di dîroka gelê Kurd de kêm fenomen hene ku qasî koçberiyê bandora xwe gihandine demê me. Bi gelemperî bûyerên di dîrokê de ru dayî, bi peleke koçeriyê bidawî hatiye. Îro bi dehan enklav û civatên Kurd ji Asyaya Navîn, heta Ewrupa ji Japonya heta Amerîqa, ji Sibirya heta Avustiralya li cureyên deverên cîhane hene û ev enkilav bi gelemperî di encama *koçberiya neîradî* de hatine avakirin. Ji bona vê yekê îro nezîkî nivê hijmara Kurdan ne di welatê xwe de jiyan dikin (bnr. Kizilhan 2013). Wekî guftûgoyek li ser formasyona civakên Kurd were kirin, mijara koçberiyê mijarek sereke ye. Ev çiqas fenomenek mezin ya Kurdan jî be, eleqeya lêkolîna vê mijarê jî wulkasî kêm e. Anko lêkolînên zanyarî li ser vê mijarê kêm in, hem mijar naye naskirin, hem jî mirov nikare derheqê vê mijarê de agahiyên bibawer hilbigre û şîrove bike. Gelo çima ev mijara gir û muhîm bala zanyaran nakişêne?

Her çiqas Kurd bi gelemperî kêm dibin mijara lêkolînan, mijara newş(ên) yekemîn hê kemtir tê dîtin. Xemsariya li ser mijara newşên yekemîn yên koçber pirsek gelemperî ye û ne tenê di nav koçberên Kurd de lê di yên gelên din jî tê îhmalkirin. Lê belê ev xemsariya dijî newşa yekemîn de, di nivê salên 1980yî de kêm bû. Sedema vê alaka nu jî ev bû, anko ev kes pîr (jin) û kal (mêr) bûn û alaka sektorên ciharam (mala pîrûkalan) û xwelêxweyîkirinê girtin ser xwe (Spohn 2002: 46). Ev kes bûne kiryarên (muşterî) van saziyan. Ji bona xweyîkirin û lêmeyzandina wan mirovan alaqayek lêkolînê li ser wan rû da. Dîse jî agahiyên zanyarî bi gelemperî li ser newşên yekemîn kêm in û li ser yên Kurd wek tune ne.

Di koçberiya Elmanya de di mijara giyanî de lêkolîneke rêber ji aliyê Prof. Kizilhan ve di sala 1995´de hatiye çapkirin. Ev xebat bi bingeh û bergeha xwe ve di zimanê Elmanî de wek xebata yekemîn û tenêmîn ya li ser mijara pirsgirekên giyanî yên koçberên Kurd de ye. Xebata Kizilhan jî li ser pirsgirekên gelemperî yên koçberên Kurd e û bi taybetî ne li ser newşên yekemîn e. Ji bilî vê lêkolînê jî, tuye ku bi taybetî li ser pirsgirekên newşên yekemîn yên Kurd dirawestin, tune ne. Ev mijar vê di xebata li ser „*Pirsgirekên Newşên Yekemîn*“ de bi berfireh were şîrovekirin. Her çiqas mirov bi

bingiha teorî û lîteratur hewl bide jî, anko lêkolîn pir kêm in, mirov nikare çarçoveyeke têgihiştbar li ser newşên yekemîn derxê holê.

Hêjayê gotinê ye ku newşa yekemîn ji aliyekî ve wek aktorên sereke yên koçberiya Kurd û hilgirdanên çand, ziman û dîroka Kurd ya nujên in û ji aliyekî din ve mîsogeriya nasnameya Kurd li cem newşên nu ne. Lê belê taybetmendiyên newşa yekemîn bi gelemerî wek nerenî tên dîtin. Anko ev newş bandorê li newşên nu dike, pergala sereke hewl dide ku wan ji bona „biryardana takekesî ya jiyancîhanî" ji newşa nu dur bixe. Anko kesên pîrûkal ji bona masrafa xwelîxweyîkirina wan wek „pirsgirek" tên dîtin, bi gelemperî di raya giştî de naye dîtin.

Ev newş bi wan teybetmendiyên xwe, xwe ji newşên din cuda dike û pewist e ku ev newş bi her alî ve were lêkolînkirin.

Li Elmanya du komên newşên yekemîn yên Kurd hene. Ev herdu komên newşan hem di dem, rewş, sedem û armancên cuda cuda de hatine, hem jî bi armancên cuda li Elmanya mane. Ji bona vê yekê pewist e, ji hev werin cudakirin. Yek jê koma newşa yekemîn ya bi Tirkan re ji sala 1961´î û vir de ji bona kar û ya duyemîn ya bi gelemperî di salên 1980´î de ji bona *parastina siyasî* hatine Elmanyayê ye. Di vê xebatê de koma yekemîn wek *newşa yekemîn ya karker* û ya duyemîn wek *newşa yekemîn ya penaber* hatine pênaskirin. Hijmara yên karker di salên 1990´an de rawestiha ye, lê belê hijmar û rêjeya yên penaber herî diçê zêde dibe. Anko îstatîstikên taybet tune ne, mirov nikare ne li ser hijmara wan, ne jî li ser sedemên koçberiyan wan agahiyên rast bigre. Pirsên wek; gelo koçberên Kurd yên siyasî an jî yên karker zêdetir in, hijmar û rêjeya Kurdên ji parçeyên Kurdistanê çiqas in, çiqas bûne hemwelatiyê Elman, çiqas wegerihana û hwd. nikarin bi îstatîstikên bibawer werin analîz kirin.

Tişta mirov zane ev e ku di serî de, bilî koçberên elît yên ji bona karên dîplomasî û xwendina bilind hatîn, heta salên 1960´yan koma herî mezin ji Kurdistana Başur bûn, bi peyama karkeran di navbera Elmanya û Tirkî de hijmara koçberên karker ji Kurdistana Bakur û Tirkiyê zêde bûn û bi salên 1990´î ve hijmara Kurdên penaber ji Kurdistana Bakur û bi şerê Îraqê re bi sala 2003´an ve hijmara Kurdên penaber yên Kurdistana Başur, di salên 2014´an re û bi gelemperî bi rudana DAIŞê re hijmara Kurdên penaber yên Rojava û Başur zêde bûn. Di wan cureyên koçberiyê de hijmara mirovên ciwan her demî behtir bû. Li gora rêzê her yek ji wan pêlên koçberiyê newşa xwe ya yekemîn ava dike. Wekî mirov wan pêlên koçberiyê caxvdêr dike, kare peyt bike ku newşa yekemîn ya bi rêya kar ya piştî sala 1961´î hatî û ya siyasî ya piştî 1985´î de hatî bi *çendahî* (Qualifizierung) û *çawahiya* (Quantifizierung) xwe ve ji yên din behtir û bi heztir in.

Salên 1990´an, di koçberiya Kurd de demek pewist e. Ev dem di gelek xalan de ji bona mijara koçberiya Kurd, muhîm e. Xala yekemîn ev e ku di mijara newş de „guhertinek" derketiyê holê. Xala duyemîn jî ev e ku „diyasporaya modern ya Kurdan" di jîhanê de cihê xwe girt. Ev newşa di vî demî de di warê koçberiya neîradî de hatî Ewrupa, diyaspora Kurd ya modern afirand (bnr. Karatas 2018).

Ev neweş ne ji komên hurik yên rewşenbîran, xwendewanan an jî karzasan pêk dihat, bi gelemperiya xwe mirovên jî çina bin û hinek jî ji ya navîn bûn. Çiqas dîroka koçberiya Kurd pir kevin jî be, bi wateyek modern, diyasporaya Kurd di vê demê de ji diyaspora rewşenbîrên Kurd burî û xwe bi kutleyên mezin yên polîtîk ve da naskirin û cîhan bi diyaspora Kurd hesiya. Ji bona vê yekê ji vî demî ve koçberiya Kurd gelemperî bi ramana siyasî tê dîtin û lêkolînkirin (bnr. Ammann 1997, 2001; Skubsch 2002; Eliassie 2012; Khayati 2009; Baser 2013; Alinia 2004, 2007; Bredtmann 2011). Ji bona vê yeke ev newş, ji hemu newşên din yên Kurd behtir hatine çavdêr[2] kirin.

Ez dixwazim sê pirtûkên rêzimanê di warê konteks û taybetmendiyên din de bidim ber hev û berawird bikim. *Grammaire Kurde (Dialecte Kurmandji*) bi weşana wergera tirkî "*Kürtçe Gramer" ji aliyê Celadet Elî BEDIRXAN û Roger LESCOT*, "*Temel Alıştırma ve Metinlerle Kürtçe Dilbilgisi (Kurmancî Lehçesi*)" ji aliyê *Kadri YILDIRIM* û "*Waneyên Rêziman û Rastnivîsa Kurmancî"* ji aliyê *Çetin Taş*.

Wekî ji navê wan jî diyar in û tên zanîn, her sê pirtûk jî pirtûkên rêzimanê ne. Em dixwazin pêşkêşkirina mijaran çawa dane û çawa girêdane konteksê binîrxînin.

Bedirxan û Lescot pirtûka ewil a rêzimanê nivîsandine û kedek mezin dane. Ji ber ku rewşa tunebûna ti mînakên din bo kurmancî, zehmetî dabe wan jî, lê teqez ev bûye sedema nêrîneke azad û serbixwe û jî orjînal. Naveroka pirtûkê wekî destpêk, alfabe û fonetîk, morfolojî û sentaksê (hevoksazî) amade kirine. Ji bona ku xwendekar û xwendevanê pirtûkê çi kurd çi

biyanî mijarê baş fehm bikin û bibînin, wan gelek mînak dane û her tim heya ji destê wan hatiye mînakan dane ber bi mînakên din yên herêmên din an jî qalibên ku bihîstine. Mînakên li ser gotinên pêşiyan hatine hilbijartin jî gelek balê dikişînin. Dawiya pirtûkê de jî cî dane hinek xebatên wekî ji wêjeya modern a ji Hawar û hwd, helbesteke klasîk ji Ehmedê Xanî, straneke folklorik û çîrokek. Ji bona ku însanên bixwazin xebat û ferhengên li ser kurdî hatine amadekirin bibînin jî beşek bi navê "Xebatên bingehîn li ser rêziman û ferhengên kurdî" amade kirine. Ji ber ku hejmara mînakan zêde ye em dikarin bibêjin pirtûk di warê hînkirina di nav konteksê de kêrhatî ye.

Pirtûka Kadri Yıldırım jî di sala 2012an de hatiye weşandin. Beşên pirtûkê wiha ne:

Destpêk: Alfabe, rêziman, ziman, zarava û devok

Beşa Yekem: Çend mijarên bingehîn (zayend, cinavên kesî û lêkerên bûnê, rader û lêker, tewang, ravek, ergatîf, dîyarî, nedîyarî û jimar.)

Beşa Duyemîn: Lêker, weklêker, hoker

Beşa Sêyemîn: Nav, cînav, hevalnav

Beşa Çaremîn: Daçek, gihanek, baneşan

Beşa Pêncemîn: Hevoksazî

Beşa Şeşemîn: Ji deq û helbestên kurmancî çend metnên binêcî pêk tê.

Mijarên di unîteyan de ne hevok bi hevok bi wergera tirkî hatine dayîn. Hejmara hevokan zêde ne. Mînak ji şaîrên klasîk, ji kovara Hawarê, ji zaravayên din wekî hewramî, soranî, li hin ciyan wekî helbestan, li hin ciyan jî wekî deqan hatine dayîn. Jixwe hebûna beşa şeşemîn di warê konteksê de beşek têr û tije ye (r. 329 – 402). Hebûna mînakên hejmarek zêde dê hînbûna xwendekaran hêsantir bike.

Pirtûka Çetîn TAŞ di sala 2013an de hatiye nivîsandin.

Li gor naverokê kitêb ji van beşan pêk tê:

1. Alfabe-tîp-kîte
2. Peyv- wateya peyvê –kirpandin
3. Veqetandek
4. Tewang
5. Ergatîvî
6. Ravek
7. Navdêr – wate zayend û peyvsaziya navdêran
8. Hevalnav- peyvsazî – payeya navdêran
9. Cînavk – tewang û zayenda cînavkan

10. Hoker – peyvsaziya hokeran
11. Daçek
12. Gihanek
13. Baneşan
14. Lêker – peyvsaziya lêkeran
15. Dem- demên xwerû û hevedudanî
16. Raweyên xwestinê
17. Lêkerên arîkar – gerguhêz – negerguhêz –avaniya lêkeran
18. Hevok- wate – birên hevokê
19. Rastnivîs
20. Xalbendî.

Wekî tê dîtin di warê pêşkêşkirina rêzimanê de ji yên berê ne kêmtir e. Cudahiya pirtûka Taş, di her uniteyê de ewilî mînakan dide, dawiyê mijarê dide û ji bona hînkirina mijarê dîsa mînakan dide. Bi vî awayî em dikarin îddîa bikin ji pirtûkên din di warê pêşkêşkirina mijarê ve cuda û cihê ye. Hebûna mînakan jî bala xwendekaran bêtir dikişîne. Li dawiya her uniteyê hîndekariyan dide, hîndekarî di şeklê testê de ne û ji bona hemû mijaran 2 deq (heman deq in) li dawiya her unîteyê hatine dayîn da ku xwendekar xebata xwe li ser wan bi awayekî çalak pêk bînin. Bijardeyên testan jî bi gelemperî ji folklorê ne (gotinên pêşiyan û biwêjan paşxana xwe digire).

Em dikarin bibejin her sê pirtûk jî di warê konteksê de bi kêr tên. Herwiha, kêmasiya her sê pirtûkan jî gava ku mirov wan dide ber pirtûkeke ku li gorî mantiqa "*hînkirina rêzimanê di nav konteksê de*" hatiye amadekirin, kêmasiya cûreyên hîndekariyan e.

Bo mînak pirtûka "*Grammar in Context*" ji aliyê Sandra N. Elbaum hatiye amadekirin di vî warî de zehf navdar û serkeftî ye.

Pirtûk bi gelemperî mijaran wiha pêşkêş dikin:

- Pêşiya xwendinê
- Pirs û bersiv
- Xwendin
- Pirsên deqê
- Hînkirina Rêzimanê

- Deqên xwendinê
- Hîndekariyên cûr be cûr
- Diyalog
- Dîyalog 2

Ev rêz car caran di hin yekineyan de diguherin. Lê wekî ji rêza jor jî tê dîtin her mijara rêzimanê bi xwendin, diyalog û gelek hîndekariyên cûr be cûr (bi gelemperî neh cûre rêbazên hîndekariyê belavbûyî ne) tê dubarekirin. Xwendekar bi awayekî xwezayî û bi bikaranîna rastîn mijaran hîn dibin. Armanca hînkirina di nav konteksê de, şibandina hînkirina xwezayî ye. Zarok jî zimanê ewil (yekî) bi vî şeklî hîn dibin. Ziman li gorî konteksê form digire û hesas e. Ev jî tê wateya, di tunebûna konteksê de fehmkirina wateya peyvekê an jî qalibekê ku mirov dixwaze îfade bike dijwar e (Thornbury, 1999: 69). Loma hebûna konteksê dê hinkirina zimên rehettir bike.

2.8. Encam

Êdî zanebûn, bawerî û tecrubeya mamosteyan ji ber hebûna pirtûk, malperên perwerdehiyê, înternetê, ansîklopediyan çêtir û baştir e. Em dizanin ku zanin tenê bi hînkirina rêzimanê perwerdehiya zimên nabe. Divê bi hevahengiya hînkirina peyvan jî be û di nav konteksê de bê dayîn.

Ji xeynî van tiştan, li gorî Leech (1994: 18), bi zanebûn û tecrubeya rojane mamoste divê xwediyê van taybetmendiyan jî be:

Mamosteyek divê;

- bikaribe ku di sîstema ragihîndar de (*communicative system*), rêziman û peyvsazî çawa bi hev re dikevin nav hevbandoriyê nas bike.
- bikaribe analîza problemên ku xwendekar rast tên bike.
- xwediyê şiyan û baweriya ku bikaribe rêzimanê binirxîne, bi taybetî li hemberî krîtera rastbûn, lihevkirîbûn û watedarîbûnê.
- ji têkiliyên berawirdkirinê, di navbera zimanê zikmakî û biyanî haydar be.
- pêvajoya hêsankirinê fehm bike û bi kar bîne ku ev di astên cuda de zanebûna rêzimanê ya bi gelemperî bo xwendekaran bi rêya herî baş pêşkêş bike.

Tiştê ku tê dîtin di hemû çand û neteweyan de ji bona hînkirineke diyarkirî ku biryar hatiye dayîn û bi gelemperî bi wê biryarê gavê diavêjin tune ye û hînkirina rêzimanê di

zimanhînkirinê de mijareke dijwar û zehmet e. Hinek rê, rêbaz, metod û stratejiyên zimên bêtir tên tercîhkirin an jî yên cuda li gorî ziman û çandê tên adaptekirin û li hin ciyan jî hinek pirtûk zêde ji ber sedemên başbûna pirtûkê/an an jî tunebûna wan tên bikaranîn û ev tişt jî nêrîneke ku girêdayî pirtûkê derdixe holê. Ev rewş ji bona zimanekî ku di her qada jîyanê de nehatibe bikaranîn wekî kurmancî de jî bi heman şeklî ye.

Dixwazî bi rêya wergerê, dixwazî bi rêya diyalog û deqan, dixwazî vekirî an jî veşartî be, dayîna rêzimanê di nav kontekseke baş û berfireh de wê nêzîkatiyek kêrhatî (kêrdar) û pêşketî be. Dema rêgez (qural) û qalibên rêzimanê yekser an jî serbixwe tên dayîn, pêkan e ku di demek kin de bên jibîrkirin, lê gava ku mînak û hevok di nav konteksekê de be wê hînbûn zûtir û çêtir be. Hebûna rêzimanê di nav konteksekê de wê alîkariya hînbûna xwendekaran bike ku ew ê bikaribin biwêj, peyv, rêziman, avasazî û qaliban bi dilê xwe û bi awayekî zanistî hîn bibin. Û zanebûna gelek peyv û rêgezên rêzimanê wê pêşiya axaftin û nivîsê veke. Yanî hebûna konteksekê yekgirtî hêsankirin û alîkariya hînbûnê dike û dike watedartir.

Çavkanî

Bekleyen, N. (2015). Dil Öğretimi, (edt: Nilüfer Bekleyen). Weşanên Pegem Akademiyê

Celce-Murcia, M û Hills (1988) Techniques and Resources in Teaching Grammar. Oxford: Weşanxaneya Zanîngeha Oxfordê.

Chastain, K., (1998). Developing Second Language Skills. (çapa 3). San Diego: Weşanxaneya Harcourt Brace Javonichê.

Harmer, J., (1991). The Practice of English Language Teaching. London: Weşanên Longmanê.

Haussaman. B., Benjamin A., Kolln. M., Wheeler R.S.(2003) Grammar Alive – A Guide for Teachers. Weşanên National Council of Teachers of English.

Hedge, T., (2000), Teaching and Learning in the Classroom, Oxford: Weşanên Zanîngeha Oxfordê.

Height, C., Herron, C., & Cole, S. (2007) "The Effects of Deductive and Inductive Instructional Approaches on the Learning of Grammar in the Elementary Language College Classroom". Foreign Language Annals, hej: 40 r: 288-309

Huddleston, R., (1984) Introduction to the Grammar of English, Cambridge: Weşanên Zanîngeha Cambridgeê.

Krashen, S., (1982). Principles and Practice in Second Language Acquisition.. Oxford: Weşanên Pergamonê.

Krashen, Stephen. (1988). Teaching Grammar: Why Bother? California: Weşanên California Englishê.

Langacker, R.W. (1973) Language and its Structure, San Diego: Weşanxaneya Zanîngeha Arizonayê

Larsen-Freeman, D. (2001). Teaching Grammar. (Di edt. M. Celce-Murcia), Teaching English as a Second or Foreign Language (çapa 3., r. 251-66)., Boston: Weşanên Thomson/ Heinleyê.

Leech, G. (1994) "Gotara Students' Grammar, Teachers' Grammar, Learners' Grammarê". M. Bygale, A. Tonkyn, E. Williams (edt.) Grammar and Language Teacher. Weşanên Printice Hallê.

Long, M.H. & C., Doughty, J., (2009). The Handbook of Language Teaching. Malde: Weşanên Wiley Blackwellê.

Matras. Y (2009) Language Contact, New York, Weşanên Zaningeha Cambidge'ê.

Nunan, D. (1998). "Teaching Grammar in Context - ELT Journal" 52(2): 101-109. Bi edt. Richards, J. & W. Renandya. Methodology in language Teaching, Cambridge: Weşanên Zanîngeha Cambridge.

Özel, Ç., (2004) "Bikaranîna Teoriya Mufredatê Ji Bo Çêkirina Bernamên Ziman û Rêbazên Fêrkirina Ziman". Kovara zendê. Hej: Bihar 2004. Stenbol: Weşanên Enstîtuya Kurdî.

Rice, W.H. (1945) "A Unit in the Inductive Teaching of Grammar". The modern language journal. Hej: 29 (6) r. 465 - 476

Rivers, W.M., (1981) Teaching Foreign Language Skills. Chicago: Weşanên Zanîngeha Chicagoyê.

Saville-Troike, M. (2006), Introducing Second Language Acquisition. Cambridge. Weşanxaneya Cambridgeê.

Scrivener, J., (2005). Learning Teaching - A Guidebook for English Language Teachers. Oxford: Weşanên Macmillan.

Synder, B., (1999) Teachers, Linguistic Knowledge and Classroom Knowledge, Bernama MA TEFLê, Zanîngeha Bilkentê, Konferansa Ingedê.

Thornbury, S., (1999). How to Teach Grammar: Essex: Weşanên Pearson Education Limitedê.

Thornbury, S., (2002). How to Teach Grammar: (Çapa nûkirî) Essex: Weşanên Pearson Education Limitedê.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 78–102
http://www.ijoks.com

Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example

Nawzad Waqas SAHID[1]& Rebwar Muhammed ISMAIL[2]

Received: Mar 18, 2018 **Reviewed**: Mar 22, 2018 **Accepted**: Apr 25, 2018

Abstract

This research is part of a doctoral thesis that aims to examine the nature and properties of text. The nature of text has been focused on by critics and theorists in various ways. It has also been interpreted differently within the framework of the philosophy of literature, literary criticism, and literary theory.

This article sheds light on the nature and value of text within the framework of theoretical and critical viewpoints. It highlights the general and specific criteria of textuality and claims that on the basis of those criteria a text receives its scientific identity. These measures are some general indicators for the existence of textuality and they cannot be imposed on one type of text.

This article conducts theoretical and critical analysis of Kurdish poetry in the Central Kurdish dialect using the concept of text and its textuality criteria. According to these criteria, which consider the general and specific principles of "text," Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect are bound to those criteria and receive identity of textuality. This is because the structure of Kurdish poetry texts in the Central Kurdish dialect has its own properties in terms of language, meaningfulness, identity, type of genre, and literary elements such as idea, imagination, emotion, and form. These aspects form the structure of the texts. Throughout the history of this literary school, these aspects have changed. This can be seen by analyzing and studying the texts with theoretical and critical criteria in mind.

Key words: Textuality, The nature of text, Structure of text, Intentionality, Cohesion, Situationality, Informativity, Intertextuality

1Professor, Department of Kurdish Language, college of education, Salahadin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq, E-mail: Nawzad.saeed@su.edu.krd,

[2] Correspondent Author: Lecturer, Department of Kurdish Language, college of education, Salahadin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq E-mail: Rebwarafo2@gmail.com, **ORCID NO**: 0000-0001-7513-1513

Kürt Şiiri metinselliği kriterleri açısından bakıldığında, örnek olarak Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinleri

Öz

Bu araştırma, "Kürtçe Şiir, metinselliğin ölçütleri, Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinleri bir örnek olarak ele alınmıştır." Metin niteliğini ve özelliklerini inceleyen doktora tezi kapsamındadır. metin - eleştirmenler ve teorisyenler tarafından çeşitli şekillerde yoğunlaşmış, edebiyat felsefesi, edebi eleştiri ve edebi teori çerçevesinde farklı yorumlanmıştır. Bu araştırma, teorik ve eleştirel bakış açıları çerçevesinde metnin doğasına ve değerine ışık tutmaktadır. Metinselliğin genel ve özel kriterlerini vurgular ve bu kriterler temelinde bir metnin bilimsel kimliğini aldığını iddia eder. Bu ölçüler, metinselliğin varlığı için bazı genel özelliklerdir ve bir metin türüne uygulanamazlar.

Araştırma, metin kavramı ve metinsel kriterler ışığında, Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinlerinin teorik ve eleştirel bir analizini vermektedir. "Metin" in genel ve özel ilkelerini dikkate alan ölçütlere göre, Kürtçe metinlerin Kürtçe metinleri, bu kriterlere bağlanır ve metinselliğin kimliğini alır. Bunun nedeni, Orta Kürt lehçesinin Kürt şiir metinlerinin yapısının, dil, anlamlılık, kimlik, tür türü ve düşünce, hayal gücü, duygu ve biçim gibi edebi unsurlar bakımından kendine özgü özellikleri olmasıdır. Bu yönler metinlerin yapısını oluşturur. Bu edebi okulun tarihi boyunca, metinleri teorik ve eleştirel ölçütlerle analiz ederek ve inceleyerek bilinebilecek olan yönler değişmiştir.

Anahtar Kelimeler: Metinbilim, Metin doğası, Metin Yapısı, Amaçlılık, Uyum, Durumsallık, Bilişsellik, Metinlerarasılık

Recommended citation:
Sahid, W.S. &Ismail, M.I. (2019). Kurdish Poetry from the perspective of the criteria of textuality, Kurdish poetry texts of Central Kurdish dialect as an example. *International Journal of Kurdish Studies*5 (1), 78 – 102 DOI: **10.21600/ ijoks. 516489**

شیعری کوردی،لەڕوانگەی پێوەرەکانی دەقێتی

بەنموونەی دەقی شیعری لەکرمانجی خواروودا

پ.د. نەوزاد وقاص سعید ـــــ م. ڕێبوارمحمداسماعیل

پێشەکی

چەمك و پێناسەی دەق لە ڕوانگەی جیا جیاوە

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی دەق بابەتێکی فرە ڕەهەندە و لێکەوتەی زۆری لێ کەوتووەتەوە، وەك پرۆسەیەکی ناسادەو ئاڵۆزە دەردەکەوێت و نا چێتە ناو پێناسەیەکی گشتگیرو ڕەهاوە، هاوکێشەیەکی جێگیر و دیاری بۆ نییە.

ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە پێکهاتەی بنیادی دەق و ڕەهەند و جەمسەرەکانی پەیوەست بەدەق دەبینێتەوە. بەواتایەکی وردتر، دەرکەوتنی پرۆسەی دەق بەشێواز و فۆرمی جیاجیا، هەروەها بوونی بنیاتی هونەری و لایەنی زمانەوانی دەق و بوونی لە مێژینەی دەق و بەرهەمهێنان و زیندوویەتی دەق و فراوانبوونی لێکەوتەکانی دەق و پەرەسەندن و گۆڕانی ژانرەکانی ئەدەب لەلایەك، تایبەت نەبوونی بەرهەمهێنانی دەق بە تاکە کەسێك و پەیوەست نەبوونی کردەکە بە قوناغێکی دیاری کراوی ژیان و تێڕوانییە جۆراوجۆرەکان لەسەر سروشتی دەق لەلایەکی تردەوە، کاری پێناسەکردنی چەمکی دەقیان زۆر سەختر کردووە، لەبەر ئەم جۆلانە دەق ناتوانێ لە پێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراودا خۆی بەدەستەوە بدات. ئەمەش بۆ سیفەتی جۆلەی جەمسەرەکانی پەیوەست بەدەق و جۆلەی ئەم توخمانە دەگەڕێتەوە، کە بنیاتی دەقیان پێکهێناوە، سروشتی بەردەوامبوون و دووبارە بوونەوەیان هەیە لەسەردەمە جیاجیاکاندا و لە دۆخێکی دیاریکراودا بۆ هەمیشەیی جێگیر نابن، بەڵکو بەردەوام گۆڕانیان بەسەردادێت و لە جۆلە و

پەرەسەندنێکی ڕێژەیی دان. ئەمەش بۆ ئەو بیردۆزە فیزیکییەمان دەبات، کە تەنی گۆراو ناچێتە ژێر باری پێناسەیەکی ڕەهاوە، چونکە لە دۆخی جوڵەدا شێوە و تایبەتمەندی تەنەکە دەگۆڕێت، بۆیە لە دۆخی گۆراندا هەر جوڵەیەك پێناسەیەك بەرهەم دێنێت، ئەم بیردۆزە بۆ دەقیش دەگۆنجێت و چەمکی دەقیش مەحکومە بەهەمان بنەمای فیزیکی.

دەق خاوەنی سروشتێکی گۆراوە، ئەمەش بەهۆی گۆران و جوڵەی ئەو پێکهاتە و ئاستانەی، کە بنیاتی دەقەکەیان پێکهێناوە. لەسەر ئەو بنەمایە دەق وەك چەمکێك مامەڵەی ئەدەبی و فەلسەفی و زمانەوانی لەگەڵدا دەکرێت، لە گۆشە نیگای جیاجیاوە سەیرکراوە و لەسەر بنمای جۆراوجۆر پێناسەکراوە، چەندییەتی و چۆنییەتی بنیات و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەق، تێڕوانین و بۆچوون و ڕووچوونی جیاجیای لەمەڕ دەقەوە بەرهەم هێناوە. هەر یەکە لە ئاراستەیەك و بەپێی بوار و شارەزایی خۆی لە دەقی ڕوانیوە و پێناسەی چەمکی دەقی کردووە. بۆنموونە هەندێك بۆ پێناسەکردنی چەمکی دەق لە جەمسەری بکەر و بەرهەمهێنەری دەق و ژینگەی دەق دەوەستن و هەندێکی تر لە بنیاتی زمانی و هونەری و ئاستی ئیستاتیکی دەق دەڕوانن و هەندێکی تر لە پەیامداری دەق و لێکەوتە و کاریگەری بەسەر خوێنەرەوە، هەندێکی تر لە فۆرم و قەبارەی دەقەوە دەق پێناسە دەکەن، هەر یەکە لەمانە لە ڕوانگەی خۆیی و بوارەکەی خۆیەوە لە سروشتی دەقی ڕوانیوە، چییەتی و چۆنییەتی سروشتی دەقیان لە گۆشەیەکەوە پێناسەکردووە، دەشێت گۆشە و لایەنی تریان فەرامۆش کردبێت، دەکرێت بڵێین هەموو ئەم پێناسانەی، کە بۆ چەمکی دەق خراونەتەڕوو کە هەندێکیان پەیوەستە بەلایەنی تیۆری و هەندێك بەلایەنی پراکتیکی دەق و هەندێکیان پەیوەستە بەلایەنی هەنوکەیی دەق و هەندیکیان بەلایەنی مێژووی دەق یان بابەتی بوونی دەق و لایەنی کۆمەڵایەتی دەق، هەموو ئەمانەبەیەکەوە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیەکی فراوان لەسەر چەمکی دەق بەرجەستە دەکەن، ((دەق بایەخ و گرنگی خۆی وەك لایەنێکی تیۆری لە زانستی دەق و تیۆری دەق و شیکردنەوەی دەقدا وەردەگرێت، لە هەموو ئەمانەشدا پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زمانی و ڕۆشنبیری و مێژووی و هزریدا لە ئارادا هەیە))(بایز، ل74 ـ75).ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە تێڕوانینی کۆن جیایە لەگەڵ ڕوانگەی نوێخوازەکان بۆ چەمکی دەق، هەروەها پێناسەی فەلسەفە بۆ دەق لە پێناسەکانی تر جیایە، بەو واتایەی هەر یەکە لە بوارەکانی تری وەك: (زمانەوانی و ئەدەبی و هونەری و ئایینی... تاد) پێناسەی خۆیان بۆ ئەم چەمکە هەیە. هەروەك وتمان تەنانەت لە ناو خودی یەك بواریشدا، ئاراستە و تێگەیشتنی جیاجیا هەیە، زاناکانی ناو یەك بواریش هەریەکەیان بەجۆرێکی جیا لە سروشتی دەق دەڕوانن، ڕەخنەگرێك یان شاعیرێك یاخود ئەدیبێك دوور لە وردەکاری زانستی لە ژێر کاریگەری هونەرو ئەدەب و ستاتیکاوە پێناسەی دەق دەکات، کۆمەڵناس بەهای دەق بە کۆمەڵگاوە پەیوەست دەکات، زانا دەروونناسەکان گرنگی خۆیان لە لایەنی دەروونی نوسەر و نائاگایی دەقدا چڕ دەکەنەوە، توێژەری زمانەوانی پرۆسەی دەق بەکەرەستە و ئاستەکانی زمانەوە بەند دەکات. هەندێك زانا لەسەر بنەمای لایەن و مەبەستێکی دیاریکراو پێناسەی دەق دەکەن و بەشێکی تریش زۆر فراوانتر و لەچەند ڕوویەکەوە بۆ پێناسەکردنی دەق دەچن، بۆنموونە لای (هیلمسلیف) ((دەق مانایەکی زۆر فراوانی وەرگرتووە، دەق هەموو گۆکردنێك دەگرێتەوە، جا نوسراویێت یان وتراوێکی زارەکی بێت، درێژ بێ یاخود کورت، کۆن بێت یا نوێ))(بن ژریل، 2000، ص54). دەق بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە، لێرەدا دەق دەبێتە هەڵگری کۆمەڵێك ناسنامە لەبەر فراوانی هەمەلایەنی پێناسەکە، دەق بە ئاراستەیەکی دیاریکراو و سەردەم و فۆرمەوە نەبەستراوەتەوە هەروەها بە شێوازی بەیان کردنیش مەرجدار نەکراوە، لەبەرامبەر ئەم ناساندنە فراوانەی دەقدا، کە زۆر لایەن دەگرێتەوە، پۆل ریکۆر (Paul Recour) پێناسەی دەق لە هەندێك لایەنی وەك لایەنی زارەکی دوور دەکاتەوە وجەخت لە پرسەی تۆمارکردن دەکاتەوە و دەڵێت: ((دەق ئەو گوتارەیە، کەوا بە نوسین جێگیر کراوە))(یقطین، 1989، ص5). لێرەدا ئەوە دەبینین، کەوا پۆل ڕیکۆر دەق و خۆسەلماندنی دەق پەیوەست دەکات بە پرۆسەی نوسینەوە، لێرەدا فۆرمێك بۆ دەق دروست دەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەرجدار کردنی چەمکی دەقە و لەمەشەوە ئامانجی پێناسە کردن و تێڕوانینی دەق لە گۆشەیەکەوە دێتەجێ.

هەندێکی تر بۆ چەمکی دەق باس لە بەشداری و ڕێژەی دانەی زمانی دەکەن، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقدا. واتە دەرکەوتەی دەق لە ڕووی قەبارە و ڕێژەی وشە و ڕستەی بەکارهاتوو لەگەڵ ئەو واتایەی کە لێیانەوە بارکراوە، یاخود بڵێین قەبارەی بەرجەستەکراوی دەق وشەیەك دەبێت یان ڕستەیەکە یاخود پەراگراف و بەرهەم و کتێبێکی تەواوە، یاخود دێرە شیعرێکە یان غەزەلێکە یانیش بە قەد قەسیدە و ڕۆمانێکە، هەندێك لە ڕووی قەبارەوە بەرجەستە بوونی دەق گەورەتر لە ڕستەیەك دەبینن، دەق ((ئەو دانە زمانییە دەگرێتەوە، کە لە سەروو ڕستەیەکەوە پێك دێت))(Salkie,2009، ل43). هەروەها تۆدۆرۆڤ (Todrouf) لە پێناسەیەکیدا بۆ دەق ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ((دەق پێکهاتەیەکی سەربەخۆیی داخراوە و لە کۆمەڵێ ڕستە پێکهاتووە و واتایەکی ڕوونی هەیە)(مشیر، 2014، ل47). لێرەدا دەق وەکو پێکهاتەیەك سەیر دەکرێت، کە سیفەتی سەربەخۆی هەیە و ناچێتە دۆخی پەراوێز بوونەوە، ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك ئەم پێکهاتە سەربەخۆییەیان پێکهێناوە، کە بەهۆی بەخشینی واتاو مەبەستی دیاریکراوە جیادەکرێنەوە، ئەم واتایەش لە قەبارەی کۆمەڵێك ڕستەدا خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە بەپێی بۆچوونی تۆدۆرۆڤ، تایبەتمەندی سەربەخۆیی و داخراوی سنوری دەق دیاری دەکات، بەڵام ئەم تایبەتمەندییەش دواتر لە بوونی ڕستەیەك یان کۆمەڵە ڕستەیەکەوە پەیدا دەبێت. بە پڕوای ڕۆلان بارت (Roland Barthes) (دەق پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە وەك تەون و چنین وایە، کۆمەڵێك وشە و ڕستەی بەدوای یەکدا هاتوون و هەموویان پێکەوە وێنە و یەکەی واتادار دروست دەکەن)(عیاشی، 2002، ص122). جگە لەوەی کە ڕۆلان بارت ئاماژە بە قەبارەی دەق دەکات بەوەی، کە لە تەونێکی ئاڵۆز پێك دێت، کە چەندین وشە و ڕستەی لە خۆگرتووە، ئاماژە بەوەش دەکات، کە ئەم لە خۆگرتنە بەیەکەوە گونجاون و بەجۆرێك وێنەیەکی واتادار بەرهەم دێنن و هەندێکی تر بۆ بەرهەمهێنانی دەق یاخۆد بۆ دروستکردنی وێنەیەکی واتادار لە دەقدا، پێوەر بۆ ڕێژەی بەشداری وشە یان ڕستە دانانین و بەڵایانەوە بنەمای چەندییەتی بۆ دەق گرنگ نییە، دەکرێت دەق نەگاتە ڕێژەی ڕستەیەکی تەواو و لە وشەیەکدا بەرجەستە بێت، بە پێی بۆچوونی (هیڵمسلیف) کورتی و درێژی لە گۆکردندا بۆ دەقبوون مەرج نییە، لە ڕوانگەی ئەوەوە ((وشەی "ڕاوەستە" بۆ خۆی بە تەنها دەقێکە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆمانێکدا نییە، چونکە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە هەموو بەرهەمهێنراوێکی زمانی بۆ خۆی بریتییە لە دەقێکی تەواو))(ئا/ ئاری، 2011، ل8). چونکە ئەم وشەیە یەکەیەکی زمانییە و پەیامێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە، دەتوانێ لە ڕووی واتاوە ئامانجی خۆی بپێکێت، هەر بۆیە ((بۆ دەق پێوەری چەندییەتی پێویست نییە، دەق دەکرێت وشەیەك بێت یان ڕستەیەك بێت یانیش بەرهەمێکی ئەدەبی بێت، دەق یەکەیەکی واتاییە و فۆرمی دیارکراوی نییە))(یقطین، ص 18). هەروەها ئەگەر سەیر بکەین دەبینین، کەوا ((زۆربەی دەقە باوەکان لە یەك ڕستە کەمتر پێکهاتوون، وەك: " ئاگاداری لافیتە، بۆ فرۆشتن، داخراوە" واتە کورتی و درێژی بەرچاو ناگیرێت))(توفیق، 2002، ل32). لە ڕاستیدا بەکارهێنانی فۆرمی وشەیەك بۆ دەقێك بچووکە، ئەم فۆرمە بە ڕەهایی و بەم قەبارەیەی کەوا هەیەتی، بێ هاوپێچ و داپراو لە دەوروبەرو مەدلوولەکانی پەیوەست بە وشەکە ئامانجی دەقییەتی خۆی ناپێکێت. ئەم وشەیەی، کە وەکو دەقێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لە ڕاستیدا پرۆسەیەکە و پەراوێزی ونبووی هەیە، تەنیا وشەیەکی دەرکەوتووە و باقی تری و پرۆسەکە ئەرکی خۆی بەهۆی دەوروبەر و کات و زانیاری هاوبەشی نێوان نوسەر و خوێنەر جێبەجێ دەکات، دەق بەبێ ئەوانە دەبێتە دانەیەکی فەرهەنگی ئەبستراکت، دەقیش لەم دانە فەرهەنگییە بچوکەدا خۆی بەیان ناکات، هەر بۆیە ((لە تێگەیشتنی باودا دەق دانەیەکی زمانی پاش ڕستەیە، واتە ڕستەیەك زیاتر لە ڕۆنانیدا بەشدارن، دەبێت ئەم ڕستانە بە ڕێگای جۆراوجۆری ڕێزمانی پێکەوە ببەسترێن، تا هەموو کەس وەك دانەیەکی پتەو وەریگرێت))(قادر، 2009، ل43). واتە لەدەقێکدا چەند وشە و ڕستەیەك بەشدار دەبن، تا سەربەخۆیی دەقەکە تێردەبێت، هەرچەندە ئەگەر وشەیەك یان ڕستەیەکیش دەرکەوێت، چونکە دەگونجێت وشەیەك یان ڕستەیەك ببێت بە سەرە و ئەوانی تر لە پەراوێزدا بن، لە وێوە یارمەتی پرۆسەی مەبەستداری نوسەر و تێگەیشتنی خوێنەر بدەن، بە تایبەتی دەقی ئەدەبی لە هەر فۆرمێکدا جێگای بکرێتەوە، ئەوا هاوپێچەکانی پەیوەست بە دەقەکە، یارمەتی پرۆسەی دەقییەتی بەرهەمەکە ئەدەن، کە بەشێکی زۆریان لە هاوپێچەکانی پەیوەست بە دەقەکە لە دەرەوە و لە دوورەوەی دەقەکەدا وەستاون.

بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی ئەوانەی لە تیۆری ئەدەبی و شێواز و ڕەخنەی نوێ کاریان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی پابەندن بە تیۆری دەقەوە، دوای سەرهەڵدانی فۆرمالیست و لێکۆڵینەوەی زمانەوانە نوێیەکان، بە ئاراستەی سایکرۆنیکی زمان بۆ چەمکی دەق دەچن و لەسەر هەمان بنەمای زمانیش مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن. دەق وەك کەرەستە و یەکەیەکی گەورەی زمانی دەهێننە بەرباس و لە ناو بازنەی زمان و پرۆسەی زمانەوانیدا دەق دەخەنە ڕوو، بۆ بەرهەمهێنانی دەقێك یان بەرهەمێکی ئەدەبی، زمان بااڵ دەستی خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە لە ئەستۆ دەگرێت، بۆیە ناسنامە و بوونی دەق پەیوەستە بەزمانەوە، (ڕۆلان بارت) بە ڕادەیەك جەخت لە زمان دەکاتەوە نەك هەر بۆ دەق، بەڵکو تەنانەت زمان دەکات بە بوون و ناسنامەی مرۆڤیش، دەڵێت: ((مرۆڤ بە بەبێ زمان هیچ بوونێکی نییە))(بەرزنجی، 2009، 23). نووسەر لە ڕێگەی بەکاربردنی زمانەوە، تێگەیشتن و بینین و باری سایکۆلۆژی خۆی لە فۆرمێکدا بەرجەستە دەکات، ئەم بەرجەستە بوونەش لە دەقدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەك (شلایر ماخر) دەڵێت: ((دەق ناوەندێکی زمانییە، فکری نووسەر دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، زمانیش ئەو چوارچێوە و زەمینەیە، کە نووسەر کاری تێدەکات بۆ ئەوەی بیر و هزر و بۆچوونەکانی بگوازێتەوە))(ابو زید، 1999، ص 21). بەاڵی شلایر ماخر پرۆسەی گواستنە و بەرجەستە کردن و وێنە کردنی بیر و هزری نوسەر بەهۆی زمانەوەیە بەو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی، کەوا زمان هەیەتی.

سروشتی دەق و پێوەرەکانی دەقێتی

تێڕوانینە جیاوازەکانی سەر دەق و پێناسەکردنی دەق لە گۆشەی جیاجیاوە، هەروەها خستنەڕووی چەمکی دەق لەسەر بنەمای بنیاتی زمان، مەدلوول بۆ مەبەستی هزری و کۆمەاڵیەتی و پەیوەستی دەق بە سیاق و فۆرم، لە الیەك و باسکردنی دەق لە چوارچێوەی ئاستەکانی زمان و واتا و دەقئاوێزان و خوێنەر و جەمسەری تر لە الیەکی تر، بابەتێکی تر دێنێتە پێشەوە ئەویش بابەتی دەق و نادەقە یاخود بڵێین بابەتی دەقێتی و دەقبوونە(Textuality). ئەم بنەمایانە کە هەر یەکە بە شێوەیەك لە پێناسەکردنی سروشتی دەق و چییەتی دەق جەختی لەسەر کراوەتەوە، بوون بە پێوەر و بەرگی دەقبوون، مەرج و پێوەرەکانیش کاریگەرییان لەسەر ناسنامە و بەهای دەق و سنوردانان هەیە لە نێوان دەق و نادەقدا، نادەق بە واتای خاڵی بوون لە بنەمادا و ناتەواوی لە بنیاتی زمان و بنیاتە هونەری و جەمسەرەکانی پەیوەست بەدەقەوە.

دیسانیش پێوەر و ڕەگەزەکانی دەقبوون جۆراوجۆرن و جیاوازی لە نێوان زانایانی بواری دەقزانیدا دێتە گۆڕێ، ڕخنەگران پێکهاتەی دەقبوون بۆ چەند بنەمایەك دەگێڕنەوە بە پێی بوارو تێڕانینیان لە ئاراستەیەکی دیاریکراودا، بۆ نموونە بەپێی بۆچوونی لۆتمان (L. Lotman) دەقبوون پشت بە چەند پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەبەستێت لەوانە:

1. گوزارشتی دەق: دەق تەمسیلی کۆمەڵێك پەیوەندی دیاریکراو دەکات، کە جیاوازە لە بنیاتە دەرەکییەکانی دەق، ئەگەر دەقەکە دەقێکی ئەدەبی بێت، ئەوا گوزارشت کردنەکەی بە هۆی هێما زمانییەکان تەواو دەبێت، گوزارشتی دەق و ناگوازرشتی دەق ناچارمان دەکات، کەوا گوزارشتی دەق بە بەرجەستەیەکی مادی دابنێن.

2. دیاریکردن: دەق پێك دێت لە دەاڵەتێك، کە ناکرێت بەش بەش بکرێت، وەك ئەگەر چیرۆك بێت یان بەڵگەنامە و قەسیدەیەك بێت، دەقەکە کۆی مەبەستەکە دەگوازێتەوە، خوێنەر هەر یەکە لەو دەقانە بە سیمای تایبەتی خۆی دەناسێتەوە، لەبەر ئەوە سیمای هەر یەکێکت بۆ دەقێکی تر گواستەوە ئەوا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پەیادا بوونی مانای نوێ.

3. تایبەتمەندی بنیاتی دەق: دەق تەنیا بریتی نییە لە بەدوای یەکدا هاتنێك لەنێوان هێماکانی دوو ئاستی لێك جیادا، ڕێکخستنی ناوەکی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی ئاسۆیی، بوونی بنیات مەرجێکە بۆ تەواوکردنی دەق.(بحیری، 1997، ص 116 ـ117).

لۆتمان جەخت لەسەر دەقییەتی دەکاتەوە لەسەر چەند بنەمایەك، کە پێکهاتەی دەقییان پێکهێناوە، گوزارشتکردنی دەق، کە لەپەیوەندییەکان و بنیاتە دەرەکییەکانی دەق و هێما

زمانییەکانەوە دروست دەبێت و ئەمەش دەبێتە ڕەهەندێکی بەرجەستە بۆ دەقیەتی، فۆرمی دەق یەکێکی تر لە بنەماکان ئەم فۆرمە ئەگەر ژانرێکی ئەدەبی بێت گوزارشت لە دەلالەتێك دەکات و خاسیەتی خۆی وەردەگرێت، گواستنەوەی خاسییەتەکان دەلالەتی نوێ بەرهەم دێنێت، بوونی بنایەتە جیاجیاکانی زمان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ناوەکی و ئەو بنیاتەی ڕێکخستن بۆ ئەم ئاستانە دەکات، پێکهاتەیەکی تری دەقبوونە، هەروەها ڤاندایکیش (Van dyck) بۆ بابەتی دەق جەخت لە بنەمای بنیاتی دەق دەکاتەوە ڤاندایك جیاوازی دوو جۆرە بنیاتی جیا دەخاتە ڕوو ئەوانیش: ("بنیاتی ڕووکەشی دەق و بنیاتی قوواڵی دەقن"، ئەم دوو جۆرە بنیاتە گرنگترین تەوەرەن لە بوون و پێکهاتەی دەقدا، بنیاتی ڕووکەش لەسەر ئاستی بەکاربردنی وشە و ڕاناو و جێناوەکان دەوەستێت، هەرچی بنیاتی قوواڵی دەقە پەیوەستە بە بنیاتی دەق لە ڕووی بابەتی زمان و دارشتنەوەی زمان و شێواز و هێلی سەرەکییەکانی دەق، لەگەڵ توانای کورتکردنەوەی دەق لە ناونیشاندا)(زنیاك، 2003، ص 56). لێرەدا دەبنین ڤاندایك دەقییەتی لە دووجۆرە بنیاتدا کورت کردووەتەوە، بەهۆیەوە هەم چەمکی دەق دەخاتەڕوو هەمیش هێڵێك لە نێوان دەق و نادەق دەکێشێت، ئەو خاسیەتانەی، کە لە دەقییەتی دەقێکدا بوونیان هەیە، بەسەر بنیاتی ڕووکەش و بنیاتی قوڵی دەقدا دابەشیان دەکات، چەندییەتی و چۆنییەتی پێکهێنەکانی ئەم بنیاتانە دەقییەتی دەخنەوە.

گرنگی پشت بەستنی دەقیەتی دەق بە بنیاتە جۆربەجۆرەکان لای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەروەك دەبینین، ئەمە لای ئیریك ئەنکفیست (N. Enkvist) بەدی دەکرێت، کە لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەناوی (بنیاتی دەقی سەلیم) ئاماژە بە دەقییەتی دەق دەکات، دەق لە سێ جۆرە ڕەگەزی سەرەکی پێك دێت کە بریتین لە:

1. دەق پشت بە بنیاتی ڕێزمانی تەواو دەبەستێت، ڕستەی ناتەواو دەقی ناتەواو بەرهەم دێنێت.
2. دەق پیشت دەبەستێت بە شێوەی بەیەکەوە بەستانی ڕستەکان و پەیوەندی نێوانیان.
3. دەق پشت بە دەوروبەر (سیاق) دەبەستێت.(انکفیست ، 2001 ، ص 113).

ئەنکفیست دەقێتی دەبەستێتەوە بە هەردوو بنیاتی ئاسۆیی سینتاکسی دەق و بنیاتی ستونی و پەیوەندی لۆژیکی یەکەکانی پێکهاتەی دەق، لەگەڵ تەوەرەی دەوروبەر، واتە ژینگەی بەرهەمهێنانی پرۆسەی دەق بەهەموو شێوە و بارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەمسەرەکانی بەرهەمهێنەری دەق و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە دەوروبەری دەقەوە. ڕۆلان بارت جەخت لەسەر پێوەری چێژی دەق دەکاتەوە، لای بارت (دەق لەشە زۆرتریش لە لەشی ژنێکی جوان دەکات، ئەو خۆشییەی دەمانداتێ هاوشێوەی خۆشی لەشێکی ژنانەیە....، سەرخۆشی "موتعە"ی دەقیش تەنیا کاتێك دەستەبەر دەبێت کاتێك بنیادەکانی زمان هەروەها تێکڕای بنیادە ئایدۆلۆژییەکان تێك بشکێنرێن، چونکە لای بارت سەرخۆشی شتێکی ناکۆمەڵایەتییە، کەواتە تەنیا پێوەری دەق سەرخۆشییەکەمان دەداتێ)(سەراج، 2013، ل149). ڕۆلان بارت لە کتێبی "چێژی دەق"دا ئاماژە بە بنەمای چێژ و موتعەی دەق دەکات، کاتێك دەستی بەسەر بنیاتەکانی تری دەقدا داگرت، ئەوا پێوەری چێژی دەق دروست دەبێت.

یەکێکی تر لەو زانایانەی، لەبواری چەمکی دەق و دەقناسیدا لێکۆڵینەوەی وردی خستۆتەڕوو، دیبوگراندە(Robert De Bojerand)، کە بەشێوەیەکی فراوان لە چەمکی دەقییەتی دەڕوانێت، لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیەکی گشتی بە پێوەرەکانی دەقبوون کردووە، کە وەك مەرجێك بۆ دەقییەتی دەق دەردەکەوێت لای دیبوگراند، کە بریتین لەم پێوەرانەی خوارەوە:

("بەیەکەوەنوسانCohesion " ، "گونجانCoherence" ، "مەبەستییەتی Lintentionality"،

"پەسەندیAcceptability" ، "هەڵوێست Situationality " ، "دەقئاوێزان Intertextuality "، "ڕاگەیاندنInformativity ")(بوقراند، 1998، ص 103 ـ15).

ئەم پێوەرانەی، کەوا دیبوگراندە بۆ دەقییەت دەق خستووتییەڕوو، پێوەری گشتی و هەمەلایەنن، ناسنامەی دەقێتی پێك دەهێنن و سنوور لە نێوان دەق و نادەق دەکێشن، ئەم پێوەرانەی دیبوگراندە هەموو جەمسەر و خاسیەتێکی پەیوەست بەدەق لە خۆی دەگرێت، ڕەهەندی دەرەکی دەق و پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق و ئاست و بنیاتە پێکهێنەکانی دەق و هەروەها کاریگەری دەق بەسەر دەوروبەرەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیر ئەم پێوانە بکەین دەبینین، کەوا ئەم حەوت پێوەرانەی دەقێتی بەسەر سێ ئاستدا دابەش دەبن، بەم شێوەیە:

1. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە خودی دەقەوە، وەك پێوەری (بەیەکەوە نوسان و گونجان)

2. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە بەکارهێنەری دەق، وەك پێوەرەکانی (مەبەست و پەسەندی)

3. ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە ژینگەی مادی و ڕۆشنبیری بازنەی دەق، وەك پێوەرەکانی (ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان)(مصلوح، 1991، ص 154).

ئاستی یەکەم، کە پێوەرەکانی بەیەکەوە نوسان و گونجان لەخۆی دەگرێت، پەیوەندی ئاسۆیی دەگرێتەوە، کە خۆی لە پابەندبوونی دەق دەبینێتەوە بە یاسا فەرهەنگی و ڕێزمانی و وشەسازییەکان بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو و گرێ و ڕستەی ڕێزمانی، هەروەها لەگەڵ پەیوەستبوونی دەق بە بنەما واتاییەکانی وەك ناسنامە و بابەتی دەق و بنەمای خستنەڕووی زانیاری و کۆتایی پێهێنانی بابەت و بنەما لۆژیکییەکانی تر.

ئاستی دووەم، پێوەری مەبەست و پەسەندی دەگرێتەوە، کە لە بازنەی ناوەکی دەق دوور دەکەوێتەوە، خۆی بە ئامانجی بەرهەمهێنەری دەق و نیازی دەق دەبەستێتەوە، هەروەکو (میخاییل باختن) دەڵێت: ((دەق لە ڕێگەی دوو هۆکاری گرنگ دەبێت بە دەق ئەویش مەبەست و بەجێهێنانی مەبستەکەیە، ئەم دوو لایەنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەیەکتر دەکەن، ئەم کارلێکەش لەسەر پرۆسەی دەقێتی ڕەنگدانەوەی دەبێت))(باختن، 1985، ص 40). ئەمە سەبارەت بە پێوەری مەبەستداری، هەرچی پێوەری پەسەندێتیە پەیوەستە بە وەرگرەوە، واتە هەڵوێستی وەرگر جا خوێنەر بێت یان گوێگر لە کاتی خوێندنەوەی دەق و هۆیەکانی کارلێکی خوێنەر و ڕێژەی کاریگەر بوون و ئاوێتە بونی وەرگر لە دەقەکەدا، وەرگرتنی دەق لای وەرگر و وەڵامی هزری و دەروونی وەرگر بۆ دەقەکە، تا ڕادەیەك تەواومەندێتی دەقمان بۆ دەسەلمێنێت.

ئاستی پۆلینی سێیەم پێوەرەکانی "ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان" دەگرێتەوە، کە هەر یەکە لەوانەش لە چەندین ڕەهەندی پەیوەست بە سروشتی دەق پێك دێن، بۆنموونە ڕێژەی ئەو زانیاریانەی دەقێکی دیاریکراو بە خوێنەری دەدات، چۆنییەتی بەرجەستەبوونی زانیاری لە دەقدا، پێوەری هەڵویستیش لەسەر بنەمای گونجاوی دەق لەگەڵ بارودۆخ و پێویستییەکانی خوێنەر و سەردەمی خوێنەر دەوەستێت، لەگەڵ ئەرکی دەق و پەیوەندی دەق بە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگە، لەگەڵ بابەتی وەرگرتن و توانەوەی دەقەکانی پێشتر لە دەقێکی تردا، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە.لەسەر هەمان پێوەری دیبۆگراند بۆ دەقێتی، (تمام حسان) ئەم پێوەرانە بۆ پێنج پێوەر کورت دەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لە هەر یەکە لە پێوەرەکانی "مەبەست و دەقئاوێزان و هەڵوێست و ڕاگەیاندن و پەسەندی"، کە پەیوەندییان بە پێکهاتەی گشتی دەقەوە هەیە نەك ڕێزمانی ڕستەکانی دەق، ئەو پێوەرانەش هەندێکیان بۆ لایەنی شێواز دەگەڕێتەوە، وەکو پێوەری (دەقئاوێزان)، هەندێك پێوەریش بۆ لایەنی ڕەوانبێژی وەك پێوەرەکانی (هەڵوێست و ڕاگەیاندن) هەندێکیشیان پەیوەستە بە بەرهەمی دەق و وەرگری دەق وەك پێوەری (مەبەست و پەسەندی)(عفیفی، 2001، ص 77).جگە لەمانە چەندین مەرج و پێوەری تر بۆ چەمکی دەقێتی خراوەتە ڕوو لە لایەن ڕەخنەگران و تیۆریستانی ئەدەبی، ئەوانەی ئاماژەیان پێکراوە پێوەرو چەند خاسیەتێکی گشتین بۆ فۆرمی گشتی و بوونە سەربەخۆییەکەی (دەقێتی)، چونکە ناکرێت چەند پێوەرێك بەسەر هەموو جۆرە دەقێکدا فەرز بکرێت، هەموو جۆرە دەقێك ناکەوێتە ژێر باری چەند ڕەگەز و مەرجێکی دیاری کراوەوە بۆ ئەوەی بەهای دەقێتی خۆی بسەلمێنێت.

سروشت و تایبەتمەندێتی دەقی ئەدەبی

بەشێوەیەکی گشتی دەق لەسەر بنەمای زانستە ئەبستراکت و زانستە مرۆڤایەتییەکان دابەش دەبێت بۆ "دەقی زانستی و دەقی ئەدەبی" هەر دەقێکیش لەوانە پێوەر و جیاکاری خۆی هەیە و ئەرکێك بەڕێوە دەبات، دەقی زانستی بابەتە زانستییە ڕووتەکان و ڕاستی نەگۆڕ و باس و هاوکێشە زانستییەکان لە خۆی دەگرێت، کە شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە لە نوسین و خستنەڕوودا، شێوازی دەقی زانستی (لە زانستە ڕووتەکان بەکاردێت بۆ بابەتەکانی "کیمیا و فیزیا و ئەندازیاری و زانستی پزیشکی"، کە مەبەستی سەرەکی فێرکردن و گەیاندنی زانیاریە، دارشتنی ناوەرۆکەکەی پشت دەبەستێت بە وشەو دەستەواژەی ڕووت و ئاشکرا و دوور لە سۆز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لایەنی هونەری)(بیرقدار، 2009، internet). لەبەرامبەریشدا دەقی ئەدەبی بە ئاراستەیەکی تر ڕێ دەکات، شێوازی جیاواز و پێوەر و پەیام و ئەرکێکی تر جێبەجێ دەکات.

سەبارەت بەدەقی ئەدەبی یاخود بڵێن چەمکی دەقێتی لە بازنەی ئەدەبدا، کە مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئێمەیە، ئەوا دەتونین بڵێن، کە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی تێڕوانینی ئەدەبیانە بۆ چەمکی دەق و دەقێتی دەخەنەڕوو، دەقی ئەدەبی بە کۆمەڵێك مەرج و پێوەری تایبەت مەحکوم دەکەن، بە واتایەکی تر دەقی ئەدەبی و دەقێتی لە چوارچێوەی ئەدەبدا، سەرەڕای پێوەر و خاسیەتە گشتییەکانی دەقێتی و دەقبوون، کۆمەڵێك ڕەهەندی تریش لە خۆی دەگرێت، تەنیا ڕەهەندی ناوەکی و بنیاتی زمان بەشدار نییە لە ناسنامەی دەقێتی بەرهەمێکی ئەدەبی، بەڵکو پەیام و ئەرك و بابەتی تر و بنیاتی تر دێنە ناو بازنەکەوە، دەقی ئەدەبی بەرپرسیاریێتی تری لەسەر شانە، کە خۆی لە بەرپرسیاریێتی مەعریفی و ئیستاتیکی و پەیامداری و ئەرکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەرکە جۆربەجۆرەکانی تر دەبینێتەوە، ((دەقی ئەدەبی دەریایەکی مەعریفییە وابەستەیە بە ڕەگەزەکانی ئەدەبی و گەلێك لایەنی هونەری و ئیستاتیکی، بنەماکانی دەق و پرۆسەی داهێنان و ئەرك و پەیام و گرنگی کاریگەری هەموو دەقێکیش بە تایبەتی لە ڕووی چێژو خۆشی بەخشینەوە بەستراوەتەوە بەهەر دوو لایەنی توانا و ئەزموون و سەلیقە و ئایدیای نووسەرو ئاستی فکری و تێگەیشتن و ئاوێتەبوونی خوێنەر))(فەتاح، 2015، ل59)، دەقی ئەدەبی فۆرمێکی بەرجەستەکراوە، کە ڕوخسارو ناوەرۆکێکی پتەوەی هەیە و نوێنەرایەتی خەیاڵ و هەست و سۆزی نوسەر دەکات، توخمی ڕابردوو و ئیستا و داهاتووی لە خۆ گرتووە، دەقی ئەدەبی لە کرۆك و هەناوی خۆیدا بارە کۆمەڵایەتی و دروونییەکانی نوسەر بەیان دەکا، بەواتایەکی تر ((دەقی ئەدەبی داتاشینی جەستەیەکە تەنها بەهرەمەندانی دەق و خالقەکانی دەق دەزانن ئەم جەستەیە چەند ئەستەم و دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێك داڕێژین ئاگری گەش و باوەشێك بای ئەفسانەو چەندین کەرەستەی موعانات و هەڵچوون و عاتیفە و خۆشەویستی پێ نەبی، لە دارشتەیەکی فۆکۆیانە دەق دەبێتە کۆڵەگەی دامەزراوەیەکی پر لە نهێنی، کە هەر هەموویان خۆیان لە جەستەیەکدا دەدۆزنەوە، کە بەهرەمەندی دەق مەبەستییەتی))(دەشتی، 2013، ل434). بەم جۆرە دەقی ئەدەبی جەستەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە دیوی دەرەوەیدا ڕووخسار و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە و لە دیوی ژوورەوەی ئەم جەستەیەشدا ناوەرۆك و مەبەست و ئەرك و پەیام ئامادەیە، جگە لەمە دەقی ئەدەبی ڕەهەندی زانیاری و مەعریفیشی هەیە، واتا جەستەکە هەر تەنیا لە ڕەهەندە دەروونی وسایکۆلۆژییەکان پێك نایەت، بەڵکو پرۆژەیەکی مەعریفش لە مێشکی ئەم جەستەیەدا بوونی هەیە ((دەقی ئەدەبی بریتییە لە کۆمەڵێك مەعریفەی مرۆیی، کە زانیاری ئەدەبی و مەعریفەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری لەخۆدەگرێت، نەك هەر ئەم زانیارییانە بەڵکو زانیاری ئابوری و زانستەکانی تریش لەخۆدەگرێت))(ابریر، 1995، ص 12). واتە دەقی ئەدەبی بوونی مەعریفەیەکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ((دەقی ئەدەبی وەك حاڵەتی کەرنەڤاڵێك وایە، کە ڕۆشنبیرییەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە و تێکەڵیان دەبێت))(ئەمین، 2013، ل39)، دەق لە ناو بازنەی ئەدەب و هونەردا، بەپێی تیۆرە ئەدەبی و ئاراستە ڕەخنەییەکان، فرە بنیاتە و بەهۆیەوە چاوەڕوانی ئامانجی گەورەی لێ دەکرێت لە ڕووی مێژووی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی، دەق لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکێکی زۆر فراوان هەڵدەستێت، لەبەر سروشتی پەیوەندی ئەدەب بەژیان و مرۆڤەوە، ((بابەتی دەقی ئەدەبی هەموو دنیایە، دنیاش گەلێك بەرینە و هەموو مرۆڤ و ژینگە و دەوروبەری مرۆڤ دەگرێتەوە، دەرێی مرۆڤ و ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەدەب مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیادا دەکات بە بابەت و نێوەرۆکی خۆی))(عارف، 2009، ل109). بەم

شێوەیە لەژێر ڕۆشنیای جۆرییەتی دەقی ئەدەبیدا، خاسیەت وپێوەرەکانی دەقیش ئاراستەیەکی تایبەت بە سروشتی ئەدەبی و هونەری وەردەگرن، بۆ چەمکی دەقێتی لەو بازنەیەدا جەخت لە پێوەرە تایبەتییەکانی دەق دەکرێتەوە، دیسان دەقی ئەدەبیش بازنەیەکی فراوانە و ڕووبەرێکی زۆر گەورە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە، دەقی ئەدەبی بە هەردوو جۆری نوسراو نەنوسراوەوە، لە جۆری ئەدەبی نوسراویشدا بە هەردوو لقی دەقی شیعر و دەقی پەخشانەوە، لە چەندین ژانری جۆراوجۆر پێکدێن، کە هەر یەکەیان پێوەری گشتی لە بازنەی دەق و پێوەری تایبەت لە بازنەی دەقی ئەدەبی و پێوەری تایبەتی تریش لە بازنەی ژانرییەتی خۆی وەردەگرێت و بەمەش ناسنامەی دەقێتی و جۆری ژانرێتی خۆی دەسەلمێنێت.

شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە گشتییەکانی دەقێتی

پێوەرە گشتییەکانی دەق، بوون بە بنەما بۆ جیاکردنەوەی دەق و نادەق، ئەم پێوەرانە لە بازنەی گشتی دەق دەسوڕێنەوە، دوور لە پێوەرە تایبەتییەکان لەناو بازنەی ژانرێکی دیاریکراوی ئەدەب. ئەم پێوەرانە، بەر لە پێوەری تایبەتی ناسنامەی دەقبوون بە چالاکییەکی دەرپراو دەبەخشن، دواتر پێوەری تایبەتیش دێتە پێشەوە بۆ بەخشینی فۆرم و ناسنامەی جۆری دەق و خاسیەتەکانی دەق لە بازنەیەکی دیاریکراودا. دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بەپێی پێوەرەگشتییەکانی دەق، ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، لە ناو بازنەی دەقی شیعریشدا جیاکاری و پێوەری تایبەت بە دەقی شیعری خۆی هەیە، تیۆری ئەدەبیش زیاتر جەخت لە پێوەرەگشتییەکانی دەق و چوارچێوەی گشتییەکانی دەقی شیعری دەکاتەوە و پێوەرە زۆر ورد و تایبەتییەکانی دەقێکی شیعری بۆ بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەجێدێڵێت.

هەموو ئەو پێوەرە گشتییانەی، کە بۆ دەقبوون لە لایەن تیۆریست و زاناکانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە ئەدەبی هەموو نەتەوە و سەردەمێکدا بەدی دەکرێت، بە پێی تایبەتمەندی ژینگەی دەق لە هەموو ڕوێکەوە، دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، هەڵگری هەمان ئەو پێوەرانەیە، کە ناسنامەی دەقێتی بە دەق دەبەخشن، ئەمەش کاتی دەردەکەوێت، کە دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا بە تەرازووی ئەم ڕەگەزو پێوەرانە کێشانی بۆ دەکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە "بنیاتی زمان و بنیاتە هونەرییەکان و مەبست و دەلالەتی دەق و گونجان و دەقئاوێزان و چێژی دەق و ڕەگەزەکانی ئەدەب و جەمسەرەکانی پەیوەست بە دەق،...تاد."

ئەگەر لە دەقی شیعری کرمانجی خواروو پروانین، بەپێی پێوەری دەرپرین، کە فۆرم و وێنەیەکی ماددی بە دەق دەبەخشێت، ئەوا دەقی شیعری کرمانجی خواروو شێوازی دەرپرین و جۆری خۆ بەرجەستەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، بەپێی ئەم پێوەرە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانەوە، چوارچێوەیەکی بەرجەستە بۆ دەقی ئەدەبی دروست دەبێت، کە "ڤاندایك" بە بنیاتی ڕووکەش دەبەستێتەوە و "لۆتمان"یش ئەم بەشە بەدەرپرین یان شێوازی دەرپرین دادەنێت، ئەم دەرپرینەش بە هۆی هێما زمانییەکان ئەنجام دەدرێت، بەپی دوالیزمی "زمان" و " ئاخاوتن"ی سوسێر دەقی شیعریش چالاکییەکی دەرپراوە، بەهەمان شێوەی ئاخاوتن (کۆدی زمانی دەرپری فکرەکەیە، کردارێکی سایکۆلۆجی یارمەتیدەری تاکە بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر ئاستی دەرەوە)(محمد، 2008،ل52). دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا لە ڕێگەی کۆدی زمانی و بەکاربردنی وشە و ڕاناو و جێناوەکان و کەرەستەکانی تری زمان دەوەستێت و خۆی وێنا دەکات، ئەمەش دەبێتە بنیاتی ڕووکەش و کە لە چالاکی بەکارهێنانی وشە و کەرەستەی تر گوزارشت لە دەقێتی خۆی دەکات، بەڵام ئەم چالاکییەش لە مەرج و قاڵبی هونەری و ئیستاتیکی دەدرێت. بێگومان دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا وەك چالاکییەکی هونەرییە، هەڵگری بنیاتێکی ڕێزمانی تایبەت بە زمانی نەتەوەکەی خۆیەتی لەڕووی ئەنتڕۆپۆلۆژییەوە، کە لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و لایەنە ئیستاتیکییەکان پرۆسەی گوزارشتکردنی بابەتێك بنیات دەنێت، کە ئەمەش دەبێتە ڕەگەز و پێوەرێکی تر بۆ مەسەلەی دەق، هەروەك ئیریك ئەنکفیست بۆ دەقبوون ئاماژەی بەم بنیاتە ڕێزمانییە کردووە لەگەڵ سیستەمی پەیوەندی نێوانیان ڕستەکان ، کە خۆی لە ئاست و لقە ئاستەکانی زماندا دەبینێتەوە، هەر لە بوونی دەنگەوە بگرە تا دەگاتەوە ئاستی ڕستە و سیستەمی ڕێزمانی نێوانیان و کەرەستەکانی پەیوەندی کردن، هەر چەندە ئەم

بنیاته ڕێزمانییه له دەقی شیعری به ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و دەکەوێته ژێر حوکمی هەستی ئیستاتیکای شاعیر و دووچاری تێکشکان و لادانه جۆربەجۆرەکان دەبێتەوە، چونکه بەکاربردنی زمان لای شاعیر دۆخێکی تایبەت به شیعریەت وەردەگرێت، کەواته ((ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی تێدا بێ، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ، توانای ڕەسەنایەتی که توانایەکه له هەموو ئاخێوەرێکدا هەیه، له پیادە کردنی توانای یاساکانی زمانەکەوە دێ، توانای داهێنان، که بەزۆری له شاعیردا هەیه له بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ،..... بۆ ئەوەی له ڕەسەنایەتییەوە بگەینه داهێنان دەبێ زۆر بەوردی هەڵەی ڕێزمانی و واتایی و فۆنۆلۆژی له "لادان" و بەزاندن"ی یاسا زمانییەکان جیا بکەینەوە. ئەمەش بەوە دەکرێت بزانین "لادان" و "بەزاندن" بۆ مەبەستێکی ئەدەبی دەبێ واته گرنگییەکی تێدایه و شاعیر چاك ئاگادارییەتی دەزانێت بۆ وەها دەکات. هەرچی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنوسی و واتایی ئاسایی ئاساییه شاعیر لێی به ئاگا نییه و به مەبەست نەی کردووە))(فتاح،2010، ل 403 ـ 404). واتا لادان و تێکشکاندن و بەزاندنی زمان و مەسەلەکانی تری وەك میتافۆر و ئیدیۆم و ئیکۆنۆمی له زماندا، دەبنه بەشێك لەو بنیاته قۆڵەی، که دەقی شیعری هەیەتی و له زمانەوانیدا دەق لەسەری دەوەستێت و گرنگی پێدەدات.

له چوارچێوە گشتییەکەیدا شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، ئەو بنیاته قوڵەی هەیه، که ڤاندایك ئاماژەی پێ کردووە، که خۆی لەچەندین تەوەری وەك " زمان و دارشتنەوەی زمان و شێواز، خستنەڕووی دەق له ناونیشانه سەرەکی و لاوەکییەکاندا" دەبینێتەوە، ئەم بنیاته له شیعری کرمانجی خواروودا، جیاکاری و تایبەتمەندی وەردەگرێت به پێی سروشتی زمانی دەرپرین و یاسا فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی تایبەت به زمانی کوردی.دوای بەرجەستەبوونی دەقی شیعری له کرمانجی خواروو بەهۆی هێما و دانه زمانییەکان له پرۆسەی دەرپریندا و بەجۆرێك، که خاوەنی بیناتێکی ڕێزمانییه، پێوەرێکی تری دەق دێته پێشەوە، که بریتییه له بوونی دەلالەت و لێکەوتەی مەبەستێکی دیاریکراو له پرۆسەی دەرپرین و بەرجەستەبوونی دەقی شیعریدا، کۆی پرۆسەی بەرجەستەکردنه ڕێزمانییەکه بۆ گەیاندنی دەلالەت و گواستنەوەی مەبەستێکه له شاعیرەوە، واته فۆرمی دەق که بەهۆی کۆدەکانی زمانەوە بەرجەستەبووە و بیناتێکی ڕێزمانی هەیه، هەر بەمه ناوەستێت بەڵکو گوزارشت له مەبەست و دەلالەتێك دەکات، بەمەش دەق له ڕێگەی ئەم پێوەر و بنیاتانەوە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی وەردەگرێت، ئەم خاسییەتانەش فۆرمەکانی دەقیان لەیەکتر جیاکردەوە و تا بوون به فۆرم و ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو، له ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا بەشێوەیەکی گشتی دەقی شیعری له کرمانجی خواروودا مەبەست و دەلالەتێك له پشتی کۆدەکانی زمان باردەکات و بەڕێگەیەکی ڕیزمانیدا دەیانگوازێتەوە، ئەمەش پێوەری گشتین بۆ بەخشینی ناسنامەی دەقێتی به پرۆسەی دەرپرین. واته لەدەقدا، زمان ناسنامەی دەق و دەقبوون دیاری دەکات، نالی وەك دامەزرینەری ئەم قوتابخانەیه ئەم کارە ئاسان دەکات و زمانی کوردی و ئاستێکی بەرزی ئەم زمانه بۆ دەقی شیعری بەکاردێنێت له کرمانجی خواروودا. هەروەکو خۆی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت:

طەبعی شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیه مەقصودی ، له "عمدا" وا دەکا

یا له مەیدانی فصاحەتدا به میثلی شەه سەوار

بێ تەئەممول بەو هەمو نەوعه زوبانی ڕا دەکا

کەس به ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییه خۆ کردییه

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا

بێته حوجرەم، پارچه پارچەی موسوەدەم بکڕێ به ڕۆح

هەر کەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ به دەڵ سەودا دەکا

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟!

کەی لە دیقەقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟! (نالی، دیوان، ل 106 ـ107)

بەکارهێنانی زاری کرمانی خواروو لە بەرهەمە شیعرییەکانی نالیدا، بوو بەناسنامەی دەق لەم قوتابخانەیدا بۆیە پەیرەوانێکی زۆری بۆ پەیدا بوو، هەروەها باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی تردا کێشا.

دواتر بواری بەردەوامبوون و پەرەپێدانی بۆ خەڵکانی دوای خۆی واڵا کرد، (لەسەر دەستی نالیدا شیعر چەکەرەو ڕەنگ و ڕوخسارێکی تری کولتوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەخۆوە دەگرێت، بۆ پاشتر دەیێتە یەکێك لە کۆمەڵەکە و هیمە پتەوەکانی زمان و ئەدەبەکەی)(نادر، 2014، ل106). نوسینی دەقی شیعری بە زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی خواروو، بووە هۆکاری بەر پاکردنی بارودۆخێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا، دیارە (نالی لەو باوەڕەدابوو کە زمانی کوردی لەو پلەو پایەدایە کە دەتوانرێت شیعری بەرزی پێ بوترێت) (کاکی،2008، ل46). دوور کەوتنەوە لە زمانە بیانییەکانی وەك "عەرەبی و فارسی و تورکی"، ناسنامەی دەقی شیعری کوردی گۆڕی لە ڕوانگەی تیۆری ئەدەبییەوە، هاوکێشەی ئەدەب بەمە گۆڕان و بازدانی گەورەی بەسەردا دێت، بەکارهێنانی زمان هەوێنی سەرهەڵدانی دەق و جۆرە جیاوازەکانی دەق و دەلالەتی نوێیە لەناو دەقدا، لە دایکبوونی دەقیش سودێکی زۆر بە زمان و کلتووری نەتەوە دەگەینێت، لەگەڵ ئەوەی، کە نالی بەهۆی نووسینی دەق بەزمانی کوردی دووچاری ڕەخنە لێگرتن بۆتەوە، لەو ڕۆژگارەی کە نالی تێیدا ژیاوە نوسینی شیعر بە زمانی خۆی بە لاوازی لە قەڵەم دراوە، هەر بۆیە ئەم دەقەی سەرەوە وەڵام و بەرپەرچدانەوەی شاعیرە بۆ ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بەم بابەتە ئاراستەی کراوە، دواتر زۆری نەبرد ئەم کارەی شوێنی خۆی گرت و پەیرەوەی لێکرا، شاعیری تر بەهەمان زمان دەقی شیعری نوێی پێشکەش کرد، بەجۆرێك ئەم زمانە چووە دۆخی بەرگری لێ کردن و شانازی پێوە کردن، بۆ نموونە مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:.

کوردی مەستی دەردی بادەی عیشقە، وێردی نظمی ورد

دەردی هیجرە گەر بە حەرفی کوردی هەر یاری دەکا (کوردی، دیوان، ب1، ل61)

مەڵێن "هیجری" لە زێدا کوردییە، بیللا لە حەشریشا

بە کوردی " کوردی" دەعواچی حەقی کوردە و هەر ئەیسێنێ (کوردی، دیوان، ب2، ل251)

ئەم بەرگری کردنە لە زمانی کوردی و ئاماژە کردن بە نووسینی دەقی شیعری بەزمانی دایك، لە لای مەحویشدا دەبینین، هەروەك دەڵێت:.

کوردی زوبانی ئەصلَمەگەر تەرکی کەم بەکول

بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

دوری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ

هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە (بولوەفا) (مەحوی، دیوان، ل11)

مەحوی لەم شیعرەدا ئاماژە بەزمانی کوردی دەکات وەك زمانی دایك، کە نوسینی دەقی شیعری بەزمانی فارسی و وازهێنانی لە زمانە ئەسڵەکە، کە زمانی دایکە بەخوویەکی ناشایستە لەقەڵەم ئەدات، بۆیە زمانی کوردی بەهەمان شێوەی بیرکردنەوەی نالی لای مەحویش زمانێکی شایستە و گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، ئەمەش بۆ چەمکی دەق و ناسنامە و پێوەرکانی دەق گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە تێڕوانینی تیۆری ئەدەبی لەچوارچێوەی ئەو زمانەوەیە، کە دەقە

شیعرییەکەی لەسەر بینا کراوە. بۆ هەمان مەبەست حەمدی بۆچوونی خۆی لە دێڕێکدا بەیان دەکات و دەڵێت:.

گوڵ لەبەرگی سەوزی خویدا ناسك و شیرینترە

بۆیە فیکری نازکی حەمدی بە کوردی بێژرا (حەمدی، دیوان، ل230)

ئەم ئاماژەکردنە بە زمان و زمانی نەتەوە لای حاجی قادری کۆیی زۆر بەهێز و بە تینتر دەردەکەوێت، هەروەك دەڵێت:

شەبیهی جۆڵە کە ڕازی نەبێ، بە سەردڕی خۆی

مەڵێن فەصاحەتیکوردی بە فارسی ناگا (حاجی، دیوان، ل37)

مەفهومی دوو حەدیسی صەحیحم لە بەیتەکا

جێ کردەوە نەزەر بکە کوردی و فەصاحەتی (حاجی، دیوان، ل57)

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی

موحەققەق داکی حییزە بابی زانی (حاجی، دیوان، ل58)

مەسەلەی زمان و زمانی دایك و بەکارهێنانی لە بوارە جیاجیاکانی وەك قسەکردن و نووسینی دەقی شیعری جەختی لەسەر کراوەتەوە، چونکە (حاجی قادر بە لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆ ڕوون بووتەوە، کە بناغەی قەڵای کەسایەتی نەتەوە زمانە، وە هەموو دەسکەوتەکانی بەرهەمی نەتەوە بە زمان دەپارێزرێ) (قادر،2-12، ل265). هەرچەندە زمان لای حاجی پەیوەستە بە سۆزی شاعیر بۆ نەتەوە و لە چوارچێوەی خۆشەویستی نیشتیمانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام لێکەتەی ئەمە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییە بە زمانی نەتەوە.

ئەم مەرج و پێوەرانەی، کە "دیبوگراند" بۆ دەقییەتی دەق خستییەڕوو، کە بریتین لە: "بەیەکەونوسان، گونجان، مەبەستییەتی، پەسەندی، هەڵوێست، دەقئاوێزان، ڕاگەیاندن " دواتر بوون بە بنەما و پێوەری گشتی بۆ چەمکی دەقێتی لە بازنە گشتییەکەیدا، هەریەکە لەم پێوەرانەش لە چەندین لق و پێوەری بچوکتر و تەوەری تر پێك دێن.ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانە دەقی شیعری کرمانجی خواروو بکێشین و بە دوای ئەو مەرج و بنەمایانەدا بگەڕێن لە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیەدا، ئەوا بەهۆی بوونی ئەم مەرج و پێوەرانە ناسنامەی دەقێتی شیعری کرمانجی خواروومان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە هەر یەکە لە پێوەرەکانی "توندوتۆڵی و گونجان" کە پەیوەستن بە خودی دەقەوە لە شیعرەکاندا بەرجەستەیە، نەك هەر بەرجەستەیە بەڵکو ئەم پێوەرانە بنیات و هۆکاری بەرجەستەکردنی ئەم شیعرانەن، بنەمای "توندوتۆڵی یان بەیەکەونوسان" لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا لەم دۆخانەدا دەردەکەون شێوازی خستنەڕووی دەقی شیعرەکە لەڕووی فۆرم و جۆری ناسنامە ئەدەبییەکەی، کە دەقی شیعری خۆی جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراوە بەو پێیەش ئەم ژانرەش لەم قوتابخانەیەدا لە چەند جۆر و قاڵبی دەرپرینی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوە، هەر لە جۆرەکانی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە بگرە وەك شیعری "لیریکی و داستانی و شانۆیی و فێرکردن" تا جۆرەکانی شیعر بەپێی فۆرم و قالبەکانی دەرپرین وەك "غەزەل و قەسیدە و چوارین و موڵەمەع و پێنج خشتەکی و موستەزاد ...تاد" بە تێبینی کردن لە ڕوخسارو ناوەرۆکی شێوازی دەرپرینی هەر دەقێك لە شیعری کرمانجی خواروودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەقە شیعرییەکە خاوەنی جۆر و ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیەتی، بوونی ئەم ناسنامەیەش پێوەرە بۆ دەقێتی، هەروەها دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بنەمای خستنەڕووی چارەسەری کێشە و بابەتێکی دیاریکراوی تێدایە، بەجۆرێك شاعیر لە ڕێگەی پرۆسەی شیعر نووسینەوە کۆد و دانەکانی زمان بەکار دێنێت لە پێناو خستنەڕووی واتا و چارەسەری بابەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری، هەروەك ڤاندایك دەڵێت: (کۆمەڵە ڕستەیەك، گەر لە بابەتێك نەدوێ زەحمەتە پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیدا ببێ و بەم جۆرە نایێتە دەق) (الصبيحي، ل80). واتە پەیوەندی واتایی لە نێوان یەکە

دەربڕاوەکانی زمان پتەوی و دەوڵەتی بە دەربڕین دەبەخشت، دەبێت لە هەر دەوڵەتکدا ئەم بنەمایە خوێنەر بەرەو چەقی بابەتێك بەرێت، ئەگەر سەیری دەوڵەتکی شیعری لە کرمانجی خواروودا بکەین دەبینین، ئەم شیعرە واتایەکی هەڵگرتووە، بۆنموونە بابەتێکی وەك خۆشەویستی لە ڕێگەی وشە و ڕستەکانەوە نیشانی خوێنەری ئەدات و هەستی خوێنەریش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات. هەر لە چوارچێوەی پێوەری پتەوی دەق جەخت لەسەر چۆنییەتی خستنەڕووی دەق لە ڕووی بەش و پێکهاتەوە دەکرێت، کە چۆن مەبەست و واتا پلە بەپلە بەسەر بەشەکانی دەقدا دابەش دەبێت، لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا دابەشبوونی واتا و مەبەستی شاعیر دەبینین، کە بەسەر لەتە دێر و دێری شیعرەکانەوە دابەشکراوە، بەجۆرێك، کە لە لەتە دێڕێکەوە دەست پێ دەکات بۆ نیوە دێر و بۆ دێری تەواو تا دوایی دەگاتە بەش و دێری کۆتایی، کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دێری کۆتایی، کە ناسناوی شاعیری تێدایە ڕۆڵی کۆتایی پێ هاتنی واتا دەبینێت لە کۆی دەقە شیعرەکەدا.

خەڵقی کە هەمو کودەکن و بەستە زوبانن،

با بێن و لە "نالی" ببیەن شیعری سەلیقی (نالی، دیوان، ل657)

.....

لەچنگ غەم صەیدە "سالم" وەك کەبووتەر

لـــەدڵیا میـــــخلەبی شـــــــاهینە بێ تۆ (سالم، دیوان، 2015، ل728)

.....

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق

"مەحویا" دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا (مەحوی، دیوان، ل19)

هەروەك لەم دێرانەی سەرەوەدا دەبینین، بەشێوەیەکی گشتی لەدەقی شیعری کلاسیکی کوردیدا، ناسناوی شاعیر بۆ دوا دێر هەڵگیراوە، کە ئەمە ڕۆڵی دوایی پێ هێنانی دەقەکەی بینیوە، کە خۆی لەخۆیدا ئەمە خستنەڕووی واتا و مەبەستی شاعیر دەسەلمێنێت لە دێر و خاڵێکی دەقەکەدا، کە خاڵی سەرەتای دەقە، بەمەش هەر دەبێت لە دێرو خاڵێکی تری دەقیشدا بە کۆتا بێت.

بەم جۆرە دەقی شیعری کوردی تایبەتمەندی دەست پێك و کۆتایی دەقی لەخۆ گرتووە، لەگەڵ دابەشبوونی مەبەست و واتا بەسەر تۆپۆگرافیای دەقەکەدا، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە، کە مەبەستمان لە واتای دەق بریتیی نییە لەو تێڕانیینە تایبەتییەی گۆران بۆ شیعری کۆنی کوردی وەك سەربەخۆی بەیتەکان لە واتادا، کە گۆران لە وتارەکەی خۆیدا بەناوی (کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا) ئاماژەی پێ کردووە، بەڵکو بریتییە لەو گوتارەی شاعیر لە بەش و پێکهاتەی دەوڵەکدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە بەرجەستەی دەکات، مەبەست و بابەتە عەقڵی و دەروونییەکانی شاعیر لە ڕێگەی وشەیەك یان دێریك دەست پێ دەکات و لە شوێنێکیش هەر دەبێ کۆتایی پێ بێت لەگەڵ کوتایی هاتنی دەقەکە گوتارەکەش خۆی بەیان دەکات، گوتار و مەبەستەکە بەسەر هەموو توخم و دانەیەکی زمانی دابەش دەبێت.

پێوەری گونجانیش، کە پەیوەست بە جەمسەری دەقەوە لە شیعری کرمانجی خواروودا لە بنیاتی زمانی و ڕەهەندەکانی پەیوەست بە زمان و سیستەمی ڕێزمانی و ئامرازەکانی پەیوەندی دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لەپێوەری گونجان و گونجانی دەقی شیعری لەم قوتابخانەیەدا خۆی دەبینێـەوە لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی زمان و پەیوەندی وشە و ڕستە و بەش و پارچەکانی دەق بە یەکترییەوە، ئەم پەیوەندییەش پتەوی بنیاتی دەقی شیعری دروستکردووە، ئەم گونجان و پەیوەندییەش دروست دەبێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی و ئامرازەکانی لکاندنی پارچەکانی دەق و ئامرازەکانی گواستنەوە و جیگۆرکێ و کورتکردنەوە و

ئابووری کردن و ئامرازەکانی گەیاندنی بەش و پارچەکانی دەق، ئەم تەوەرانەی پێوەری گونجانی دەق سەرەڕای ئەوەی بنیاتێکی زمانی دەگرێتەوە، پەیوەندیشیان بە ناوەرۆك و بابەتەکانی ناو ڕوانبێژییەوە هەیە، چونکە هەموو ئەم تەوەرانە لە ناو دەقی شیعری کرمانجی خواروودا ملکەچ دەبن بۆ بەرگی ئەدەبییەت و خستنەڕوویەکی ئیستاتیکی و بەلای شیعریەت و وێنەی هونەری و ڕەوانبێژیدا دەشکێنەوە.

بە پێی پێوەرەکانی بەیەکەوە نوسان و گونجان، کە پەیوەندی ئاسۆیی زمان دەگرێتەوە، شیعری کرمانجی خواروو ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی لێرەدا بنیاتی دەقی شیعرەکان لە ڕیگەی یاسا فەرهەنگی و سیستەمی ڕێزمانی و وشەسازییەوە دروستبووە، هەروەها دەق پابەندە بە بنەما واتاییەکانی وەك بوونی جۆرییەتی دەق و بابەتی دەق و خستنەڕووی واتا و کۆتایی پێهێنانی واتا، لە فۆرمێکی هونەری و ئیستاتیکیدا.

پێوەرەکانی مەبەست و پەسەندێتی دوو پێوەری دەرەکی دەقن و لە جەمسەری دەق دوورەکەونەوە، دوور لە ناوەوەی دەق بنەما بۆ دەقێتی بەرهەم دێنن، مەبەست لە پێوەری مەبەستێتی ئەو بابەت و مەبەست و پەیامەیە، کە شاعیر لە ڕێگەی سیستەمێکی زمانی و فۆرمێکی دیارکراوەوە دەیەوێت دەری بڕێت، واتە ئەو ناوەرۆك و بابەتەی، کە دەقی شیعرێك لەخۆی دەگرێت بریتییە لە گوتار و پەیامی شاعیرێك، کە خۆی لە مەبەستی جۆراوجۆردا دەبنێتەوە، کە دەشێت شاعیر ئاگاییانە یان بێ ئاگاییانە لە دەقە شیعرییەکەیدا مەبەستێکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئایینی هەبێت، ئەم پێوەرە لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا، لە بابەتی دەق و ناوەرۆکی دەقی شیعریدا خۆی بەرجەستە دەکات، بابەتی دەق یەکەی لەخۆ گرتنی مەبەستی شاعیرە، کە بریتییە لە پەیام و نیازی عەقڵی و دەروونی بەجۆرێك دوای ئەوەی شاعیر مەبەستێکی دیاریکراو لە چەند بیر و بیرۆکەیەك باردەکات و ئەمەش لە بابەتێك و فۆرمێك بەرجەستە دەکات لە ڕێگەی زمانەوە، بۆیە مەبەست حوکم بەسەر جۆر و شێوازی دەقدا دەکات، واتە (بابەت هۆیەکی سەرەکییە، کە جۆری شێواز دەخاتەڕوو، لێرەدا بابەت ئەو چوارچێوە و هونەرەیە، کە شاعیر و نووسەر بەکاری دێنن بۆ وێنا کردن و گوزارشتکردن لەو بیرۆکە و مەبەستانەی، کە لە دەروونیدا بوونیان هەیە) (شایب، 1966، ص54). ڕوانینە تیۆری و ڕەخنەییەکان بۆ دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بۆ دوو دیوەکەی دەقە، کە بریتییە لە ڕوخساری دەق و ناوەرۆکی دەق، بابەتی دەق پەیوەستە بە ناوەرۆکی دەقەوە، کە مەبەستی شاعیری لەخۆ گرتووە، بۆیە مەبەست وەك پێوەری دەقێتی (کاریگەری لەسەر بنیاتی دەق و شێوازەکەی هەیە، چونکە نووسەر بە شێوەیەکی دیار دەقەکەی بنیات دەنێ و ئەو شێوازە گونجاوە زمانییە هەڵدەبژێرێ، کە مەبەستەکەی بێنێتە دێ)(الصبیحی، ل94).

مەبەستی شاعیر هەروەك بابەتی دەق دیاری دەکات بەهەمان شێوە پرپار لەسەر جۆرێتی شێواز دەدات و گۆران لە بنیاتی دەق دروست دەکات، ئەمەش بوونی پێوەری مەبەستە لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا، لەبەر ئەوەی مەبەستی شاعیر وەك مەرج و پێوەرێك دەبێت ئەو تین و بنەمایەی هەبێت، کە خۆی لە بابەتی دەقەکەدا بتوێنێتەوە و کاریش لە شێواز و بنیاتی دەق بکات، کۆی پرۆسەی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، لێکەوتەی مەبەستە جۆربەجۆرەکانی شاعیری کوردە، بۆیە شاعیر لەم قوتابخانەیەدا بۆ ئەو بابەتەی، کە مەبەستەکەی تێدا بەیان دەکات زمان و شێواز و قالبی شیعر و وشە و زاراوە و هونەری تری پەیوەست بە تۆێکڵی دەق هەڵدەبژێرێت و دواتر هەڵبژاردنی هەموو ئەمانە لەگەڵ بابەتەکە جۆری دەقی شیعری و ئاست و شێوازەکەی دیاری دەکەن.

بابەت و مەبەستی شاعیر لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا، ناسنامە و فۆرم بە دەق دەبەخشێت و زۆرجار پرپار لەسەر جۆرییەتی ژانرەکەش ئەدات، هەروەها (هۆکار و بناغەی لێك جیاکردنەوەی جۆری دەقەکانە لە یەکتری وەك دەقی شیعر و پەخشان، ئەم مەبەستە شیعرییانەی، کە لە دڵ و دەروون و وێژدانی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ سۆزێکی خەستی تێدا ئەبینرێ و لە چوارچێوەی باسەکانی "خۆشەویستی، ڕق، ترس و باوەڕ، چاکە و خراپە" دەسورێتەوە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ هەر لە ئەنجامی ئەم گۆرانە بابەتی شیعری تر

هاتەکایەوە) (رسول،ل27 ـ 28).لە شیعری کوردیدا مەبەستێکی تایبەتی و دیاری کراوی وەك دڵداری، کە پەیوەستە بە سایکۆلۆجیای کەسێتی شاعیرەوە، لە قالبێکی شیعری وەك غەزەل یان یان پارچە شیعرێکی لیریکی چەند کۆپلەیی خۆی بەیان دەکات، بۆنموونە ئەگەر سەیری غەزەلێکی وەك ئەمەی خوارەوە بکەین، کە مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕووحی شیرینم نەهات

زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات

تا دەگاتە

گۆی چەوگانی میحنەت دایە بەر خۆی ڕایفڕاند

ئە لعەجەب بۆ شەهسواری خانەیی ژینم نەهات

کەوتمە ناو نەزع و غەم خستمیە حاڵی غەر غەرە

(کوردی)بێ کەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات (کوردی، دیوان، ب1، ل115)

ئەم دەقە بابەتێکی دڵداری و ئەوینی لەخۆی گرتووە و شاعیر پەیام و مەبەستێکی دەروونی هەیە، دەیەوێت گوزارشت لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی تایبەت بەخۆی بکات، سروشتی ئەم مەبەستەش زمانی دەرپرینی تایبەت بەخۆی هەیە و قالب و هونەرەکانی دەرپرین و ڕیتم و وشە و زاراوەکانی گرێدراون بە سۆز و هەستی ئیستاتیکاییەوە، بەمەش بنیاتی دەق دەکەوێتە ژێر باری مەبەستی شاعیر، بەڵام بۆ ڕوونداو و بابەتی زۆرتر و فراونتر هەروەها بۆ فرە مەبەستی و نیازی جۆراوجۆر، شاعیر فۆرم و قالبی تری ئەدەبی و شیعری وەك قەسیدەیەك یان داستان بەکاردێنێت بۆ گوزارشتکردن لەو مەبەستە جۆربەجۆرانەی، کە لەلای گەڵاڵە بووە، بۆ نموونە ئەحمەدی خانی بۆ مەبەست و نیازی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی فۆرمی داستان بەکاردێنێت لە داستانی "مەم و زین"دا، خانی چەندین گوتار و مەبەستی لەپاڵ ئەم داستانەدا دەرپڕیوە، بۆیە دەبینین شاعیر لە کرمانجی خواروودا بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و بابەتی تر پەنا بۆ فۆرمی قەسیدە دەبات بەوەی مەیدانی ئەم فۆرمە فراوانە ڕووبەرێکی زۆرتر بۆ شاعیر دەستەبەردەکات تا مەبەستی خۆی تێدا بەیان بکات، بۆ نموونە لەم قەسیدەیەدا کە نالی دەڵێت:

ئــەی ساکینی ڕەیاضی مــەدینەی مـونەووەرە

لــوطفێ بکە، بفەرمــو: مـەدینەی منەو، وەرە

عەرشی بەرین کــە دائیرەیە، ڕەوضە مەرکەزە

فــەرشی زەمـین بە عەرصەیی طەیبە موجەوهەرە

تا دەگاتە .....

ڕۆژی جەزا ڕەجا بکە بۆ "نالی"ی دەربەدەر

چۆن لەم جیهانە گوناهی گەلێ زۆر و ئەکثەرە (نالی، دیوان، ل415)

لەم فۆرمەدا لەبەر ئەوەی لە ڕووی چەندییەوە گۆران بەسەر ژمارەی دێرەکاندا هاتووە، بۆیە لەدەقەکەدا شاعیر چەندین نیاز و مەبەستی خۆی دەردەپڕێت و دەقەکە سۆزێکی قوواڵی ئایینی تێدایە هەموو بابەتەکانی وەك "وەسف و ستایش و شانازی و ئاموژگاری و ئایینی ...تاد" لەخۆی

دەگرێت و دەقێکە زانیارییەکی زۆری تێدا بەرجەستە کراوە. بۆیە شاعیر وا دەبینێت کە زۆری سۆز و فراوانی واتاو مەبەستەکانی لە غەزەلێکدا دانانیشێت و پەنا بۆ فۆرمی قەسیدە دەبات.

یان زۆرجا دەبینین کاتێك شاعیرێك پەیامێکی زانستی هەیە و دەیەوێت زانستێك بگوازێتەوە، کە مەبەستی سەرەکی فێرکردنە، ئەمە دەچێتە چوارچێوەی شیعری فێرکردن بەهۆی ئەم مەبەستە گۆران بەسەر دەق و ڕەگەزەکانی ناو دەقە شیعرییەکەدا دێت، شاعیر لەم جۆرەدا بۆ گوزارشتکردن لەم مەبەستە زانستییە، لە ڕەگەز و بنەمای سۆز دوورەدەکەوێتەوە. بۆنموونە ئەحمەدییەکەی شێخ مارف و شیعرەکانی پیرەمیرد وگۆران و شاعیرانی تر کە بۆ مەبەستی زانستی فێرکاری نوسراون.

پەسەندێتی وەك پێوەرێکی تری دەق، لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا تێبینی دەکرێت، چونکە دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە ئەو خاسیەتەی تێدایە، کە کار لە هەڵوێستی وەرگر و خوێنەر بکات، واتا ئەو دەق و بەرهەمەی کەوا لە لایەن شاعیرێکەوە خراوەتەڕوو، جێگای قبوڵ و ددان پێدانان و تێڕامانی وەرگرە، وەك وروووژێنەرێك دەیێتە هۆی وروووژاندنی خوێنەرو وەرگر، ئەمەش بوونی پێوەری پەسەندێتییە، ڕێژەی کاریگەر بوون و ئاوێتە بونی وەرگریش لە دەقەکەدا لەسەر دوو بنەمای سود و چێژی دەق چڕدەبێتەوە، پەسەندێتی واتە ئاوێتەبوونی وەرگر لەگەڵ دەقی شیعری بەهۆی یەکێك لەم دوو بنەمایە یان هەردووبنەما، بێ گومان دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا دنیا بینینی شاعیری لە خۆ گرتووە و هەرچەندە ئەگەر دەقەکە دەقێکی خودی و لیریکیش بێت، ئەوا هەر بارگاوییە بە مەعریفە و ڕۆشنبیری شاعیرەوە و تابلۆی بەخشینی زانیاری جۆراوجۆرە، لەم ئاراستەیەدا دەقی شیعری کرمانجی خواروو سوودی کلتوری و فەرهەنگی و بەخشینی زانیاری هەیە بەپێی بارگاوی بوونی دەق بە بیرکردنەوە و خەیاڵ و زانیاری و ژینگەی شاعیر، دۆخێکی ئەدەبی و دنیابینی و ڕۆشنبیرییەك بە وەرگر دەبەخشێت ئەم سود بەخشینە بنەمایەکە بۆ پەسەندێتی دەق. دواتر دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بەهۆی بوونی ئیستاتیکای دەق و بنیاتی هونەری و ڕەهەندەکانی تری پەیوەست بە شیعر و هەستی ئیستاتیکی وەرگر، چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەمەش دەیێتە بنەمایەکی تر بۆ وەرگر تا قبوڵی دەق بکات، لەسەر بنەمای پێوەری پەسەندێتی دەقی شیعری کرمانجی خواروو ناسنامەی دەقێتی وەردەگرێت، هەرچەندە ئەمە پەیوەستە بە جەمسەری وەرگری دەقەوە لەسەر بنەمای سود و چێژ ئیستیجابەی بۆ دەقێتی دەق دەبێت.

ئەگەر سەیری دەقی شیعری کرمانجی خواروو بکەین لە ژێر خویندنەوەی هەر یەکە لە پێوەرەکانی "ڕاگەیاندن، هەڵوێست و دەقئاوێزان"دا، ئەو مەرج و پێوەرانەی دەق لە شیعری ئەم قوتابخانەیەدا بە ئاشکرا دەبینرێن، بۆنموونە پێوەری ڕاگەیاندن، کە پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو زانیاریانەی دەقێکی دیاریکراو بە وەرگری دەدات، لەگەڵ چۆنییەتی بەرجەستەبوونی زانیاری لە دەقی شیعریدا، دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، هەڵگری ڕێژەیەکی زۆرە لە زانیاری و پەیامی جیاجیای شاعیری لە خۆ گرتووە، لەو سەردەمەدا شاعیر خاوەن گوتار و ئاستێکی بەرزی زانستی و ڕۆشنبیری بووە، واتە (شاعیرانی ئەم ڕۆژگارە لەبەر ئەوەی خوێندەواری باشیان هەبووە لە زانستەکانی ئەو سەردەمە و زۆر چاك لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی "عەرەبی، فارسی، تورکی، عوسمانی" گەیشتوون، هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند) (خەزنەدار، ب3،2010، ل54). بەهۆی ئەوەی شیعر لەم قوتابخانەیەدا پێش پەخشان کەوتووە، بۆیە دەقی شیعری، ئەرکی دەپرینی مەعریفە و مەبەستی جۆراوجۆری شاعیری بینیوە، گوزارشت لە بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی شاعیر و ژینگە و ڕووداوەکانی سەردەمی شاعیر دەکات و هەروەها ئەرکی جۆراوجۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی بینیوە لەو سەردەمەدا، هەر ئەمەشە، کەوا پێوەری "هەڵویست" جەختی لەسەر دەکاتەوە.

بابەتی وەرگرتن و کارتێکردن و توانەوەی دەقەکانی تر لە دەقی شیعری کرمانجی خواروودا، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە، ئەمە زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت لە شیعری کوردی و لە ئەدەبیاتی شیعری کرمانجی خواروودا، بەهۆکاری ئەوەی، کە کوردستان مەحکوم بووە بە دابەشکردن و هەژموونی دەستەڵاتی وڵاتانی دراوسێ بەسەرییەوە، وای کردووە زمان و کلتوور و

ئەدەبیاتی ئەم وڵاتانە بێتە ناوەوە و کار لە شاعیرەکان بکات، ئەمە لەلایەك، وەرگرتنی ئاینی ئیسلامیش لە لایەکی تر، کە وای کردووە خوێندن بکەوێتە حوجرەی مزگەوتەکان و زانستە شەرعی و بابەتەکان بەزمانی عەرەبی بخوێنن، بەمەش شاعیری کورد شارەزایەکی زۆری لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی دەست خستووە، واتە(خوێندەواری کورد تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕۆشنبیرییەکەیان عەرەبی ئیسلامی بووە و کێبڕکانی زانستی ئەو سەردەمە بەزمانی عەرەبی بوون،... ئەدەبیاتی فارسی بە پلەی یەکەم کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە و بە پلەی دووەم زمان و ئەدەبی عەرەبی دێت، شاعیرانی ئەو سەردەمە هەموویان مەلا بوون و عەرەبییەکی چاکیان زانیوە، توانیویانە بەو ڕۆشنبیرییە عەرەبییە ئەدەبی کوردی پێ موتوربە بکەن، زاراوە هەمەجۆرەکانی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە ئەدەبیاتی کوردی بەکاربهێنن)(شوان، 2014، ل185 ـ 186). ئەمەش ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری لە کۆگای عەقڵی شیعری شاعیری کورد کردووە، وای کردووە مادە و توخمی شیعری و قالبی شیعر و مەبەست و دەلالەت و وێنەی شیعری ئاوێتەی دەقی شیعرەکانیان بێت، واتە دەقی دەرەکی و ڕەهەندەکانی لە دەقی شاعیرەکاندا بتوێتەوە. ئەم توانەوەی دەق لە ناو دەقە، کە خۆی لە دەقئاوێزاندا دەبینێتەوە، وەنەبێت سیفەتێکی نەرێنی بێت بۆ دەق، بەڵکو حاڵەتێکی پۆزەتیڤە بۆ دەق و لەگەڵ سروشتی دەق دەگونجێت و پێوەرێکیشە بۆ دەقێتی.

بەڵام کە لە سنووری دەقئاوێزان و کاریگەری ئەدەبی دەرچوو بەهۆی لاساییکردنەوەیەکی ڕووتی بابەت و بیرو وێنەی هونەری و زاڵکردنی ئەزموونی شاعیرێکی تر بەسەر ئەزموونی شیعر نووسینی خۆیدا، بەمە دەقی بەرهەمهاتوو لەژێر ئەم بارەدا هەر لە بناغەڕا بەها و ناسنامە دەقێتی بەو ئاراستەیە دەخاتەڕوو، چونکە لەبری ئەوەی دەقی کۆن لە ئەزموون و دەقی خۆیدا بتوێنێتەوە، ئەوا دەقی خۆی لە دەقێکی کۆندا دەتوێنێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری دەقی شیعری کوردی بکەین بەپێی ئەم بنەمایە، ئەوا لە زۆر قۆناغ و لای زۆر شاعیر ئەم دۆخەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بریتییە لە توانەوەی دەق و ئەزموونی شاعیری کورد لە فۆرم و بیر و وێنەی هونەری دەقێکی بیانی یان ئەزموونێکی شاعیری بیانی، ئەم لادان لە دەقئاوێزانەش پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە، وەك زاڵبوونی کلتور و ئەزموونی ئەدەبی بیانی بە ڕێژەیەکی فراوان بەسەر ئەدەبی کوردییەوە، بۆیە دەقی شیعری کوردی لە زۆر حاڵەتدا و لای زۆر شاعیری کورد سنوری دەقئاویزان دەبەزێنێت و ناسنامەی دەقێکی سەربەخۆی پەیوەست بە بارودۆخی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی شاعیر وەرناگرێت.

تیۆری ئەدەبی لەو بارودۆخەی دەق قووڵدەبێتەوە، ڕێژەی پەیوەست بوونی دەق بە ژینگە و سەردەم و ئەزموونی شاعیر لە چ ئاستێکدایە، لەم ڕوانگەیەوە ناسنامەی دەق بە بەرهەمێکی شیعری دەبەخشێت، یانیش بە پێچەوانەوە بەهۆی توانەوەی کەسێتی شاعیر لە وێنە و بیرو ئەزموونی شاعیرێکی تر، ونبوون و بێ شێوازی بەرهەم دروست دەبێت و بەمەش ئەم بەرهەمە لە پێوەری دەقێتی دوور دەکەوێتەوە.

ئەمانە پێوەری گشتین بۆ ئەوەی بەرهەمێك ناسنامەی دەقبوون وەربگرێت، کە لە لایەن زۆر زانا و ڕەخنەگر و تیۆرستانی بواری ئەدەب جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەها سەرەڕای ئەوانە زۆر مەرج و پێوەری تریش بۆ چەمکی دەق و دەقبوون، لە لایەن ڕەخنەگران و تیۆریستانی ئەدەبییەوە پێشکەش کراوە، هەموو ئەوانە چەند خاسییەت و پێوەرێکی گشتین بۆ فۆرم و وجودی (دەقێتی)، چونکە ناکرێت هەموو ئەم پێوەرانە بەسەر یەك جۆرە دەقدا فەرز بکرێن، هەموو جۆرە دەقێك ملکەچ ناکات بۆ هەموو پێوەر و ڕەگەز و مەرجێکی دیاری کراوەوە بۆ ئەوەی بەهای دەقێتی خۆی بسەلمێنێت. بەپێی ئەم پێوەرانەی سەرەوە، کە لە بنەما گشتییەکانی دەق دەڕوانێت شیعری کرمانجی خواروو مولزەمە بە پێوەرەکان و ناسنامەی دەقبوون وەردەگرێت. تیۆری ئەدەبی ئەمە لە قووڵبوونەوە لە دەقەکانی شیعری کرمانجی خواروودا بەدەست دێنێت، واتە لە هەناوی لەبەرهەمی داهێنراودا نەك دەستووری تیۆری، چونکە خۆی شاعیرانی کرمانجی خواروو لەسەر ئەم پێوەرە گشتیانەی دەق شیعریان نەنووسیوە، واتە وەکو نەخشەیەکی ئەندازەی ئەم پێوەرانەی لە لا نەبووە تا بینای دەقی شیعری خۆی لەسەر بکات بەڵکو ئەم پێوەرانە لە حزووری دەقەکانەوە وەرگیراون.

شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرە تایبەتییەکانی دەقێتی

تێروانینی تیۆری ئەدەبی بۆ جۆرێکی دیاریکراوی دەق، وەکو دەقی شیعری تێروانینێکی دیاریکراو و تایبەتە، لەسنوری تایبەتمەندییە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی و خاسییەتەکانی دەقی شیعری دەوەستێت، تێبینییە تیۆری و پێوەرە تایبەتییەکانی لەو چوارچێوە دیاریکراوەدا پێشکەش دەکات. تیۆری ئەدەبی لێرەدا بەدوو ئاراستە تێروانینی خۆی دەخاتەڕوو، تێروانینی یەکەم لەسەر خودی دەقی شیعرییە، واتە جۆر و فۆرمێکی دیارکراوی ناو ئەدەب، بەوەی کە دەقی شیعری بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو حاڵەتێکدا مەرج و پێوەری شیعرییانەی خۆی هەیە، ئەم مەرج و پێوەرانەش ناسنامەی شیعربوون بە دەقێك دەبەخشن. بۆ نموونە دەقی شیعری بە خاسییەتە گشتییەکانی، لە دەقێکی تری وەك پەخشان جیادەکرێتەوە، کە خۆی لە هونەرە شیعرییەکانی وەك (زمانی شیعری یان شیعرییەت، قالب، کێش و سەروا، وێنەی شیعری، لادان، ئیستاتیکا، هونەرەکانی تری بنیادی شیعری....تاد) دەبینێتەوە. تێروانینی دووەمیش تایبەتە بە خاسیەت و پێوەرەکانی تایبەت بە شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروو، کە بەپێی شوێن و سەردەم و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆرانی بەسەر داهاتووە، لێرەدا جۆرێتی و چۆنێتی و چەندێتی دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە دەخاتەڕوو، هەروەها قوتابخانەی کرمانجی خواروو چ جۆرە جیاکاری و تایبەتمەندی و خاسیەتێکی بەدەقی شیعری بەخشیوە؟ چ ناسنامەیەك بۆ دەق پێشکەش دەکات؟

سەبارەت بە دەقی شیعری، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە پێناسە و ناسنامە و پێوەرو خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە، دەقی شیعری هەموو ئەم پێوەر و مەرج و خاسیەتانە بەسەر بەرهەمێکدا فەرز دەکات، بۆ ئەوەی وەکو دەقێکی شیعری قبوڵی بکات و بیخاتە ناو بازنەی شیعر بوونەوە. جا ئەو پێوەر و خاسیەتانە بەشێوەیەکی گشتی لەدوو ڕەهەندی سەرەکییدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتین لە ناوەرۆك و ڕوخساری شیعری. هەریەکە لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی، بەرهەمە ئەدەبییەکان بە میزانی ئەم دوو ڕەهەندە قەپان دەکەن و مۆری شیعربوونی لێ ئەدەن. ئەم دوو ڕەهەندەش سیفەتی جێگریان نییە و بەپێی سەردەم و ژینگە و بارودۆخەکان تازە بوونەوە و گۆرانیان بەسەردا دێت.

دیارە ناوەرۆك و ڕوخساری دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بە درێژایی مێژووی ئەم قوتابخانەیە، گۆرانی جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە، ئەم گۆرانانەش بۆ سەردەم و شوێن و باردۆخی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی کەسایەتی شاعیر دەگەڕێتەوە. هەروەها هۆکارە دەرەکییەکانی وەك ئەدەبیاتی نەتەوە دراوسێیەکانیش کاری لەم گۆرانکاریانەدا کردووە، واتە پەیوەستە بە بارودۆخی ژینگەیی کەسەکان و ناوچەکە و دەروبەری لە هەموو ڕووێکەوە، هەروەکو عەزیز گەردی دەڵێت: ((گۆرانی ژیان بەرهەمی نوێ دەخولقێنێ، هەر بەرهەمی نوێشە ڕوخسار بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە))(گەردی، 1974، ل106). ڕوخسارو ناوەرۆك پەیوەندیەکی دانەپراویان بەسەر یەکترەوە هەیە، ناوەرۆك و جۆری بابەت پێویستی بە فۆرمێکی دیاریکراوە بۆ خۆ بەیان کردن، بەمەش ڕوخساری دەق بەستراتەوە بەهەڵومەرج و ناوەرۆکی دەقەوە، لەبەر ئەوە ((جگە لە ناوەرۆك خۆیەوە هیچ لایەنێکی تر ماف و دەستەڵاتی ئەوەی نییە، کە داوای جۆرە شێوە و ڕوخسارێکی تایبەتی بکات))(گەردی، ل106). گۆرانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی و هۆکارە جیاجیاکان دەبێتە هۆی گۆرانی بابەتەکانی ڕۆژ و ناوەرۆکی نوێ بۆ دەقی شیعری پێشکەش دەکەن، بەمەش گۆرانی ڕوخساری دەقی شیعر دێتەکایەوە.

لە سەرەتای ئەم قوتابخانەیە، کە زیاتر بە قوناغی کلاسیکی کوردی دەناسێنرێت، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری ناسنامە و تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. ئەم ڕوخسارو ناوەرۆکەش، لە سەرەتای سەدەی نوزدەهەمەوە دەست پێ دەکات تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نوێبوونەوەی شیعری کوردی لە لایەن (پیرەمێرد، شیخ نوری شیخ سالح، گۆران،.....تاد)، کە بە شیعری نوێی کوردی ناودەبرێت، دەقی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەقی شیعریان هەیە، لە بوونی "کێش و سەروا، جوانکاری هونەری ، ئیستاتیکا، چێژ،.....تاد"، بە شێوەیەکی گشتی بنیاتی هونەری و

پەیامداری. بەڵام لە جۆری کێش و سەروا و فۆرم و زمانی شیعری و ێنەی شیعری و مەبەست و پەیامداریدا بە پێی قۆناغەکان جیاوازییان هەیە. بوونی ئەم جیاوازییانەشە، کە قۆناغی شیعری کلاسکی کوردی و شیعری نوێی کوردی دروست کردووە لە شیعری کرمانجی خواروودا. بۆ نموونە ڕوخسارو ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی جیاکاری خۆی هەیە، لێرەدا دەقی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە پەیام و مەبەستێکی دیاری کراو لەخۆی دەگرێت، کە خۆی لە بابەتێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان سیاسی دەبینێتەوە، زیاتریش ناوەرۆکی دەق لەم قۆناغەدا لە بابەتێکی دەروونی وەك خوشەویستی چڕبووەتەوە، ((کاری شیعری ئەم سەردەمە دەڕینی هەستی دڵداریيە، بیری فەلسەفی قوول و خەیاڵی ناسك ئاوازی ڕەوان شیعرەکە جوان دەکەن،... کەواتە بابەتی دڵداری و ئەویندارى بابەتی سەرەکی بوو))(سەعید، 2017، ل28). واتە لەم قۆناغەدا دەقی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکەوە زیاتر هەستی تاکە کەسی و بابەتێکی ویژدانی بەیان کردووە، مەبەستی شاعیر نیشاندانی دۆخی دەروونی خۆیەتی بەهۆی خۆشەویستی یارەوە دووچاری بووە، بە شێوەیەك (شاعیران وا خۆیان نیشان ئەدەن لە یارەکەیان دوورن و هەرگیز دەستیان ناگاتە گەردەنیان. ئەم جۆرە شیعرە گەلێ زۆرترن لەو جۆرە شیعرانەی گەشبینی دەڕژێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستییە بەرچاو دەکەوێ، کە بە شێوەیەکی جوان باس لە ناڕێکی کۆمەڵ دەکەن و بیر لە نیشتیمان دەکەنەوە و ڕق بەرامبەر دوژمن نیشان ئەدەن)(خەزنەدار، ب3، ل58). بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە، کە ناوەرۆکی دەقی شیعری کلاسیك بابەتەکانی تری لە خۆی بار نەکردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆربەی بابەتەکانی تری وەك (شانازی، ئایینی و سۆفیگەری، ستایش، وەسف، دڵێری و قارەمانێتی، خۆشەویستی نیشتیمان....تاد) تێدا دەبینرێت، بەڵام خستنەڕووی هەموو ئەم بابەتانە لە شێوەیەکی تایبەت و لە بەرگێکی زۆر مەجازی و نزیك لە ئەفسانەدایە. بە واتایەکی تر (بەها هونەرییەکانی سەردەمی دەرەبەگی سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کوچکەی یارو میر و پیر بوو)(گۆران، 1961، ل5). هەموو باس و ناوەرۆکەکان بە دەووری ئەم سێ تەوەرەیدا دەخولانەوە، هەروەکو گۆران دەڵێت لە دەرپرینێکی میسالیدا خۆی بەرجەستە دەکرد. لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەم خاسیەتانە لەدەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە بەدی دەکرێن.

ڕوخساری دەقی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خواروودا، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ڕوخساری نەتەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دراوسێدا دەوەستێت، بەشێوەیەکی تر (شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە زۆر چاك لە شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی "عەرەبی، فارسی، تورکی عوسمانی" گەیشتوون، وا بوو هەر لەسەر ڕێگە و شوێن تاقیکردنەوەکانی ئەو دەسگایە شیعری کوردی نوێیان دامەزراند)(خەزنەدار، ب3، ل54). واتە خاسییەت و پێوەرەکانی ڕوخساری شیعری ئەم قوتابخانەیە لە دەقی شیعری دەرەکییەوە هاتوون. بەڵام دواتر جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، تا بوون بە بنەما و پێوەر لەم قوتابخانەیەدا بۆ نوسینی بەرهەمی شیعری تر، کە ئەمەش لەسەر دەستی شاعیرەکانەوە بووە. واتە (شاعیرە گەورەکانی وەك نالی و سالم و کوردی،... بە توانا و سەلیقەیەکی گەورەوە ڕەنگ و بۆ و بەرامێکی تایبەتیان بە بەرهەمە کلاسیکییەکانیان داوە، بلیمەتانە مامەڵەیان لەگەڵ وشە و زمان و وێنە شیعرییەکان کردووە)(حەمەکریم،1986، ل10). شاعیرەکانی سەر بەم قوتابخانەیە بنیاتی دەقیان لەسەر مەرج و پێوەرەکانی شیعری کلاسیکی ئیسلامی ڕۆژهەڵات دامەزراندووە، لەبەرگێکی کوردیدا، واتە دوای هاتن و وەرگرتنی تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی ڕوخساری دەق، شاعیرەکان بە پێی پێویست تایبەتمەندی تری پەیوەست بەسروشتی زمان و کلتوری کوردییان خستووەتە سەر تاڕادەی گونجانی تایبەمەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ سروشتی زمان بۆ نووسینی شیعری کوردی.

ئەگەر لە ڕەهەندەکانی ڕوخساری دەقی شیعری ئەم قوتابخانەیە وردبینەوە، دەبینین تایبەتمەندییەکانی ڕوخساری شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خواروودا، لەڕووی تۆپۆگرافیا و قاڵبی دەقەوە خۆی (لە" غەزەل، قەسیدە، چوارین، تاك، موستەزاد، ملمع، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند ....تاد" دەبینێتەوە، هەروەها لە ڕووی وێنەی شیعری و بەکارهێنانی هونەرە جۆربەجۆرەکانی ڕەوانبێژی و کێشی عەرووزی عەرەبی و یەکێتی سەروادا پەیڕەوی شیعری ڕۆژهەڵاتیان کردووە، لە ڕووی زمانیشەوە شاعیرەکان زمانێکی کوردی تێکەڵ لە وشە و زاراوەی "عەرەبی و فارسی و تورکی"یان بە کاردەهێنا)(حوسێن، 2007، ل59). پاشان لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا،

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆرانێکی تا ڕادەی ڕیشەیی لە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری ڕوویدا، کە لە ڕەهەندێکی بنیاتی دەقەوە دەستی پێ کرد، تا هەموو بنیات و پێکهێنەکانی دەقی شیعری گرتەوە. بەهۆی ڕووداوەکانی جیهان و دروستبوونی شەپۆلی گۆرانکاری لە ناوچەکەدا لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری تری ناوەخۆیی و دەرەکی، ڕوخسارو ناوەرۆکی دەقی شیعری لەکرمانجی خواروودا، کەوتە ژێر باری گۆرانکارییە جیاجیاکان، بەمەش ناوەرۆکی دەق لەم قۆناغەدا دەلالەتی کۆنی بەجێهێشت و گوزارشتی لە زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤ کرد. مەبەست و پەیامی نوێ هاتنە ناو دەقی شیعری ئەم سەردەمە.

لە ڕووی ڕوخساری شیعریشەوە بە شێوەیەکی گشتی بەرەو خۆماڵی بوون هەنگاوی هەڵهانی، ئەم هەنگاوەش کێش و سەروا و قاڵب و زمان و وێنەی شیعریشی گرتەوە. ئەمەش بەهۆی توانا و شارەزایی و دەست پێشخەری چەند شاعیرێکی وەکو " پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران"ڕوویدا، بەجۆرێك (شێوازی شیعری شیخ نوری شیخ صالح لە سییەکان بەدواوە ڕسکاو دەرکەوتنی بەخۆوە بینی، پاشان گۆران بە یارا و هۆشمەندییە شۆرشگێرانەکەیەوە شێوەی کۆنی تێکشکاند و بە بیر و مەعریفەکەیەوە، کە ئاگای لە گۆرانکارییەکانی شیعر و بارو ڕەوشی ئەو سەروبەندەی دنیا بوو، سەرلەنوێ دوور لە قاڵبە نەگۆرەکانی کێشی عەروز بونیادێکی هاوچەرخانەی بۆ سازاندووە)(نادر، ل108).

بەپێی تیۆرەکەی "کارڵ مارکس" لەگەڵ هەر گۆرانکارییەك لە ژێرخانی کۆمەڵدا، ئەوا سەرخانی کۆمەڵیش گۆرانکاری بەخۆیەوە دەبینێت، کاتێك نوێبوونەوە و گۆرانکاری لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، ئەوا ئەم نوێبوونەوە و گۆرانە بەسەر ئەدەب و هونەریشدا دێت، بەم هۆیەشەوە دەقی شیعری خاسییەت و تایبەتمەندی نوێ وەردەگرێت، بنیادی دەقی شیعری گۆرانی بەسەردا دێت، ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەك "بیر، خەیاڵ، سۆز، فۆرم" بە ڕێژەی گۆڕا و بەشێوازێکی تر دەق بینا دەکەن و بە ڕێژە و و ئاستی جیاواز لە دەقێکدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەمەش تیۆری ئەدەبی بە تێڕوانینی خۆی بۆ خاسییەتە نوێیەکانی دەق، پێوەری نوێ بۆ دەقی شیعری ئەو سەردەمە دێنێتە بەرهەم. بۆیە ئەم گۆرانکارییانە لەدەقی شیعری کرمانجی خواروودا، لەم قۆناغەدا بووە هۆی پێشکەش کردنی پێوەری نوێ بۆ دەقی شیعری نوێی کوردی.

ئەنجامەکان

1. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، ئەو بنیاتە قوڵەی هەیە، کە لە پێوەری گشتییەکانی دەق ئاماژەی پێکراوە، کە خۆی لەچەندین تەوەری وەك: (زمان، پەیامداری، بابەت و مەبەستی شاعیر، بەیەکەوە نوسان و گونجان، ڕاگەیاندن، هەڵوێست، دەقئاوێزان، پەسەندێتی...تاد)، دەبینێتەوە، ئەم بنیاتە لە شیعری کرمانجی خواروودا، بە پێی سروشتی ژینگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری و کلتوری جیاکاری و تایبەتمەندی وەردەگرێت و پرپار لەسەر جۆرییەتی ژانرەکەش ئەدات.

2. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، سەرەڕای کاریگەری ئەدەبیاتی ناوچەیی بەسەریەوە، خاوەنی بنیاتێکی تایبەت ب خۆیەتی، ئەو تایبەتمەندییەش لە زمانی دەربڕینەوە دەست پێ دەکات، چونکە زمانی کوری خاوەنی دانەی فەرهەنگی و یاسا ڕێزمانییەکانی تایبەت بە خۆیەتی، شاعیری کورد پەیام و هەست و سۆز و دنیابین و دەلالەت و هەستی جواناسییانەی خۆی بە زمانی کوردی بەرجەستەکرووە. ئەم زمانەش سروشتێکی نەتەوەیی هەیە و ئەم سوشتەش سروشتێکی ناوچەیی بە دەقی کوردی بەخشیوە.

3. دەقی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قوتابخانەیەدا، پێوەری تایبەتی و خاسییەتی دەقی شیعری خۆی هەیە، لە بوونی ڕەهەندەکانی "زمان، کێش و سەروا، جوانکاری هونەری ، وێنەی شیعری ئیستاتیکا، چێژ،.....تاد"، بوون و جۆری ئەم ڕەهەندانە بە پێی قۆناغەکان جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، هەر بوونی ئەم جیاوازییانەشە، کە قۆناغی شیعری کلاسکی کوردی و شیعری نوێی کوردی دروست کردووە لە شیعری کرمانجی خواروودا.

4. ڕوخساری دەقی شیعری کلاسیکی لە کرمانجی خواروودا، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی ڕوخساری نەتەوە ئیسلامییەکانی وڵاتانی دراوسێدا دەوەستێت، واتە خاسییەت و پێوەرەکانی ڕوخساری شیعری ئەم قوتابخانەیە لە دەقی شیعری دەرەکییەوە هاتوون. بەڵام دواتر جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، تا بوون بە بنەما و پێوەر لەم قوتابخانەیەدا بۆ نوسینی بەرهەمی شیعری تر. پاشان لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆرانێکی تا ڕادەی ڕیشەیی لە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری ڕوویدا، کە لە ڕەهەندێکی بنیاتی دەقەوە دەستی پێ کرد، تا هەموو بنیات و پێکهێنەکانی دەقی شیعری گرتەوە.

5. بنیاتی پەیامداری دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا بە پێی قۆناغە کان دەگۆڕێت، لە قۆناغی شیعری کلاسیکدا، لە ڕووی ناوەرۆکەوە زیاتر هەستی تاکە کەسی و بابەتێکی ویژدانی بەیان کردووە، مەبەستی شاعیر نیشاندانی دۆخی دەروونی خۆیەتی بەهۆی خۆشەویستی یارەوە دووچاری بووە، لەپاڵ ئەم ناوەرۆکەشدا، بابەتەکانی تری وەك (شانازی، ئاینی و سۆفیگەری، ستایش، وەسف، دڵێری و قارەمانێتی، خۆشەویستی نیشتیمان....تاد) تێدا دەبینرێت، بەڵام لە شیعری نوێدا، پەیامداری دەق بابەت و مەبەستی تری سیاسی و ئینسانی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤخوازی لە خۆ دەگرێت.

سەرچاوەکان

یەکەم ـ بە زمانی کوردی

1. Salkie, Rafael Text and Discourse Analysis, ـ و/ د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، لە کتێبی شیکارکردنێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ، چ/ ؟ ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009.
2. پ.ی.د. عبدالواحید مشیر، پراکماتیکی دەق و گوتار، چ/ یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، 2014.
3. پ.ی.د. هیمداد حوسێن ، ڕێزمانی ئەدەبییەکان، چ/ یەکەم، دەزگای توێژینەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.
4. حەمە کەریم عارف، پەیڤستانی من، چ/ ؟ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، 2009.
5. حەمە نوری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چ/ یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008.
6. حەمەسەعید حەمەکریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغداد، 1986.
7. د.خانزاد عەلی قادر، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی ومەحویی وشێخ ڕەزای تاڵەبانی، چ/یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر، 2012.
8. د. شکوریە ڕسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چ/ ؟، چاپخانەی خوێندنی باڵا، زانکۆی سەلاحەددین، 1989.
9. د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، لە کتێبی شیکارکردنێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ، چ/ ؟ ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009.
10. د. عبالقادر حمە امین محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چ / یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2008.
11. د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب/ سێیەم، چ/ دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2010.
12. د. محمد الأخضر الصبیحي، دەروازەیەك بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزەکردنی، و/ د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چ/ یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2016.
13. د. ناز ئەحمەد سەعید، دەنگی مستەفا بەگی کوردی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چ/یەکەم، خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، سلیمانی، 2017.
14. د. هەڵمەت بایز، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2013.
15. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، بەراوردی ئەدەبی/ چ/ یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2014.
16. دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە: سەردار میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوانی کوردستان، بەغدا، 1986.
17. دیوانی سالم، چ/ دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1972.

18. دیوانی کوردی، لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا"حەمەبۆر" چ/ یەکەم، بەرگی1 ، دەزگاری چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2010.
19. دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلای کەریم، چ/دووەم، چاپخانەی حیسام، بەغداد، 1984.
20. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی محمدی مەلای کەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد، 1976.
21. عەبدوللا خدر مەولوود، دیوانی حەمدی، چ/ یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2008.
22. عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چ/ یەکەم،چاپخانەی الحوادیث، بەغداد، 1974، ل106.
23. قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 2002.
24. کەریم دەشتی، ئەدەب و فەلسەفە، چ/ دووەم، چاپخانە ؟ هەولێر، 2103.
25. یاسین قادر بەرزنجی، هونەری دراما ڕامانێک لە درامای کوردی، چ/ ؟ چاپخانەی کەمال، سلیمانی، 2009.
26. ئەدیب نادر، گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2014.
27. .....، سێ وێستگەی ئەدەبی، و/ئا/ ئاری عوسمان خەیات، چاپی یەکەم، چاپخانە؟، سلیمانی، 2011.

گۆڤارکان

28. پ.ی.د. عبدالقادر حمه أمين، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گ/ زانکۆی سلێمانی، ژ/ 40، بەشی B،2013.
29. گۆران، (کۆن و تازەپی لە هەڵبەستیا)، گ/ هیوا، ژمارە 31، ساڵی (4)ی کانوونی دووەمی 1961.
30. م. ی. ڕزگار عمر فەتاح، چێژی دەق لە شیعرەکانی قوبادی جەلیلزادەدا، گ/ زانکۆی ڕاپەڕین، ژ/ 4، 2015.
31. هاشم سەراج، خۆشی دەق، گ/ڕامان، ژ/195، 2013.

دووەم ـ بە زمانی عەرەبی

32. أحمد شايب، الاسلوب، ط/ السادسة، المطبعة ؟ ، القاهرة، 1966.
33. بشير ابرير، السيميائية وتبليغ النص الادبي، مجل/ منهل، عد/534، 1995.
34. د. احمد عفيفي، نحو النص اتجاه جديدة في الدرس النحوي، ط/ الاولى، الناشر مكتبة الزهراء الشرق، القاهرة، 2001.
35. د. منذر عياشى، الاسلوبية و تحليل الخطاب، ط/ الاولى، مركز الانماء الحضارى، سوريا، 2002.
36. روبرت دى بوقراند، النص والخطاب، الاجراء، ت/ د. تمام حسان، ط/ الاولى، الناشر عالم الكتب، القاهرة، 1998.
37. زتسيسلاف واور زنياك، مدخل الى علم النص مشكلا بناء النص، ت/ أ. د. سعيد حسن بحيرى، ط/ الاولى، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة، 2003.
38. سعيد حسن بحيرى، علم اللغة النص المفاهيم والتجاهات، ط/ الاولى، دار نوبار للطباعة، القاهرة،1997.
39. سعيد مصلوح، نحو أجرومية للنص الشعري دراسة في قصيدة جاهلية، مجل/ فصول، مج/ العاشر، عد/ الاول والثاني، يوليو/ اغسطس، 1991.
40. سعيد يقطين، انفتاح النص الروائي، ط/ الاول، المكز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت، 1989.
41. عدنان بن ذريل، النص والأسلوبية بين النظرية والتطبيق، ط/؟، منشورات اتحاد الكتاب العرب، اسكندرية، 2000.
42. قحطان بيرقدار، الأسلوب الأدبي والأسلوب العلمي./www.alukah.net/literature_language/0/6373
43. ميخاييل باختن، مسألة النص، ت/ محمد على مقلد، مجل/ الفكر العربي المعاصر، بيروت، عد/ 36، 1985.
44. نصر حامد ابو زيد، اشكاليات القراة وأليات التأويل، ط/ الخامسة، المركز الثقافي العربي، ؟ ، 1999.
45. نيلس أريك انكفيست، الاسلوبية اللسانية، ت/ احمد مؤمن، ط/؟ ، مطبوعات منتوري، قسنطينة، 2001.

References

Abrir, Bashir, (1995). Semiotics and Literary Text Reporting, Menhal Journal, No. 534

Abu Zaid, Nasr Hamed, (1999). Problems of Reading and Means of Interpretation, Fifth / V, The Arab Cultural Center

Afifi,Ahmed (2001).Towards a New Text in the Grammar Lesson, first edition, Publisher Al-Zahraa Al-Sharq Library, Cairo

Alsabihi, Mohemmed Alakhzar, (2016). An introduction to the science of text and its practice areas, translated by Ibrahim Ahmad Shwan, first edition, cultural press, Erbil

Amin, Abdulqadir Hama, (2013). The Principles of Deconstruction, Journal of Sulaymaniya University, N.40, Part B

Ayashi, Munther, (2002). Stylistic and Speech Analysis, first edition, Center for Civilization, Syria

Bahiri, Said Hassan, (1997). Linguistics Text Concepts and Directions, first edition, Dar Nubar Press, Cairo

Bakhtin, Mikhael, (1985). The Question of Text, Translated by Muhammad Ali Maqled, Journal of Contemporary Arab Thought, Beirut, No. 36

Barznji, Yasin Qadir, (2009). The Art of Drama, a view on Kurdish Drama, Kamal press, Sulaymaniyah,

Bayqdar, Qahtan, (2009). Literary Style and Scientific Method, www.alukah.net/literature_language/0/6373

Bayz,Halmat,(2013).Intertextuality in Bakhtyar Ali's The last Pomegranate of the World novel, first edition, Shahab press, Erbil

Chaib, Ahmed, (1966). Style, sixth edition, printing press, Cairo

Dashti, Karim, (2003). Literature and Philosophy, second edition, Erbil

de Bougrand, Robert,(1998).Text and disoure, Procedure, Translated by Tammam Hassan, first edition, Publisher World Books, Cairo

Divan of Haji Qadri Koyi, (1986). Research: Sardar Miran and Karim Mustafa Sharaza, Kurdistan cultural and general pres, Baghdad

Divan of Kurdi, (2011).Mohammed Mustafa Hama Bor, first edition, volume 1, Aras press, Erbil

Divan of Mahwi, (1984). Mala Abdulkarim Mudaris and Mohammed Mala Karim, second edition, Hisam press, Baghdad

Divan of Nali, (1976).Mala Abdulkarim Mudaris and Fatih Abdulkarim, Kurdish information council press, Baghdad

Divan of Salm, (1972). Second edition, Kurdistan press, Erbil

Dzaee, Abdulwahid Mushir,(2014). Pragmatics of Text and Discourse, first edition, Awer press, Erbil

Enkvist, Nils Arik (2001). Stylistic linguistics, Translated by Ahmed Mo'men, I /? , Montessori Publications, Constantine

Fatah,Rzgar Humar,(2015).The Pleasure of the Text in Qubadi Jalilzada's poetries, Journal of Raparin University, N. 4

Gardi, Aziz, (1974).Literature and Criticism, first edition, Hawadith Press, Baghdad

Goran, (1961). Old and Newness in Poetry, Hiwa Journal, N.31

Harf, Hama Karim, (2009). My Word, directorate of sulaymaniyah press, sulaymaniyah

Hussein, Himdad, (2007). Literary Schools, first edition, Mukryani research agency, Aras press, Erbil

Kaki, Hamanuri Humar, (2008). Style in Kurdish Classic Poetry, first editon, Tishk Press, sulaymaniyah

Karim, Hama Sahid Hama, (1986). Kurdish Classic Poetry, ministry of culture, Baghdad

Khanzad, Ali Qadir, (2012).Poetic language of Mahwi, Haji Qadri Koyi and Sheikh Raza Talabani, first edition, Haji Hashm press, Erbil

Khaznadar, Marf (2010).History of Kurdish Literature, volume 3, second edition, Aras press, Erbil

Mauldwd, Abdullah Khdir, (2008).Divan of Hamdi, first edition, cultural ministry press, Erbil

Mohammed, Abdulqadir Hama Amin, (2008). Functional strueture in Modern Kurdish texts, first edition, Tishk press, Sulaymaniyah

Musallouh, Said, (1991).Towards Agromy of the Poetic Text Study in the Jahiliyya poem, Journal / chapters, volume 10, N 1 / 2, July / August

Nadr, Adib, (2014). A return to first home, Haji Hashm press, published by Kurdish academia, Erbil

Nadr, Adib, (2011). Three literary stages, translated by Ari Husman Khaiat, first edition, Sulaymaniyah

Qadir, Sherko Hama Amin, (2009).An Analysis of Short text discourse, Ranj Press, Sulaymaniyah

Qadir, Sherko Hama Amin, (2009). An Analysis of Short text discourse, Ranj Press,

Sulaymaniyah

Rasul, Shukrya, (1989). Kardish literature and Literary arts, Higher education press, Salahadin University

Sahid, Ahmad (2017). The voice of Mustafa Bagi Kurdi in Kurdish classic literature, Renma press, Sulaymaniyah

Saraj, Hashm (2013). The Pleasure of the Text, Raman Joural, N.195

Shwan, Ibrahim Ahmad, (2014). Comparative Literature, first edition, Salahadin University press, Erbil

Threil, Adnan Bin,(2000).Text and Stylistic Theory and Practice, Publications of the Arab Writers Union, Alexandria

Tofiq, Qais Kakl, (2002). Textual relations, PhD thesis, college of literature, Salahadin University

Yokatin,Said,(1989).The Opening of the Novel Text, first edition, The Arab Cultural Center, Casablanca, Beirut

Zniak, Zetsislav Wawr, (2003). Introduction to Text Science, Building Text, Translated by A. Dr.. Saeed Hassan Bahiri, first edition, Al-Mukhtar Foundation for Publishing and Distribution, Cairo

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 103 – 120
http://www.ijoks.com

Detailed analysis of text: An example using the poet Kazal Ahmed

Ala Dara Abdul MAJID [1]

Received: May 04, 2018 **Reviewed**: Nov 07, 2018 **Accepted**: Nov 10, 2018

Abstract

This article is a detailed analysis of text. In general, the analysis of literary texts, and giving accurate examples of such poetic texts, can demonstrate an author's skills, ideas, and knowledge.

This study consists of two parts. The first part deals with two topics: the definition of text analysis and its relation to literary criticism, and how to understand literary texts and its relation to text construction. The second part also contains two topics: an explanation of accurate analysis alongside a poetic text example and a corresponding analysis.

The reason for choosing this poem by Kazal Ahmed is the peculiarity of the text and its use of several different themes. The internal and external aspects of the text are analyzed.

Key words: Detailed, Text analysis, Literary theory, Kurdish poetry

Recommended citation:
Abdul Majid, A. D., (2019). Detailed analysis of text: An example using the poet Kazal Ahmed. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 103 – 120 DOI: **10.21600/ijoks.516492**

ثوختة :

بابةتى ليَكؤلَينةوةكة لةسةر شيكردنةوةى مةحكةمانةى دةقة ، هؤكارى هةلَبذاردنى بابةتةكةش دةطةرِيَتةوة بؤ ئةوةى كة دةمةويَت بيرى شيكردنةوةيةكى تؤكمةى دةق دةربخةم .كة بةشيَوةيةكى طشتى نيشاندانى نمونةى مةحكةمى دةقى شيعرى وةها كة لة لايةنى دةرةكى و ناوةكى خؤى دا بة جؤريَك بة ثيَز و مةحكةم بيَت كة شايانى شيكردنةوةو نيشاندانى بليمةتى نووسةرةكةى دةربخات ..سنوورى ليَكؤلَينةوةكةش باسكردنيَكى لايةنى تيؤريي و ثراكتيككردنى ثرِوطرامةكةشى لة دووبةش ثيَكهاتووة و بةشى يةكةم دووتةوةرة لةباسكردنى ثيَناسةى نموونةى دةقيَكى شيعرييةى . شيكردنةوةى دةق و و ثاشان لة ضةمك و جؤر .بةشى دووةميش هةر دوو تةوةرة : باسكردنيَكى شيكردنةوةى مةحـــــــكةمانةم كردووة و نموونةى دةقيَكى شيعرييةى و شيكردنةوةيةتى .هؤكـــــارى هةلَبذاردنى دةقة شيعرييةكةش كة هى شاعير "كةذالَ ئةحمةد" ة دةطةرِيَتةوة بؤ ناوازةى شيعرةكة بةلاى خؤمةوة و زؤرى ئةو حيكمةتانةى كة لة دةقةكةدا خؤيان شاردووةتةوة و هةولَمداوة لةهةر دوولايةنى دةرةوة و ناوةوة ى دةقةكة ليَكدانةوةى بؤ بكةم .

[1] Assistant lecturer, Department of Kurdish language, Faculty of education, Koya University, E-mail; ala.dara@koyauniversity.org, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0001-6777-0112

كليلةوشةكان:شيكردنةوةى مةحكةمى دةق ، تيؤرى ئةدةبى ،كةذالَ ئةحمةد ،شيعرى كوردى

سةرضاوةكان:

سةرضاوةكان بةزمانى كوردى :1-ديوانى شيعرى كةذالَ ئةحمةد (2006)،ضاثخانةى وةزارةتى رِؤشنبيرى ،سليَمانى .2-د.بةسام قطوس (2011) ،دةروازةيةك بؤ ميتؤدةكانى رِةخنةى هاوضةرخ ، وةرطيَرِانى د.محمد تاتانى ، ض/1، ضاثخانةى شظان .3-جؤن ثيك و مارتن كويل(2010)،رِةخنةى ثراكتيكى ، وةرطيَرِانى د.ئةبوبةكر خؤشناو ، دليَر صادق كانبى(2009) ، هةنىَ لادانى زمانى لاى سىَ شاعيرى نويَخوازى كورد / ض/1 ، هةوليَر .4- ليَكؤلينةوةى زمانةواني ، ضاثخانةى خانى ،دةزطاى موكريانى ،دهؤك ، نامةى ماستةر ، ض/1 .5- رؤلان بارت (2007)، رِةخنةو حةقيقةت ، وةرطيَرانى ئيسماعيل زراعى ،ض/1،ضاثخانةى منارة ، هةوليَر.

دؤكيؤميَنتةكان:1-د.هيمدادى حسين (2012- 2013)، محازةرةى ماستةر خويَندنى بالأ، زانكؤى سةلاحةدين.2- عادل طةرميانى(2009-2010) ، رِةخنةى ئةدةبى ،محازةرةى دكتؤرا ، خويَندنى بالأ ، زانكؤى كؤية .3-د. فوئاد رِةشيد(2011-2012)، شيكردنةوةى دةق ، خويَندنى بالأ /ماستةر ، زانكؤى سةلاحةدين.4-كؤرِى شيعرى كةذالَ ئةحمةد (1995)، كؤية.

سةرضاوةكان بةزمانى عةرةبى:1-هندرى ويسينجر(2001)، قوة النقد البناء، عبد الكريم العقيل ؟،مكتبة الجرير ،ط/2.د. احمد درويش(1996) ، فى النقدالتحليلى للقصيدة المعاصرة ، ط/1، دار الشروق ، القاهرة .3-اندرية و جاك ديشين(1991) ،استعاب النصوص وتاليفها،ترجمة هيثم اللمع، ط/1، المؤسسة الجامعية لدراساة النشر والتوزيع .4-حاتم الصكر(1998)، ترويض النص /دراسة التحليل النصى فى النقد المعاصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.5-زين الدين المختارى(1998) ،المدخل الى نظرية النقد النفسى / دراسة ، منشورات اتحاد كتاب العرب .6- رولان بارت(1992)، لذة النص، ترجمة د.منذر العياش، ط1، سوريا.8-د. مصطفى سويف(1998) ، الاسس النفسية للابداع الفنى /فى الشعر خاصة ، ط/4، دار المعارف ، القاهرة.7-مصطفى عبدة (1999)، فلسفة الجمال و دور العقل فى الابداع الفنى ' ط/2 ، مكتبة مدبولى ، القاهرة.8-مصطفى عبدة(1991) ، مدخل الى فلسفة الجمال ، دراسات فلسفية ونقدية وتحليلية وتاصيلية ، ط/2، مكتبة مدبولى ، القاهرة.9-محمد تحريشى (2000)، ادوات النص ، اتحاد كتاب العرب ، دمشق،مكتبة الاسد.10- د.على اسماعيل على (1995)، نظرية التحليل النفسى /واتجاهاتة الحديثة،دارالمعرفة الجامعية ، الاسكندرية.11-مجموعة من المؤلفين (1995)، تقنيات كتابة القصة القصيرة والرواية ، ت/ رعد عبد الجليل جواد ، دارالحرية للنشر والطابعة ، ط/1، سوريا .13-د. صبرى حافظ(1996) ، افق خطاب النقدى / دراسات نظرية و دراسات تطبيقية ، ط/1، دارالشرقيات للنشر والتوزيع ، القاهرة.

).www.alriyadh.comسةرضاوةى ئينتةرنيَت:1-د.عبدالملك مرتاض، اشكالية النص المفتوح والمغلق

بةشى يةكةم :

لةم ليَكؤلينةوةيةدا سورِانةوةيةكى تايبةت لةدةورى ديوى ناوةوةودةرةوةى بابةتة دةلالييةكانى دةق دةكةين ، بؤيةش سورِانةوةكة لةناواخنيدا زياتردةبيَت ضونكة ئةوةى دةمانةويَت دةربيخةين دةقيَكى مةحكةمة . دةقةكة لةناو خؤيدا مانا دةدات و وةردةطريَتةوةو دةبةخشيَتةوة رِسكاندنيَكى لةخؤوةيش لة قولَيةكانى كرؤكة مةحكةمةكةيشى دةبوذيَنيَتةوة تروسكايى واتاكانيش لة ذياندنةوةى مةبةستة سازاوةكان بةدواى باراندنى وشة و زاراوة زاراويَنراوةكان بةبةر شينايى رِووة ديارخراو و ديارنةخراوةكان دةطةرِيَن بؤ تارالادان لةسةر مةبةستةثاكة تاراثؤشكراو و سةنطةسارِكردنى بةديية سةنطةربؤسازيَنراوةكان. دواتر شيكردنةوةى دةقيَكى مةحكةمى وةها شيكردنةوةيةكى مةحكةمانةى دةويَت هةرضى دةقة تيَروثرِ و ثؤلأينةيةكى وةها شايانى شياندنى بيَت. ئةليَنسانسيسى مةبةستيش بةهةموو توانينيَكى تونى بةدةستهاتووى تا رِؤذطارى رِؤذى دواى سةرجةم بيريارييةى دةربردراوةكان .. ئايا مةحكةميةتى دةقةكة مةحكوم دةكريَت؟ئايا شيكردنةوةكة مةحكةمة تةختى بةسةروى سةلمانةناوةكى و دةرةكييةكانة؟لةدوو بةشى جيادا ئةليَنسانسيَكى نويَطةرى تيَكستيكى بونيادنراوى ثتةودةردةخةين .

1/ثيَناسةى شيكردنةوةى دةق :

نةوازةية دةقيَك كة مةرامى واتاكانى ديدةى دلَ و عةقلَ بةرةو كؤشكى ئةفسووني رِيَطامان بؤ والأبكات ، كاتيَك لةدةرطاى دورِينى و هةيوانى عةقيقداردا ثروشةى طةنجينةى وشة و جوانيناسيةكان دةمانبةنةوة ناو طةردى ئةزموونة ثرسيار هيَنةكانمان . وردتر و قولَتر لةبازنةى هةرضى مةعريفةى بالأية دةسورِيَنريَينةوة ثلة ثلة بالأتر بةثيَتليكانةى زيوينى ليَكدانةوة ناوةكييةكانى تيَكستةكة و لةو سةريشةوة بة ثيَتليكانة ى ليَكدانةوةدةرةكييةكانةوة لةعلى دلَى طؤشكراوبة جوانكارييةكان ، جيهانة ئايديالييةكةى ، كؤمةلَناسييةكان و فةلسةفة شاراوةكان دةردةخريَن ..ئةوكات هةرضى طةنجينةى زمان و بنةما فةلسةفييةكان هةية لةبةردةممان سةرهةلَدراوةن ، لةهةريةكيَكيان مشتيَك طةوهةرى دلَبةرز بة خزمةتكارى بوون و مرؤ خؤيان دةدرةوشيَننةوة ، ئةوكاتةلةسةر شيكةرةوةى دةقة ويَناكردنى ئةو درةوشانةوةية لةدةست نةدات و بيخاتةبةردةست .

(Text analyisis) شيكردنةوةى دةق =تحليل النص =

وةكو يةكيَك لة دةسكةوتة مؤديَرنةكانى سةردةمى ئيَستاى ئةدةبياتى جيهانى (بابةتيَكى ئةزموونطةريية كة لةناوةوةى ثيَكهاتةكانى زمان دا كاردةكات .ئةطةر تيؤرى ئةدةبى سروشتيَكى فةلسةفى هةبيَت ئةوا زانستى دةق هةولَ دةدات طوتارى ئةدةبى رِاظة بكات .)(حسين ،2012-2013) هةرضةندة لةو دواييانةى سةدةى بيستةم ثةرةى ثيَدرا هةر لةناو قولآيي طةرووى ئةدةبةوة دةركةتووة ضونكة (بةشيَكة لة ديراسةى ئةدةبى ، بةلَكو يةكيَك لةرِةطةزة بنضينةييةكانييةتى ؛يان دةتوانين بلَيين لةوةتةى شيعر هةية و ثرسيارِكردن دةربارةى هةية ، دةربارةى مةبةستةكانى شاعير لة وشةكان "واتا لة بةكارهيَنانييان "و ثايةى ئةو شاعيرة لة ضينةكةى خؤى دا).(تحريشى ،2000: 52)

شيكردنةوة :(دابةشكردنى طشتة بةسةر بةشةكاندا ، يان دياريكردنى ئةو بةشانةية كة طشـــــتى ثيَكهيَناوة دياريكردنى رِةطةزة ثيَكهيَنةرةكانى دةقة يان دابةش كردنى بونيادى دةقة بؤ ضةند يةكةيةكى بنةرِةتى لة تيَرِوانينيَكى ميتؤدطةرايية‌وة .) (رِةشيد :2011) و دياريكردنى رِؤلَى هةريةك لةدانةكانى ئةو يةكانـــــــةو وردكردنةوةيان بةشيَوةيةكى سةرلة نوىَ بنيادنةرانة ..

2/ ضةمكى شيكردنةوة :

(دابةشكردنى بنيادى دةقة بؤ يةكة بنضينةييةكانى ..

يان شيكردنةوةى دةقة لةئاستة جياوازةكانى زمانى دةقةوة وةكو : مؤرفؤلؤجى وسينتاكس وفؤنةتيك)

(رِةشيد:2011) بةلاَ م دةبيَت ئاطادارى ئةوةبين كة (دةقى ئةدةبى تةنها لةرِيَطةى ئةو ئاستانةى " دةنطى و دةلالى و بنيادى هتد..ناخويَنريَتةوة تاوةكو كؤمةلَيَك شيَوازطةرى شيَوازى بؤ نةكريَت ضونكة زانستى دةق هةولَدانة بؤ ثيَكةوة طريَدانى سةرجةم ئةو ئاستانة بةيةكةوة ، ئةمة جطة لة وةى كة خويَندنةوةيةكى سةرتاسةرييـــة بؤ دياريكردنى ئةو ثةيوةندييةى هاوبةشة و ليَكضوانةى كة لة نيَوان ئةو ئاستانةدا هةية ..)(حسين :2012)

سةبارةت بة دةقيش / دةق كاتىَ كة دةتوانرىَ شيبكريَتةوة ، ئةطةر وةكو يةكةيةكى زيندوو وةريبطرين دةشتوانرى َبريندابكريَت ، ليَى زياد و كةم بكريَت بؤية دةقى دزراو يا بريندار كراو يا ئازاردراويـش هةية لة هةمان كات دا ئةمة لةلايةك ، لةلايةكى تر دةقيش خؤى ئةطةر وةكو بالأدةست سةيربكريَت دةقى ترسيَنةر هةية كة (ئوكونور بة درِندةى "اوريلو" ى دةضويَنيَت ، كة ئةطةر بة خةنجةريَك ئةندامىَكـــــى ليَبكةيتةوة ئةوئةندامة دةطةريَتةوة ناو جةستةكةو بةمةش درِندةكة وةكو خؤى ترسيَنةر دةميَنيَتةوة ..كةواتة دةطةينة ئةو رِاستييةى كة خؤى ناداتة دةست ليَهاتوويى شيكةرةوةييةكةى ، كة نةتوانيَت بة تةواوةتـى بميَنيَتةوة..)(الصطر، 1998: 6) جطة لةمانة (دةقى كراوةو دةقلى داخراويش هةية /سةبارةت بة دةقى كراوة :ئةو دةقةية كة دةكريَت سةرةتاى وةكو كؤتايى بيَت ، بةلأم دةقى داخراو وةكو دةقيَكى كاملَة كة سةرةتاكةى بة كؤتاييةكةى ناضيَت .)(مرتاض، نيَت) هةرضةندة ئةم ليَكدانةوةية كراوة بةلأم خؤى لةرِاستيدا كراوة واتا كرانةوة بةرِووى دةقى تر و سوود ليَوةرطرانيان هةروةها داخراويش بةواتاى دووركةوتنةوةى دةق وثةراويَزبوونى لة ئاويَتةى دةقى نويَتر لةخؤى .

3-دةركةوتنى ميَذوويى شيكردنةوةى دةق/" جياوازى لة كلتوورى عةرةبى و رِؤذئاوايى ":

(لةكؤن دا زاراوةى شيكردنةوةلةطةلَ قورئانى ثيرؤز سةريهةلَداوة و دوو جؤرى هةية :

1/ شيكردنةوة بة "ماثور : مةبةستيش ليَى طةيشتن بوو بة واتاى دةق لة رِيَطةى كؤكردنةوةى بةلَطة ميَذووييى و زمانةوانييةكانةوة ككة يارمةتى دةرن بؤ تيَطةيشتن لة دةق بةشيَوةيةكى بابةتييانة . واتا بةو جؤرةى هاوضةرخةكانى دابةزينى قورئانى ثيرؤز و كؤمةلَى مسولَمانان لة رِيَطةى ثيَدراوة زمانييةكانى ناو دةقةكة وة ليَى تيَطةيشتوون .

2/ شيكردنةوة بةثيَى رِا يان "تةئويل ": بة شيكردنةوةيةكى نابابةتى دانراوة ضونكة شيكةرةوة لة رِستيية ميَذووييي و ثيَدراوة زمانييةكان دةست ثيَناكات ، بةلَكو هةلَويَستيَكى هةنووكةيي وةردةطريَت و هةولَ دةدات لة دةقة ليَكؤلَراوةكة ثالَثشت بؤ ئةم هةلَويَستةى بدؤزيَتةوة .


-لة كاتووري عةرةبيدا:وا باوة ضةمكى طةرِان بةدواى واتا دا بؤ شيكردنةوةى قرئانى ثيرؤز و فةرموودةكانى ثيَغةمبةر " سلاَوى خواى طةورةى لةسةر بيَ"ة .

-لة كلتووري رِؤذئاوايشدا : بةهةمان شيَوة ثيَش ئةوةى طةرِان بةدواى دةلالةتى مةعنةوى و مةبةستى دانةر دا بطؤرِيَت بؤ زانستى "تاويل " يان "هيرمؤنؤتيكا " طةرِان بوو بةدواى واتا لة كتيَبى ثيرؤز دا ، ئةم طؤرِانة لةبرى دانةر يا (قطوس ، 2011: 269).قسةكةر ،خويَنةر ، يا وةرطرى دةكردة جيَى ليَكؤلَينةوة .ئةم وةضةرخانةش زؤر ثرسيارى لةبارةى دةلالةتى ميَذووييي زمانةوة لةطةلَ خؤى دا هيَنا ، هةروةها لةبارةى ئةوةى ضؤن دةلالةتى وشةكان لة سةردةميَكةوة بؤ سةردةميَكى تر و لة خويَنةريَكةوة بؤ خويَنةريَكى تر دةطؤرِيَن و جياواز دةبن .ئينجا زانستى هيَرمؤنؤتيكا كة تيؤرى تةئويلى دةقةكانة لةهزرى رِؤذئاوايي لة سةدةى 17 دةستى ثيَكرد كاتيَك لة بوارى تيَطةيشتنى دةقة ئاينييةكان جيابووة بؤ ئةوةى ببيَتة زانستيَكى سةربةخؤ و تاوتويَى ثرؤسةكانى تيَطةيشتن و ميكانيزمةكانى تةئويل بكات (قطوس ، 2011: 270) .

4/ شيكردنةوةى دةق و ثةيوةندى بةرِةخنةى ئةدةبييةوة :

(شيكردنةوةى دةق ستراتيجييةتى رِةخنةى ئةدةبيية ، مةحالَة رِةخنةى ئةدةبى هةبيَت بةبيَ شيكردنةوة ،

شيكردنةوةى دةق بةسةنتةرى رِةخنةى ئةدةبى دادةنرىَ ، ضونكة رِةخنةى ئةدةبى بريتيية لة :



هةر سةبارةت بة هةلَسةنطاندن ، جطة لة زانيارى وشارةزاييى (ليَكدانةوة و ثيَشبينييةكانيش هيَزيَكى كاران لة كردارى رِةخنةدا/- ضونكة مةحالَة هيض كةسيَك نيية كة ثيَشبينييةكى تايبةتى نةبيَت و ئةمةش بة هيَزيَكى كارا دادةنريَت ، كة ئينجا ئسثؤرِى لة ثيَوةرةكاندا بيَطومان دةبيَتة كاريطةرى هةية لةسةر بةرهةمةكان .)(ويسينجر،2001: 61-62) هؤكارى زياترى تؤكمةيي شيكردنةوةى دةقةكة و دةتوانريَت ثيَوةرة ئيستاتيكييةكان و ثيَوةرة ئايدؤلؤجييةكانى هةلَسةنطاندنى دةقى مةبةست دواى شيكردنةوةو ثؤلينكردنى دةقةكة ، واتا دةرخستنى ناسنامةى دةقةكة دةربِرِدريَت ...بةمةش ثةيوةندى شيكردنةوةى دةق لةطةلَ رِةخنةى ئةدةبى و رِاو بؤضوونةكان شيَوازو رِادةى تيَطةيشتنى رِةخنةطر دةطونجيَت .

4/(ئاستةكانى شيكردنةوةى دةق :

1-ئاستى دةنطى .

2-ئاستى ثيَكهاتةيي.

3-ئاستى (دةلالى) واتايى.

4-ئاستى ئيقاعى (مؤسيقى) .

دةكريَ ئاستى (خطى) ثةيوةند بة شيَوةى دةق و رِيطاكانى رِيَكخستنى شيَوةى يا لايةنى دةرةكى دةقيش زياد بكريَت.

ليَرةوة شيكردنةوةى دةرةكى بؤ دةق ديَتة ئاراوة ،

كةواتة لة دوو رِوانطةوة طرينطى بة دةق دةدريَت :

دةرةكى /دةطةرِينريَتةوة بؤ : ناوةكى / 1-ئةوةى كة لة دةورى دةق كؤدةبيَتةوة .

1-ميَذوو. 2 -ئةوةى كة ليَى دةردةضيَت .

2-رِةهةندى دةروونى.(الصكر، 1998: 6) (هونةرى ، رِةوانبيَذى ، شيَوازطةرى ، بنيادطةرى) ئيشكردن لة ناوةوةى دةق*

3-هؤكارى كؤمةلأيةتى.و(ئايدؤلؤجى، فةلسةفى)*

نزيك لة دةقى Intraual-textبةرامبةر زاراوةى " ضمن نصية"/ Extra-text(لوتمان زاراوةى نادةقى /غير نصية بةكارهيَناوة ئةوةى ئاماذة بؤ هةموو ثةيوةنديية دةرةكييةكان لةسةر دةق يان ئةوةى لةدواى " ماوراء " جيهانى تايبةتى دةق هةية ..كة بوارى زاراوةى دووةمة وةسفى ئةو ثةيوةنديية (نا دةقييانة) بةوة دةكات كة ثةيوةندى كؤمةلَيَك رِطةزى دةقة كةثابةندة و و كؤمةلَيَك رِطةز كة تيايدا رِطةزيَكى دياريكراو هةلَبذيَردراوة ..هةموو رِطةزيَك لة دةق لة كؤمةلَيَك لة رِطةزة دةرةكييةكان هةلَبذيَردراون و ئةو رِطةزة ئينتماى بؤ هةنديَك لةو دابةشكردنانة دةبيَت و ئةو رِطةزة رِؤلَ و مةكانةتى دياريكراوى لة نةخشةى ثةيوةنديةكانى ناوةوةى دةق خؤيةوة هةية.(حافظ،1996: 54) .

5-هؤيةكانى ثةيدابوونى شيكردنةوةى دةق :

1/هؤكارى ئاينى .

2/هؤكارى بوارةكانى زانست .

3/زۆری بةرهةمی شیعر .

4/معجم سةرضاوةو زاراوةكان .(بةتايبةت بۆ زمانی عةرةبی).

5/ زمانی شاعيرانة خۆی .

6/ثێشكةوتنی بنةماو ثێوةرةكان .(نوێكردنةوةيان).

7/ ضيَذليَوةرطرتن لة شيعر و "خۆشی دةق" الاستمتاع بة .

وا ثێَدةضيَت خويَنةر كاتیَ كة خۆشييةكی هونةری هةست ثێَدةكات لةكاتی هةلَسانی بة ئةنجامدانی كارةكةيدا نابيَت ئةوةشمان لة بير بضيَت كة مةبةستی خۆی لة دوای شيكردنةوةكةدا هةية ..كة زۆربةی كات هةولَيَك بووة لای ئةو بۆ ئةوةی طةران بةدوای واتاكانی شيعردا بكات .ثاشان نزيككردنةوةی ئةو واتايانة بۆ هزری طويَطر يان خويَنةر ، وة لةم كارةيدا هةندیَ حوكم دةدات كة لة ضةمكی يان تيَطةيشتنی تايبةتی خۆی بۆ شيعر دةردةضيَت ...بة واتايةكی تر /كاتیَ لة شيكردنةوةكةيدا هةلَدةستیَ بة ديراسةكردنی ئةو شيعرة لة ستربنةمای هةلَويَستی ثێشينةی خۆيةوة وة ئةو جۆرة ديراسة كردنة لة دوو ستةرضاوةوة هةلَدةقولَيَت(تحريشي، 2000 : 44-49)جطة لةمانة - هۆكاری بوونی دةق وةكو يةكةيكی مةحكةم واتا دانسقةو كارامةيی دارِشتنی .

- خويَندنةوةی نوآ ی خويَنةر بۆ دةق .


1/ ضيَذی فيتری :كة رِةطةزيَكی بنضينةيية لة كةرةسةكانی هةلَسةنطاندنی هةرهونةريَكی مرۆظايةتی كاتیَ كة طويَطر يا خويَنةر هةندیَ شيَوازی رةتينی (تحريشی،2000 : 49) وشةكان يا قولَبوونةوةيان لة ثيَتةكان و هيَزی واتاكانيان و بالأييی و جوانی ئةنديَشةيان كة لةلای هةنديَكی تريان نابينريَن ، يةكیَ لةوی تر باشتر دادةنيَت بيَ ئةوةی لة هۆی ئةو حوكمدان بطةرِيَن ..

ويقترح(مي) بأنه لكي يتمكن المعالجون من تناول اللامعنى بكفاءة وأقتدار، يجب عليهم أولاً أن يزيدوا من حساسيتهم لهذا الموضوع.... أن يصغوا بطريقة مختلفة...أن يصبحوا على وعي ودراية بأهمية المعنى في حياة الأفراد، وقد تكون هذه المشكلة غير محورية عند بعض المرضى، ولكن هناك من المرضى من يكون أحساسهم باللامعنى عميقاً غامراً، وقد أشار(مي) هنا الى(يونك) الذي وجد أكثر من ثلاثين بالمائة من مرضاه يطلبون العلاج بسبب احساسهم بخلو حياتهم من المعنى(مي،1999، ص133).

عمل(مي) جاهداً كزميله(فرانكل) ضد اليأس وتداعياته، ولكن ليس في معسكرات الأعتقال النازي الذي أمضى فيها (فرانكل) أكثر من ثلاث سنوات، بل ضد مرض السل الذي أقعده في مستشفى (ساراناك للسل في نيويورك) مدة ثلاث سنوات، وأعتقد بأن الأنسان بأستطاعته أن ينفتح على العالم من داخله وأن التسليم لليأس يضعف الأرادة والهِمّة ويجعل منه فريسة ينال منه داخله أولاً ومن ثم المرض ثانياً.

كما ويشير (مي،2007) الى ان المرضى في المستشفى يموتون أمام عينيه بسبب عجزهم النفسي والأرادي، الى انه قرَّر النضال ضد مرضه على الرغم من شحَّة الأدوية المضادة للسل في حينه، ورأى (ماي) انه كلَّما يضعف أمام المرض يعطي له فرصة أكثر للقضاء على روحه، وبهذا شجع نفسه وزاد من عزيمته ليقضي هو نفسه على مرض السل(فيست وفيست،2007، ص626).

الدراسات السابقة

سيتم عرض الدراسات التي تناولت الفراغ الوجودي أو المتغيرات الدافعة أو الباعثة له، في علاقاته بمجموعة متغيرات والتي تظهر في كلٍ دراسة روابط منفردة لمتغيراتها المدروسة مع الفراغ الوجودي، حيث يستدل من ذلك أهمية الدراسة في هذا المجال وكذلك تأثير وخطورة الفراغ الوجودي في حياة الأفراد والمجموعات، فضلاً عن ان معطيات تلك الدراسات ستوظف في المقارنة بينها وبين معطيات الدراسة الحالية.

المعنونة" **هل البحث عن المعنى في الحياة يرتبط بموضوع حسن الحال الوجودي؟**" الى ايجاد العلاقة بين بحث الفرد عن المعنى في حياته وحسن الحال الوجودي، بلغت العينة الكلية للبحث (106) فرداً، منها (63) من الذكور و(43) من الأنثى، استخدم الباحثان المقاييس التالية لقياس استجوابات أفراد العينة:-

Cohen & Cairns(2010)هدفت دراسة كل من (كوهن وكارين،2010)

- مقياسMLQ- The Meaning of Life Questionnaire يتكون هذا المقياس من مجالين هما(حضور المعنى والباحث عن المعنى)، عدد فقرات المقياس هو 10.
- مقياس DHS- The Depression Happiness Scale طور من قبلMc Creal & Joseph1993 يتكون من 25 فقرة، الفقرات السلبية 13 والايجابية 12.

توصلت الدراسة الى النتائج التالية:

- وجود علاقة دالّة أحصائياً بين مجال(الحضور بالمعنى) وحسن الحال الوجودي عند مستوى 0.000، وكذلك مجال (الباحث عن المعنى) في مقياس البحث عن المعنى مع حسن الحال الوجودي عند مستوى الدلالة 0.002.
- عدم وجود دلالة أحصائية لتفاعل العوامل من(الحضور والباحث عن المعنى والكآبة/السعادة).

وهدفت(الوائلي،2012) "في دراستها "**المعنى في الحياة وعلاقته بنمط الشخصية لدى طلبة جامعة بغداد (A,B)**" الى التعرف على مستوى المعنى في الحياة لدى طلبة جامعة بغداد على مقياس المعنى في الحياة والتعرف على دلالات الفروق في الجنس والتخصص، وكذلك العلاقة بين المعنى في الحياة ونمط الشخصية (A,B) (400) ،حيث كانت عينتها فرداً من الذكور والأناث.

وقد أظهرت النتائج ما يأتي:

- يتمتع أفراد العينة بمستوى دالّ في المعنى في الحياة، وفي المقارنة بين الجنسين ظهر بأن الذكور لديهم مستوى دالّ أعلى من الاناث في هذا المتغير.
- لا توجد فروق تبعاً لمتغير التخصص.

ملاحظة من الجدير الأشارة اليها : أشارت الباحثة في مشكلة دراستها بأن مفهوم فقدان المعنى هي الفراغ الوجودي بعينه.

وفي دراسة (محمد،2014) بعنوان" **الفراغ الوجودي وتجاوز الذات وعلاقتها بالتصورات المستقبلية لدى الأرامل**" على عينة مؤلفة من (300) أرملة موزعة على فئتين عمريتين من(20 سنة الى 39) والفئة الثانية من(40 الى 59) عاماً، ظهرت النتائج بأن هناك مستوى دالّ أحصائياً عند 0.05 في الفراغ الوجودي لدى العينة بمتوسط حسابي (157.47). و وجود علاقة ارتباطية بين الفراغ الوجودي وتجاوز الذات البالغة _0.737 عند مستوى 0.05. وهناك علاقة ايجابية بين الفراغ الوجودي والتصورات المستقبلية البالغة 0.19 عند مستوى الدلالة 0.05. وظهرت النتائج أيضاً بأن اسهام المتغيرين الفراغ الوجودي وتجاوز الذات في التصورات المستقبلية بلغت 0.077 من التباين الكلي للتصورات المستقبلية.

وهدف (العبيدي،2015) في دراسة بعنوان" **الفراغ الوجودي لدى طلبة الجامعة في ضوء بعض المتغيرات**" المؤلفة عينتها (200) طالباً وطالبة من جامعة بغداد الى التعرف بالفراغ الوجودي لدى طلبة جامعة بغداد، فضلاً عن التعرف بالفروق في الفراغ الوجودي لدى الطلبة على وفق متغير الجنس(ذكور – اناث)، وكذلك وفق متغير التخصص الدراسي(علمي– انساني)، ظهرت النتائج أن الطلبة المفحوصين ضمن هذه الدراسة لا يعانون من الفراغ الوجودي ولكن هناك فروق بين المتوسطين في الجنس على متغير الفراغ الوجودي ولصالح الذكور، وعدم وجود فروق على وفق متغير التخصص.

يتبين مما ورد من دراسات، بأنَّ الفراغ الوجودي يملأه كل من المعنى والمدركات المفهومة من قبل الفرد والأمتلاء هذا يكون نسبياً وكمياً، ويختلف كما يبيّن (فرانكل،1982) من شخص الى آخر وعند شخصٍ معين من يوم الى آخر أو حتى من ساعة لأخرى(Frankl,1992,P:114).

منهجية واجراءات البحث

سيتم عرض الاجراءات المتبعة في البحث الحالي من حيث تحديد مجتمع البحث وعينته والأدوات المستخدمة بعد التحقق من الخصائص السيكومترية لها ومن ثم التطبيق وتفريغ البيانات ومعالجتها احصائياً لتكون جاهزة على شكل نتائج.

مجتمع البحث

يشتمل مجتمع البحث على كل المنتمين الى أتحاد أدباء الكورد في فروع إقليم كوردستان العراق(أربيل والسليمانية ودهوك)، والبالغ عددهم (821) عضواً. وتم الحصول على أحصائية دقيقة لعدد الأعضاء من خلال أمانة أتحاد أدباء الكرد/ المركز العام الرئيسي الموجود في مدينة أربيل، والموضّحة في جدول (1).

جدول(1)

المجتمع الأصلي

ت	الفرع	عدد الأعضاء
1	دهوك	261
2	أربيل	319
3	سليمانية	241
المجموع		821

عينة البحث

بلغت عينة البحث (159) فرداً من أدباء المحافظات الثلاث للاقليم، وكانوا جميعاً من الذكور حيث تعذر إختيار الإناث من الأدباء لقلّة عددهن وصعوبة الإتصال بهن. ولهذا استقرت العينة عند (159) أدباء من الذكور، وبنسبة (19.016%) وكما مبين في جدول(2).

جدول(2)

عينة البحث

ت	الفرع	عدد الأعضاء	العينة المأخوذة	النسبة المأخوذة
1	**دهوك**	261	28	%10.7279
2	**أربيل**	319	79	%24.7648
3	**السليمانية**	241	52	%21.5767
	المجموع	821	159	%19.016

أداة البحث

تم إعداد أداة للفراغ الوجودي وذلك من خلال الأدبيات النفسية والمقاييس الجاهزة وكذلك أعدّت أسئلة مفتوحة لأجل الحصول على فقرات محددة عن طريق أجوبة من قبل العينة الاستطلاعية التي بلغت عددها(25) أديباً من فرع اربيل لاتحاد أدباء وكتاب الكرد.

وقد بلغ عدد فقرات المقياس المُعَدّ (37) فقرة من بينها فقرات سلبية وأخرى أيجابية، مع مراعاة الأسس السيكومترية في صياغة الفقرات مثل:-

أ- أن تكون الفقرة قابلة لتفسير واحد.

ب- عدم أستعمال الفقرات التي يحتمل أن يجيب عنها الجميع نفس الأجابة لكي لا تنعدم فرصة المقارنة.

ج- أن تقيس الفقرة الجانب الشعوري من الذات أو السلوك.

د- تجنب أستعمال نفي النفي لأن ذلك من شأنه أن يربك المستجيب.

هـ أن تكون الفقرات بصيغة المتكلم.

وعند مراجعة الفقرات وتمحيصها تكونت الصيغة الأولية للمقياس.

الصدق الظاهري لمقياس الفراغ الوجودي

وُزّع المقياس على (11) خبيرا من المختصين في علم النفس، وبعد الإتفاق على صلاحية فقرات المقياس استبقي على الفقرات كما هي(37)، حيث لم يُجر عليها سوى بعض التعديلات الموصى بها من قبل الخبراء، واتخذ صورته النهائية دون حذف اية فقرة من فقراتها، ووصلت النسبة المئوية لقبولهم ومصادقتهم على صلاحية فقرات المقياس الى(95.08%) وبهذا تم التحقق من صدق المقياس.

ثبات الأداة

بعد أن تم التحقق من صلاحية فقرات المقياس(الفراغ الوجودي)، تم تطبيق اجراءات الثبات بطريقة اعادة الاختبار على عينة من أدباء فرع أربيل البالغة(31) فرداً، وكان الفاصل الزمني بين مُدتَي التطبيق(الاختبار الأول والثاني) اسبوعان (2017/7/22– 2017/8/5). بعد تفريغ بيانات الاستمارات في التطبيقين ومعالجتها احصائياً بلغ معامل الارتباط والذي يشير الى معامل الثبات للتطبيقين، لمقياس الفراغ الوجودي والبالغ(0.820).

القوة التمييزية لفقرات مقياس الفراغ الوجودي

لأجل التحقق من القوة التمييزية لفقرات مقياس(الفراغ الوجودي) باسلوب المجموعتين المتطرفتين Contrasted Groups ، حيث طُبِّق ذلك على عينة البحث الأساسية البالغة(159) فرداً وتم ترتيب الاستمارة تصاعدياً استناداً الى الدرجة الكلية لها ثم أخذت نسبة (27%) من الأعلى والنسبة ذاتها من الأدنى بواقع(86) استمارة(فرداً) للنسبتين. حيث تبين من التحليل لفقرات مقياس الفراغ الوجودي بأن الفقرة رقم(1) غير مميزة وذلك لحصولها على القيمة التائية(1.294) وهذه الدرجة غير دالة بالمقارنة مع القيمة الجدولية، كون المتوسط الحسابي لنسبة 27% العليا الذين استجابوا لها وصل الى(2.30) والمتوسط الحسابي لنسبة 27% الدنيا وصل الى(1.93)، بانحراف معياري للحد الأعلى(1.103) والأدنى(0.997)، بناءً على هذه النتيجة قام الباحث بالغاء هذه فقرة رقم(1) والابقاء على (36) فقرة لمقياس الفراغ الوجودي من أصل(37) كما مبيّن في الجدول رقم(4).

جدول (4)
المتوسطات والانحرافات المعيارية والقيم التائية لمجموعة(27%) العليا ومجموعة(27%) الدنيا لفقرات مقياس الفراغ الوجودي

رقم الفقرة	المجموعة العليا		المجموعة الدنيا		القيمة التائية
	الوسط الحسابي	الانحراف المعياري	الوسط الحسابي	الانحراف المعياري	
1	2.30	1.103	1.93	0.997	1.294
2	2.56	1.368	1.67	0.832	* 2.884
3	2.67	1.074	1.26	0.447	* 6.286
4	2.78	1.188	1.44	0.847	* 4.749
5	3.04	1.224	1.89	1.188	* 3.498
6	3.00	1.330	1.19	0.396	* 6.795
7	3.07	1.357	1.56	1.155	* 4.429
8	1.96	1.160	1.07	0.267	* 3.882
9	3.30	1.436	1.26	0.526	* 6.921

* 6.965	0.424	1.11	1.315	2.96	10
* 5.157	1.050	1.44	1.311	3.11	11
* 4.702	0.884	1.37	1.379	2.85	12
* 4.048	0.917	1.93	1.331	3.19	13
* 4.943	1.043	1.63	1.551	3.41	14
* 4.007	1.292	1.85	1.289	3.26	15
* 7.299	0.267	1.07	1.210	2.81	16
* 4.246	1.145	1.81	1.347	3.26	17
* 5.902	0.192	1.04	1.586	2.85	18
* 4.182	0.801	1.22	1.068	2.30	19
* 3.772	0.892	1.78	1.050	2.78	20
* 8.500	0.320	1.11	1.109	3.00	21
* 7.322	0.656	1.26	1.259	3.26	22
* 4.899	0.555	1.33	1.301	2.67	23
* 5.669	1.087	1.52	1.121	3.22	24
* 5.898	0.338	1.04	1.023	2.26	25
* 2.711	1.477	2.52	1.221	3.52	26
* 5.806	0.700	1.48	1.126	2.96	27
* 5.161	0.974	1.78	1.130	3.26	28
* 6.765	0.698	1.56	1.039	3.19	29
* 8.530	0.688	1.37	1.006	3.37	30
* 2.592	0.892	1.89	0.893	2.52	31
* 6.022	0.580	1.48	1.281	3.11	32
* 4.869	0.742	1.63	1.121	2.89	33
* 3.555	0.320	1.11	1.315	2.04	34
* 5.028	0.456	1.15	1.421	2.59	35
* 2.691	0.893	1.48	1.295	2.30	36
* 2.906	0.844	1.41	1.188	2.22	37

دالّة عند مستوى أقل من 0.05

التطبيق النهائي

بعد التحقق من توافر الخصائص السيكومترية لمقياس البحث(الفراغ الوجودي) من صدق وثبات وتمييز، بدأ بالتطبيق وتوزيع الاستمارات وتوزيعها على العينة في الفترة بين (2017/8/14 – 2017/9/29)، ومن الجدير بالذكر ان عينة البحث تُعدّ من العينات الوعرة حيث صعوبة الحصول على أفرادها الأمر الذي حدى بالباحثين الى اللجوء الى وسائل متنوعة كارسال الاستبانات من خلال (مواقع التواصل الاجتماعي فيسبوك ومسنجر وفايبر وكذلك البريد الالكتروني) للذين لم تعذر الوصول اليهم، وطرق أخرى كوضع الاستبانات في الفروع بغية ملأها في أمسياتهم الشعرية وندواتهم النقدية والفكرية وحفل توقيع الاصدارات الجديدة لهم.

عرض النتائج ومناقشتها

سيتم عرض النتائج التي تم التوصل اليها بعد تفريغ البيانات الخاصة بمتغير البحث(الفراغ الوجودي) وبعد معالجتها احصائياً، ومن ثم ستناقش النتائج على وفق الأدبيات والاطار النظري والدراسات السابقة. وتعرض النتائج على وفق الأهداف المحددة مسبقاً في هذا البحث وكالآتي:

1- <u>الهدف الأول</u>: مستويات الفراغ الوجودي لدى العينة ككل، والتعرف على دلالاتها بحسب الأوساط الفرضية:

يظهر من الجدول(5) انّ المتوسط الحسابي الفراغ الوجودي لدى العينة ككل بلغ(76.97) وهو الاقل من الوسط الفرضي للمقياس وهو(108)، وبانحراف معياري(17.354) عند درجة الحرية(158)، حيث القيمة التائية وصلت الى (22.543-) وهي أعلى من القيمة الجدولية والتي هي(1.96) ودالّة عند مستوى(0.001).

جدول (5)

قياس مستويات (الفراغ الوجودي) ودلالاتها

ت	المتغير	عدد العينة	الوسط الفرضي	المتوسط الحسابي	الانحراف المعياري	درجة الحرية	القيمة التائية	القيمة الجدولية	مستوى الدلالة
1	الفراغ الوجودي	159	108	76.97	17.354	158	-22.543	1.96	0.001

يتبين من خلال هذه النتائج انّ عينة البحث المتألفة من(159) فرداً حصلت في الفراغ الوجودي على متوسط حسابي أقل من المتوسط الفرضي وبدلالة(0.001)، مما يشير ذلك على ان أفرادها لا يعانون من مشكلة الفراغ الوجودي. ودراسة (محمد،2014) ودراسة Cohen & Cairns,2010حيث تتفق هذه النتائج مع دراسة كل من(كوهين وكارين) (العبيدي،2015)، وكذلك تتفق مع الاطار النظري حيث يشير (فرانكل) الى تحويل المعانات الى المعنى في الحياة التي تُعدّ خبرة ايجابية مُدرَكة.

ومن الجدير بالذكر هناك بعض العوامل غير الظاهرة قد تدخل كمتغيرات دخيلة في التأثير على النتائج حيث البيئة الاجتماعية والثقافية للعينة التي هم نخبة من الأدباء، ومن بين هذه العوامل كما بينها (فرانكل) هي معنى الحياة، حيث تعُدُّ أحد العوامل الذي يشكل الجوهر الانساني، ويشارك في التقليل من مشاعر الفراغ الوجودي مما قد يستنتج من ذلك بأن مستوى معنى الحياة لدى هؤلاء الأدباء بات مرتفعاً بدلالة إنخفاض الفراغ الوجودي لديهم.

2- قياس مستويات الفراغ الوجودي بحسب العمر والمكان

أ- <u>المكان(الفروع)</u>:

من خلال البيانات المعروضة الخاصة بهذا الهدف في الجدول(6) أظهرت النتائج ما يلي:

- بلغ المتوسط الحسابي للفراغ الوجودي لأفراد العينة المنتمين الى فرع دهوك لاتحاد الأدباء وعددهم (28) فرداً (82,18)، وهو أدنى من المتوسط الفرضي(108) للمقياس.

- بالنسبة لأفراد العينة المنتمين الى فرع أربيل لاتحاد الأدباء والبالغ عددهم(79)، بلغ المتوسط الحسابي للفراغ الوجودي الى (74.92) وهو أدنى من المتوسط الفرضي(108) للمقياس.

– أما بالنسبة لأفراد العينة المنتمين الى فرع السليمانية لاتحاد الأدباء والبالغ عددهم(52)، بلغ المتوسط الحسابي للفراغ الوجودي الى(77.29) وهو أدنى من المتوسط الفرضي(108) للمقياس.

وقد أظهر تحليل التباين بأن الفروق بين المجموعات في(الفراغ الوجودي) ليست دالّة حيث القيمة الفائية وصلت الى(0.495) وبنسبة دلالة(0.610)، ولم ترتقِ الى مستوى الدلالة(0.05) مما يشير ذلك بأنه لا توجد فروق في مستوى (الفراغ الوجودي) بين الأدباء بحسب موقعهم الجغرافي.

جدول (5)

مستويات الفراغ الوجودي بحسب المكان(فروع الاتحاد)

	المتغير	المتوسطات الحسابية بحسب المكان وعدد أفراده						المتوسط الفرضي	القيمة الفائية	نسبة الدلالة	النتيجة
		دهوك	ن	أربيل	ن	السليمانية	ن				
1	الفراغ الوجودي	82.18	28	74.92	79	77.29	52	108	1.838	0.163	غير دالّة

مستوى الدّلالة=0.05

ب– الفئات العمرية:

أظهرت النتائج المبينة في الجدول(14) لقياس مستويات (الفراغ الوجودي) بحسب الفئات العمرية الثلاثة(25–43،42–61،60–78) والمرقمة بالفئات(3،2،1) على التوالي، بأنّ:

- عينة الفئة(25–42) والبالغة(27) فرداً وصل متوسطها الحسابي في الفراغ الوجودي الى درجة(80.00) وهو الأدنى من المتوسط الفرضي(108) للمقياس.
- عينة الفئة(43–60) والبالغة(86) فرداً وصل متوسطها الحسابي في الفراغ الوجودي الى درجة(76.26) وهو الأدنى من المتوسط الفرضي(108).
- أما عينة الفئة(61–78) البالغة عددها(46) فرداً كانت متوسطها الحسابي في الفراغ الوجودي(76.54) وهو الأدنى من المتوسط الفرضي(108).

عند المقارنات الاحصائية بين المجموعات استناداً الى عملية تحليل التباين ، لم تظهر أية فروق دالّة بين تلك المجموعات العمرية للعينة فيما يتعلق بمتغير الفراغ الوجودي كما مبين في الجدول(6) مما يشير ذلك الى عدم وجود فروق معنوية في(الفراغ الوجودي) بحسب متغير العمر لدى الأدباء.

جدول (6)

مستويات الفراغ الوجودي بحسب العمر المقسم الى فئات عمرية

ت	المتغير	المتوسطات الحسابية للفئات العمرية وعدد أفرادها	المتوسط	القيمة الفائية	نسبة الدلالة	النتيجة

				الفرضي	ن	3	ن	2	ن	1		
غير دالّة	0.610	0.495	108	46	76.54	86	76.26	27	80.00	الفراغ الوجودي	1

مستوى الدّلالة = (0.05)، 1= فئة(25–42)،2= فئة(43–60)،3= فئة(61–78)

وكما يظهر من هذه النتائج بأنّ عاملي المكان والعمر كمتغيرين متقطعين ليس لهما دور يذكر في اظهار الفروق الدالّة بين أفراد عينة (المحافظات) و(الفئات العمرية) في مستوى الفراغ الوجودي، والنتيجة هذه تتفق مع الاطار النظري للبحث وخاصة مع آراء (فرانكل) حول النزعة التواؤمية أو الدكتاتورية حيث يرى بأن النزعة الدكتاتورية تمثلها الحضارة الشرقية أي بمعنى الاملاءات التي يفرضها الآخرون على الأفراد تجعلها متقاربة في اظهار السلوكيات حيث ابداء مستوى معين من المسايرة للقيم الاجتماعية السائدة بين أفراد ذوي مستويات ثقافية متباينة، وكذلك تتفق مع الاطار النظري في موضوع دور الثقافة في ابراز الفروق من عدمها.

وان عدم ظهور الفروق الدالة في مستويات الفراغ الوجودي للبحث الحالي بين عينات (المكان– الفروع) و(العمر)، وقد يعزى الى ذلك دور التنشئة الاجتماعية والنظام التعليمي والتربوي في تنمية الافراد على القيم الجمعية والدينية والاجتماعية التي تؤكد على السلوك الجمعي والانصهار داخل الحشد والجمهور، مما يتعارض ذلك الثقافات التي تؤكد على الفردانية والاختلاف وممارسة الحرية في مواقف الحياة المختلفة.

التوصيات والمقترحات

<u>التوصيات</u>

على وفق النتاج التي تم التوصل اليها، تقدم التوصيات الآتية الى الجهات المعنية:

1– على وزراة الثقافة ايلاء المزيد من الاهتمام باتحاد الأدباء الكرد وذلك بتشجيع أعضائه في المشاركة في المشاريع الثقافية الأدبية، ورعايتهم من خلال تقييم جهودهم ومنتجاتهم الثقافية، هذا ما يؤدي جدلياً الى الانشغال الأكثر بالعمل الذي يساعد بدوره الى التخلص من الفراغ الوجودي بغية لملأ حياتهم بالمعاني.

2– وكذلك على الوزارة نفسها ايجاد روابط نشطة للأدباء وافساح المجال لهم لتسهيل مهمتهم بالتواصل مع العالم الخارجي في هذا المجال وذلك لأجل شعورهم بمكانتهم وبمدى الاهتمام بهم، حيث انّ التواصل يؤدي بهم الى الخروج من الدائرة الضيقة المحاطة بهم ويستحصلون بفعله الى الخبرات التي تملأ مساحة واسعة من فراغهم الوجودي ويجعلهم نشطاء فاعلين في التأثير على حياتهم الشخصية ومن ثم دورهم في المجتمع.

3– على الوزارات ذات الصلة(وزارة التربية والتعليم العالي والثقافة) بأن تتعاون فيما بينها لايجاد روابط نشطة مع اتحاد الأدباء سواءً لابراز دور الأدباء في المجال التربوي والتعليمي أو لأجل العمل المشترك لتوظيف دور الأدب في العمل الثقافي والتربوي.

4- على وزارة الصحة القيام بنشاطات نوعية تبرز من خلالها دور الصحة النفسية والعقلية في حياة الفرد وأن تبدأ وذلك بالتعاون مع الجامعات بادخال هذا الحقل في الحيز البنائي للشخصية السليمة، عندها تساعد هذه الخطوة على الفهم الصحيح لخطورة الفراغ الوجودي ودوره في الاصابة بازمات وأمراض نفسية.

المقترحات

تقدم المقترحات الآتية للباحثين مستقبلاً وكالآتي:

1- الدراسة ذاتها وعلى عينة أوسع تشمل المناطق الكردية الواقعة خارج الاقليم وكذلك الاجزاء الأخرى من كردستان منها (الشرقية والغربية والشمالية) من جانب، والأدباء الكرد المغتربين من جانب آخر، وايجاد الفروق بين الأدباء في الأجزاء المذكورة والفروق في الجنس وبين من يسكن في الداخل ومن هاجر الى بلدان أخرى، بغية معرفة تأثير الانظمة السياسية الحاكمة في كل جزء على مستوياتهم في المتغيرات الثلاثة، وتأثير الغربة والثقافة الثانية عليها، وقد يكون هذا البحث ممكناً ان كان اجراءه من خلال فريق عمل بحثي مدعوم.

2- اجراء نفس الدراسة ولكن على شرائح أخرى غير الأدباء كالفنانين بكل صنوفهم والأطباء والمهندسين والمعلمين والسّاسة.

3- بحث حول الفراغ الوجودي والانتماء الاجتماعي ومعنى الحياةلدى الشباب الكردستاني.

4- اجراء الدراسة ذاتها على عينة من النساء الأديبات الكرديات وذلك لتعذر الوصول اليهن للباحث في البحث الحالي.

References

Adler, Alfred, (2009).The Meaning of Life, T: Adel Naguib Boshra, National Project of Translation, 2, Cairo.

Al-Khailani, Kamal Mohammed Sarhan, (2013). Emotional emptiness in women with breast cancer, Journal of Educational and Psychological Sciences - Iraq, No. 99.

Aladdin, Jihad Mahmoud, (2013). Theories of Psychology and Human Knowledge, Al Ahlia for Publishing and Distribution, 1, Amman.

Al-Obaidi, Afra Ibrahim Khalil, (2015). Theories of cognitive and human psychological counseling, University of Baghdad - Faculty of Education for Girls.

Al-Waeli, Jamila, (2012). The Meaning of Life and its Relationship to Personality Patterns (A, B) of Baghdad University Students, Journal of the Professor, No. 201, Girls College of Education, University of Baghdad.

Fist, Jest & Fist, Crickey, (2007). Personality Theories, Translator: Yahya Seyyed Mohammadi, Nashr Ravan, Jab 3.

Frankel, Victor, (1982). Man cearch for meaning, T: d. Talaat Mansour, 1st Floor, Dar Al Qalam, Kuwait.

Frankel, Victor, (2014). The Will to meaning ... Foundations and applications of treatment in the sense, T: d. Ayman Fawzi, Zahraa Al Sharq House, Cairo.

Frankl, Viktor E., (1992). Mans Search for Meaning. An Introduction To Logotherapy,4th Edition, Beacon Press 25,Boston- Massachusetts.

Frankl, Factor, (1993). Physician and Ghost, translation of Farsi: d. Farrokh Seif Behzad, Dorsa Publishing House, Jab 3, Tehran.

Friedman, Howard S. & Shastak, Miriam, (2013). Personal. Classical theories and modern research, T. Ahmed Ramo, Arab Organization for Translation, I 1, Beirut.

Heidegger, Martin, (2012). Being and Time, d. Fathi Al-Muskini, New United Book House, 1 st, Beirut.

Karen,Cohen & Cairns, David, (2010). Is Searching for Meaning in Life Associated With Reduced Subjective and Psychological Well- Being?, International Juornal of Existential Psychology & Psychotherapy,V 3,n 1,January.

Kirkgord, Surin, (2013). Disease path of the dead, T: d. Osama al-Qafash, the Egyptian Book House, I 1, the omnipotent.

May, Rolo & Yalom, Arvin, (1999). Introduction to existential psychotherapy, T: Dr. Adel Mustafa and Ghassan Yaqoub, Dar Al-Nahda Al Arabiya, I 1, Beirut.

May, Rolo, (2014). The Art of Counselling, Souvenir Press, New York.

May,Rollo, (2009).Mans Search For Himself,Norton,first published,New York.

May,Rolo, (2015).The Discovery of Being,Norton & Company Ltd, London.

Mohammed, Nour Jabbar, (2014). Emotional emptiness and self - transcendence and their relation to future visions of widows, PhD thesis, University of Diyala, Faculty of Education of Human Sciences, Iraq.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 137 – 166
http://www.ijoks.com

The style of personal structure of the Development and simple in the novels: Karwan Omar Kakasor

Sardar Ahmed Hassan GERDI [1]& Awara Kamal SALEH [2]

Received: Jun 09, 2018 **Reviewed**: Nov 02, 2018 **Accepted**: Dec 21, 2018

Abstract

Personality is an important element in the creation of a novel. Because it has a special place in the novel and the element of compilation and development all other elements of the novel. So the character within the novel according to the stages of the technical progress of the novel and there has been a significant change on the concept, and that the portrayal and clarification of the features and qualities of the actor and in a technical need to the skill writer of the novel. Personality is the conversation of the novel and embody it and often express the look and knowledge of the author of narration.

From this point of view, we dedicated this research to show how the sophisticated and simple personality in Karwan Omar Kakasor's novels is used to show this pattern. The novelist sought to portray the personal components and, as needed, we have benefited from several examples of his novels. This research consists of the introduction and two parts: in the first section explain the pattern of personality formation and in the second section showed the types of characters and development and simple theoretical and practical. In conclusion, we presented a result, a list of sources and a summary of the research in both Arabic and English.

Key words: Personal Structure, Karwan Omar Kakasor, Kurdish Novel, Narration, Kurdish

Recommended citation:
Gerdi, S.A. H. & Saleh, A.K. (2019). The style of personal structure of the Development and simple in the novels: Karwan Omar Kakasor. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 137 – 166 DOI: **10.21600/ ijoks.516498**

[1] Prof., Dr., Department of Kurdish Language, College of Education, University of Salahaddin Erbil, Kurdistan Region of Iraq. E.mail: dr.sardargardy@gmail.com,
[2] Correspondent Author:Lecturer, Erbil Technology Institute, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region of Iraq, Email: awarakamal@epu.edu.krd, **ORCID NO**: https://orcid.org/0000-0002-1829-7688

شێوازی بونیادی کەسایەتی پەرەسێن و سادە لە ڕۆمانەکانی(کاروان عومەر کاکەسوور)دا

پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی
کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەدین
م. ئاوارە کەمال صالح
پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

(الملخص)
تعتبر الشخصية من العناصر المهمة في مكونات انشاء الرواية. لأن لها مكانة خاصة في الرواية و عنصر تجميع و التنمية كافة العناصر الأخرى للرواية. لذا الشخصية ضمن الرواية حسب مراحل التقدم الفني للرواية و حدثت تغير كبير على مفهومها، و على ذلك تصوير و توضيح معالم و صفات الممثل و بصورة فنية يحتاج الي مهارة كاتب الرواية. اذن الشخصية تكون محادثة الرواية و تجسمها و في كثير من الأحيان تعبر عن نظرة و دراية كاتب الراوية.
ومن هذا المنطلق كرسنا بحثنا هذا لأظهار كيفية الشخصية المتطورة و بسيطة في روايات (كاروان عمر كاكەسور) لكي نظهر هذا النمط، حيث لجأ كاتب الرواية الى تصوير المكونات الشخصية ، و حسب الحاجة استفدنا من عدة امثلة من رواياته. و يتكون هذا البحث من المقدمة و قسمين: في القسم الأول شرح نمط تكوين الشخصية و في القسم الثاني أظهر أنواع الشخصيات المنمية و البسيطة بصورة نظرية و عملية. و في الخاتمة أظهرنا نتيجة و قائمة المصادر و ملخص البحث باللغات العربية و الأنكليزية و التركية.

پێشەکی

کەسایەتی بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی پێکهاتەی بونیادی ڕۆمان دادەنرێت، چونکە پێگەیەکی تایبەتی لە ڕۆماندا هەیە و فاکتەری کۆکەرەوە و پێکگەیاندنی سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانە. هەر بۆیە کەسایەتی نێو ڕۆمان بە پێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی هونەری ڕۆمان، گۆڕانی گەورە بەسەر چەمکەکەیدا هاتووە. بەم پێیەش وێناکردن و دیاریکردنی سیماو خەسڵەتەکانی کارەکتەر بە شێوەیەکی هونەریی پێویستی بە کارامەیی ڕۆمانووس هەیە. کەواتە کەسایەتی گوتاری ڕۆمان بەرجەستە دەکات و زۆرجاریش گوزارشت لە دیدو جیهانبینیی ڕۆمانووس دەکات.
لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ دیاریکردنی شێوازی بونیادی کەسایەتی پەرەسێن و سادە لە ڕۆمانەکانی(کاروان عومەر کاکەسوور)دا تەرخانکردووە، تاوەکە ئەو شێوازە دەستنیشان بکەین، کە ڕۆمانووس لە وێناکردنی پێکهاتەی کەسایەتییەکاندا پەنای بۆ بردووە و بەپێی پێویستیش سوودمان لە چەند نموونەیەکی ڕۆمانەکانیدا وەرگرتووە.
ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە:
لە بەشی یەکەمدا شێوازیی بونیادی کەسایەتی بەرباس دراوە، لە بەشی دووەمیشدا جۆرەکانی کەسایەتی پەرەسێن و سادە بەشێوەیەکی تێوریی و پراکتیکی خراوەتەڕوو.
لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەش بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەنەتەڕوو.

بەشی یەکەم:
شێوازی بونیادی کەسایەتی لە ڕۆماندا:

کەسایەتی بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆمان دادەنرێت، واتە کەسایەتی بە داینەمۆ و بزوێنەری هەموو ئەو ژانرانەی ئەدەب دادەنرێت، کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن. چونکە هۆکاری پێکەوە بەستنی سەرجەم ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی تری جەستەی ڕۆمانە. بەو پێیەی(کەسایەتی یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگ و پڕ بایەخەکانی چیرۆك،

هـەموو یـان زۆربـەی ڕەگـەزەکانی دیکـە بـە دەوریـدا دەسـوڕێنەوە، یـان ئـەو هەڵسـوڕێنەری سەرتاپای ڕۆمانە، بۆیە ئەگەر کەسایەتی لە ڕیزی پێشەوەی ڕەگەزەکان نەبێت، ئەوا بێ گومـان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان و پێکـەوە لەگـەڵ ئـەوانی دی تێکـەڵ دەبێـت، وەك یەکەیـەکی تایبـەت گەشـەکردنی بونیـادی ڕۆمـان بەرەوپێشـەوە دەبات)(عومـەر، 2010، ل: 105 ـ 106). بەگشتی ئەو ڕۆڵەی کەسایەتی دەیبینێت، ئەو توانایـەی پێـدەدات، کـە سـەرجەم ڕەگـەزەکانی دیکە بۆ خۆی کێش بکات و پێکەوە جەستەی ڕۆمان دامەزرێنن.

دەرکەوتنی کەسایەتی(پاڵەوان)لە قۆناغە مێژوویـیە دێرینەکاندا، پەیوەسـت بـووە بە ڕادەو ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە و تێڕوانینیان دەربـارەی کێشـەکانی بـوون. واتـە مرۆڤ(هەر لەو کاتەوەی کـە هەسـتی بـە دنیـا کـردووە نموونـەی زۆری لـە ئەفسـانە و خورافـە بەرهەم هێناوە، چەمکی ئەو بۆ بوون و تێڕامانەکانی بۆ دنیا ڕەنگدانەوەی ئارەزووەکانی بووە، کە نەزانراو بەرزێنێ و دیاردەکانی سروشت هەڵسـەنگێنێت و هێزە لـە ڕادەبـەدەرەکان بپشـکنێت) (عەبدوڵڵا، 2002، ل: 16). لەم ڕوانگەیەوە دید و بۆچوونی کۆمەڵگەکان کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر دروسـتبوونی وێنـەی پاڵـەوان هـەبووە, لـە قۆناغـەکانی پەرەسـەندنییدا. بەشـێوەیەك پاڵـەوانی هـەر سـەردەمێك وێنەیـەکی بەرجەسـتەی شـێوازی تـێ ڕامـانی مرۆڤـەکان بـووە دەربـارەی ژینگـە و دەوروبەرەکـەی. واتـە لـە ژێـر کاریگـەریی بیروبـاوەڕ و هۆشـیاریی دەور و بەرەکەیدا بووە. حیکایەت و بەسەرهاتەکانیش بە مرۆڤەوە پەیوەست بـوون. (هـەر لەسـەرەتاوە چیرۆك بە مرۆڤەوە بەستراوەتەوە و ڕەنگدانەوەی لایەنەکانی ژیانی بووە، چونکە چیرۆکـەکان لـە داهێنـانی مـرۆڤن و پەیوەسـت بـوون بـە بـوونی مرۆڤەکانـەوە. لێرەشـەوە چیرۆکـەکان وێنـەی پاڵـەوانیان لـە قۆناغـە مێژوویـیە جیـا جیاکانـدا کێشـاوە. واتـە وێنـەی پاڵەوانـەکان لـە هـەموو قۆناغەکاندا یەك شێوەیان وەرنەگرتووە، بەڵکو بـە پێچەوانـەوە لـە هـەر قۆناغێکـدا هەریـەك لـەو وێنانە گۆرانیان بەسـەردا هاتووە و خاسـیەت و سـیمای دیاری کراویان هەبووە. واتە هەریەکـەیان تایبـەتن بە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو)(سابیر، 2001، ل: 145). کەواتـە وێنـەی پاڵەوانـەکان گوزارشـتیان لە سـروشت و ژینگە و بیروباوەڕی کۆمەڵگەکان کردووە. بەم پێیەش مـرۆڤ لەگـەڵ فراوانبوونی مەودای بیرکردنـەوە و تێڕامـانی لـە دەوروبـەر و سـروشـت و کۆمەڵگـە(داسـتان)ی داهێنـاوە، کـە کۆمـەڵێك ئەفسـانەی لـە خـۆ گرتـووە. کـە پاڵەوانـەکانی لـە کێشـە و ململانێـی سـەختدا بـوون و ئامـادەی بەخشـینی گیـان بـوون لـە ڕووبەڕووبوونەوەکانیانـدا دژی هێـزە شەڕانگێزەکان. کەواتە لەسـەردەمە کۆنەکانداا(لەو کاتەی کـە بیـری ئەفسـانەیی و خـورافی بـاو بـووە، دەبینیـین پاڵـەوانی ڕووداوە گـەورەکانیش بەهـەمان پێـوەری ئەفسـانەیی و خـورافی تەماشاکراون، واتە پاڵەوانەکان لـە شـێوەی خواوەنـد و دێـو و بوونـەوەرە خەیاڵیـە زەبەلاحـەکان تەماشاکراون، وەکو(گەلگامش و ئەنکیـدۆ و خمبابا)لـە داسـتانی گـەلگامیش دا، هـەروەها ئـەو پاڵەوانانـە توانـای لـە ڕادە بـەدەریان پێـدراوە، کـە لـە توانـای مرۆڤـی ئاسـایی دا نـەبووە، وەکـو پاڵەوانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس کە هەندێکیان لە ڕەگەزی خواوەندەکان بوون. وەکـو خواوەندی زیۆس و هیرا و پۆسیدۆن)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 14). لەم دیدگایەوە پاڵەوانەکان لە ژێر کاریگەری تێڕوانین و بیروباوەڕی کۆمەڵگەدا بوون. کە بیری ئەفسانەیی و خورافەیی بەسـەریاندا زاڵبووە. هەر بۆیە وێنەی پاڵەوانی نێو داستانەکانیش هاو ئاستی پلەوپایەی خواوەندەکان بـوون. واتە دەبوایە خاوەن هێز و توانای سەرسوڕهێنەر بوونایە. بێ گومان کۆمەڵگـەکان ئـەم وێنانـەیان بە پاڵەوانەکان بە خشـیووە. کـە پێوەنـدی بـە ئاسـتی هۆشـیاری سـەردەمەکەوە هـەبووە، لـە ڕووبەڕووبوونەوە و کێشـە و ململانێکانـدا و بەسـتنەوەیان بـە هێـزە نادیـار و شـاراوەکانەوە. بـەم پێیـەش خەسـڵەتی ئەفسـانەیی بـە پاڵـەوان دراوە، لـە بەرەنگاربوونەوەکانییـدا لەگـەڵ دێـو و بوونـەوەرە ئەفسـانەییەکاندا، چونکـە پاڵـەوان سـیمبولی هێـزی چاکـەخوازیی بـووە و نوێنـەری پێکهاتـەو عەشـیرەتەکەی بـووە لـە دژی هێـزی خراپـە و شـەڕانگێزیی. هـەر بۆیـە چارەنووسـی پاڵەوان بە دەست خواوەندەکانەوە بووە.

هەژموونی ئـەم دیـدیی بـە پاڵەوانکردنـە یـاخود وێنـاکردنی کەسـایەتی نێـو حیکایـەت و داستانەکان وەکو پاڵەوانی خاوەن هێز و توانستی لە ڕادە بەدەر، لە سـەردەمانێکی کۆنەوە تـاکو ناوەڕاسـتی سـەدەی شـازدەهەم و سـەرەتای سـەدەی هەڤدەهـەم بـەردەوام بـوو. واتـە ئـەم گیانبـازیی و ئـازایی و فیداکاریـیـەی پاڵـەوان خەسـڵەتی دیـاری جیاکـەرەوەی داسـتان و حیکایەتەکان بوو، بەڵام لە ئەنجامی گەشـەکردنی هزریی مرۆیی و پێشـکەوتنی زانسـتەکان دا تێڕوانینیی مرۆڤیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵەوانـدا گـۆڕانی بەسـەردا هـات، لێـرەوە(داسـتانی

پاڵەوانێتی گۆڕا، بۆ جۆرێکی دیکە لە گێڕانەوە)(عەبدوڵڵا، 2002، ل: 17). واتە داستانی پاڵەوانیەتی بەرە و کزبوون و کاڵبوونەوە دەچوو، لە بەرانبەردا جۆرێکی تر لە گێڕانەوە سەریهەڵدا. کە ئەویش ژانری ڕۆمان بوو، بەم پێیە چەمکی پاڵەوانیش گۆڕانی بەسەرداهات. واتە ئیدی پاڵەوان ئەو تواناو هێز و دەسەڵاتەی نەما کە لە پێشتردا پێی درابوو و لە ئاستی خواوەندەکاندا بوو، بەڵکو جۆرێکی تر لە پاڵەوان دەرکەوت، کە بە پاڵەوانی مرۆیی ناسرا. واتە(پەیدابوونی پاڵەوانی مرۆیی لە ئەدەبدا هێمای شۆرشێکی هزریی بوو، ئەمەش ئەو کاتەی کە نووسەران دوور لە وێنەی خواوەندی نەمر ڕوویان کردە ئەو پیاوانەی کە ئازار دەچێژن و لە ناودەچن. بەرانبەر بەمەش لە ژیانێکی پڕ لە بەرەنگاربوونەوە دا دەژین. واتە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ساتەکانی شکۆمەندیی تۆمار دەکەن، کە لە یادگەی نەوەکانی داهاتوویاندا دەژی)(عەبدوڵڵا، 2002، ل:17 ـ 18). بەم شێوەیە پاڵەوانی خواوەندی بەرە بەرە خۆی لە خەسڵەت و ئەدگارە خواوەندییەکان دادەماڵی و هەنگا و بەهەنگاو بۆ ئاستە مرۆییەکە دادەبەزی. هەروەکو لە(دۆن کیشۆت)ی(سێرڤانتس 1547 ـ 1616)دا بەرجەستە کراوە، کە(گاڵتە جاڕییەکی تەواو بە پاڵەوانەکان و ڕەفتاری دژواریان دەکات و کۆتایی سەردەمێك ڕادەگەیەنێت بۆ پێش چاو خستنی ئەو وێنە ناواقیعییانەی کەسایەتی مرۆیی)(عەبدوڵڵا، 2002، ل: 18). (دۆن کیشۆت)جاڕی مەرگی پاڵەوانی نموونەیی داو، هەموو ئەو وێنە ناواقیعییانەی پاڵەوانی خستە ژێر پرسیارەوە، کە کۆمەڵگە لە ڕێی تێڕوانینە خورافییەکانەوە پێی بەخشیبوون. واتە(دۆن کیشۆت)وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە چەمکی پاڵەواندا بەرە و کەسایەتییەکی نزیك لە واقیعەوە. هەروەها (ڕۆبنسۆن کرۆزۆ)ی(دانیاڵ دیفۆ 1661 ـ 1731) نموونەیەکی تر، کە(ڕۆبنسۆن)وەك تاکێکی مرۆیی ڕووبەڕووی نەهامەتی و ئاستەنگ و سەختییەکانی ژیان و سرووشت و مرۆڤە دڕندەکان دەبێتەوە و پشت بە هێز و توانای جەستەیی و هزریی خۆی دەبەستێت. کەواتە لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ژانری ڕۆماندا کەسایەتی وەك مۆرکە مرۆییەکەی دەستی بە دەرکەوتن و گەڵاڵە بوون کرد، چونکە ئیدی مرۆڤ بووە ئەو بووەی کەشایانی ئەوە بوو خەمی چارەنووسی کۆمەڵگە لە کۆڵ بگرێت و وەك مرۆڤ پرپار بدات و لە ئاستی بەرپرسیارێتییە مرۆییەکاندا بێت.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا(کەسایەتی پێگەیەکی دیار و بەرز و بەرچاویی لە ژانریی ڕۆماندا وەدەستهێنا. پاش ئەوەی سەربەخۆیی بۆ خۆی مسۆگەر کرد و لە ڕووداو جودا بوویەوە)(بحراوی، 1990، ص: 208). بەم پێیە کەسایەتی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندیی خۆی لە ژانری ڕۆماندا دەرکەوت. واتە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەر چەمکی پاڵەواندا هات و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی یاخود کەسایەتییەکی واقیعی دەرکەوت و ئەو خەسڵەتانەی لە سەدەکانی ڕابردوودا پێی بەخشرا بوو. کە ببوونە بارگرانی لەسەری بە تەواوی وەلای نان و بۆ سرووشت و جیهانی واقیعی خۆی گەڕایەوە. بۆیە ڕۆمان لە ڕێی بونیادی کەسایەتییەوە توانی(مرۆڤ لەو هێزە خودایییە بەتاڵ بکاتەوە و هەوڵیدا وێنەی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان لە واقیعەوە وەربگرێت و بە شێوەیەکی سرووشتی وێنایان بکات)(هادی، 2004، ل: 96). ئیتر بەپێی تێپەڕ بوونی کات پاڵەوان بەرە و ئاستی مرۆڤ هەنگاوی دەنا.

کەواتە لە سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواره جۆراو جۆرەکانی زانستە سرووشتی و مرۆڤایەتییەکاندا هاتە ئاراوە، ڕۆمانی ڕۆمانتیکیش لە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە نوێیە و فەلسەفەی تاکگەراییدا، کە بایەخی بە بەها مرۆییەکان دەدا، بەرەوی پەیداکرد بە جۆرێك کە بەرگری لە مافی تاك دەکرد، بەرانبەر پاوانخوازیی کۆمەڵگە و کۆت و پێوەندە کۆمەڵایەتییەکان. هاوکات کەسایەتی دژی داب و نەریتی کۆن دەوەستایەوە و هەوڵەکانی لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی دەخستەگەڕ. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانی ڕیالیزم دا و بە تایبەتی لە ڕیالیزمی سرووشتی دا وێنەی کەسایەتییەکان کت و مت لە واقیعەوە وەردەگیران. تاوەکو گوزارشت لە ئازار و نەهامەتی چینە چەوساوە و زەحمەتکێشەکان بکەن. واتە کەسایەتی(نێو ڕۆمانی ڕیالیزمی نموونەی مرۆڤێکە ڕۆمانتووس لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەڵیدەبژێرێت)(گەرمیانی، 1996، ل:71). واتە لە ڕۆمانە ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمیەکاندا ڕۆمانتووس بایەخێکی تەواوی بە وەسفی سیماو ئەدگارە جەستەییەکانی کەسایەتی دەدا.

لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا، ئیتر ڕۆمانناووس پەیوەست نەبوو بە وێناکردنی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵکو زیاتر مەبەستی وێناکردن و خستنەڕووی لایەنی ناوەوە و پیشاندانی ڕەهەندیی دەروونی کەسایەتییەکان بوو. واتە زیاتر گرنگی بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی بارە دەروونییە ئاڵۆزەکانی کەسایەتی دەدرا، ئەویش لەڕێی مەنەلۆگەوە درکی بە بارە دەروونییە ئاڵۆزەکانی کەسایەتییەکان دەکرد و لە نهێنییەکانیان تێدەگەیشت. لە ڕۆمانی نوێشدا چەمکی کەسایەتی گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات و وەك بوویەك سەرنج دەدرا، کە تەنیا لەسەر ڕووپەڕەکان دەژی و وێنەی ڕاستەقینەی هیچ کەسایەتییەکی دیاریکراو نییە. واتە(کەسایەتییەکان بوونەوەرێکی زمانین و ڕەگەزێکن لە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە و شان بەشانی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 31). لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنەشدا کەسایەتی (نموونەیەکە لە تێکشکان و ترس و ونبوون، بەهای شت و کەس لە خودی خۆیدا واتایان نامێنێت، بەها بە جۆرێکی دیکە سەرنج دەدرێت، زۆربەی کەسایەتییەکان هیچی خۆیان ئاشکرا ناکەن، ناتوانین حوکم لەسەریان بدەین) (سەلمان، 2012، ل: 410 ـ 411). واتە کەسایەتییەکان لە ژێر بارودۆخە ناهەموار و پێشکەوتنە خێراکاندا هیچ دەرفەتیکیان بۆ حەسانەوە و پشوودان نییە و هەمیشە ماندوون و ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە قەیراناوییەن کە تێیدا دەژین.

ئەم ڕانانە خێرایە لە مێژووی پەرەسەندنی کەسایەتییدا پێویست بوو. بۆ خستنەڕووی ئەو گۆڕانانەی لە چەمکی پاڵەواندا هاتووەتە ئاراوە لە نموونەی پاڵەوانی ئەفسانەیی نێو حیکایەت و داستانەکانەوە تاکو دەگاتە چەمکی کەسایەتییە ئاسایی و واقیعییەکانی نێو ڕۆمان و ئەو مامەڵە جیاوازانەی لەلایەن تەوژمەکانی ڕۆمانی نوێوە لەگەڵ کەسایەتییدا دەکرێت. هەموو ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن، کە کەسایەتی پێگەیەکی سەرەکی و پڕ بایەخی لە جەستەی بونیادی ڕۆمان و دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا هەیە.(میخائیل باختیین)ئاماژە بە گرنگی و ڕۆڵی کەسایەتی لە ڕۆماندا دەکات. بەو پێیەی کە(ئەو بابەتە بنەڕەتییەی کە ڕەسەنایەتی ژانری ڕۆمان دەخوڵقێنێت و دەیناسێنێت، بریتییە لە مرۆڤی قسەکەر و پەیڤەکانی)(سلمان، 2012، ص: 9). واتە کەسایەتی سیمای جیاکەرەوە و ناسێنەری ژانری ڕۆمانە. هەر لەم ڕوانگەیەوە(هنری جێمس)لە شێوازێکی پرسیار ئامێزدا چەمکی کەسایەتی پێناسە دەکات (کەسایەتی چییە؟ شیکردنەوەی ڕووداوەکانە. ڕووداوەکان چیین؟ پیشاندانی کەسایەتییەکانن)(حاجی، 2009، ل: 173). (هنری جێمس) بە شێوەیەکی دیالێکتیکی پێوەندیی و گرنگی دووانەی کەسایەتی و ڕووداو دەخاتەڕوو، کە دەرکەوتنی هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر دەرکەوتن و خستنەڕووی ئەوی دیکەیان دەبێت. یاخود کەسایەتی (بکەرێکە، کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان دروست دەکات و هەندێك لە ڕەگەزەکانی ڕۆمان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، لە ڕێگەی وەسفەوە بە شێوە و ڕوخساری ئاشنا دەبین و لایەنی ڕەوشت و پایەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت. هاوکات لە ڕێگەی وەسفی گێڕەرەوەوە تایبەتمەندییە دەروونی و جەستەییەکانی بە وەرگر دەگەیەنرێت)(حجازی، 2001، ص: 103). ئەگەرچی ئەم پێناسەیەش داننانە بە پێگەی گرنگی کەسایەتیدا، بەڵام ئەم پێناسەیە زیاتر بە ڕۆمانە تەقلیدییەکانەوە پەیوەستە. لە چۆنییەتی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکاندا بە وەرگر. واتە بەپێی ئەم پێناسەیە ڕۆمانناووس پێویستە بە وریاییەوە سەرجەم ڕەهەندەکانی کەسایەتی وێنە بگرێت و پێشکەش بە خوێنەری بکات. یاخود هەر لە پێناسەی کەسایەتییدا دەگوترێت(کەسایەتی لە چیرۆکدا، خولگەی واتا مرۆییەکان و تەوەری هزر و بۆ چوونە گشتییەکانە)(هلال، 1973، ص: 562). لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە کەسایەتی دەبێتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی هزر و ئایدۆلۆژیای ڕۆمانناووس یاخود کەسایەتی دەبێتە هەڵگری ئەو بیروباوەڕەی کە ڕۆمانناووس باوەڕی پێیەتی و لە پێناوییدا کار دەکات و دەیەوێت لە ڕێی کەسایەتییەکانەوە گوزارشت لە جیهانبینی خۆی بکات. بێ گومان ئەم بیرو باوەڕانەش لە ڕێی کردەی گێڕانەوەوە یاخود دایەلۆگ و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانەوە بە وەرگر دەگات. هەر بۆیە کەسایەتی بەیەکێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی جەستەی ڕۆمان دادەنرێت و هاوکات بە ڕەگەزێکی کارا لە بردنە پێشی پرۆسەی گێڕانەوە دادەنرێت. چونکە ڕەگەزی کەسایەتی چەند ڕۆڵێکی گرنگ لە بونیادی ڕۆمان و پێکگەیاندنی ڕەگەزەکانییدا دەگێڕێت. ئەویش لە ڕێی نمایشکردنی

ڕوداوەکانەوە یاخود لە میانەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانییەوە دەکرێت پەی بە تیمەی ڕۆمان ببرێت.

ئەم بەهایەی کەسایەتی لە ڕۆماندا، بە جۆرێکە کە سەرجەم ڕەگەزەکانی تر لە خولگەیدا دەخولێتەوە. جا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، کە ئایا ڕۆمانووس سەرچاوەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان لە کوێوە وەردەگرێت؟ (بێ گومان کەسایەتیی نێو ڕۆمان بەرجەستەکردنی کەسایەتی مرۆییە بەسەرجەم ڕەهەندە دیار و هەڵسوکەوتە هەزری و دەروونییەکانییەوە)(عەبدوڵڵا، 2002، ل: 14). کەواتە واقیع سەرچاوەیەکە بۆ وەرگرتنی وێنەی کەسایەتییەکان، بەڵام ئەم کەسایەتییانە ڕاستەوخۆ ناگوێزرێنەوە بۆ نێو دنیای ڕۆمان، چونکە(ئەو کەسایەتییەی، ڕاستەوخۆ و بەبێ ڕتووش، لە واقیعەوە دەخوازرێت، هەرگیز بە شێوەیەکی هونەری ناسەلمێندرێت و موقنیع نابێت، گەر ڕۆمانووس پەرداخی نەکردبێت)(سەراج، 2007، ل: 23). لەم دیدگایەوە نابێت کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان فۆتۆکۆپی دەقاودەقی کەسایەتییەکانی نێو دنیای واقیع بێت. چونکە ئەم لایەنانە کار دەکاتە سەر ئاستی هونەری ڕۆمان و بەهای ئیستاتیکی و چێژی دەق دەشێوێنێت. هاوکات لێرەدا تیشکێك دەخەینە سەر ئەو بۆ چوونانەی، کە بە ئەندازەیەك کەسایەتییەکان لە ژینگەو واقیع دادەبڕن و(پێیان وایە کەسایەتییەکان چەند ڕەگەزێکی ئەندێشەکراون، کە ڕووداوەکانی نێو دەقی ڕۆمان دەخوڵقێنن یان شوێنەواری ڕووداوەکانیان دەکەوێتە سەر و تەنها ژمارەیەك بوونەوەری سەر ڕووی لاپەڕەکانن)(محەمەد، 2009، ل: 37). یاخود کەسایەتی تەنیا لە نێو دەقدا ئامادەیە و لە دەرەوەی دەق کەسایەتی هیچ مانایەکی نییە، دیارە ئەمە تێڕوانینیی(ڕۆڵان بارت)ە بۆ کەسایەتی. بێ گومان داپرانی کەسایەتی لە واقیع واتای داپرنی دەقە لە ژینگەی واقیع. بۆیە دەکرێت ڕاڤەکی دیکە بۆ جۆری ئەو کەسایەتییانەی کە لەسەر ڕووپەڕی لاپەڕەکان دەردەکەون و ئەو کەسایەتییانەی لە واقیعدا هەن بکرێت. چونکە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەویش(ڕووداو)ەکانن. واتە ڕووداوەکان ئەو پێوەندییە دروست دەکات و ئەو سنورەی داپرانی نێوانیان کاڵ دەکاتەوە، بەم شێوەیە لە ڕێی کار و جوڵەی کەسایەتییەکانەوە چ لە واقیع و چ لە ڕۆماندا هەست بە بوونی ژیان و زیندەگی دەکرێت. کە دەشێت وەك تەواوکەری یەکدی بنە بنەمایەك بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە واقیع و دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گەڵێك زنجیرەی نادیار لە ژیانی مرۆڤەکاندا. بەتایبەتیش لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییدا میتۆدێك بە ناوی(میتۆدی دەروونشیکاریی ـ المنهج النفسی)ەوە هەیە. وەك چۆن(هەندێك ڕۆمان و تابلۆ هەن کە سەرساممان دەکەن، کاتێك لێیان دەڕوانین و دەیان خوێنینەوە بە ئاگا دەبین لەوەی ئەو بەرهەمە هی کەسێکی ناهاوسەنگ و دەروون شێواو بووە، وەك چۆن لە دوایین تابلۆکانی(ڤانکوخ)دا چەقۆ بەکارهاتووە، ئەمەش نیشانەی دەروون شێواوی ئەو هونەرمەندەیە)(صلیوە، 2013، ل: 221). کەسایەتی وەك چۆن لای ڕۆمانووسان جێگەی بایەخە، بەهەمان شێوە چەمکی کەسایەتی لای دەروونزانەکانیش بابەتێکی مشتومڕ ئامێزە و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. بۆیە کەسایەتی لەڕووی دەروونزانییەوە(بریتییە لە کۆمەڵێك خەسڵەتی جەستەیی و هۆشداری و هەڵچوون، یان کۆمەڵێك کارتێکردنە کە کەسێك لە بەرانبەر کەسانی تردا ئەنجامی دەدات و لەڕێی ڕەفتاری هزریی یان جوڵەی دەرەکی کەسایەتییەکانەوە دەردەکەوێت)(جەباری، 2000، ل: 30). کەواتە کەسایەتی خاوەن پێگەیەکی تۆکمەیە چ لە نێوان واقیعی ژیاندا و چ لە نێو دەقی ڕۆماندا. واتە هەڵبژاردنی کەسایەتی بۆ دنیای ڕۆمان کارێکی میکانیکی نییە، بەڵکو پێویستی بە سەلیقە و هۆشیاریی ڕۆمانووس هەیە. ئەمەش وا دەکات کە ڕۆمانووسەکان بەپێی سروشتی ڕۆمانەکانیان کەسایەتییەکان هەڵبژێرن و ڕۆڵییان پێ ببەخشن. واتە(کەسایەتی نێو ڕۆمانی موغامەرات تەواو پێچەوانەی کەسایەتی ڕەشبینی نێو ڕۆمانێکە کە باس لە دەروونی کەسایەتییەك بکات، کەسایەتی نێو ڕۆمانی پۆلیسی جیاوازە لە کەسایەتی نێو ڕۆمانی مێژوویی)(سەلمان، 2012، ل: 410). واتە کەسایەتی فرە جۆر و فرە ناسنامەیە و وێناکردنی پێویستی بە شارەزا بوون لەسەرجەم ڕەهەندەکانی کەسایەتی هەیە.

کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان خاوەنی ناو و ناسنامەی خۆیانن. جا ئەگەر ناوێکی تایبەت، نازناو، ڕەنگە هەندێك جار پێتێك یان ژمارەیەك بێت. هەروەها لایەنێکی گرنگی دیکەی پەیوەست بە پونیادیی کەسایەتی لە ڕۆماندا، ئەوەیە کە(مەرج نییە کەسایەتی هەر تەنیا مرۆڤ بێت، بەڵکو نووسەری وا هەیە بایەخ بە کەسایەتیی زیندەوەرێك دەدات، وەك(سەگ،

کـــەو...)یان ڕووەك و درەخـــت و شـــتی بـــێ گیـــان، یـــان پردێـــك یـــاخود گیانـــەوەری ئەفسانەیی)(سـەراج، 2007، ل: 13). واتـە کەسـایەتی لـە فـۆرم و شـێوەی دیکـەدا هاتـە نێـو دەقـی ڕۆمانـــەوە، وەکو(ئـــەو ماسییەی(ســـانتیاگۆ)ی ماســـیگر لـــە نێـــو ڕۆمـــانی(پیرەمێرد و دەریا)ی(هەمەنگوای)دا دەیەوێت بیگرێت، پاڵەوانێتییەکەی هیچـی لـە پاڵەوانێتیی(ســانتیاگۆ)ی ماسیگر کەمتر نییە)(مونیف، 2006، ل: 20). یاخود لـە ڕۆمانی(هێشـووەکانی تووڕەیی)ی(جـۆن شتاینبیك)دا سروشت پاڵەوانە. واتە وێنەی کەسایەتی لە بونیـادی ڕۆمانـدا تـەنیا بـە مرۆڤـەوە پەیوەست نەکرا. بەڵکو دەشێت بوونەوەری تر هەمان ڕۆڵی کەسایەتی بگێڕن.

لە دیدی(ئەیان وات)ەوە، دوو ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی شێواز گرنگی تایبەتییان لـە بونیـادی ڕۆماندا هەیە، ئەوانیش(وێنەی کەسـەکان و خستنەڕووی باکگراونـدی کەسـایەتییەکانە، چونکـە ڕۆمـان بـەوە لـە ژانرەکـانی دیکـەی ئـەدەب جیادەکرێتـەوە، کـە زیـاتر بایـەخ بـە دەرخســتنی کەسایەتییەکان دەدات، بە شێوەیەك کە ئەو کەسـایەتییانە ڕاسـتەقینەن جگـە لـەوەش وێنـەی دەوروبـــەری ئـــەو کەســـایەتییانە هێنـــدە بـــە وردی دەکێشـــێت کـــە مـــۆرکێکی هـــەقیقیان پێدەبەخشێت)(ئەیان وات، 2009، ل: 26). بەڵام لە ڕوانگەی تێڕوانینی ڕەخنەی نوێوە، چـەمکی کەسایەتی گۆڕانی بەسـەردا هـات. واتـە کەسـایەتی بـە نـاوەوەی دەقـەوە پەیوەسـت کـرا، بـە جۆرێـك کـە کەســایەتی لـە دەرەوەی دەقـدا بـوونی نییـە، واتـە تـەنیا دەق دەتوانێـت بـوونی کەسایەتیی دیاری بکات، ئەمەیش پەیوەست کرا بەو (ئەرکەوە کە لەگەڵ ڕەگـەزەکانی دیکـەی وەك (گێڕانەوە، ڕووداو، کات، شوێن)لە ڕۆماندا بەجێی دەگەیەنێت)(العید، 1990، ص: 22). بـەم شێوەیە لە دیدی بونیادگەرەکانەوە، پێگەی کەسایەتی بەو ئەرکەوە پەیوەست کرا، کە لە دەقـدا ڕایدەپەڕێنێت.

دەکرێت لەم خاڵانەی خـوارەوەدا ڕۆڵ و ئـەرکی کەسـایەتی لـە بونیـادی ڕۆمانـدا دیـاری بکەین(سلمان، 2012، ص: 9 ـ 12) کە بریتین لە

1. ڕۆماننووس دەتوانێـت لـە ڕێـی کەسـایەتییەکانەوە گوزارشـت لـە ئایـدۆلۆژیاو بیروبـاوەڕی خۆی بکات.
2. دەکرێت کەسایەتی گوزارشت لە خەونەکانی ڕۆماننووس دەربارەی کۆمەڵگەکەی بکات، ئەویش لە ڕێی وێناکردنی چینە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەکەیەوە.
3. دەکرێت کەسایەتییەکان گوزارشت لە خەمە خودییەکانی ڕۆماننووس بکەن. ئەویش لـە ڕێـــی بەرجەســـتەکردنی لایەنـــە خودییـــەکانی ژیـــانی ڕۆماننووســـەوە، واتـــە هەنـــدێك لـــە کەسایەتییەکان ڕەنگدانەوەی خودی کەسایەتی ڕۆماننووسن.
4. کەسایەتی هۆکـاری بەخشـینی زیندەگییـە بـە دەقـی ڕۆمـان، چونکـە کەسـایەتییەکان ڕووداوەکان دەخوڵقێنن و لە ڕێی کارلێکردنەوە وەگەڕیان دەخەن و دەیان جوڵێنن.
5. کەسایەتی فاکتەرێکی گرنگی بونیادی پەیکەری ڕۆمانە، چونکـە ڕۆڵـی ئەڵقـەی پێکـەوە بەستنی سەرجەم ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان دەگێڕێت.

دیارە پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی خوێنـەریش لـە تـەواوکردنی وێنـەی کەسـایەتییدا بکرێـت. واتە خوێنەریش بە پشت بەستن بەو پێشینە مەعریفی و ڕۆشـنبیرییەی کە هەیەتی، دەتوانێـت کەسایەتییەکان زیاتر لە هزری خۆیدا بەرجەسـتە بکـات و وێنایـەکی نزیـك لـە هەقیقـەتیان پـێ ببەخشـێت. واتـە کاتێـك ڕۆمـاننووس لـە میانـەی گێڕانـەوە و وەســف و دایەلۆگـەوە وێنـەی کەسایەتییەکان بە ڕوونی پێشکەش ناکات. ئەوا مەبەستییەتی کە خوێنەر ڕابکێشێتە نێو دنیای دەقەکە و لە ڕێی گـوێ گـرتن لـە نـاخی کەسـەکان و بـارە دەروونییەکانیانـەوە وەرگـر دەتوانێـت وێنـەی ســیماو ڕوخســارە تەمومژاوییـەکان ڕوون بکاتـەوە و پـەی بـە ڕەهەنـدە جەســتەیی و دەروونییەکانی کەسایەتییەکان ببات.

بۆ زیاتر خستنەڕوو بەرجەستەکردنی شێوازی بونیادی کەسایەتی پەرەسێن و سادە لـە بەشی دووەمدا دەخەینە بەرباس.

بەشی دووەم:

جۆرەکانی کەسایەتی لەڕووی پێکهاتەوە:

کەسایەتییە سەرەکی و لاوەکییەکان، لـە ڕووی پێکهـاتن و سـرووشـتی بونیادنانـەوە لـە ڕۆماندا بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبن، واتە ئەو دابەشکردنانەی بۆ کەسایەتی ڕۆمان لـە ڕووی پێکهاتەوە کراوە پێوەندی(بە چۆنییەتی پێشکەشـکردنی کەسـایەتییەکانەوە لـە پرۆسـەی

گێرانەوەدا هەیە. واتە لە زێوان هەردوو تایبەتمەندیی جوڵە و وەستاندا، کەسایەتی ڕۆمان بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت کە بریتین: لە کەسایەتییەکی جێگیر و نەگۆڕ، لەگەڵ کەسایەتییەکی خاوەن جوڵەو گۆڕان)(ناصر، 2015، ص: 167). ڕەخنەگر و ڕۆمانووسی ئینگلیزی(فۆرستەر)یەکەم کەس بوو، کە لە ڕێی سەرنجدانی کەسایەتی و تێڕامان لە سروشتیان لە دەقەکاندا، دوو جۆرە تایبەتمەندی سەرەکی و بنچینەیی پۆ کەسایەتییەکان دیاری کردووە، کە بریتین لە کەسایەتییەکی ڕووکەش و کەسایەتییەکی قوول و بە(کەسایەتی بازنەیی و کەسایەتی تەخت یاخود فلات)(ناصر، 2015، ص: 167). ناویان دەبات. لەژێر ڕۆشنایی دابەشکردنەکەی(فۆرستەر)دا. لەلایەن چەند ڕۆمانووس و ڕەخنەگری دیکەوە چەند زاراوەیەك لەو ڕووەوە خراونەتە ڕوو، بۆ نموونە لەلایەن(ئەدوین مۆیەر)(زاراوەکانی(پوخت و کاریکاتێری)لە بەرانبەر زاراوەی فلات و(گەشەکردوو و درامی)لە بەرانبەر زاراوەی(بازنەیی)دا بەکارهێناوە)(موير، 1965، ص: 138). لە لایەن(د. محمد غنيمی هلال)هەردوو زاراوەی(یەك ئاست و گەشەسەندووی)(هلال، 1973، ص: 565). بەکارهێناوە. واتە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بۆ دابەشکردنی پێکهاتەی کەسایەتی خراونەتەڕوو، ئەگەرچی دابەشکردنەکان تەنیا لە ڕووی زاراوەوە لە یەکدی جیاوازن، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنن. بۆیە لێرەدا و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زاراوانەدا کەسایەتی لە ڕووی پێکهاتەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێت:

1. کەسایەتی پەرەسێن.
2. کەسایەتی سادە.

1. کەسایەتی پەرەسێن:

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕووی زاراوەوە بە(بازنەیی، بگۆڕ، گەشەکردوو، دینامیك)یش ناسراوە، دیارترین خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن ئەوەیە، کە بەردەوام لە جوڵە و گۆڕان و پەرەسەندنداية. واتە پەیتا پەیتا وێنە و سیمای لای وەرگر ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا گەشەدەکات. کەواتە کەسایەتی پەرەسێن(ئەو جۆرە کەسەیە، کە خاوەنی چەندین ڕەهەندیی مرۆیی وەك هەست و سۆز و هەڵچوون و بیر و بۆچوون و لایەنی دەروونی و بیرکردنەوەیە و هەموو ئەم ڕەهەندانەش پەیتا پەیتا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دی بە دەردەکەون. واتە لە هەر هەڵوێستێکدا هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی نوێی دەبێت، کە دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی یەکێك لە ڕەهەندەکانی کەسایەتییەکەی) (عەبدوڵڵا، 2000، ل: 15). کەسایەتی پەرەسێن هەنگاو بەهەنگاو دەردەکەوێت و خۆی ئاشکرا دەکات، هەر بۆیە ئەم جۆرە کەسایەتییە لە ڕووی پێکهاتەوە خاوەنی یەك شێوە و یەك ڕەفتار و یەك جۆرە بیرکردنەوە نییە، چونکە ئەو تەنیا جارێك دەرناکەوێت، بەڵکو خاوەنی ئامادەییەکی بەرچاوە لە پانتایی ڕۆماندا. هەر بۆیە هەمیشە لە شێوە و هەڵوێستی جیاوازدا خۆی بۆ خوێنەر دەردەخات. واتە ڕۆمانووس هەوڵ دەدات کە کۆمەڵێك هەڵوێست و کردار و سیفەتی جیاواز و گۆڕاو بە کەسایەتییە پەرەسێنەکان ببەخشێت. تاوەکو لە قۆناغە نوێیەکانی دەرکەوتنیاندا بتوانێت بە شێوەی جیاواز وێنەیان بکێشێت و لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا بیان گونجێنێت. بەم پێیەش لە هەر دەرکەوتن و هەڵوێستێکدا لایەنێکی ژیانی ئاشکرا دەبێت و ڕووناکی دەخاتە سەر گۆشەیەکی ڕووداوەکان. لەم ڕوانگەیەوە کەسایەتی پەرەسێن (دەسکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکو بە دوادا هاتن و کەڵەکە بوونە و لە حاڵەتی خەڵقبوونێکی بەردەوامدایە، لە هەموو چرکەیەکدا دروست دەبێت و کامڵ دەبێت، دوا ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت ئەو کاتە نەبێت کە تەواو دەبێت، لە بەرئەوە ئەستەمە ئەو کەسایەتییە هەر لە سەرەتاوە ئەدگاری تەواوەتی خۆی وەرگرێ یان ڕووخساری کۆتایی پێهاتووی هەبێت)(مونيف، 2006، ل: 52). کەسایەتی پەرەسێن لە زێوان ڕووداوەکاندا پێدەگات و گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆڵەکەی لە ڕۆماندا، ڕێگە بە وەرگر دەدات کە هەمیشە زانیاری نوێی لێ وەدەست بهێنێت.

لێرەدا ئەوەی پێویستە تیشکی بخەینەسەر، ئەوەیە کە مەرج نییە کەسایەتی سەرەکیی کەسایەتی پەرەسێن بێت، چونکە(جاری وا هەیە کەسایەتی سەرەکی لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە گۆڕانێکی گرنگ و ڕیشەیی لە کەسایەتی و هەڵوێست و باری دەروونی و بیر و بۆچوونیدا ڕوونادات، ئەم جۆرە کەسایەتییە نموونەی لە

ڕۆمانی سیاسی و ڕەوشتی و ئاینییدا زۆرە، بەڵام ئاساییە کە کەسایەتییەکی لاوەکی گۆرانی بە سەردا بێت و بکرێتە نموونەی کەسایەتییەکی پەرەسێن)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 72 ـ 73). دابەشکردنی پێکهاتەی کەسایەتی بۆ(پەرەسێن و سادە)مانای ئەوە نییە، ڕۆمانناووس دەبێت تەنیا گرنگی و بایەخ بە(کەسایەتی پەرەسێن)بدات و کەسایەتییە سادەکان پەراوێز بخات یاخود وەلایان بنێت، بەڵکو پێویستە ڕۆمانناووس پەپێی سرووشتی دەقی ڕۆمان لە نێوان کەسایەتییە پەرەسێن و سادەکاندا هاوسەنگی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و پلۆتی ڕۆمانەکەدا ڕابگرێت. هاوکات فرە جۆری لە کەسایەتییەکاندا لە ڕۆماندا دێتەکایەوە. کە ئەمەش لەلایەك دەقی ڕۆمان دەوڵەمەند دەکات لەلایەکی دیکەوە هانی خوێنەریش دەدات، کە دەستبەرداری دەقەکە نەبێت و لە دووی ناسینەوە و ئاشکراکردنی ڕاز و لایەنە شاراوەکانی کەسایەتییەکان بگەڕێت.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا:

لە ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا(نەوال)نموونەی کەسایەتییەکی پەرەسێنی نێو ڕۆمانەکەیە. کە بووەتە سیمبولێك بۆ وێناکردنی جیهانێکی بێ ڕەنگ و بێ دەنگ و بێ ژیان. ئەو دەیەوێت لەو جیهانە نێکشکاوەدا بەدوای ژیاندا بگەڕێت, ئەو دەیەوێت لە جوگرافیایەکی نامۆدا تاکەکان بەرەو هۆگریی و ئارامی ببات. هەربۆیە کەسایەتی(نەوال)بە جۆرێك لە ڕۆمانەکەدا بونیاد نراوە تابتوانێت گوزارشت لە گوتاری ڕۆمانەکە بکات. ژیانی (نەوال)هەمیشە لە گۆراندابوو. ئەو بووەتە پاڵەوانی نێو واقیعیکی دژوار و سەخت کە مەبەست لێی وڵاتی عێراقە، بەڵام عێراقێك لەسەر ئاستی سیمبول بۆ گوزارشت کردن لە ئازارە بێ کۆتاکان و تراژیدیا نەپراوەکان. (نەوال) بەشێوەیەکی فانتازیی لە نێو دنیای ڕۆمانەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. (نەوال)هەر لە منداڵییەوە دەبێتە قوربانی ئەویش کاتێك باوکی لەلایەن(کاکەسوور)ەکانەوە دەکوژرێت. ئیتر بەردەوام دووچاری دۆخێکی دەروونی نالەبار و بوورانەوە و وردبوونەوە و خەوزراندن و قێزلێبوونەوە و ڕشانەوە دەبووەوە. هەرسات ناسانێك، کاتێك پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی زەینی تەوژمی بۆ دێنن و وەڵامی چنگ ناکەوێت. دەکەوێتە دۆخێکی ناجێگیر و دەست بە وردبوونە دەکات و دواتر بۆ ماوەیەك لە هۆش خۆی دەچێت و دەکەوێتە ناو جێگە. ئەم بارە ناجێگیرە لە منداڵییەوە لەگەڵی بەردەوام دەبێت. هەر ئەم دۆخەش وا لە(نەوال)دەکەن کە کەسایەتییەکی زۆر هەستیاری هەبێت. گریان و تۆران بەوونە خووی هەمیشەیی.

(نەوال)کاتێك وەکو قوتابیەك لە قوتابخانە، دەبینێت ڕۆژانە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی باوك و برا و کەسانی ئازیزییان لە دەست دەدەن و تەرمەکانیان بۆ دێننەوە. ئیتر دەکەوێتە گێژاوە و دیمەنی کوشتن و خوێنڕشتن و ترس و سەرهەڵگرتن و ڕاونان و بزربوون و دوورکەوتنەوە. دەبنە ئەو دیمەنانەی کە هەمیشە هۆش و زەینی دەگوشن و دەیخەنە دۆخێکی نالەبارە و لە نێو ئاگایی و بێ ئاگاییدا دەخولێتەوە دواتر بەرەو دۆخی ئاسایی دەگەڕێتەوە. کوژرانی باوکی و نێکچوونی باری دەروونی دەیخەنە دۆخێکەوە لە ماڵی خۆیاندا تووشی فۆبیا بێت و هەموو دەم وا بزانێت (کاکەسوور)ەکان هێرشی بۆ دێنن و دەپکوژن. ئەمەش وا لە خێزانەکەی دەکات بۆ ماوەیەك لە ماڵی خۆیانی دووربخەنەوە. بۆیە منداڵی بۆ ئەو تاڵ بوو. هەربۆیە کاتێك(نەوال)بە بێزارییەوە چاو بە شیعرەکانی شاعیرێکی ئیتالیدا دەگێڕێت، کە خاڵی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و سەرنجی دەکەوێتە سەر کۆپلەیەك کە دەڵێت:

(شاعیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع هیچی لە دەست نایەت، گەڕاندنەوەی منداڵیی نەبێت.. بێگومان ئەویش بە یادکردنەوە.. بەڵام ئەم شاعیر نییە و گۆرانیبێژە.. گۆرانیبێژە و ئەوەی نایەوێت بیری لێبکاتەوە منداڵییە.. گۆرانیبێژە و ئەوەی حەزی لێناکات یادکردنەوەی ڕابردوویەتی..)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 417 ـ 418).

(نەوال)لەو ڕابردوویەش ڕا دەکات کە منداڵییە تاڵ و پڕ ئازارەکەی لە ئامێزگرتووە. هەربۆیە بە پێچەوانەی شاعیرەکەوە بیر دەکاتەوە و نایەوێت بۆ ئەو یادەوەرییانە بگەڕێتەوە. چونکە ئەو لەو منداڵییە هەڵدێت. (نەوال) تەمەنی منداڵی لە نێو دوو خێزاندا بەسەر بردووە. بێ گومان ئەمەش کاریگەری لەسەرچۆنیەتی پەروەردەکرد و دروستبوونی کەسایەتییدا هەبووە. دواجار هەر ئەم بارەش ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی ژیانی بەجێدەهێڵێت.

دیمەنی خوێن و کوشتن و بێسەروشوێن کردن باڵی بەسەر فەزای ڕۆمانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)داکێشاوە. هەموو ئەم حاڵەتانەش ئەوە بەسەر کەسایەتی(نەوال)دا دەسەپێنن کە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێت و بەرگەی هەموو ئەو دیمەنە دزێو و جەرگبڕانە بگرێت و لە نێو ئەو واقیعە ناهەمواوە دا دەست بە یاخی بوون بکات. هەمیشە دژی باو بێت. هەوڵی

گۆرانکاری بدات. هەموو ئەمانەش نەخشیان لەسەر کاملّ بوونی کەسایەتی(نەوال)دا هەبووە. ئەو کەسێکی پڕ لە پرسیار و گومان بوو. ئەمانەش کەسایەتییەکی ڕاڕایان پێبەخشیبوو. حەز دەکات هەموو شتێك تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە(نەوال)وەك گۆرانیبێژێك:

(**بە دوای ڕەنگ و مەرگ و ناوبانگدا دەگەڕێت.. ڕەنگ بۆ گۆرانی و بۆ شتنی ناخی، بۆ لابردنی ئەو بەڵخانەی دەکەونە سەر ژێپەکانی دەنگی و جوانکردنی وشە دزێوەکان.. مەرگ بۆ تەنگانە و ناوبانگیش بۆ دڵنیابوون لەوەی هەیە و حیسابی بۆ دەکەن**)(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، ل: 326).

(نەوال)وەکو هونەرمەندێك بە دوای نهێنی ژیاندا دەگەڕا، ئەو مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو قوڵتر درکی بە ئازارەکان دەکرد. ئەو دەیویست بە هونەر شەڕی واقیعە داسەپاوەکان بکات. بۆیە دەنگی کردبووە بڵند گۆیەك بۆ گوزارشت کردن لە جوانی و هەقیقەت و پاکبوونەوە. دەیوست لەو دنیا بێ ڕەنگەدا کە(سوور، ڕەش، سپی)تێیدا بااڵ دەست بوون ڕەنگی نوێ بدۆزێتەوە. چونکە ئەو سێ ڕەنگە بە تەنیا توانای بینینی ئاسۆ دوورەکان لە مرۆڤ زەوت دەکەن. تواناکانی سنووردار دەکەن مەوداکانی بیری کردنەوە و تێڕامانی تەسك دەکەنەوە. بۆیە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە سروشتی مەملەکەتەکەی ئەو بەشێوەیەکە، کە جگە لە ڕەنگەکانی(ڕەش، سپی، سوور)هیچ ڕەنگێکی دیکە هەڵناگرێت. بۆیە بیری لە وتەکانی هاورێیەکی دەکاتەوە کە پێی دەوت:

(**گوایە سروشتی ئەم وڵاتە بێجگە لەم سێ ڕەنگە هیچی تر هەڵناگرێت و هەر ڕەنگێکی تری بۆ بهێنیت کاڵیدەکاتەوە.. مامی و ئامۆژنی ..... هەموو ئەوانی تریش بە ڕەنگاو ڕەنگیی هاتوون و لێرە ڕەنگیان وەکوو هی ئەوانی لێهاتووە**)(ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل: 105).

(نەوال)نەیدەتوانی بەرانبەر ئەو واقیعە دەست لە ئەژنۆ دانیشێت و چاوەڕوانی مەرگ بکات تاکو جەستەی ئەویش هەڵلوشێ. بۆیە هەوڵیدەدا و بیری دەکردەوە و بۆ دووری دەڕوانی بۆ ئەوەی پەی بە دنیایەکی ڕەنگاو ڕەنگی ڕازاوە ببات و ژیانی تێدا دروست بکات. ئەگەرچی(نەوال)یش بۆخۆی قوربانی بووە. هەر لەمندااڵیەوە باوکی بووەتە قوربانی ململانێ بێ ماناکانی وڵات و لە سۆزی باوکی بێبەش دەبێت. دواتر تەمەنێکی هەرزەیی و گەنجی سەختی بەڕێکردووە کە تەژی بووە لە ژان و ئازار. پاشان وەکو هونەرمەندێك لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا باجی داوە و ناوناتۆرەی نەشیاویان دواخستووە. لە کۆتایشدا وەکو ژنێك لە زێدی خۆی هەڵدێت و هەر لەو ساتانەشدا مێردەکەشی لە ململانێکاندا لە دەست دەدات و بۆ هەتاهەتایە لێی بزر دەبێت. بۆ دواجاریش منداڵە دووانەکەی لێ داگیر دەکەن و وەك تاوانبارێکی دەرچوو لە یاسای وڵاتی(کاکە سوور)بە سزای دەگەیەنن. واتە(نەوال)جگە لەوەی وەك مرۆڤێکی هۆشیار لە کێشەکان دەڕوانێت و هەموو نەهامەتییەکان هەست پێدەکات. هاوکات هەموو ناڕەحەتییەکانی ژیانیش ئەزموون دەکات. هەر ئەمەش وا لە(نەوال)دەکات لە ژێر ڕۆشنایی وتە بەناوبانگەکەی(دیکارت)دا کە دەڵێت: ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)). بۆیە(نەوال)لە دایەلۆگێکدا لەگەڵ(هالە)ی خوشکیدا وتەکەی(دیکارت)بە جۆرێکی دیکە تەوزیف دەکات و دەڵێت:

(**ـ ئاخ ..!! من چەند گوناحم، کە هەم و گیانم لەبەرە..!!**

ـ چۆن نەوال..؟! تۆ هەیت و گیانت لەبەرە، بۆیە گوناحیت..؟!)(ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل: 435).

(نەوال)لە خۆی دەکەوێتە گومانەوە، کە چۆن تا ئێستا ماوە و بەرگەی ئەو هەموو خەم و ژانەی گرتووە. بۆیە بوونی خۆیی لەو هەموو نەهامەتی و کارەساتانەدا دەبینێتەوە کەبەسەری هاتووە. ئازارەکان وای لێدەکەن هەست بە بوونی خۆی بکات. لە شوێنێکی دیکەدا(نەوال)هەر لە پرسی نێوان بوون و نەبووندا. ئەوساتەی بیردەکەوێتەوە کە:

(**دەرگای ژووری میوانی کردەوە و چوو لەبەر ئاوێنەکەدا وەستا.. جلەکانی لەبەر خۆی داکەند و هەڵیدانە سەر کورسیەکانەوە.. هیواش هێواش یاریی بە سەرگۆی مەمکەکانی دەکرد و سووك سووك دەیوت:**

ـ من هەم و دەتوانم بیربکەمەوە..!! من هەم و دەتوانم خوڵقێنەر بم..!!)(ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا، ل: 451).

لێرەوە(نەوال)وەك مێیەك هەست بە بوونی خۆی دەكات. كە توانای وەچە خستنەوەی هەیە و دەتوانێت لە ڕێی مەمكەكانییەوە ژیان ببەخشێت.

(نەوال)كەسایەتییەكی پەرەسەندوو و زیندوویی نێو ڕۆمانی پڕ لە ململانێی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)یە، چونكە گوتاری ڕۆمانەكە بریتییە لە ململانێ لە پێناوی مانەوەدا. واتە لەو ولاتەی كە بە ئاگری شەڕە بەردەوام و بێ ماناكانی، تەنیا ولاتەكەی نەكردووەتە وێرانە، بەڵكو دەروونی تاكەكانیشی داڕزاندووە و هەست بە تامی ژیان ناكەن. تاكەكانی كۆمەڵگەكەی(نەوال)باجی تاوانێك دەدەن كە هیچ گوناحێكی ئەوانی تێدا نییە. ئەوان مەحكومن بەوەی، كە تەنیا هەر بگرین و قوربانی بدەن. بۆ ئەوەی ئاگری شەڕەكان خامۆش نەبێت. (نەوال)دەیەوێت ئەو تاریكستانە ڕۆشن بكاتەوە و بزە بۆ سەر لێوی تاكەكان بگەڕێنێتەوە. ئەو دەیویست گۆرانی بۆ ژیان و بۆ خۆشبەختی مرۆڤەكان بچڕێت. ئەو دەیویست مرۆڤەكان گوێیەكانیان بە ئاوازی پڕ سۆزیی ژیان بكرێتەوە. نەك بەدەنگی نەگریسی چەكەكان. ئاواتی ئەو ئەوەبوو تاكەكانی ولاتەكەی ڕەنگەكانی پەلكە زێڕینە ببینن و سۆمای چاوەكانیان بگەشێتەو. (نەوال)بووە قوربانی سەركەشیەكانی، چونكە بە ژیانی دیلی ڕازی نەبوو.

كەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(مامزێر)دا:

(مامزێر)كەسایەتییەكی پەرەسێنی نێو ڕۆمانی(مامزێر)ە. هەرچەندە(مامزێر)كەسێكی پەراوێز خراوی نێو كۆمەڵگەیە و بە چاوێكی كەم تێیدەڕوانرێت، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە كە(زۆڵ)ە، بەڵام ڕۆمانووس بەشێوەیەكی ئیستاتیكی بونیادی كەسایەتی(مامزێر)دادەمەزرێنێت. بە جۆرێك كە لە خولگەی كەسایەتی(مامزێر)دا گەلێك پرسی گرنگی فكریی و فەلسەفی قووڵ دەربارەی بوون دەوروژێنێت و لە چوارچێوەی كەسایەتی(مامزێر)دا بەرجەستەی دەكات. هەر بۆیە لە پرۆسەی خوێندنەوەی ڕۆمانەكەدا بە چەندین قۆناغی جیاوازی ژیانی(مامزێر)و دیدو بۆچوونەكانی دەربارەی ژیان و بوون ئاشنا دەبین. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە خودی(مامزێر)كە سێكە بە دوای دۆزینەی ناسنامەی خۆی دا وێڵە. لەم پێناوەشدا زەینی وەكو كتیبێكی كراوە پڕە لە پرسیار و گومان. هەموو ئەوانەش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرن كە(مامزێر)كەسایەتییەكی(زۆڵ)ە. واتە نازانێت باوكی كێیە!! ئەمەش دەبێتە گەورەترین بۆشایی لە ژیانییدا، هەر بۆیە كاتێك لە نێو زەینییدا دەكەوێتە شەڕێكی وەهمییەوە لەگەڵ یەكێك لە براكانییدا، دەیەوێت مانایەك بە ڕەوایەتی ئەو شەڕە بدات:

(**كێشەكە وا دەهاتە بەرچاو كاممان لە ناو ئەفسانەكانەوە هاتووین... ڕابردووی كاممان وەهمێكە وەكو وەهمی ناو چیرۆكە خەیاڵئامێزەكان.... شەڕەنهێنییەكەمان لەسەر ئەوەبوو كاممان دەتوانێت ڕابردووێك، نەك ئایندەیەك بۆ خۆی دابهێنێت..... دەشتوانم بە مانایەكی تر بڵێم ڕابردووێك هەبوو، كە هەریەكەمان هەوڵی دەدا بیكاتە هی خۆی**)(مامزێر، ل: 9).

گەڕان بە دوای ڕابردوودا یاخود دۆزینەوەی ڕابردوو لای(مامزێر)واتە دۆزینەوەی دڵنیایی و ئەمان، كە ئەمەش لە بوونی باوكدا مەیسەر دەبێت. بۆیە(مامزێر)شەڕ لە پێناو ڕابردوودا دەكات. چونكە ئەو پێیوایە مرۆڤ ئەگەر ڕابردووی نەبوو، نابێتە خاوەنی ئێستا و ئایندە:

(**بزانن من لە پاڵ ئەوەی لوغزی ڕابردوو هێزی لێ بڕیوم، هەمیشە بیر لە كۆتاییەكانیش دەكەمەوە، بۆیە من كاتێكم نییە لە ژیاندا بە ناوی ئێستا...**)(مامزێر، ل: 34).

(مامزێر)كەسێكی ڕۆشنبیرە و زۆربەی كات خەریكی خوێندنەوەیە، زۆرجاریش بۆ دەربازبوون لەو بارە دەروونییە ئاڵۆزەی كە بەردەوام تەنگی پێ هەڵدەچنێت. پەنا بۆ نووسینی شیعر و چیرۆك دەبات و دەیەوێت لە ڕێی نووسینەوە بە ئارامییەكی ڕۆحی بگات. هەربۆیە(مامزێر)كەسایەتییەكی ئاسایی نییە، بەڵكو هەڵگریی گەلێك چەمكی فكریی و فەلسەفی قووڵە دەربارەی ژیان و بوون.

یەكێك لەو ئازارە دەروونییە قوڵانەی كە بەردەوام(مامزێر)پێیەوە دەتلایەوە. بێدەنگی(دیدیلاز)ی دایكیی بوو، كە ئامادە نەبوو هیچ كاتێك وەڵامی بداتەوە:

(**هیچ نەیكوشتووی، ئەو بێدەنگییەی نەبێت... هەرگیز خۆی تێك نادات... هەزار پرسیاری لێ بكەیت، وەڵامی یەكێكیانت ناداتەوە... دنیایەك شت لەو ماڵە بقەومێت، شلۆڕ نابێت...**)(مامزێر، ل: 46).

بێ دەنگی(دیدیلاز)ی دایك، وا لە(مامزێر)دەكەن. بەردەوام خۆی وێنای شتەكان بكات لە زەینی خۆیدا وێنەكان داڕێژێت و مانایان پێبدات. هەر بۆیە(مامزێر)بەڕاناوی كەسی دووەمی تاك(تۆ)لەگەڵ خۆیدا دەكەوێتە گفتوگۆ:

(**تۆ لە خەیاڵتدا وێنەیەكی هێندە ناڕۆشەنی باوكتت كێشابوو، كە لە سیمای هیچ پیاوێكدا ئەو بیچمەت نەدەبینییەوە**)(مامزێر، ل: 42).

دۆزینەوەی وێنەی باوك، بووەتە مەتەڵێك لای(مامزێر)و هەمیشە بە دوایدا دەگەڕێت. بەم پێیەش(مامزێر) كەسایەتییەكی سیمبولییە و هەڵگری چەندین ڕەهەندیی فكریی و مەعریفی جیاوازە. چونكە كەسێكە بە دوای كێشەكانی بوونی خۆیدا وێڵە. لەم پێناوەشدا لە نێو مێژوو و میتۆلۆژیادا نغرۆ بووە. هەر ئەم مامەڵەیەش فەزای نێو ڕۆمانەكەی زۆر فراوان كردووە. چونكە(مامزێر)ساتێك دێتەوە واقیع و ساتێكی دیكە لە ڕێی زەینەوە بەرەو دنیایەكی فانتازی گەشت دەكات. بە جۆرێك كە دەكەوێتە دەرەوەی فەزای كات و شوێنەوە. هەربۆیە(مامزێر)كەسێكە كە ڕابردوویەكی ناڕوون و نادیاری هەیە و ئێستاشی پڕە لە گومان و ڕاڕایی، بۆیە هیچ ئومێدێكی بە ئایندەش نییە.

كەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە)دا:

(سەنگەری برایم تەنتریۆف)كەسایەتی سەرەكی ڕۆمانەكەیە. ژیانی بە قۆناغی جیاواز و سەختدا تێپەڕیووە. واتە كەسایەتییەكی پەرەسێنە، چونكە كارەكتەرێكی یەك ئاست و یەك هەڵوێست نییە و كەسایەتییەكەی بە ئاسانی ناخوێندرێتەوە خۆی بە دەستەوە نادات. هەرچەندە(سەنگەر)بەبێ باوك گەورە دەبێت و دواتر دایكی شوو دەكاتەوە هەر بە منداڵی جێی دەهێڵێت. بۆیە لە نێو سۆزی داك و باوكی بێ بەش دەبێت. ئەمەش وا دەكات كە بەشێوەیەكی سروشتی گەشە نەكات، چ لە ڕووی دەروونییەوە چ لە ڕووی جەستەییەوە. هەر بۆیە درك كردن بە ناخی(سەنگەر)و گەیشتن بە قوڵاییەكانی و دیووە شاراوەكەی ئاسان نییە، واتە خوێنەر ناتوانێت بە ئاسانی لە ناسنامەی(سەنگەر) بگات. چونكە وا ناسراوە كە كورێكی زۆر ئازاو بە جەرگە و لە هیچ شتێك سڵناكاتەوە. واتە هەمیشە لەو ڕوانگەیەوە سەیری كێشەكان دەكات، كە بە هێز وتوانای جەستەیی دەتوانێت ململانێكان یەكلا بكاتەوە، بەڵام ڕۆژێك(ئاسۆی نیگاركێشی)هاوڕێی لە دایەلۆگێكدا چەند ڕاستییەكی پێدەڵێت و دووچاری سەرسوورمانی دەكات:

(**ـ باوی هێزی ماسولكە نەماوە.. مرۆڤ دەتوانێت بەو سێ پەنجەیەی قەڵەمی پێ دەگرێت، هەموو دنیا هەڵگێڕێتەوە**)(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 115 ـ 116).

ئەم وتەیە(سەنگەر)دەهەژێنێت. وای لێ دەكات گومان لە تواناكانی خۆی بكات. ئەم وتەیە(سەنگەر) دەتاسێنێت، چونكە هەرگیز بیری لەوە نەكردووەتەوە هاوڕێیەكی بەو شێوە كەم بایەخە لە توانا و هێزیی جەستەیی پروانێت. چونكە ئەو هێزی بە تاكە ڕێگەی چارەسەریی كێشەكان دەزانی. بەڵام لە ئێستاوە تواناكانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. (سەنگەر)هەر تەنیا خاوەنی ئەم خاڵە لاوازە نەبوو، بەڵكو لە ڕێی ژنە قەرەجێكەوە، كە بەختی بۆ دەگرێتەوە، كۆمەڵێك ڕاستی دیكە دەربارەی دیووە شاراوە و نادیارەكانی كەسایەتی(سەنگەر)بۆ وەرگر دەخاتەڕوو، لە كاتێكدا كە پێی دەڵێت:

(**ـ تۆ كورێكی شەرمنی.. زۆر زۆر شەرمنی.**

كورانی گەرەك پێكەنین.. یەكێكیان پێی وت:

ـ چی ..؟! سەنگۆ شەرمنە..؟! ئەوە دەچێتە ناو چاوی فیل)(سوارەكان بە قاچاغ بووكیان گواستەوە، ل: 36).

ژنە قەرەجەكە لەسەر خوێندنەوەی بەختی(سەنگەر)بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

(**ـ تۆ ئەوەندە شەرمنیت، ناتوانیت شتەكانی ناو دڵی خۆت بە كەس بڵێیت، بۆیە سەگ ڕادەگریت.**

(سەنگەر)پرسی:

ـ من شتەكانی ناو دڵی خۆم بەسەگەكان دەڵێم..؟!

ـ ئا، چونكی دەزانی لێت تێناگەن.

كەس دەنگی لێوە نەهات و ژنەكە درێژەی بەقسەكانی دا:

ـ تۆ كورێكی ئازایت، بەڵام لەشەرما ئازایت.

(سەنگەر)ڕەنگی هەڵبزرکا.. وتی:
ـ من لەشەرما ئازام..؟! چۆن..؟!
ـ ناتەوێت کەس بزانێت، کە تۆ چەند ترسنۆکیت)(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ل :36 ـ37).

لێرەدا دەردەکەوێت کە(سەنگەر)کەسێکی ئازا نییە وەکو دەردەکەوێت، بەڵکو حاڵەتی شەرمکردن وای لێ دەکات کە خۆی بە ئازا نمایش بکات. ئەمە ئەگەر دیووە دیار و بەرچاوەکەی(سەنگەر)بێت. ئەوە دیووە شاراوە و نادیارەکەی کە خودی ڕاستەقینەی(سەنگەر)ە کەسێکی ترسنۆکە. واتە کەسایەتی(سەنگەر)ی ئازا دەرئەنجامی ئەو هەست بەشەرمکردنەیە یاخود ئەو خۆ بە کەم زانینەیە کە هەر لە منداڵییەوە پێوەی دەناڵێنێت. ئەمەش وەکو کەلێنێك لە ژیانییدا دەمێنێتەوە. هەر ئەم هەستی شەرم کردنەشە وای لێ دەکات کە نەتوانێت بە ڕاشکاوی دڵی خۆی لای(دڵخواز)بکاتەوە کە کچێکی دراوسێیانە و زۆری خۆشدەوێت.

ئەگەرچی(سەنگەر)لە قوتابخانە سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە پۆلی دووەمی ناوەندی واز لە قوتابخانە دەهێنێت. چونکە لەو باوەڕەدا بوو. خوێندن و قوتابخانە مرۆڤ ناسك دەکاتەوە. بۆیە زۆر هەستی بە غەمباری دەکرد ئەگەر لاواز و دەستەپاچە دەربکەوتایە. دیارە تەنیا پاڵنەریش هەر ئەم هۆکارە بوو. بۆ ئەوەی واز لە قوتابخانە بهێنێت. هەر وەکو گێڕەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت:
(**جارێکیان مامۆستای ماتماتیك پێی وت مێشکی بە چاکی شتەکانی وەردەگرت.. لە فیزیا و کیمیا و مێژووشدا هەروا.. تەنانەت لە ناخەوە دڵی بە کتێبەکانی دەکرایەوە.. ئەوە لە کاتێکدا دوای دەوام دەچووە ئیش، بەڵام ئەو بۆچوونانەی ڕێگایان نەدەدا لەوە زیاتر لە قوتابخانە بەردەوام بێت.. دەیوت خوێندن مرۆڤ ناسك دەکاتەوە**)(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ل: 63).

یەکێك لەو گۆرانکارییە بنەڕەتیانەی لە شێوازی ژیان و چۆنییەتی پۆشینی جلووبەرگ و هەڵسووکەوتی (سەنگەر)دا ڕوودەدات. پەیوەستە بەو پێوەندییەی لە گەڵ ماڵی(ئاسۆی نیگارکێش و هێرۆخان)ی دایکییدا دایدەمەزرێنێت. چونکە هاوڕێیەتی ئەو خێزانە ڕەنگدانەوەی زۆر لەسەر ژیانی(سەنگەر)دروست دەکەن:
(**چ خۆی(مەبەست ئاسۆیە)و چ(هێرۆ خان)ی دایکی بەشێوازێکیی جیاواز دەدوان و دەربڕینی وشەکانیشیان لەوانەی ئێوە نەدەچوون.. بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی، سەرتاپا هەڵیانگێڕایتەوە.. هەر لە پۆشینی جلوبەرگ و ستایلی بڕینی قژەوە تا شێوەی گفتوگۆ و هەڵسوکەوت.. سیحریان لێ کردی.. نەدەکرا دەستبەرداریان بیت**)(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ل: 127).

کەسایەتی(سەنگەر)لەبنەڕەتدا لەسەر هێزی بازوو جەستەی دامەزرابوو. بۆیە ئەنجامدانی گۆرانکاری لەگەڵ هزرێکدا تەنیا باوەڕی بە هێزی ماسولکەکانی خۆی هەبێت. کارێکی ئەستەمە. هەر بۆیە لەو گۆرانکاریانەشدا کە ئەنجامی دەدات دژیەکییەکی زۆر بەدی دەکرێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی شێوازی پێکهاتەی کەسایەتی(سەنگەر)و دیدو بۆچوونەکانییەتی بۆ ژیان. هەر بۆیە گێڕەرەوە بە بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی دووەم(تۆ)کە ڕووی دەمی لە (سەنگەر)ە، بەم شێوەیە دەدوێت:
(**چیدی نەتدەتوانی بەو گیانە پاڵەوانبازێتییەوە درێژە بە ژیان بدەیت، بەڵکو دەبووایە پێت خۆش بێت، یان نا، بگۆڕێیت.. گۆڕانیش زۆری تێدەچوو.. دەموچاوت دەپێچا و چەقۆکەی جارانت دەخستە گیرفانت.. دەچووپتە گەڕەکە دەوڵەمەندەکان و ڕۆژی یەك دوانێکت ڕووتدەکردەوە.. جلی نوێ، پێڵاوی نوێ، گۆڕەویی نوێ..... لە ڕۆژێکدا نیوەی شەقاوە و نیوەکەی تری گەنجێکی مۆدێرن و ناسك بووایت**)(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ل: 127 ـ 128).

(سەنگەر)بەچەندین هەڵوێست و قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت و کۆمەڵێك گۆرانکاری گەورە لە هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانییدا ڕوودەدات. هەر بۆیە وەك کەسایەتییەکی پەرەسەندوو دەردەکەوێت. گەورەترین گۆرانکاریش کە لە ژیانییدا ڕوودەدات. پێوەندی بە کۆمەڵێك هەڵس و کەوت و ڕەفتاریی هەرزەکارانەی(سەنگەر)ەوە هەیە، کە دەیێتە هۆی ئەوەی ڕێکخستنەکانی ناو شار بە تووندیی چاودێری هەموو جوڵە و دەرچوونێکی بکەن و بە گومانەوە لە هەموو کارەکانی دەڕوانن. هەر بۆیەش لە گۆشەنیگای خۆیانەوە بە گەورەترین و ترسناکترین

سیخوری بەعسی لە قەڵەم دەدەن. ئەم هەڵوێستەش وا دەکات کە هەموو دۆست و هاوڕێکانی لێی دوور کەونەوە و پێوەندیەکانیان لەگەڵیدا بپسێنن. ئەگەرچی ئەو تاوانانەی لەلایەن شۆڕشەوە بەسەر(سەنگەر)دا سەپێنراوە لە هیچ سەرچاوەیەکەوە پشت ڕاست نەکراوەتەو، بەڵکو تەنیا گۆشەنیگای کەسانی سەر بە شۆڕش لە ڕێی چەند ئاماژەیەکەوە ئەو تاوانانەی بەسەردا ساغ دەکەنەوە. وەکو ڕووداوی بریندارکردنی(شێرۆی نانەوا)کە سەر بە ڕێکخستنەکانەنی ناو شارە، لەلایەن (سەنگەر)ەوە، ئەگەرچی پاڵنەری(سەنگەر)بۆ ئەو ڕووداوە بە هەڵە تێگەیشتنێك بووە لەوەی کە(شێرۆی نانەوا) پێوەندی ناشەرعی لەگەڵ دایکیدا هەبووە. بەڵام گۆشەنیگا جیاوازەکان ئەو خوێندنەوەیە بۆ ڕووداوەکان ناکەن بەڵکو بەشێوەیەك لێکیان دەدایەوە، کەوا(سەنگەر)لەلایەن بەعسیەکانەوە فەرمانی پێکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئیدی لە ڕێی ئەم گومانانەوە زنجیرەیەك تاوان بۆ(سەنگەر)دەسازێنن. هەر بۆیە شۆڕش چوار کەس بە تایبەتی لە شاخەوە دەنێرن تاوەکو(سەنگەر)بە زیندوویەتی بگرن. ئەگەرنا بیکوژن و بەسزای شۆڕشی بکەیەنن. دواجاریش (سەنگەر)دەکەوێتە زیندانەوە و لە ژێر ئەشکەنجەی سەختدا چاوەکانی لە دەست دەدات.

گەورەترین گەمەی ئیستاتیکی کە ڕۆمانووس لەگەڵ کەسایەتی(سەنگەر)دا دەیکات ئەوەیە، کە کەسایەتی (سەنگەر)لە نێوان دووالیزمی شۆڕشگێڕی و سیخوریدا ئازاد دەکات. وەکو لوغزێك کۆتایی کەسایەتییەکەی دەداتە دەست وەرگر تاکو خوێان پریار لە بارەی کەسایەتی(سەنگەر)ەوە بدەن. بەوەی ئاخۆ(سەنگەر)بە ڕاستی سیخوری بەعسیەکانە؟ یاخود کەسێکی شۆڕشگێڕە؟ واتە وەرگر کاتێك دەبێت بە بەشێك لە دەقەکە کە لە هەوڵی ساغ کردنەوەی کەسایەتی(سەنگەر)دا بێت و گوێ بیستی هەموو ئەو دەنگانە بێت، کە لەڕۆمانەکەدا زانیاری لە بارەیەوە پێشکەش دەکەن. بەو پێیەی کە ڕۆمانەکە فرە دەنگییەکی زۆری تێدایە پێویستە وەرگر بە وردی بە دوای دەنگە زۆلاڵەکاندا بگەڕێت. تاوەکو بە هەقیقەتی کەسایەتی(سەنگەر)بگات.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا:

(ئامانج)یەکێکە لە کەسایەتییە پەرەسێنەکانی نێو ڕۆمانەکە، کە ژیانی بە کۆمەڵێك قۆناغی جیاواز و دژواردا تێدەپەڕێت. هەموو ئەمانەش دەبنە ئەزموون و کاریگەریی لەسەر کەسایەتی(ئامانج)بەجێدەهێڵن. هەر لەمندااڵیەوە لە باوەشی خێزانێکی خواپێداو دا گەورە دەبێت. هەر بۆیە وەك کورێکی ناسك و بە ناز دێتە بەرچاو. بەڵام ئەم خۆشگوزەرانییەی بەردەوام نابێت. چونکە لەو ساتانەی لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەبێت. لەلایەك باوك و دایکی لەیەکتری جودا دەبنەوە و باوکیان خانووەکە دەفرۆشێت و ناچار دەبن بچنە گەڕەکێکی میللی. لەلایەکی دیکەوە هاوڕێیەتی لەگەڵ(شۆڕش)دا پەیدا دەکات. چونکە(شۆڕش)لەگەڵ دایکی و خۆشکی لە ماڵی(ئامانج)دەژیان. ئیدی ژیانی(ئامانج)ڕەوتێکی دیکە وەردەگرێت و بەرە بەرە ڕووبەڕووی نەهامەتی و تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە. چونکە (شۆڕش)کورێکی سەرەڕۆ و تاڕادەیەك هەڵسوکەوتەکانی هەرزەیی و پەلەپەلی پێوە دەبینراو خۆی وەکو کەسێکی ئازا دەخستەڕوو. لە بەرانبەریشدا وەکو کەسێکی ترسنۆك لە(ئامانج)ی دەڕوانی. ئەگەرچی(ئامانج)هەمیشە دانی بەوەدا دەنا کە ئەو دوو سیفەتەی ئەوی پێ ناسراوە بریتیین لە شەرمنی و ترسنۆکی. بەڵام ئەمە بەو مانایەش نایەت، کە بوترێت(ئامانج)تەواو کەسێکی ترسنۆکە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو بە وریاییەوە لەگەڵ پێشهاتەکاندا مامەڵەی دەکرد و بیری لە ئاکامەکانیان دەکردەوە. هەر بۆیە هاوڕێکانی نەیاندەتوانی ئەم لێکدانەوە بۆ ڕەفتارەکانی بکەن و بە ترسنۆك و شەرمنیان لەقەڵەم دەدا. لێرەدا(ئامانج)دەیەوێت بەم شێوەیە گوزارشت لە گیرۆدە بوونی خۆی بە دەست(ترس و شەرم)ەوە، بکات:

(گرفتی ڕاستەقینە ئەوەیە تۆ زات نەکەیت ددان بەو ترسەی ناختدا بنێیت، کە لە هەموو ساتێکدا ئامادەیە و هیچ هێزێك نییە بەلاوەی بنێت... بە مانایەکی دیکە ئازادیی تۆ بەندە بەوەی چەند دەتوانیت بە خۆت و بەوانی دیکەش بڵێیت ترسنۆکیت، ئەگینا تا ماوی کۆیلەی ئەو شەرمەیت و دەبێت دوور لە خواستی خۆت ئازایەتی بنوێنیت... شکستی هەرە گەورە ئەوەیە، کاتێك لە سیمای ئەواندا، لە بزە و لە ڕوانین و جووڵەی لچوڵێو و هەڵتەکاندنی شانی ئەواندا بۆت دەردەکەوێت، کە بە ترسنۆکیان زانیویت... کاتێکیش هەوڵ بدەیت ئەو وێنەیە بگۆڕیت، نەك هەر

سەرکەوتوو نابیت، بەڵکو هێندەی دیکە تۆخی دەکەیتەوە)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل: 212 ـ 213).

(ئامانج)هەست دەکات تەواو گرفتاری ئەو دوو خەسڵەتە بووە و ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لە دەستیان دەرباز بکات. هاوکات بەو هەموو تێکشکان و ترسەوە لەگەڵ کچێکدا بەناوی(سۆزان)ەوە، دەکەوێتە ئەزموونێکی خۆشەویستییەوە. ئیتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا دووچاری گەلێك دەردەسەری و ئازار و لە دەست دانی هاوڕێی و خۆشەویستانی دەبێتەوە. هەموو ئەمانە وای لێ دەکەن کەنارگیر بێت و خۆی لە کۆمەڵگە دابڕێت و لە کوخێکی قەراغ شاردا ژیان بەسەر ببات و دواجاریش بچێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگە، لە مەفرەزەیەکی سەیردا کە(کاك پۆڵا جەنگۆ)بەر پرسیار بوو. بۆیە(ئامانج)لەوێش وەك کەسێکی کەڕولاڵ خۆی دەناسێنێت و تەنیا بە ئاماژە لەگەڵیان دەدوێت و دوای ئەنجامدانی چالاکییەکی شکستخواردوو لە شاردا و گەڕانەوەیان بۆ شار خۆی لەو مەفرەزەیەش دەدزێتەوە و خۆی دەداتە دەست چارەنووسێکی نادیار. دواجاریش نازانرێت هەر لەشاخ و چۆڵەوانی دەمێنێتەوە یاخود دەگەڕێتەوە نێو شار و بە تەنەکە کوخێك بۆ خۆی پێکەوە دەنێت؟هەر وەکو لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوە دەکات:

(**لەمڕۆوە ئێوە دەتوانن وەکو جاران هەر بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆمەوە بانگم بکەن... من کە ئیتر ڕێگام ناکەوێتەوە ئەو شاخوداخە، ناوی نەێنیم بۆ چییە... ئەو ناوەیش هەر خۆتان لێتان نام... خۆ ئێوە بە هەر ناوێکی دیکەیش بانگم بکەن، من هەر وەڵامتان نادەمەوە... ئەو دەمەم چۆن چەند ساڵە داخستووە و پێی نادوێم، هەر ئاوا دایدەخەم و نایکەمەوە... بەڵێ، من لە مڕۆوە مەیموونەکەی جارانم، کە لەقەراغی شار بەتەنەکەی ژەنگاوی کووخێکم بۆ خۆم کردبوو... هەر ئەوەم و بۆ خۆتان هەر وەکو ئەوسایش بە مەیموون بانگم بکەن**)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل: 7).

لێرەدا هەست بەنیگەرانییەکانی(ئامانج)دەکەین. کە پرسیاری داوە، وەکو مەیموون ژیان بکات. بۆیە وەکو کەسێکی تورە و یاخی دەردەکەوێت و ڕووی دەمی لە کۆمەڵێك کەس یاخود دەستەو گروپێکە و دەیەوێت وازی لێ بهێنن وەکو خۆی بژی.

کەواتە(ئامانج)کەسایەتییەکی تاسەر ئیسقان پەرەسێنە، چونکە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تاکو کۆتاییە کراوەکەی، لە دۆخی گۆڕانێکی هەمیشەییدایە و سەرەوتن و قاڵب گرتن نازانێت. بۆیە دەیەوێت بەرانبەر هەموو ئەو هێز و گروپ و کەسانە بووەستێتەوە، کە دەیانەوێت ئیرادی ئیسان بوونی لێ زەوت بکەن و دەستەمۆی بکەن. هەر بۆیە پریار دەدات یاخی بێت لە هەموو پێوەندەکانی کۆمەڵگە و لەسەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(کازینۆی منداڵان)دا:

گرنگترین دوو کەسایەتی پەرەسێنی نێو ڕۆمانەکە، بریتین لە(مامۆستا سوهاد)و(وریا). کە وەکو برا مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. بەو پێیەی بە منداڵی پێکەوە گەورەبوون. چونکە(مامۆستا سوهاد)بە منداڵی لەلایەن باپیرییەوە ئەرکی بە خێوکردنی بە(پەریهان)ی دایکی(وریا)دەسپێرێت. بۆیە(مامۆستا سوهاد)وەکو برای خۆی لە(وریا)ی دەڕوانی، کە هاوتەمەنی یەکدی بوون. هەروەها(پەریهان)یشی بە دایکی خۆی دەزانی لەو ڕوانگەیەوە کەسااڵنێك بە منداڵی بە خێوی کردووە. بەاڵم ئەم دوو کەسایەتییە پەرەسێنە خاوەنی دوو دیدگای جیاوازن و هەر یەکەیان بە شێوازێك لە زەمەن دەڕوانێت. هەر وەکو(مامۆستا سوهاد) دوای بەسەر بردنی تەمەنێکی درێژ دەیەوێت بەرەو ڕابردوو بگەڕێتەوە. چونکە زۆر بە ڕابردووەوە پەیوەستە. بێ گومان ئەم هەستەشی بۆ ڕابردوو پێوەندیی بە سرووشتی کەسایەتییەکەیەوە هەیە. بەاڵم(وریا)بە پێچەوانەی (مامۆستا سوهاد)ەوە، هەمیشە لە ئایندە دەڕوانێت. (مامۆستا سوهاد)دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دەیەوێت ناسنامەی کەسایەتی خۆی بە دەست بهێنێتەوە. چونکە لە دوای ئەوەی باوکی دەمرێت، باپیری(مامۆستا سوهاد)لە دایکی وەردەگرێتەوە و هەر بە ساوایی دەیداتە(پەریهان)ی دایکی(وریا)و تا تەمەنی حەوت ساڵی بە خێوێی دەکەن. بۆیە(مامۆستا سوهاد)هەمیشە درك بەو کەاڵنە دەکات، کە لە ژیانییدا دروست بووە. ئەویش بێ بەشبوونییەتی لە سۆز و خۆشەویستی و ئامێزیی گەرمی دایە و بابە، لەم پێناوەشدا(مامۆستا سوهاد)لەڕێی ئەندێشەکانییەوە (تیشکەشان)وەکو دایکی وێنا

دەکات و دەستگیرانەکەشی لە جێگەی باوکی دادەنێت. واتە دەیەوێت ببێتە خاوەنی دایك و باوکێکی وەهمی و نازیان بەسەر دا بکات:

(**هەتا ئێستا وام هێناوەتە بەرچاو دایکمە و شەوان لە باوەشی دەخەوم... لەمەودوا باوکێکیشم هەیە... دەبێت جێگای من لە نێوان خۆیان دابخەن... ناهێڵم لە یەکتر نزیك ببنەوە... لە نیوەشەودا خۆم نەخۆش دەخەم و ورك بۆ ئەو شتانە دەگرم، کە بە ئاسانی دەست ناکەون**)(کازینۆی منداڵان، ل: 62).

لەم ڕێیانەوە(مامۆستا سوهاد)دەیەوێت قەرەبووی ئەو بۆشاییە هەستیارانەی تەمەنی لە دەست چووی منداڵی بکاتەوە، هەر بۆیە کۆڵ نادات و دەیەوێت ڕێگەی دیکە بگرێتە بەر. بۆیە وا ئێستا لە ڕێی شوێنەوە دەیەوێت بە ڕابردوو بگاتەوە. واتە لەو تەمەنە پیرییەدا وێڵە بە دوای دۆزینەوەی(کازینۆی منداڵان)دا:

(**لە ناوجەرگەی شارە، بگرە دەڕوانێتە قەڵاتیش... لەوێ مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە باسی گەورەیی بکات، بەڵکو بۆ ئەوە کراوە بەسەرهاتی منداڵیی تێدا بگێڕێتەوە... خۆ تۆ ئەگەر لە خەیاڵی خۆیشتدا بە لای گەورەییدا بچیت، ئەوا شاگردە وریاکان هەستت پێ دەکەن و بە بێدەنگی فڕێت دەدەنە دەرێ... کەسیش لەوێ ئامادە نییە گوێ لە یەکێك بگرێت، کە جگە لە باسی منداڵی، مێشکی خۆی بە شتێکی دیکەوە خەریك بکات**)(کازینۆی منداڵان، ل: 10).

دوای داپرانێکی زۆر(وریا)و(مامۆستا سوهاد)بە یەکتری شاد دەبنەوە، جا لێرەدا(وریا)باس لەو جیاوازییە بنەڕەتییە دەکات کە لە نێوانیاندا هەبووە:

((**سوهە)ی برام، جاران یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوانمان ئەوە بوو، تۆ بە ڕابردووەوە بەستراببوویتەوە و من ئایندە تەفرەی دەدام... تۆ بە گۆڕانی دنیا تێك دەچوویت و من دڵم بە نە گۆڕان تەنگ دەبوو، کە ئەمە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی پاڵیان پێوە نام زۆر زوو ئەم وڵاتە جێ بهێڵم و ڕوو لە هەندەران بکەم..... بەڵام ئەوەتا هەردووکمان لە شوێنێك بە یەکتر دەگەینەوە، کە نە تۆ دڵخۆش دەکات و نە مانایەك بە من دەبەخشێت، ڕاستییەکەی شتێك وەك خۆی ماوێتەوە و من هێزێکی گەورەی تێدا ببینم، ئەو یادەوەرییە زیندووەی تۆیە**)(کازینۆی منداڵان، ل: 74).

ئەم دوو کارەکتەرە پەرەسێنە پاش ئەزموون کردنی سااڵنێکی زۆری ژیان، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە زەمەن تەفرەی داون. چونکە هەردووکیان لە نێوان زەمەنی ڕابردوو و داهاتوودا ون بوون. هەر بۆیەش کاتێك تەمەنیان تێدەپەڕێت و دوای سااڵنێکی زۆر بە یەکتر دەگەنەوە، درك بەو هەقیقەتە دەکەن، کە زەمەن تەفرەی داون. ئەگینا مرۆڤ بیەوێت یاخود نەیەوێت. زەمەن زەفەری پێ دەبات و دەیکات بە ڕابردوو. واتە هەموو شتەکان لە دوو تونێی زەمەندا ون دەبن و دەتونێنەوە. هەر بۆیە(وریا)پاش سااڵنێکی زۆری دەربەدەری بە ڕاستییەکان دەگات و پێی وایە ئەوە تەنیا یادەوەرییەکانە دەتوانێت مانایەك بە بوونی تاکەکان ببەخشێت و وایان لێ بکات، کە هەست بە بوونی خۆیان بکەن. کەواتە کێشەی ئەم دوو کەسایەتییە بابەتێکە پەیوەستە بە وجودی مرۆڤەکانەوە. هەر بۆیە لە نێوان ڕابردوو داهاتوودا بۆ بوون دەگەڕێن. بەو هیوایەی مانایەك بە بوونی خۆیان ببەخشن. بۆیە لێرەدا ڕۆمانووس ئەم دوو کەسایەتییەی کردووەتە دەمامکێك بۆ گەیاندنی ئەو فکر و جیهانبینییەی کە کاریگەرییان لەسەری هەبووە. ئەویش بریتییە لە پرسیاری مرۆڤ دەربارەی بوون. هەر بۆیە دەردەکەوێت ڕۆمانووس زیاتر جەخت لەسەر ئەو بۆ چوونە دەکاتەوە. کە زەمەن هەموو شتەکان بەرەو فەنا بوون و کاڵ بوونەوە دەبات. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا یادەوەرییەکانە.

کەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(مااڵی نانی)دا:

(ئامانج)یەکێکە لە کەسایەتییە پەرەسێنەکانی نێو ڕۆمانی(مااڵی نانی)کە زۆرترین دەرکەوتن و چەند ئااڵوگۆڕێکی گەورە لە ژیانیدا دێتە کایەوە. (ئامانج)کە لە گەڕەکە میللییەکەیاندا لەلایەن کورە چوختییەکانەوە بە(کوری نانی)بانگ دەکرا، هەستی بەوە دەکرد کە ئەو وشەیە لای ئەوان چ مانایەکی دیکەی هەیە و بە شێوەیەکی ناماقوڵ واتاکەی لێکدەدەنەوە، بۆیە زۆر هەستی بە تێکشکان دەکرد. جگە لەوەش(ئامانج)هەستی بە دووفاقییەك لە ژیانی دایکییدا دەکرد، بەوەی کە زۆر کەم ڕووی بە کورەکەی خوی دەدا، بەڵام لە بەرانبەر ئەو منداڵانەی کە وەکو دایەن بەخێوی دەکردن. ببووە دایکێکی زۆر میهرەبان و منداڵەکانی بە شێوەیەکی سەیر هۆگریی خۆی کرد بوون. ئەم فشارە دەرەکیانە هەموویان

ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی داهاتووی کەسایەتی(ئامانج)هەبوو. (ئامانج)بە سرووشتی خۆی حەزی بە چیرۆکی مێژوویی و سەفەر نەدەکرد. بە تایبەتی سەفەر لە ڕێی ئاوەوە، هەر ئەمەش وای لێ کردبوو کە هیچ سۆزێکی بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لە ڕابردودا ژیاون، یاخود هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرانبەریان هەبێت. هەر ئەم هۆکارەش وای کرد لە قوتابخانە لە وانەکانی مێژوو و جوگرافیادا زۆر لاواز بێت، کەچی:

(**لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا توانایەکی سەیری هەیە، بە ڕادەیەك لە ماموستاکەی چاکترە، چ لە خوێندنەوە، چ لە نووسین و چ لە قسەکردندا...؟!**)(ماڵی نانی، ل: 63).

(ئامانج)کاتێك جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەڵدەگیرسێت، لە پۆلێ چوارەمی ئامادەییە، کە دەبووایە لە پۆلی شەشەم بێت. بۆیە ناچار دەبێت بچێتە قوتابخانەی ئێواران، هاوکات بەیانیان لە سینەما کار دەکات، کە ئارەزوویەکی منداڵییەتی. ئەم کارکردنەی لە سینەما گۆرانێکی بنەڕەتی لە کەسایەتی(ئامانج)دا دروست دەکات:

(**هەست دەکات بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت گۆرانێکی سەیری بە سەردا هاتووە... هەر دەڵێی ئەو کورە شەرمنەی جاران نییە، بەڵکو بە زمانی ڕەوان، بگرە بە شێوەی سەرنجڕاکێش زانیارییەکان بە خەڵك دەگەیەنێت**)(ماڵی نانی، ل: 97).

ژیانی(ئامانج)بەردەوام لە پەرەسەندنایە، بۆیە لە قوتابخانەی ئامادەیی شەیدای ماموستایەکیان دەبێت، کە مێردەکەی لە جەنگ دا کوژراوە و ناوی(ست پەرهەنگ)ە، کە هەمان ناوی دایکییەتی، بەم شێوەیەش گێڕەرەوە هەستی(ئامانج)بەرانبەر(ست پەرهەنگ)دەردەبڕێت:

(**یەکەمجارە بزانێت جگە لە دایکی کەسێکی تر ئەو ناوەی لێیە، کە ئەمە هەستێکی دووفاقییانەی لا دەخولقێنێت... لە لایەك سۆزی بۆی دەبزووێت و لە لایەکی دیکە سڵی لێ دەکاتەوە... لەوە ناخۆشتر، نا سەیرتر نییە هەر لە یەکەم بینینەوە دڵت بە ژنێکدا بچێت و هەمان ناوی دایکتی هەبێت**)(ماڵی نانی، ل: 100).

کاتێك(ئامانج)لەگەڵ(ست پەرهەنگ)دا یەکتری دەناسن و دواتر پێوەندییەکەیان پەرە دەسەنێت بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، ئیتر سەرتاپای ژیانی(ئامانج)دەگۆڕێت، چونکە ئەم ژنە دەبێتە لوغز و مەتەڵێك لە ژیانی(ئامانج)دا، گێڕەرەوە بەم شێوەیە هەستی(ئامانج)دەربارەی(پەرهەنگ)دەردەبڕێت:

(**نازانێت چۆن دەبێتە هاوژینی، لە کوێ ئاهەنگ دەگێڕن، کێ بانگهێشت دەکەن، کەی کورێکی لێی دەبێت، بۆچی جیا دەبێتەوە، لەبەر چی سەر هەڵدەگرێت و زۆر پرسیاری دیکەش**)(ماڵی نانی، ل: 114).

(ئامانج)هەر لە ناسینی ئەو ژنەوە تا ساتی جیا بوونەوەی هیچ شتێك لە ژنەکەی نێناگات، بۆیە دواجار کە (پەرهەنگ)بە یەکجاری لێی جیادەبێتەوە، نامەیەکی بە شیفرە نووسراوی بۆ بەجێدەهێڵێت. کە(ئامانج)پەنا بۆ زۆر شوێن دەبات، تاکو کەسێك لە بواری شیفرەناسیدا پەیدا بکات، بەڵکو لە ڕێیەوە چەند نهێنییەکی ئەو نامەیەی بۆ ئاشکرا بکات. بۆیە(ئامانج) کاتێك بە خۆی دەزانێت، لە دەزگایەکی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوە، کە ماموستای شارەزا وانەی نێدا دەڵێنەوە و لە ماوەیەکی کورتدا واتای سەرجەم شتەکانی لەلا دەگۆڕن:

(**تەنیا وشەیەکی سادەی بەسە، تاکو بتوانێت ئەرکێکی گەورە لە ئەستۆ بگرێت و بە چاکترین شێوە جێبەجێی بکات، بگرە چێژێکی بێئەندازەی لێ ببینێت... یەکەم کاری ئەم دوای تەواوکردنی کۆرسەکەی، کوشتنی ئەو خوێندکارەی پێش خۆیەتی، کە لە هەمان دەستگا خوێندوویەتی و بووەتە(لامڕاها)... ئەو ناوە لە سێ پیتی(ل، ڕ، ە) پێکهاتووە، بێ ئەوەی کەس بزانێت ئەوانە کورتکراوەی چین**)(ماڵی نانی، ل: 115).

بەم پێیە ئەزموونی ژیان(ئامانج)لە گەنجێکی سادەی شەرمنەوە دەکاتە پیاو کوژێکی لێهاتوویی سەرەڕۆ، کە کۆمەڵێك تاوانی کوشتنی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات. ئەگەرچی لای ڕوونە خۆیشی بە هەمان چارەنووس دەبڕێت، چونکە ئەوە یاسای ئەو دەزگایە بوو، کە کاری تێدا دەکرد. بۆیە هەمیشە بە وریاییەوە دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەم پێشتر بکوژەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام(ئامانج)کاتێك بە خۆی دەزانێت وا بە دەستی نزیکترین کەسی خۆی دەکوژرێت. ئەمەیە سیحریی کارەکتەری پەرەسێن لە ڕۆماندا، چونکە ئەمە وا دەکات گۆڕانکارییەکان لە دەرەوەی

چاوەڕوانی وەرگردا بێت، بە جۆرێك خوێنەر دووچاری ڕاچەنین بكات. واتە دەبێت كەسایەتییەكان بە جۆرێك پەرەبسێنن، كە لە دەرەوەی پێشبینییەكانی خوێنەر بێت، ئەمەش لەلایەك بە هـای ئیستاتێكی دەقی ڕۆمان بـاڵا دەكـات، لەلایـەكی دیكەشـەوە دەسـەڵاتی گوتـاری پێكهاتـەی كەسایەتی لە ڕۆمانەكەدا زیاتر تۆكمە دەكات.

كەسایەتی پەرەسێن لە ڕۆمانی(ڕیبەرێكی سوور و ملپێچێكی ڕەش)دا:

(مامۆستا دلاوەر)كەسایەتییەكی پەرەسێنی نێو ڕۆمانی(ڕیبـەرێكی سـوور و ملپێچێكـی ڕەش)ە، چونكە ژیانی بە كۆمـەڵێك دژواریـی و ناهەمواریـدا تێدەپـەڕێت. جگـە لەوەش(مامۆسـتا دلاوەر)هــەر لەســەرەتای دەركەوتنییــەوە دەبێتــە جێگــەی پــرس و تێڕامــان، گێــرەرەوەش بەشـێوەیەكی سـەرنجڕاكێش وێنـای یەكـەم دیمـەنی دەركەوتنی(مامۆسـتا دلاوەر) بـۆ خوێنـەر دەكێشێت، كە دەبێتە مایەی وروژاندنی چەندین پرسیار لە لای وەرگر:

(**پیاوەكە چوارشانەیەكی گەنمڕەگە، دەستێ پیجامەی پۆپلینی پۆشـیوە. ڕیبـەرێكی سووری لە ملی بەسـتووە. كـە هـەر كەسـێك ببینێـت، سـەرنجی لـێ دەدات و لـە خۆی دەپرسێت: ((باشە، پیاوێك لەم تەمەنە، بۆ دەبێت ئەو شریتە سوورەی لە مـل كرابێت؟**))(ڕیبەرێكی سوور و ملپێچێكی ڕەش، ل: 13 ـ 14).

(مامۆستا دلاوەر)هەمیشە بە ڕیبەرێكی سوورەوە دەردەكەوێت. هەر لەسەر ئەم ڕیبەنـە سـوورەی ملـی هەمیشـە دووچـاری كێشـە دەبێتـەوە. جگـە لـە جنێـو و قسـەی ناشـیرین و سـووكایەتی پێكـردن زۆرجـار ڕووبـەڕووی كوشـتنیش بووەتـەوە، وەك ئـەوەی لـە سـاڵی(1963)لەلایـەن حـەرەس قەومییەكانـەوە دەگیرێـت و بـە مـوعجیزە لـە كوشـتن ڕزگـاری دەبێت، چونكە بە هۆی ئەو ڕیبەنـە سـوورەی ملییـەوە وا دەزانـن كۆمۆنیسـتە، بـەڵام زۆر كـەس دەزانن، كە(مامۆستا دلاوەر)چەند كەسێكی ترسنۆكە و هـەرگیز تـوخنی سیاسـەت ناكـەوێت. نەهامەتییەكەی(مامۆستا دلاوەر) لەوەدایە، كە لە هەموو لایەكەوە ڕووبـەڕووی تانـە و تەشـەر و لێـدانی جەسـتەیی دەبێتـەوە، هـەر لـە كۆمۆنیسـت و دژە كۆمۆنۆنیسـت و تەنانـەت ئیسلامییەكانیشەوە، هەر یەكەیان لەلای خۆیانەوە ڕاڤەی جیـاواز بـۆ ئـەو پەتـە سـوورەی ملـی دەكـەن و ئەنجامەكـەی بـە زیانی(مامۆسـتا دلاوەر)دەشـكێتەوە، بۆیـە لـە یـەكێك لـەو جارانـەی ڕووبەڕووی لێدان دەبێتەوە هاوڕێیەكی دەبینێت و لێی دەپرسێت ئـاخۆ چـی بەسـەردا هـاتووە، بەم شێوەیە(مامۆستا دلاوەر)وەڵامی دەداتەوە:

(**ـ لێرە خـەڵك چەنـد لـە ڕووی بیركردنـەوەوە لـە یەكـدی دوور بـن، ئـەوە هـەموویان لەوەدا بە یەك دەگەنەوە، كە دوژمنـی ئـەم ڕیبـەنـە سـوورەی ملـی مـنن. لەوپـەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست چارەیان ناوێت. ئەوەی سـەری لـێ دەرناكـەم، ئەوەیـە، هێندە ڕقیان لێیەتی و لەبەر ئەو بە خراپترین شێوە ناڵەدەن، كـەچی دەسـتی بۆ نابەن و لێمی ناستێنن. ڕەنگە دڵیان نەیەت، یان نەوێرن ئەو دوژمنە هاوبەشـەیان لە ناو ببەن**)(ڕیبەرێكی سوور و ملپێچێكی ڕەش، ل: 59).

(مامۆسـتا دلاوەر)باش دەزانێـت، كـە سـەرچاوەی هـەموو نەهامەتییـەكانی ژیـانی ئـەو ڕیبەنە سوورەی ملییەتی، كەچی سەرەڕای ئەو هەموو مەترسیە ئەو هەر ئامادە نییـە دەسـت بەرداری ببێت. هەر لەم میانەیەدا(مامۆستا دلاوەر)بۆ خۆیشـی لـە ڕێـی مۆنۆلۆگێكـەوە ددان بـە ڕازیی خۆشـەویستی خۆی بۆ ژنەكەیدا دەنێت و نەێنییەك ئاشكرا دەكات:

((**زۆرجار لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی بۆیە هێندە بـە خۆشـەویسـتی(ویداد)ەوە بەنـدە، چونكو جگە لـەو هـیچ ژنێكـی دی ڕازی نابێـت هاوسـەری ڕیبـەرێكی سـوور لـە مـل ببەسـتێت، كە بەو هۆیەوە هەم ببێتە گاڵتـەجاڕی خـەڵك و هـەم ڕۆژانـە ڕووبـەڕووی گرفتی گەورەی بكاتەوە**))(ڕیبەرێكی سوور و ملپێچێكی ڕەش، ل: 52).

كاتێـك گـوێ لـە نـاخی (مامۆسـتا دلاوەر)دەگـرین، دەبینـین خۆشەویسـتی ژنەكـەی پەیوەست دەكات بەوەوە، كە تاكە ژنە بتوانێت بـەو ڕیبەنـە سـوورەوە لەگەڵیـدا هـەڵبكات، كـە بووەتـە سـەرچاوەی نەهامـەتی و گاڵتـەجاڕی بۆیـان. هـەر ئەمەشـە وای لـێ دەكـات پێوەنـدی لەگـەڵ هاوسـەرەكەی بـەهێز بێـت، چونكـە بـاش دەزانێـت لـە دەسـتدانی ژنەكـەی واتـە لـە دەستدانی پەتە سـوورەكەی ملـی، كـە ئەمـەیش كـارێكی ئەسـتەمە و لـە ڕوانگەی(مامۆسـتا دلاوەر)ەوە، واتای نەمان و پووكانەوەی دەگەیـەنێت. نەێنـی ئـەو ڕیبەنـە سـوورە دەگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمی منداڵی(مامۆسـتا دلاوەر)كـە سـەگێكی بـە ناوی(گردۆ)هـەبووە و زۆر هـۆگری بـووە، بەڵام دواجار كە لە دەستی دەدات، پڕیار دەدات ڕیبەن(پەت)ە سوورەكەی ملی سـەگەكەی لـە

ملی خۆی ببەستێت و هەرگیز لە خۆیی جودا نەکاتەوە. دەشێت ئەم کارە لە ڕوانگەی(مامۆستا دلاوەر)خۆیەوە مانایەك بە ژیانی بدات، بەوەی بە ڕابردووەوە پەیوەستی دەکاتەوە، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە ئەو ئێستا و داهاتووی خۆی خستۆتە نێو مەترسییەکی گەورەوە. چونکە لای تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بە چاوی لۆمە و سەرزەنشتەوە لێی دەڕوانن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو شتەی لای مرۆڤیك پیرۆزە دەشێت لای کەسانی دیکە پێچەوانە بکەوێتەوە. ئەمەش پێوەندیی بە سروشتی ژینگە و باری سایکۆلۆژیی تاکەکانی کۆمەڵگەکانەوە هەیە. کە ناتوانن ڕیز لەو پیرۆزیانە بگرن کە تاکە کەسێك باوەڕی پێی هەیە. چونکە ئەگەر ئەو پەتە سووڕە لای خەڵکی گوزارشت بێت لە شتێکی بێ بایەخ، ئەوا لەلای(مامۆستا دلاوەر)یەکسانە بە بوونی خۆی. بێ گومان ئەمەش سیحریی دامەزراندنی بونیادی کەسایەتی پەرەسێنە لە ڕۆماندا، کە هەمیشە لە ململانێدایە، چ لە گەڵ خودی خۆیدا و چ لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگەدا.

2. کەسایەتی سادە:

کەسایەتی سادە بە کەسایەتی(فلات، چەسپاو، جێگیر، تەخت، نەگۆڕ)یش ناسراوە. ئەگەر دیارترین خەسڵەتی ناسینەوەی کەسایەتی پەرەسێن ئەوە بێت کە کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندە، ئەوە بە پێچەوانەوە کەسایەتی سادە کەسایەتییەکی تاك ڕەهەند و یەك ئاستە. واتە خاوەنی یەك سیفەت و یەك ئەدگار و یەك هەڵوێستە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە، بەم پێیەش هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێستەکانییدا ڕوو نادات. کەواتە کەسایەتی سادە یەك ئاسۆی ڕوانینی هەیە و هەڵوێستەکانی نەگۆڕە. هەر بۆیە هیچ قووڵی و شۆڕبوونەوەیەك لە هەڵوێست و بیروباوەڕەکانییدا بەدی ناکرێت، بۆیە لە کێشە و ململانێکاندا تەنیا لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات و هیچ دژواریی و ئاڵۆزییەك نایەتە پێشی بەم جۆرە(لە سەرەتای دەقی ڕۆمانەوە تا کۆتاییەکەی خاوەنی تاکە هەڵوێستێکە و ڕاستەوخۆ بەیەك ئاڕاستەی دیاریکراودا هەنگاو هەڵدەگرێت)(سلامە، 2007، ص: 18). ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەڵوێست و ڕەفتار و بۆچوونەکانی بە نەگۆڕی بمێنێتەوە.

کەواتە لەم ڕوانگەیەوە کەسایەتی سادە(ئەو جۆرە کەسەیە کە خاوەنی یەك ئاستی دیاری کراوە و لە کاتی ململانێ و کێشەدا زۆر سادە دەردەکەوێت و هەر لە یەکەم دەرکەوتنیەوە کەسایەتییەکەی ئاشکرا دەبێت و بە ئاسانی لە کەسانی دی جیا دەکرێتەوە و دەناسرێتەوە، هەروەها کاری چاوەڕوان نەکراو و کت و پڕی لێ ناوەشێتەوە)(عەبدوڵڵا، 2000، ل: 16). یاخود دەگوترێت(ئەو کەسایەتییە سادەیەیە، کە سۆز و هەڵوێست و قۆناغەکانی ژیانی وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت)(مرتاض، 1998، ص: 101). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین خەسڵەتەکانی ناسینەوەی کەسایەتی سادە لە ڕۆماندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بکەین(سلمان، 2012، ص: 14 ـ 15) کە بریتین لە:

1. لە دەوری تەنیا یەك بیرۆکە یاخود یەك سیفەت دەسوڕێتەوە، کە دەکرێت لە ڕێی تەنیا یەك ڕستەوە گوزارشتی لێ بکرێت.
2. خوێنەر دەتوانێت کەسایەتی سادە بەشێوەیەکی ئاسان و بەبێ هیچ ماندووبونێك لە نێو دەقدا بناسێتەوە.
3. ڕەنگە تەنیا یەك جار لە دەقدا دەربکەوێت.
4. پێویستی بە چاودێری کردن نییە بۆ ئەوەی گەشە بکات، چونکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمان وەکو خۆی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە.
5. خوێنەر دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسان بە یادیان بهێنێتەوە، چونکە وەکو خۆی لە بیرەوەری و یادگەیدا دەمێنەوە و وێنەکەیان نەگۆڕ و چەسپاوە.
6. کەسایەتی سادە لە باشترین و چاکترین حاڵەتی دەرکەوتنیدا وا باشترە کە کەسایەتییەکی کۆمیدیی هەبێت، چونکە گەر کەسایەتییەکی تراژیدی بوو، ئەوا خوێنەر دووچاری جۆرێك لە بێزاری و ماندوو بوون دەکات.

کەواتە کەسایەتی سادە لەگەڵ ئەوەی ناسینەوەی لە ڕووی پێکهاتەو ناسنامە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان کارێکی سانایە و پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە خاوەنی بەهایەکی نزمە لە دەقی ڕۆماندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە(ئەو کەسایەتییە سادە و ڕووکەشانە زۆربەی جار نموونەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەن و سادەیی ئەو کەسایەتییانە بێ بەهایی تاك بەرانبەر بە سروشت و کۆمەڵگە دەردەخات)(عەبدوڵڵا،

2000، ل: 16). جگە لەوەش کەسایەتییە سادەکان هۆکارن بۆ زیاتر ناسین و پەی بردن بە دنیای کەسایەتییە پەرەسێنەکان. کەواتە کەسایەتی سادەش یەکێکە لە پێویستییەکانی بونیادی کەسایەتی لە ڕۆماندا و بەقەد بەشداریی و چالاکی خۆی کاریگەری و سەنگی لەسەر ڕەوتی ڕووداو و ململانێکان هەیە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(ئای لەقیلیا لەقیلیا)دا:

لە ڕۆمانی(ئای لەقیلیا لەقیلیا)دا، ڕۆماننووس لە ڕێی چەند کەسایەتییەکی سادەوە بونیادیی کەسایەتی ڕۆمانەکەی پتەوکردووە. نموونەی کەسایەتییە سادەکانیش بریتیین لە:

1ـ (مەدیحە): ژنێکە و ڕۆڵی کەسایەتییەکی سادە لە ڕۆمانەکەدا دەبینێت. واتە خێزانی پیاوێکە بە ناوی(حەسەن خوداداد). کە کاتێك(نەوال)ی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە باری دەروونی تێکدەچێت بۆ ماوەیەك لەلای خێزانی ئەوان دەمێنێتەوە. هەربۆیە ڕۆڵەکەی(مەدیحە)لە نێو ڕۆمانەکەدا تەنیا بریتییە لە تیشك خستنەسەر هەندێك لایەنی کارامەیی و دەست ڕەنگینی(نەوال)کە هێشتا منداڵەو لە قۆناغی سەرەتاییدایە. بۆیە کاتێك دایکی(نەوال)سەردانیان دەکات(مەدیحە)ستایشی(نەوال) دەکات و بە دایکی دەڵێت:

(**کەوا کچەکەی زۆر دەستڕەنگینەو فێر بووە بە دوو شیشی ڕەش خوریی سپی بچنێت و بە زەنگیانە مێرووڵە و دووپشکی ڕەش، پەڕەسێلکە و حاجی لە قلەقی سپی دروست بکات**)(ئای لەقیلیا لەقیلیا، ل: 33).

2ـ (سالم سەبری): وەك کەسایەتییەکی سادە دەردەکەوێت، کە مامۆستایە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان. کاتێك (نەوال)تاقیکردنەوەی توانست ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی لە پەیمانگە وەربگیرێت. مامۆستا(سالم سەبری)لە هەموو مامۆستاکانی دیکە زیاتر بە ئاستی(نەوال)سەرسام دەبێت. زۆر هانی(نەوال)دەدات تاکو بەشی نواندن هەڵبژێرێت، بەڵام(نەوال):

(**گوێی بەو نەدا و هەر سوور بوو بەشی مۆسیقا و گۆرانی بخوێنێت**)(ئای لەقیلیا لەقیلیا، ل: 66).

دیارە گێڕەرەوە مەبەستییەتی لە ڕێی زەقکردنەوەی ئەم هەڵوێستە دژەی مامۆستا(سالم سەبری)ەوە، کە کەسایەتییەکی سادەی نێو ڕۆمانەکەیە و ڕۆڵەکەی زیاتر بەرجەستەکردنی حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی(نەوال)ە، ئەویش لە ڕێی ئەو کاریگەرییەی لەسەر(نەوال)ی دروست دەکات، بۆ ئەوەی وای لێ بکات پێچەوانەی حەز و ویستی خۆی پریار بدات. واتە لەڕێی ئەم هەڵوێستە پێچەوانەیەی کەسایەتییەکی سادەوە. ڕۆماننووس دەیەوێت کەسایەتی (نەوال)زیاتر بسەلمێنێت. چونکە خاوەنی پریاری خۆیەتی و دەیەوێت ببێتە هونەرمەند و مۆزیك و گۆرانی بخوێنێت، ئەگەرچی لە بواری نواندنیشدا خاوەنی بەهرەیەکی مەزنە.

3ـ (ئەدهەم): پیاوێکی بە تەمەنە و ئەفسەرێکی خانەنشینە. ڕۆڵی باپیری(نەوال)دەگێڕێت. بۆیە کە سەرنج دەدات (نەوال)بەهۆی شەڕی(کاکەسوور)ەوە زۆر گرنگی بە بابەتی سەربازی دەدات و حەز دەکات هەمیشە بچێتە گۆڕەپان و مەیدانی سەربازەکان تاوەکو نمایشەکانیان ببینێت. ئەوەندەش بەوردی سەرنجی سەربازەکانی دابوو دەیتوانی لە نیشانەکانی سەر قۆڵ و شانیانەوە پلەو پایەکانیان لە یەکتر جودا بکاتەوە. ئەم زیرەکییەی(نەوال)باپیری زۆر دڵخۆش دەکات. کەوا:

(**کچەزاکەی دەبینی ئەوەندە ئارەزووی لە فێربوونی زانیاریی لە مەڕ سەربازییەوە هەیە و هەمیشە بیری لێدەکاتەوە، بۆیە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە و بەم و بەوی دەوت، کەوا وەجاخی ڕۆشنە و دوور نییە کچەزاکەی ببێت بە ئەفسەر، یان فڕۆکەوانێکی شارەزا**)(ئای لەقیلیا لەقیلیا، ل: 37).

هەر یەك لەو کارەکتەرە سادانە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دەیانەوێت. داهاتووی(نەوال)دیاریی بکەن و بەپێی هەڵسوکەوتی منداڵی(نەوال)دەیانەوێت داهاتووی بۆ بخوێننەوە و ڕەنگڕێژی ژیانی بکەن. بەڵام(نەوال)وەك کچێکی سەرکێش و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز. دەیەوێت بە ڕێچکەی خۆیدا پروات و ئاسۆی داهاتووی بە دەستی خۆی بنەخشێنێت.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(مامزێر)دا:

لە ڕۆمانی(مامزێر)دا(گۆڵدا)کچێکە و هاوپۆلی(مامزێر)ە. بەڵام وەك کەسایەتییەکی یەك ئاست و تاك ڕەهەند دەردەکەوێت. واتە هیچ گۆڕانێك لە هەڵوێستیدا بەدی ناکرێت. تەنیا

ئەوەندە هەیە، دەرکەوتنی دەبێتە هۆی بزواندنی هەستی سۆز و بەزەیی لای(مامزێر). واتە ئەگەرچی(گوڵدا)دەبێتە سەرچاوەی هەڵایسانی گڕی عەشق لە دەروونی (مامزێر)دا، بەڵام هەر وەکو کەسایەتییەکی سادە دەردەکەوێت و هیچ گۆرانێك لە کەسایەتیدا ڕووندادات. ئەم هەستی بەزەییەش لای(مامزێر)کاتێك دروست دەبێت، کە دەزانێت دایکی(گوڵدا)کوژراوە:

(**هەر ئەم هەستی بەزەییەش وات لێ دەکات پشتی تێنەکەیت... بەچرکە لێی دانەپڕێیت... ئەم هەستە خەڵەتێنەرە دەتخاتە سەر ئەو باوەڕەی تۆ خۆشت دەوێت و دەیپەرستیت، بەڵام ئەم(مەبەستی گوڵدایە)لەو خەیاڵەی تۆ بێئاگایە و ناچێتە ناوبەوە، بۆیە پێچەوانەی تۆ، ئەم وەکو کەسێکی دڵڕەق دەردەکەوێت، کەچی ئەمە لە باتی ئەوەی دوورت بخاتەوە، زیاتر هەستی بەزەییت تێدا دەخوڵقێنێت، هەر بۆیە زیاتر هەوڵی نزیکبوونەوە دەدەیت**)(مامزێر، ل: 59).

(گوڵدا)وەك کەسایەتییەك دەردەکەوێت، کە هیچ هەست و سۆزێکی بەرانبەر(مامزێر)نییە. یاخود نایەوێت هەستی خۆیی بۆ دەربڕێت. بۆیە کاتێك(مامزێر)هەوڵ دەدات لە(گوڵدا)نزیك بێتەوە و ڕاستەوخۆ هەستی خۆیی بۆ دەربڕێت، کەچی(گوڵدا)لێی هەڵدێت و نایەوێت گوێی بۆ ڕادێرێت:

(**ـــ..... من تۆم خۆش دەوێ گوڵدا... بەچی باوەڕ دەکەی لە خۆمم خۆشتر دەوێیت...!! لەبەر تۆ نەبێت واز لە قوتابخانە دەهێنم... وا نەزانی درۆ دەکەم... من ڕاستیت پێ دەڵێم گوڵدا، بەڵام ئەوە چییە...؟! سووك سووك...!! ئاوا خێرا مەڕۆ...!! جێم مەهێڵە ئاقڵ گیان. وەکو شێت بەسەر ئەو شۆستەیەدا ڕایدەکرد و قژی لەسەر جانتا چەرمەکەی پشتی هەڵدەپەڕی**)(مامزێر، ل: 82 ـ 83).

کەواتە ڕۆڵی(گوڵدا)وەك کەسایەتییەکی سادەی خاوەن یەك سیفەت و سۆز لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. کە تەنیا ئامانجی وروژاندن و دەرخستنی هەستی خۆشەویستییە لەلای(مامزێر)ی کەسایەتی سەرەکی. هەر بۆیە(مامزێر)لە دواییدا عەشقی کچێك بەناوی(فریدا)دەبێت.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)دا:

لە نێو ڕۆمانەکەدا بە کەسایەتییەك ئاشنا دەبین، کە بە(شاسوار)ناسراوە. هەرچەندە کەسایەتییەکی سادەیە و تەنیا لە دایەلۆگێکدا خوێنەر دەنگی دەبیستێت. بەڵام ئەم کەسایەتییە هەڵگری دید و ئایدۆلۆژیایەکە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی زۆربەی هاوڕێکانی(سەنگەر)ی کەسایەتی سەرەکی و تەنانەت (سەنگەر)یش هەیە و هەموویان بە شاسواری ناسراون. واتە(شاسوار)وێنەی کەسێکی خاکی و شۆرشگێڕە، کە بووتە سیمبوولی بە گژدا چوونەوەی زۆڵم و ستەم و چەوساندنەوە و داگیرکاری. هەر بۆیە گێڕەرەوە لە بارەی برەو سەندنی ئایدۆلۆژیای (شاسوار)ەوە بەم شێوەیە دەدوێت:

(**ڕۆژ بە ڕۆژ ناوبانگی(شاسوار)لە ناو شاردا بڵاو دەبووەوە.. باس هەر باسی ئەو بوو.. هەر کاتێکت دەزانی فڵان و فیسار لە ناو شار نەماون.. بۆ کوێ چوون..؟! خۆیان گەیاندە شاخ**)(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ل: 38).

هەرچەندە(شاسوار)وەك کەسایەتییەکی سادە بۆ جارێك دەردەکەوێت و پاشان لە دەقەکەدا ون دەبێت. بەڵام لەڕووی هزرییەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر کەسایەتییە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕۆمانەکە هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەشێت کەسایەتی سادە شوێن دەستی خۆی لەسەر کەسایەتی و ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەجێبهێڵێت. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە(شاسوار)تەنیا کەسایەتییەکی سادە نییە، بەڵکو ئامادەییەکی سیمبولی و مەعنەویی لە دەقەکەدا هەیە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا:

یەکێك لەو کەسایەتییە سادانەی لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت(دەرسیم کوردۆ)یە. هەرچەندە دەرکەوتنێکی زۆر کورتی هەیە. بەڵام بەهۆی ڕۆڵ و هەڵوێستەکان و مەیلە شۆرشگێڕیەکەیەوە. دەبێتە سیمبولێك بۆ ئومێد و گەشبینی بە تایبەتی لەو سەردەمە هەستیارانەی مێژووی کورد دا، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای نسکۆی ساڵی (1975). واتە(دەرسیم کوردۆ)نەمامی هیواو ئومێد لە دڵی تاکەکاندا دەنێژێت و مژدەی سەردەمێکی نوێ و قۆناغێکی نوێی هەستانەوە و بەرخودان بە گوێی تاکەکانی نەتەوەکەیدا دەدات. کە تا ئەو کات شەوە زەنگی تاریکی و نائومێدی ئاسۆی بینینی تاکی کوردیان لێڵ کردبوو. بێ گومان

هـەموو ئەمانـەش بـە هـۆی ئـەوەی لـە ڕێی(دەرسـیم کـوردۆ)وە ناوی(کۆمەڵـەی ژەنجـدەرانی کوردستان)دەکەوێتە سـەر زاری زۆربـەی خـەڵك. (دەرسـیم)لە بنەڕەتـدا نـاوی (عومـەر)ە، کـوڕە مەلایە. گەنجێکی سەرەڕۆ و چالاك بوو. زۆر حەزی لە خوێندنەوە دەکرد، بـەڵام بـاوکی ڕێگـری و ئاستەنگی زۆری بۆ دروست دەکرد، تا دواجار بە هۆی ئەوەی واز لـە نـوێژ دەهێنێـت بـاوکی لـە مـاڵ وەدەری دەنێـت. (عومەر)بـەحوکمی ئـەوەی لـە قوتابخانـەی عـەرەبی خوێندویـەتی عەرەبییەکی باشـی دەزانی و خاوەنی ڕۆشـنبیرییەکی فراوانە. لە پێش ساڵانی(1975)شـیعر و لێکۆڵینـەوەی دەنووسـی و لـە(بیـری نـوێ، هاوکـاری، بەیان)لـە ژێـر نـاوی خوازراوی(دەرسـیم کوردۆ)دا بڵاوی دەکردەوە. دواجاریش لە شار هەڵدێت و ڕوو لە شاخ دەکات. هەر بۆیە گێڕەرەوە بەم شێوەیە کەسایەتی(دەرسیم کوردۆ)دەخاتە ڕوو:

(**نەدەچووە خەیاڵی کەسـەوە ئەوەی ئەو بێـدەنگی و ترسـە دەشـکێنێت، تاقـە کـوڕە لاسـارەکەی مـەلا بێـت... لەمـەوە ناوی(کۆمەڵـەی ژەنجـدەرانی کوردسـتان)کەوتە سـەر زاری خەڵك**...)(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ل: 117).

لێرەشـدا گێـڕەرەوە کەسـایەتییەکی سـادەی خوڵقانـدووە لـە پێنـاوی زینـدوو کردنـەوەی گیانی بەرگریی و یاخی بوون. لە گیانی تاکی کورددا. بەڵام ئەویش لە ڕێی کەسێکەوە، کـە بـە هیچ شێوەیەك گومانی ئەو کارە مەزنـەی لـێ ناکرێـت و بـە خـەیاڵی کەسـدا نایـەت، کـە کـوڕە مەلایەك گۆمی پێدەنگی بشـلەقێنێت و جارِی شـۆرش بدات. هەر بۆیە دەبینـین. ڕۆمـاننووس زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگـەڵ بونیـادی کەسـایەتییدا دەکـات و بـەجۆرێك دەیـان خوڵقێنێـت، تـاوەکو لەگەڵ کەسـایەتی و فـەزای ڕۆمانەکـەدا بیگونجێنێـت. واتـە کەسـایەتی شـیاو بـۆ هەڵوێسـتی گونجاو هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە داینەمۆی جوڵاندنی کەسایەتی و ڕەووتی ڕووداوەکان.

هەر لە ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا، کۆمـەڵێ کەسـایەتی سـادەی دیکـە هەن. کە تەنیا لەلایەن گێڕەرەوەوە ناویان دەهێنرێـت. بـەڵام کەسـانی سـادەن و خـاوەنی یـەك ئەدگارن. واتە تاك ڕەهەندن. وەکو(ماجید هـەمزە قـەڵاتێ ، عوبێـد پـۆخچی، فەیسـەڵ گێبـرای، سابیر پوولەکە... هتد). لێرەدا دەشـێت بگوترێـت کـە ئـەم کەسـایەتیانە تـەنیا لەیـەك سـیفەتدا هاوبەشـن، ئـەویش دژایـەتی کردنـی ڕۆڵـەکانی نەتەوەکـەی خۆیـان و خزمـەتکردنی دەزگـا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس بوو. کە وەکو سیخور و جاش و بەکرێ گیراو کەوتبوونـە وێـزەی خەڵکی سڤیل. بۆیە لە ڕۆمانەکەدا ئەمانە وەکو ڕەمـزی سـتەم و زۆرداری و هێـزی شـەڕانگێزی دەبینـرێن. کـە دژی هێـزی خێـر و چاکـە لـە سـەنگەر دا بـوون. واتـە ڕۆمـاننووس لـە ڕێـی ئـەم کەسایەتییە سادانەوە، ئەو ململانێ ئەزەلیەی بەرجەستە کردووە کە لـە نێـوان هێـزی چاکـە و خراپەدا بە درێژایی مێژوو بەردەوامی هەبووە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(کازینۆی منداڵان)دا:

یەکێك لەو کەسایەتییە سادە و تاك ڕەهەندانەی لە دوو توێی چەند لاپەڕەیەکی کـەمی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. کەچی خـاوەنی گوتـارێکی فکریـی مەزنـە، چونکـە دەبێتـە سـیمبولی یـاخیبوون و دەسـەڵاتی بـاوکی ڕەتدەکاتـەوە و لـە دژی دەوەسـتێتەوە. ئـەم کەسـایەتیەش ناوی(مـەروان)ەو، کوڕی(خـەلۆ چاوسـوور)ە. ئـەم حاڵەتـەش کاتێـك بەرجەسـتە دەبێـت، کە(مەروان)لە دوای کوشتنی دایکی بە دەستی(خەلۆ چاوسوور)ی باوکی پریار دەدات سـەری خۆی هەڵگرێت:

((**مەروان)..... هەرزەکارێکی خوێنگەرمـە، نایـەوێت دوای کـوژرانی دایکـی لەگـەڵ باوکێکی ئاوادا درێژە بە ژیان بدات و سەر هەڵدەگرێت**)(کازینۆی منداڵان، ل: 28).

بـێ گومـان ئـەم یـاخیبوون و سـەرهەڵگرتنە لـە ڕووی فیکرییـەوە هـەڵگریی دەلالـەتی دیکەیـە. واتـە دەکرێـت لـەو ڕوانگەیـەوە خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت، ئەگـەر بـاوك مەبەسـت لێـی سیستەمی دەسـەڵات و یاسا باوەکانی کۆمەڵگـە بێـت. ئەوا(مـەروان)ی کـور، ڕەمـزی بـە گـژدا چوونەوەی ئەو سیستەمە باو و تەقلیدیانەیە کـە کۆمەڵگـە دەیـەوێت بـەردەوامیان پێبـدات. بـەم شێوەیەش دەیەوێت تـەواوی ئـەو سیسـتەمە لەبەریـەك هەڵوەشـێنێت، کـە بـاوك نوێنەرایـەتی دەکـات. چونکـە لـە کۆمەڵگـەدا نموونەی(خـەلۆ چاوسـوور)ەکان زۆرن، کـە تـەنیا بـە بیـانوی گومانێکەوە ئامادەن ڕۆحی دەیان نەونەمامی ناسك هەڵکێشن و بێباکانە لە سزای تاوانـەکانیان دەربچن. بۆیە هەمیشە نەوەی نوێ دەبێت خاوەنی پەیامێك بێت، کە کۆمەڵگە بەرە و داهـاتووی باشـتر و گەشـتر ئاراسـتە بکات.

ئـەوەی ڕۆمانی(کـازینۆی منـداڵان)ی(کاروان کاکەسـوور)لە ڕۆمانـەکانی دیکـەی جـودا دەکاتەوە. بەخشینی ڕۆڵی کارەکتەرێکی سادەیە بە(مانگایەك)کەناوی(مەیسوون)ی لێ نـراوە. (مەیسوونی مانگا)ئەگەرچی ڕۆڵێکی سیمبولی دەگێڕێت، کە دەشێت مانای بە خشـینی ژیـان بێت. چونکە هەر لە سەرەتاوە(مەیسوونی مانگا)دەبێتە سەرچاوەی پەیداکردنی بژێویی ژیان بۆ ماڵی(پەریهان)، کە هاوسەرەکەی لە دەست داوە و بەهۆی فرۆشـتنی شـیر و ماسـتەکەیەوە. هـەر دوو کوڕەکەی(سـوهاد، وریا)بـە خێـو دەکـات. هەر(پـەریهان)یش نـاوی مەیسـوونی پێدەبەخشێت:

((**پەریهان)لە زووەوە ناوی لە مانگاکەی نابوو(مەیسوون)، چونکە دەیگوت وەك(دادە مەیسوون)ی دراوسێیان ساڵانە دووانەیـەکی دەبێـت، بـەڵام بـە کوڕەکـانی گوتبـوو هەرگیز نەکەن ناو لە گوێرەکەکان بنێن، چونکە ئەوان بـۆ فرۆشـتنن... ئەگـەر ناویـان لێ بنرێت، دڵی نایەت نە بیانفرۆشێت و نەگۆشتیشـیان بخـوات**)(کـازینۆی منـداڵان، ل: 39).

بێ گومان بە خشینی ڕۆڵی کارەکتەر بە بوونـەوەرێکی جـودا لـە مـرۆڤ، تۆکمـە بـوونی بونیادیی ڕووداویی ڕۆمانەکەیـە. بۆیـە(لـەزۆر نموونـەی ڕۆمـانی نـوێ و هاوچەرخـدا، بوونـەوەر و زەمەن و درەخت و بێدەنگی و ئەسپ و پرد و ماسی بوونەتە کارەکتـەری سـەرەکی)(ئەڵوەنی، 2009، ل: 26). دواتر(خەلۆ چاوسوور ـ حەمـدی)دوای ئـەوەی بـۆ ماوەیـەك دەوریـی گەورەکـەی ماڵی(پەریهان)دەدات، دواتر بەسـەر(مەیسوونی مانگا)وە دەگیرێت و ئاشـکرا دەبێـت. ئیتـر دوای ئەوەی کێشە کە گەورە دەبێت، بەڵام پیاو مـاقوڵانی گـەڕەك پڕیـار دەدەن، کـە ئیتر(مەیسـوونی مانگا)نە شیرەکەی و نەگۆشتەکەی بە کـاری خـواردن نایـەت. بۆیـە لـەبری ئـەوە هەنـدێك پـارە لە(خەلۆ چاوسوور ـ حەمدی) وەردەگرن. بەم شێوەیە(حەمدی)بە شـەرمەزاربیەوە هـەر بەشـەو لەگەڵ(مەیسوون)ی مانگادا ملی ڕێ دەگرێت و لەشار دەردەچن. پاش ئەو ڕووداوە(مەیسوونی مانگا)هیچ هەواڵێکی نابێت، تاکو کارەکتەرێك بە ناوی(پەریهان)ەوە، دەردەکەوێت و ڕووی دەمی دەکاتە(سوهاد، وریا)و چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆیـان و خـۆی بـە خوشـکیان دەزانێـت و ددان بەوەدا دەنێت، کە کچی(مەیسوونی مانگا)و(حەمدی)بیە:

((**من خوشکتانم)... ئەگەر ئەمەتان بـەلاوە سـەیر بێـت، ئـەوا سـێ شـتی زۆر لـەوە سەیرترێشـــــــم لایـــــــــە: یەکـــــــــەم، ناوم(پـــــــــەریهان)ەو... دووەم، کچی(مەیسـوون)و(حەمدی)م... سـێیەم، مەبەسـتم لـە(مەیسـوون)، ئـەو مانگـا سپییەیە، کە بە منداڵی ئێوەی بە خێو کـردووە و تـاکو ئێسـتاش بـە دایکـی خۆتـانی دەزانن، بگرە هەر بەڕاستیش دایکتانە... مەگەر ئەو شیری خۆی بە ئێوە نەداوە، بـرا ئازیزەکـانم...؟! ئایـا شـیر یەکـەم شـت نییـە مـرۆڤ تـامی دەکـات و وزەی لـێ وەردەگرێـــت...؟! دەی پـــێم بڵـــێن ئێـــوە بـــۆ ســـاتێك نکوولێتـــان لـــەوە کردووە(مەبسوون)دایکتانە...؟! دەسا ئەو ئەگەر تەنیا شـیری بـە ئێـوە دابێـت، ئـەوا منی نۆ مانگ بە سکیش هەڵگرتووە**)(کازینۆی منداڵان، ل: 195).

بەم پێیە(مەیسـوونی مانگـا)وەکو کارەکتـەرێکی تـاك ڕەهەنـد، جـارێکی دیکـە جوڵـە بـە ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکـە دەبەخشـێت. ئـەویش لـە ڕێـی هێنانـە دنیای(پـەریهان)ەوە، کـە وەکـو کەسایەتییەکی سەرەکی بەشـی سـێیەمی ڕۆمانەکـە دەردەکـەوێت. کـە لـە ڕێـی گێڕانـەوەی بیرەوەرەییەکانییەوە درێژە بە ڕەوتی ڕووداوەکان دەدات و جـارێکی دیکـە ڕۆڵ بۆ(حەمـدی)باوکی دەگێڕێتەوە.

کەواتـە(مەیسـوونی مانگا)هـەر چەنـدە تـوخمێکی جودایـە لـە مـرۆڤ، بـەڵام وەکـو کارەکتەرێکی سادە بووەتـە سـمبولی بەخشـینی ژیـان بـە چەنـد کارەکتـەرێکی سـەرەکی نێـو ڕۆمانەکـــە، کـــە بـــریتین لـــە(پـــەریهان، مامۆســـتا ســـوهاد، وریـــا)، جگـــە لـــەوەش وەکـــو هاوسـەری(حەمدی)ڕۆڵێ لە گوڕێنی ئاراستەی ژیانییدا هـەبووە . بـەوەی لـە مرۆڤێکـی تونـدی ژنکوژەوە دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی ئاسایی.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(ماڵی نانی)دا:

(ڕێدوور سەلما)ڕۆڵی کارەکتەرێکی سادەی لە ڕۆمانەکەدا هەیە. بەوەی کە کوڕێکە و بە عەرەبانەیەکەوە گەڕەکەکانی شار دەگەڕێت و شیرینی دەفرۆشـێت. (ڕێـدوور سـەلما)نەچووەتە قوتابخانە، بەڵام بـەهۆی ئـەوەی سـەردانی شـاریی کـەرکووکی کـردووە، دەتوانێـت بـە زمـانی عەرەبی قسە بکات. ئەم کەسایەتییە بە ڕایەڵەیەك دادەنرێـت، کـە(دڵـداری دووەم)بـە جیهـانی

دەرەوە دەبەستێتەوە. بە هۆی ئەوەی(دڵداری دووەم)کەتەمەنی نە گەیشتووەتە شەش ساڵ و کەسایەتییەکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە و دایك و پووری ڕێگەی پێ نادەن زۆر بچێتە دەرەوە، بەڵام لە ڕێی شیرینی کڕینەوە توانیویەتی هاوڕێیەتی لەگەڵ(ڕێدوور سەلما)دا دامەزرێنێت. ڕۆژانە(دڵداری دووەم)خۆی دەگەیەنێتە لای(ڕێدوور سەلما)و هەموو نهێنییەکانی ناو ماڵ و خێزانەکەیانی بۆ باس دەکات، چونکە کێشەی(دڵداری دووەم)ئەوەیە کە لەوەتەی لە دایك بووە، چەند جارێکی زۆر کەم نەبێت باوکی نەدیووە، لە ماڵەوەش دایکی و پووری ئەو نهێنییەی لەلا ئاشکرا ناکەن، کە باوکی لە ژێر زەمینە نهێنییەکەی ماڵیان دا لە ترسی سەربازی خۆی شاردۆتەوە. بەڵام(دڵداری دووەم)لە میانەی جوڵەکانی دایکی و پووریدا هەست بەو نهێنییە دەکات. هەر بۆیە ئەمە دەبێتە گرێیەك لە دڵی دا و دواجار دەیەوێت پشت بە(ڕیدوور سەلما)ببەستێت، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بگەیەنێتە لای سەرۆك و سکاڵا لە باوکی تۆمار بکات:

((ڕێدوور سەلما)ناوە ناوە لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵدا دەکات و پێم دەڵێت وا نەزانم لە بیری چووەتەوە، بەڵکو هەمیشە لە خەیاڵیەتی و دەیەوێت ڕێیەکی گونجاو بدۆزێتەوە... بۆی دەرکەوتووە شۆفێری یەکێ لەو ئۆتۆمۆبیلانە کابرایەکی ڕەشتاڵەی چوارشانەیە و هەموو خوتبەیەکی ڕۆژانی هەینی لەو مزگەوتەی ئەوبەر ئامادەیە... ئەفسەرێکی گەورەیە..... دوای نوێژ سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبێتەوە و بەدڵی خۆشەوە بەرەو بەغدا لێ دەخورێت... پلانەکە وایە بە شێنەیی بمخاتە دواوەی و خۆم لەوێ مت بکەم، تا ئەو کاتەی لە بەغدا، ڕێك لە بەردەمی سەرۆکدا دەوەستێت... ئەوسا بڕیمە دەرێ و لە نووکەوە چیرۆکەکەی بۆ بگێڕمەوە... چاوەڕێی ڕۆژێکی تەمتومانە، بۆ ئەوەی کاتێ دەچمە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، هیچ چاوێك، چەن تیژ و زیتیش بێت، نەمبینێت)(ماڵی نانی، ل: 162 ـ 163).

کەواتە(ڕیدوور سەلما)وەکو کارەکتەرێکی سادە لە میانەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانییەوە، نهێنییەکانی کەسایەتی سەرەکی(دڵداری دووەم)ئاشکرا دەکات و لە ڕێی ئەو پلانەوە، کە بۆی دادەنێت(دڵداری دووەم)بە چارەنووسێکی دیکە دەگەیەنێت، کە هەرگیز بیری لێ نەکردووەتەوە و تەواوی ژیانی دەگۆڕێت. بەم پێیەش کارەکتەری فلاتیش بەپێی قەبارەی خۆی ڕۆڵی لە ئاراستەکردن و گۆڕینی ڕووداوەکانی ڕۆماندا هەیە و دەقی ڕۆمان بەبێ کەسایەتی سادە وەهمی واقیعیی بوون و زیندوێتی لە دەست دەدات.

(ئادەم زێرین)کەسایەتییەکی دیکەی پەرەنەسێن یاخود سادەی نێو ڕۆمانی(ماڵی نانی)ە، کە وەکو شاگردێك لە دووکانی چەکو تەقەمەنییدا لای کەسێك بە ناوی(ڕازە)کاردەکات، گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەیەوێت هەندێك زانیاری لە زاری(ڕازە)وە، دەربارەی کەسایەتی(ئادەم زێرین)ئاشکرا بکات:

(ناوی(ئادەم زێرین)ە... باوکی زوو مردووە، بۆیە بە ناوی دایکی بانگ کراوە، بەڵام دواتر دەزانێت(مەبەست ڕازەیە)نەك هەر بە تاریکی زمانی لە گۆ دەکەوێت، بەڵکو نێرەمووکیشە، نەخێر، هەر ژنە... ئەگەر قژی کورت کورت دەکاتەوە و جلی پیاوانە دەپۆشێت، ئەوا سیمای دەرەوەی دەگۆڕێت و لە نێرەمووك دەچێت، بەڵام ڕاستییەکەی ژنە، یان لانی کەم زیاتر بەلای ڕەگەزی مێینەوەیە)(ماڵی نانی، ل: 320).

(ئادەم زێرین)وەکو کەسایەتییەکی سادە و تاك ڕەهەند دەردەکەوێت و ڕۆڵ دەگێڕێت، کە(نێرەمووك)ە، ئەگەرچی ڕۆمانناووس بە شێوەیەکی هونەریی وا وێنای سیماو خەسڵەتی(ئادەم زێرین)دەکێشێت، کە بە ئاسانی ناتوانرێت پەی بە ڕەگەزەکەی ببرێت، بێ گومان ئەم گەمە هونەرییەش بە کەسایەتی(ئادەم زێرین)لە پێناو گونجاندنی کەسایەتییەکەیەتی لەگەڵ کار و پیشەی چەکوتەقەمەنییدا، کە تاڕادەیەك بە کەسایەتی(ئادەم زێرین)ناموێیە.

کەسایەتی سادە لە ڕۆمانی(ڕیبەرێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا:

لە ڕۆمانی(ڕیبەرێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، جگە لەوەی ڕۆڵی کارەکتەری سادە بە مرۆڤ دراوە، بەڵام سەگێکیش دەردەکەوێت، کە کاریگەری لەسەر کەسایەتیەکی سەرەکی ڕۆمانەکە هەیە. سەگەکە ناوی(گردۆ)یە و ڕۆڵی کەسایەتییەکی لاوەکی دەگێڕێت. ئەم سەگە هی کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کە ناوی(دلاوەر)ە، (دلاوەر)بە هۆی

ئەوەی هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لەگەڵ کچێکدا بە ناوی(ویداد)ەوە هۆگرییەکی زۆر لە نێوانیاندا دروستبووە دەبێت. بەڵام (ویداد)هەر لەو منداڵییەوە، وەکو کچێکی سەرەڕۆ زوو زوو سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ئاوەدانی دوور دەکەوێتەوە. هەمیشەش(دلاوەر)لەگەڵ خۆیدا دەبات. بۆیە باوکی(دلاوەر)هەست بە مەترسی دەکات، بەرانبەر چارەنووسی کورەکەی، بۆیە پریار دەدات مانگیان بگوێزێتەوە بۆ دەوروبەری شار و لەوێ خانوویەکی گەورە دەکڕێت، تاکو هەم کورەکەی لە(ویداد)دوور بخاتەوە، هەم بۆ خۆیشی حەز لە شوێنی کراوە و فراوان دەکات. بەڵام(دلاوەر)بەم جێگۆڕکێیە ڕازی نابێت، چونکە درك بە پلانی باوکی دەکات. بەڵام باوکی بۆ ڕازیکردنی(دلاوەر)بەڵێنی پێدەدات، کە تووتکە سەگێکی بۆ پەیدا بکات تاوەکو بە خێوی بکات، چونکە چەندین جار لێی داواکردون، بەڵام ڕازی نەبوون:

(**ئەوەتا گوجیلەیەکی جوانی هەیە. ناوی(گردۆ)ی لێ ناوە، چونکە هەمیشە حەز دەکات بچێتە سەر ئەو گردە و لە دوور بڕوانێت. ڕەنگی سوورە و بەلای خورماییدا دەڕوانێت**)(ڕیبەرێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ل: 96).

(دلاوەر)کاتێك مانگیان دەچێتە شوێنێکی چۆڵ، تەنیا(گردۆ)شك دەبات. بۆ ئەوەی کاتی لەگەڵدا بەسەر ببات، هەر بۆیە بێ ئەندازە هۆگریی(گردۆ)دەبێت. باوکی(دلاوەر)ڕیبەرێکی سوور لە ملی(گردۆ)دەبەستێت و ئاموژگاری (دلاوەر)ی کوری دەکات، کە زوو زوو گرێی ڕیبەرەکەی بۆ شل بکاتەوە، چونکە(گردۆ)ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکات. (دلاوەر)بەڕادەیەك پەیوەست دەبێت بە(گردۆ)وە، کە هەمیشە لە خەیاڵیدایە. بەڵام ئەوەی(دلاوەر)ئازار دەدات داهاتووە، بۆیە گێرەڕەوە لە زاری(دلاوەر)ەوە دەڵێت:

(**لێرەدا شتێك ئازاری دەدات، ئەویش ئەوەیە، (گردۆ)ئەو پەڕی پانزە ساڵ دەژی، بۆیە هەرچەند خەیاڵی بۆ ئایندە هەڵدەفڕێت، هەست دەکات جێی دەهێڵێت**)(**ڕیبەرێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش**، ل: 108 ـ 109).

(دلاوەر)بێ ئەندازە شەیدای(گردۆ)دەبێت، بەڵام تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە، کە ناحەزێك(گردۆ)ی لێ زەوت بکات یاخود ژەهر خواردی بکات. چونکە تاڕادەیەك(گردۆ)بۆ(دلاوەر)جێگەی(ویداد)ئەو کچەی خۆشی دەویست و لێی داپراوە گرتووەتەوە. هەر بۆیە(دلاوەر)زوو زوو لە خۆی دەپرسێت، ئاخۆ کامیانی زیاتر خۆشدەوێت؟ (ویداد)یاخود (گردۆ). بۆیە ناتوانێت لە نێوانیاندا یەکێك هەڵبژێرێت و خۆی لە وەڵامەکە دەدزێتەوە. هەر بۆیە(دلاوەر)کاتێك بۆ دواجار(گردۆ)لە دەست دەدات. پریار دەدات تاکو ماوە ڕیبەنە سوورەکەی ملی(گردۆ)لە ملی خۆی ببەستێت. هەر چەندە پریارێکی سەختە، بەڵام(دلاوەر)دەوێت ئەو ڕیبەنە بکاتە ڕایەڵەیەك تاکو هەمیشە بە دنیای(گردۆ)وەی ببەستێتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە(گردۆ)دەبێتە هاودەمێکی هەمیشەیی(دلاوەر)دوای ئەوەی لە خۆشەویستەکەی (ویداد)دادەپڕێت. کەواتە لێرەدا(گردۆ)ی سەگ هەرچەندە ڕۆڵەکەی سادەیە، بەڵام لە دەستدانی دەبێتە مەتەڵێك لە ژیانی(دلاوەر)دا و سەر لەبەری ژیانی دەگۆڕێت. چونکە بەهۆی ئەو ڕیبەنە سوورەی ملیەوە، هەموو کات دووچاری لۆمەی کەسانی نێو کۆمەڵگەکەی دەبێتەوە. بەڵام(دلاوەر)وەکو یادگارییەکی پیرۆز و بە بەها لەو ڕیبەنە سوورە دەڕوانێت و دەست بەرداری نابێت.

ئەنجام:

1. یەکێك لە شێوازی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) خۆی لە مەزراندنی بونیادی کەسایەتیی لەڕووی پێکهاتەدا دەبینێتەوە، کە ئەویش کەسایەتییە پەرەسێن و سادەکان دەگرێتەوە، کە ئەم دوو جۆرە کارەکتەرە ئامادەییەکی بەرچاوییان لە ڕۆمانەکانی ڕۆمانووسدا هەیە و هەریەکێکیان بە پێی ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە نواندندا خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن یاخود سادە وەردەگرن.
2. شێوازێکی دیکەی دیاری ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) ، بە بونیادی کەسایەتی پەرەسێنەوە پەیوەستە، چونکە بەشێکی زۆر لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکانی ڕۆمانووس کەسایەتی پەرەسێن و فرەڕەهەندن و لە گەشەکردنی بەردەوامدان. بەم پێیەش لەڕووی پێکهاتەوە خەسڵەتی کەسایەتی پەرەسێن وەردەگرن. نمموونەی ئەم کەسایەتیانەش، وەکو (نەوال) لە ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا) دا، (مامزێر) لە ڕۆمانی (مامزێر) دا، (سەنگەری برایم تەنتریۆف) لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) دا، (ئامانج) لە ڕۆمانی (کەنالّی مەیموونە چەکدارەکان) دا، (مامۆستا سوهاد و وریا) لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) دا، (ئامانج) لە ڕۆمانی (مالّی نانی) دا. (مامۆستا دلاوەر) لە ڕۆمانی (ڕیبەرێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) دا.
3. کۆمەڵێك کارەکتەری زۆر لە ڕۆمانەکانی(کاروان کاکەسوور)دا، بە دیدەکرێن، کە کەسایەتی سادە و تاك ڕەهەندن و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت، واتە وەکو خۆیان دەمێننەوە و ڕووداوەکان گۆڕانکارییان تێدا ناخوڵقێنێت. وەکو کە سایەتی (مەدیحە) لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا) دا، (گوڵدا) لە ڕۆمانی (مامزێر) دا، (شاسوار) لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) دا، (دەرسیم کوردۆ) لە ڕۆمانی (کەنالّی مەیموونە چەکدارەکان) دا، (ڕێدوور سەلما) لە ڕۆمانی (مالّی نانی) دا.
4. شێوازێکی دیکەی بونیادی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) دا، ئەوەیە کە ڕۆڵی کەسایەتی تەنیا بە ڕەگەزیی (نێر / مێ) نە بەخشیووە، بەڵکو ڕۆڵی کەسایەتی بە مرۆڤی دوولایەن (نێرەموومك) یش بەخشیووە، وەکو کەسایەتی (ئادەم زێرین) لە ڕۆمانی (مالّی نانی) دا، دیارە ئەم کەسایەتییە هەڵگری ناوێکە، کە بەپێی سرووشتی دەرکەوتنی ڕەگەزەکەی دەتوانێت یاریی بە ناوەکەی بکات، واتە کاتێك وەکو نێر دەردەکەوێت، ناوی (ئادەم زێرین) هەڵدەگرێت و کاتێك وەکو مێ دەردەکەوێت، دەتوانێت بە ناوی (زێرین ئادەم) هەوە، خۆی نمایش بکات.
5. سیمایەکی دیکەی شێوازیی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) بەخشینی ڕۆڵگێڕانە بە غەیری مرۆڤ، واتە (کاروان کاکەسوور) جگە لە مرۆڤ ڕۆڵی کەسایەتی بە گیانداریش بەخشیووە. وەکو کەسایەتی (مەیسوونی مانگا) لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) دا، هەروەها کەسایەتی (گردۆی سەگ) لە ڕۆمانی (ڕیبەرێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) دا، کە هەردووکیان ڕۆڵی کارایان لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی دیکە و ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا هەیە.

سەرچاوەکان:

یەکەم: ئەو ڕۆمانانەی (کاروان عومەر کاکەسوور) کە کاریان لەسەر کراوە:

1. ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ 1 ، سلێمانی، 2000.
2. مامزێر، کاروان عومەر کاکەسوور، لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، چ 1، سلێمانی، 2008.
3. سوارەکان بە قاچاع بووکیان گواستەوە، کاروان عومەر کاکەسوور و دواڕۆژ کاروان، لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، چ1، سلێمانی، 2009.
4. کەنالّی مەیموونە چەکدارەکان، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ2، سلێمانی، 2012.

5. کازینۆی منداڵان، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ، چ1، 2013.
6. ماڵی نانی، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ1، 2014.
7. ڕێبەرێکی سوور و ملێچێکی ڕەش، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ1، 2015.

دووەم: بە زمانی کوردی:

أ. کتێب:

1. ئەڵوەنی، نەجم خالید(د)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، زنجیرەی کتێبی دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، چاپخانەی موکریانی، چ1، هەولێر، 2009.
2. ئەیان وات، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: یۆئیل یوسف عەزیز، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕەووف بێگەرد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ 2، سلێمانی، 2009.
3. جەباری، عومەر یاسین(د)، دەروونزانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2000.
4. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1، هەولێر، 2009.
5. سابیر، پەرێز، بینای هونەری چیرۆکی کوردی(لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.
6. سەراج، عەبدوڵڵا، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، سلێمانی، 2007.
7. صلیوە، هاوژین(د)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013.
8. عومەر، سەڵاح، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1، هەولێر، 2010.
9. محەمەد، میران جەلال، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009.
10. مونیف، عەبدولڕەحمان، تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شیرین. ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، سلێمانی، 2006.
11. هادی، سیامەند، مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.

ب. گۆڤار:

1. سەلمان، بەیان، (کەسایەتی، خوێنەر)دوو فیگەری ئاڵۆزی ڕۆمان، گۆڤاری کۆنسێپت، وەرزە گۆڤارێکی ڕەخنەیی فکرییە، ژ(6)، 2012.
2. عەبدوڵڵا، سەروەر(د)، سەرەتایەك لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژ(75)، 2002.

ت. نامەی ئەکادیمی:

1. عەبدوڵڵا، محەمەد ئەمین، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی ـ کوردستانی عێراق دا (1990 ـ 1997)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب/ بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، 2000.
2. گەرمیانی، عادل مەجید محەمەد، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغداد، 1996.

سێیەم: کتێب بە زمانی عەرەبی:

1. بحراوی، حسن، بنیه الشکل الروائی، المرکز الثقافی العربی، بیروت، 1990.
2. حجازی، سمیر سعید(د)، قاموس مصطلحات النقد الادبی المعاصر، دار الافاق العربیة، القاهرة، 2001.
3. سلامة، محمد علی(د)، الشخصیة الثانویة و دورها فی المعمار الروائي عند نجیب محفوظ، دار الوفاء للطباعة والنشر، ط1، 2007.

4. سلمان، طلال خليفه(د)، الشخصية فى عالم غائب طعمة فرمان الروائي، من إصدارات مشروع بغداد عاصمه الثقافة العربية، ط1، بغداد، 2012.
5. العيد، يمنى، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنوى، دار الفارابى، ط1، بيروت، 1990.
6. مرتاض، عبدالملك(د)، فى نظريه الرواية(بحپ في تقنيات السرد)، سلسلة كتب عالم المعرفة، الكويت، 1998.
7. موير، ادوين، بناء الروايه، ت: ابراهيم الصيرفى، مراجعه: د. عبدالقادر القط، الدار المصريه للتأليف و الترجمه، 1965.
8. ناصر، احمد عبدالرزاق، تقنيات السرد فى روايات نجم والى، دار الشؤون الثقافية العامة، ط1، بغداد، 2015.
9. هلال، محمد غنيمى(د)، النقد الادبى الحديث، دار الثقافه، لبنان، 1973.

References

A. Novels

Ay, Lavila (2000). Karwan KakaSwr, Sardam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Mamzir, (2008). Karwan KakaSwr, Yad Printing, 1st Edition, Sulaimani

Swarkan, Baqachkh Bwkyan Gwastawa, (2009). Karwan KakaSwr and Dwarozh Karwan, Qalam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Kanaly, Maimwna Chakdarakan, (2012). Karwan KakaSwr, Sardam Publisher, 2st Edition, Sulaimani

Kazainoy, Mndalan, (2013). Karwan KakaSwr, Ghazalnws Publisher, 1st Edition

Maly, Nany, (2014). Karwan KakaSwr, Ghazalnws Publisher, 1st Edition

Rebaneky, Swr Mpecheky Rash, (2015). Karwan KakaSwr, Ghazalnws Publisher, 1st Edition

B. Books

Aleid, Yumna, (1990). Novel narrative techniques in the light of the structural approach, Al - Farabi, 1st, Beirut

Alwany, Najm Khalid, (2009). Characterization in the novel of Ewary Parwana, Mukriani Printing, 1st Edition, Erbil

Bahrawi, Hassan, (1990). The Structure of novel form, The Central Arabic Culture, Beirut

Hadi, Siamand, (2004). The history of novels, Teshik Printing, Sulaimani

Hajy, Sanger Qadr Sheikh Muhammed, (2009). The Structure of Narration in Ahmady Khany's (Mam w Zin) and Bakhtyar Ali's novel (The City of White Musicians), Mukriani Establishment for Research and Publication, 1st Edition, Erbil

Hijazi, Samir Saeed, (2001). Dictionary of contemporary literary criticism, Dar Al- Afaq Al-Arabiya, Qairo

Hilal, Muhammed Ghunemi, (1973). The Modern literary criticism, The Cultural House, Beirut

Ian Watt, (2009). The Rise of the novel, translated to Kurdish by Rauf Begard, Sardam Publisher, 2st Edition, Sulaimani

Jabary, Omer Yasin, (2000). Phycology, Salahaddin University Printing, Erbil

Muhammed, Miran Jalal, (2009). Event Structure in Kurdish Novels, Kurdology Center, Ranj Printing, Sulaimani

Muir, Adwin, (2000). The structure of Novel, Translated by Ebrahim Al-Saerafi, Dar Al-Misraia

Munif, Abdul Rahman, (1965). Tishkek bo Sar Roman, Translated to Kurdish by Shereen K., Sardam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Murtaz, Abdul Malik, (1998). The Narration Theory, Al–Alam Al-Maerafa, Kuwait

Nasr, Ahmad Abdul Razaq, (2015). The Techniques narration in novels of Najm Wali, The Cultural House, 1st Edition, Baghdad

Omer, Salah, (2010). Novels in different point views, Mukriani Establishment for Research and Publication, 1st Edition, Erbil

Salama, Muhammed Ali, (2007). The Secondary character and its role in the architectural novels with Naguib Mahfouz, Alwafa for Printing and Publishing, 1st Edition

Sabir, Parez, (2001). The structure of Kurdish Story, Sardam Publisher, Sulaimani

Salman, Talal Khalifa, (2012). Personality in an absent world in Tama Ferman's novels, the project of Baghdad cultural Arabic capital, 1st Edition, Baghdad

Saraj, Abdullah, (2007). Towards Novels and Point views, Sardam Publisher, 1st Edition, Sulaimani

Slewa, Hawzhin, (2013). Psychology Dimension of Latef Halmat's Poetry, Kurdish Writers Union, Rozh Halat Printing, Erbil

C. Journals

Abdullah, Sarwar, (2002). Introduction to the fundamentals of personality in novels, *Raman*, (75)

Salman, Bayan, (2012). Personality and Reader the two character of complex of novels, *The Concept*, (6)

D. Master and Doctoral Thesis

Abdullah, Muhammed Amin, (2000). Hero in Kurdish Novels between 1990-1997, Master Thesis, the College of Arts, Kurdish Department, Salahaddin University, Erbil

Garmiyani, Adel Majeed Muhammed, (1996). Reality in Modern Kurdish Novels, Master Thesis, The College of Education, Baghdad University

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 167 – 193
http://www.ijoks.com

The history of educational laws, regulations, and curricula for the formal study in the city of Erbil, 1961-1968

Mohammed Abdulla Kaka SUR [1] & Snur Sabah SIDIQ[2]

Received: Oct 28, 2018 **Reviewed**: Nov 29, 2018 **Accepted**: Dec 02, 2018

Abstract

This study finds that the Iraqi government has worked to raise the level of education in Iraq in general, but in the Kurdish areas, this process was impacted strongly by political dynamics — due to political problems, Kurdish language studies in Kurdish schools (like those of Erbil) were neglected by the Iraqi government. Archives and other documentation make this fact clear, as training for teachers in this area was conducted for various different specializations except the Kurdish language, and those already teaching this subject became totally neglected by the educational and administrative policies of the Iraqi government.

Aside from that, during the period covered by this research, state regulations and procedures paid proper attention to students and seem to have raised the level of their knowledge. Many regulations and special directives have also been developed to deal with this Kurdish language issue. Additionally, during the studied period, many school textbooks were printed for different topics and specialization in order to be distributed among students in the schools for different levels.

Key words: Educational System, Educational Curricula, Formal Study, Erbil, Kurdish Schools, Kurdish Language.

Recommended citation:

Sur, M.A.K. & Sidiq, S.S., (2019). The history of educational laws, regulations, and curricula for the formal study in the city of Erbil, 1961-1968. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 167 – 193
DOI: **10.21600/ ijoks.516501**

[1] Asst. Prof., Salahaddin University, College of Arts, History Department, Erbil, KRG,
E-mail:, makakasur@yahoo.com,
[2] Corresponding Author: Senior Lecturer , Salahaddin University, College of Arts, History Department, Erbil, KRG, E-mail: snursk@gmail.com, **ORCID** : https://orcid.org/0000-0002-7283-3621

مێژووی یاساو ڕێنماییەکانی پەروەردەو پەیڕەوپڕۆگرامەکانی خوێندنی فەرمی لەشاری هەولێر ساڵانی (1961- 1968)

م. سنور صباح صديق(**) د. محمد عبدالله كاكەسور(*)

پێشەکی:

یەك لەسیماو هێماکانی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی هەر وڵاتیك گەشانەوەی کەرتی پەروەردەیەتی، پەرەپیدانی کەرتی پەروەردەش بەندە بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لەرێگەی پڕۆگرام و یاساو ڕێساکانی پەروەردە.

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەوڵیانداوە بۆ گەشەسەندنی ئەم کەرتە: بەڵام زۆرجار لەناوچە کوردنشینەکاندا بەهۆی ئاڵۆزی دۆخی سیاسی، ڕەوشەکە ناجێگیر بووە بەتایبەت لەڕووی گەشەسەندنی زمانی کوردی.

ئەمەش تاڕادەیەك دۆخی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەبەزمانی کوردی خوێندویانە ئاڵۆز کردووە، لە هەمان کاتیشدا گرنگی بەپڕۆگرامەکانی دیکەی خوێندن دراوەو لەم ڕووەوە گەشەسەندنێکی زۆری تۆمار کردووە.

ساڵی (1961) وەك ساڵی دەستپێك بۆ توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە چونکە لەم ساڵەدا شۆرشی ئەیلول هەڵگیرساوە، کاریگەری هەبوو لەسەر پڕۆسەی خوێندن لەکوردستانی باشوور لەم چوار چێوەیەش لەسەر شاری هەولێر ساڵی (1968) یش وەك ساڵی کۆتایی توێژینەوەکە ئاماژەی پێ کراوە، چونکە لەم ساڵەدا پارتی بەعس لەرێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵات وەردەگرێت ومێژووی ناوچەکە بەهەموو کەرتەکانیەوە بەشێوەیەکی دیکە ئاراستەدەکات.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەراستەیە مێژوویی‌یەکانی مێژووی یاساو ڕێساو پەیڕەو پڕۆگرامەکانی خوێندن فەرمی لەم شارەدا، لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەو دەکومێنتە فەرمیەکانی وەزارەتی پەروردەی حکومەتی عێراق بخاتە ڕوو پاشان لێکدانەوەی وردیان بۆ بکات.

شایەنی باسە، توێژینەوە لەوەها قۆناغێکی مێژوویی گرنگ پێویستە، بەڵام بۆ گەیشتن بە هەموویاساو ڕێساکان و پڕۆگرامەکانی ساڵانی (1961-1968) کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەشێکیان فەوتاون و نەبوونی ئەرشیفێکی پەروردەیی لەشاری هەولێردا گرفتەکەی قوڵتر کردۆتەوە، بۆیە بەناچاری پەنامان بردووە بۆ دیمانەی ئەو کەسایەتیانەی کەئەو کات ڕۆڵی چالاکیان هەبوو لە خزمەتکردنی کەرتی پەروەردەییدا، سەرباری ئاستەنگەکان، هەوڵدراوە بە بەپشت بەستن بەمیتۆدی توێژینەوە مێژوویی‌یە زانستییەکان لەسەر بنچینەی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی توێژینەوەکە بگاتە ئامانجێك.

توێژینەوەکە لەدوو تەوەر پێك هاتووە، لەتەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر بەشێك لەیاساو ڕێساکانی وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی عێراق، بەتایبەت ئەویاسایانەی کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەبووەو لەسەر پڕۆسەی خوێندن لەشارەکە.

لە تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتەسەر پەیڕەو پڕۆگرامەکانی قۆناغە جیاجیاکانی قوتابخانەکانی شاری هەولێر، بەراورد کراوە لەنێوان گۆڕانکاری لەپڕۆگرامەکانی ساڵانی (1961-1968) چەندیەتی وچۆنیەتی گرنگی پێدانی پڕۆگارمەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

تەوەری یەکەم:

یاساو ڕێساو ڕێنماییەکانی پەروەردەیی لەشاری هەولێر.

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەولێ پەرەپێدانی پەروردەیان داوە، بۆ ئەم مەبەستەس سیستەم و ڕێنمایی و یاسایی نوێیان دەرکردووە، بەشێوەیەك کە یاساو ڕێساکانی لەگەڵ دۆخی سەردەمیانەی ڕەوشی پەروەردەی ناوچەکە بگونجێت.

لەساڵی (1961)، دوای دەستپێکردنی شۆرشی ئەیلوول و شلەژانی دۆخی سیاسی ناوچەکە، بەتایبەت ڕەوشی ناوچە کوردنیشەکان، تارادەیەك جۆرە پاشەکشەیەك لە کەرتی پەروەردەدا بەدی دەکرا (خۆشناو، 2012، ل 242) (قەرەنی، 2003، ل 44). (ڕەواندزی،2014، ل 67- 69)

*) پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر / کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو. makakasur@yahoo.com

**) مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەددین – هەولێر / کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو. snursk@gmail.com

حکومەتی عێراق بۆ ڕێکخستنی و چاککردنی دۆخەکە ژمارەیەك یاساو ڕێسای دەرکرد وەك پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیانی دەرچووی دواناوەندییەکان هەوڵدراوە کێشەی ئەو قوتابییانە چارەسەربکرێت بەتایبەتی دەرچووانی ئامادەییەکان کە دوای تەواو کردنی خوێندن بەشێکیان لەکۆلێژەکان وەرنەگیراون، چونکە ژمارەی دەرچووانی ئامادەیی زۆر زیاتر بوولە داواکاری کۆلێژەکان (5).

بۆیە لەساڵی (1964) لیژنەیەکی تایبەت لەلایەن (دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران) پێکهێنرا. بەناوی (لێکۆلینەوەی کێشەکانی دەرچووانی دواناوەندییەکان)، مەبەست لەپێکهێنانی ئەم لیژنەیە چارەسەرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی ئامادەییەکان بوو کەبەشێکیان لەکۆلێژەکان وەرنەگیرابوون، ئەم لیژنەیە چەند پێشنیارێکی کرد وەك ئەوەی قوتابیان لە ناوەندییەوە ئامادە بکرێن بۆ قوتابخانەی ئامادەیی پیشەییەکان (پیشەسازی، کشتوکاڵ..) و کردنەوەی ژمارەیەك پەیمانگە بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر کۆلێژەکان و دروست نەبوونی کێشە بۆ ئەو قوتابیانەی کەلە ئامادەیی بێ کار دەبن لەلایەکی دیکشەوە داوا کراوە بەبەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەییە پیشەسازیەکان و بەهێزکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندیان (مديرية التعليم العامة، 1964، ص ص 2-22).

هەرچەندە بۆ دابین کردنی مامۆستاو چارەسەرکردنی کێشەی ئامادەییەکان لەساڵانی پەنجا و لەشەستەکاندا، حکومەت پەنای بردۆتە بەر خولی پەروەردەیی، چ ئەو خولانەی لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان بۆ فەقێکان یان مەلاکان کراوەتەوە یان ئەو خولانەی بۆ دەرچووانی پۆلی شەشی ئامادەیی کراوەتەوە. سەبارەت بەو خولانەی کەبۆ فەقێکان و مەلاکان کراوەتەوە و دواتر بوون بەمامۆستای سەرەتایی، ئەم خولانە زیاتر لەمانگێکی خایاندووە لەسەرەتادا وەك مامۆستای وانەبێژ دامەزراون، دوای ساڵێك خولی پەروەردەییان بۆ کراوەتەوە و دەرچووانی ئەم خولە بەمامۆستای فەرمی دامەزراون. بەدامەزراندنی ئەم چینە بەمامۆستا حکومەت دوو ئامانجی پێکاوە، لەلایەك کێشەی فەقێکان و مەلاکانی چارەسەر کردووە کەهەمیشە داوایان لەحکومەت کردووە چارەسەرێکیان بۆ دابنێت و لەشوێنێکدا کۆیان بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە حکومەت تارادەیەك کێشەی کەمی مامۆستای لەقوتابخانەکان چارەسەر کردووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، 2017/12/22).

سەبارەت بەو خولانەی کەبۆ دەرچووانی پۆلی شەشی ئامادەیی کراوەتەوە، حکومەت لەم خولانەش ئامانجی هێناوەتە دی لەلایەك کێشەی قوتابیانی دەرچووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی چارەسەر کردووە، مەبەست لەو قوتابیانەن کەبەهۆی کەمی نمرەکانیان (**مديرية التعليم العامة**، 1964، **ص ص** 5 – 11؛ الزوبعي، 1966، ص ص 20 - 42)، یان دۆخێکی تەوە نەیان توانیوە بچن بۆ زانکۆو خوێندن تەواو بکەن کەزۆرجاریش کەم دەرامەتی و لایەنی ئابووری کاریگەر بووە کەنەتوانن درێژە بەخوێندن بدەن، حکومەت بۆ ئەوەی ڕەنجی ئەم قوتابیانە بەفیڕۆ نەڕوات ئەم خولانەی کردۆتەوە، لەلایەکی تریشەوە، دابین کردنی مامۆستا بووە بۆ ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەی کەبەدەست کەمی و نەبوونی مامۆستاوە کێشەیان هەبوو، هەرچەندە بۆ دابین کردنی مامۆستا بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان هەمیشە حکومەت هانی هەموو خانەی مامۆستایانی کوران و کچانی عێراقی داوە (ثورة 14 تموز في عامها السابع، ب.س، ص ص 60 - 61)، بەوەرگرتنی قوتابی زیاتر و چارەسەرکردنی کەمی مامۆستا لەقوتابخانەکان، بۆ چەند جارێکیش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە داوا لەخانەی مامۆستایانی کوران و کچانی سەرەتایی لەشاری هەولێر کراوە بەوەرگرتنی ژمارەی قوتابیانی زیاتر لەو ڕێژەیەی کەبۆی دانراوە(المدرس، ب.س، ص 21).

جێگای ئاماژەپێکردنە، بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی پرۆسەی خوێندن، چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەساڵی 1963 بۆ یەکەمجار (ئەنجومەنی باڵای پلاندانانی پەروەردەیی) دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری کرد بۆ دانان و

(5) تێبینی بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لەخوێندن و نەبوونی کارێکی دیاری کراو، زۆرجار قوتابیان دەچوونە ناو کاری سیاسی و دەبوون بەئەندام لەپارت و ڕێکخراوەکان، ئەمەش پێچەوانەی ویستی حکومەت بوو.

چەسپاندنی مەبەست و بنەمای نوێی پەروەردەیی و دامەزراندنی فەلسەفەی پەروەردەیی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەریەك لەقۆناغەکانی خوێندن، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستەش ژمارەیەك لیژنە پێك هێنران، دواتر لەساڵانی 1965-1966 (ئەنجومەنی پلان دانانی (منشورات وزارة الثقافه والاعلام، 1981، پەروەردەیی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی) دامەزراوە ص ص 217 - 218).

لەهەموو عێراقیش خوێندن بەپێی یاساکانی وڵات بۆ هەموان وەك یەك بوو واتە بەبێ جیاوازی و لەسەر بنەمای وەك یەك (تکافؤ) بوو. بێجگە لەمانەو لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق لەسەرەتای شەستەکاندا، سیاسەتی دەرگای واڵا (سیاسة باب المفتوح) پەیرەو کراوە و گرنگی بە (قوتابخانەی ئێواران) دراوە بۆ ئەو قوتابیانەی کەدابڕابوون و نەیان توانیوە درێژە بەخوێندن بدەن لەقوتابخانەی بەیانیان بەمەرجێك لەتەمەنی (10) ساڵ زیاتر نەبێت، وەزارەت ئەم مەرجەی دانابوو چونکە منداڵ لەخوار (10) دە ساڵیەوە توانای دەوامکردنی شەوانی نابێت، لەهەمان کاتیشدا پرياری داوە بەدابین کردنی مامۆستای هەمیشەیی بۆ ئەم قوتابخانانە و دامەزراندنی بەڕێوەبەری تایبەت بەقوتابخانەکە، ئەمەش بەمەبەستی گرنگی پێدانی زیاتری قوتابخانەکە بوو(مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 1092 بتاریخ 1967/2/4)

بریاردرا بەکردنەوەی خولی هاوینە بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان (مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 31278 بتاریخ 1964/6/27) مەبەست لەم خولانە پێدانی زانیاری زیاتر بوو بۆ قوتابیە سەرکەوتووەکان لەو بابەتانەی کە خوێندویانە بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی زانیاریان، لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو قوتابیانەی کە پێویستیان بەهاوکاری هەبوو، بۆ تێگەیشتنی ئەو بابەتانەی کە لەلایان گران بوو یان ڕوون نەبوو لەهەمان کاتیشدا چۆنیەتی ڕێکخستنی خولەکانن و بەڕێوەبردنی و بابەتەکانی خولەکان دیاری کراون (مدیریة المناهج والکتب، 1967، ص ص 86 - 87).

دواتریش لەساڵی (1965) بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاتەکانی دەوامی فەرمی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان نوسراوی تایبەت دەردەکرێت تەنانەت ڕێنمایی تایبەت بەباخچەی ساوایانیش لەم نوسراوەدا ئاماژەی پێ کراوە، کاتژمێر(8.30) وەك دەوامی فەرمی لەهاوینەو، کاتژمێر(9) وەك دەوامی فەرمی زستانە دانراوە لەهەمان کاتیشدا کاتی دەوامی قوتابخانە سەرەتاییەکان و دواناوەندییەکان ئاماژەی پێ کراوە کاتژمێر (8) وەك دەوامی فەرمی هاوینەو (8.30) وەك دەوامی فەرمی زستانە دەستنیشان کراوە (مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 38695 بتاریخ 1965/9/22).

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان لەساڵی (1966)، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرام وکتێب، داوا لەهەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە کراوە، کەهەولێ خۆیان بخەنە کار بۆ بەرزکردنەوەی. ئاستی مامۆستاو کردنەوەی خول لەکاتی خزمەتدا، بەسەرنج دانی لیستی بابەتەکانی خول (مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 37049 بتاریخ 1966/9/18)، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بۆ زمانی کوردی نییە ئەمە لەکاتێکدایە کەقوتابخانەکانی سەرەتایی لەزۆرینەی ناوچە کوردنشینەکان و لەناویاندا لەشاری هەولێر خوێندن بەزمانی کوردی بووەو بابەتی خوێندنەوەو ڕێزمانی کوردی خوێندراوەو کتێبی بابەتەکانی تریش بەزمانی کوردی خوێندراوە، هەروەك لە جەردی (جرد) کۆگای خوێندنی سەرەتایی (شاری هەولێر) لەساڵی (1962-1963) بۆمان دەردەکەوێت کەئاماژە بەکتیب و ژمارەی کتێبەکان دەدات (لەناو کتێبەکانیشدا ئاماژە بە ژمارەی کتیبەکانی خوێندنی قوتابخانە کوردییەکان دەدات(پروانە پاشکۆی ژمارە 1).

لەبەرامبەرپشدا خول بۆ بەهێزکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی نەکراوەتەوە لەشاری هەولێر، بەڵام بۆبابەتەکانی دیکە کراوەتەوە، لەوانە، کردنەوەی خولێك لەشاری هەولێر لەساڵی (1967) بۆ زمانی عەرەبی، (ئەلف بای) عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، هونەر، پەروەردەی وەرزشی... (پروانە پاشکۆی ژمارە 2 ، 3).

خولەکەش بەسەرکەوتووی بەڕێوەچووەو تەنانەت سوپاس و پێزانین بەمامۆستایانی وانەبێژی خولەکە دراوە (پروانە پاشکۆی ژمارە 4) دواتر لەساڵی (1967) خولێکی تریش بۆ زمانی عەرەبی و ئایین کراوەتەوە کە (30) مامۆستا لەشاری هەولێر بەشداریان لەم خولەدا کردووە (پروانە پاشکۆی ژمارە 5).

ئەمە لەکاتێشکدایە کەبەپێی نوسراوێکی فەرمی لەساڵی (1966) نمرەکانی قوتابی قوتابخانە کوردیەکان لەهەردوو بابەتی کوردی وعەرەبی بەپێی چۆنیەتی خوێندنی بابەتەکە لە (خوێندنەوە، ڕێزمان، ڕێنووس، داڕشتن) دابەشکردنی پۆکراوە (پروانە پاشکۆی ژمارە 6) بەڵام لەبەرامبەردا گرنگی بابەتی زمانی کوردی نەدراوە هەڵبەت پشتگوێ خستنی بابەتی زمانی کوردی بەشێکی زۆری بۆ دۆخی سیاسی ئەوکاتی ناوچەکەو هەبوونی شۆرشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە.

یەك لەو کێشانەی کە وەزارەتی پەروەردە هەوڵی چارەسەرکردنی داوە، هەبوونی دیاردەی (کورت کردنەوەی) کتێبەکانی قوتابخانەو فرۆشتنەوەی بەقوتابیان بووە، نموونەی ئەم جۆرە کتێبانە کتێبی (موجز التاریخ الحدیث، لطلبة الصف الثالث المتوسط) (پروانە پاشکۆی ژمارە 8)، کورتکراوەی مێژووی نوێ بۆ قوتابیانی پۆلی (سێیەمی ناوەندی) مان لەبەردەستدایە، کەئەم کتیبە لە (82) لاپەڕە پێك هاتووە بەشێوەیەکی زۆر کورت ئاماژەی بەهەریەك لەبابەتەکان داوە (صالح، 1962، ص 1) بەم شێوەیە قوتابی لەڕووی تێگەیشتن و ئاشنا بوون بابەتەکە بەشێك لەزانیاریەکانی لەدەست داوە. کەزۆر جار لەلایەن خودی مامۆستایانی قوتابخانەیەك کورت دەکرانەوەو بەسەر قوتابیانی هەمان قوتابخانەشدا دەفرۆشرانەوە، تەنانەت هەندێك جار لەتاقیکردنەوەکاندا هەمان نموونەو وەڵامیان بۆ قوتابیان دەهێنایەوە، بەمەش قوتابیان ناچار دەبوون ئەم جۆرە کتێب و بڵاوکراوانە بکڕن، بۆیە لەلایەن وەزارەتەوە ئاگادارکردنەوە بە هەموو مامۆستایان و بەرێوەبەرانی قوتابخانەکان دراوە کە پێویستە ئەم دیاردەیە بەهیچ شێوەیەك نەمێنێت و کۆتایی پێ بهێنرێت (مدیریة الشؤون الفنیة العامة، کتاب رقم 38455 بتاریخ 1966/9/26).

جێگای ئاماژە پێ کردنە لەساڵی (1967) لەلایەن وەزارەتی پەروەردە نوسراوێکی فەرمی بۆ هەموو لیواکانی عێراق دەرچووە کەبەپێی ئەو نوسراوە لێدانی قوتابی لەقوتابخانەکانداو وتنی وشەی نەشیاو بە قوتابی بەهەموو شێوەیەك قەدەغە کراوە (پروانە پاشکۆی ژمارە 7).

بەمەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوەی قوتابخانەکان لەساڵی (1964) سیستەمی بەرێوەبردنی قوتابخانە سەرەتاییەکان و باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەواری دەرچوو، ئەم سیستەمە (15) ماددەی لەخۆ گرتووە، بەخوێندنەوەی ئەم سیستەمە بۆمان دەردەکەوێت کەمامۆستایانی دواناوەندی لەم کاتەدا ژمارەیان کەم بووە، هەربۆیەش بەپیی ماددەی (8) ی ئەم سیستەمە، وەزارەتی پەروەردە سەرپشك کراوە کەلەکاتی پێوستیدا مامۆستایانی سەرەتایی بتوانن وانەی قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی بڵێتەوە (الوقائع العراقیة، 1007، 1964/9/19)، دواتریش لەساڵی (1966) دا ئەم سیستەمە پێداچوونەوەی بۆکراوە(الوقائع العراقیهة، 1298، 1966/8/14؛ وزارة العدل، 1967 ص ص 103 - 107).

لەساڵی (1967) دا سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەرچووە ئەم سیستەمە (23) ماددەی لەخۆگرتووە لەم سیستەمەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر بنیاتنانی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری" فراوانکردن و گرنگیدان بەئامادەییە پیشەییەکان، گرنگیدان بەکردنەوەی خول بۆ مامۆستایان و بەپەیوەندییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ یونسکۆ تەنانەت تێبینی دەکرێت لەبەشی (بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی ڕۆشنبیری گشتی) بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یونسکۆ) کراوەتەوە چونکە حکومەت زۆر مەبەستی بوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ یوسنکۆ بەهێز بکات و لەم ڕێگەیەوە پەرە بەڕەوشی خوێندن لەعێراق بدات لەهەمان کاتدا گرنگی بەلایەنی هونەری و وەرزشی قوتابخانەکان دراوە ئەمانەو چەند خاڵێکی تریش لەم سیستەمەدا ئاماژەی پێکراوە (الوقائع العراقیة، 1435، 1967/7/10؛ وزارة التربیة، تشریع رقم 47 لسنه 1967).

پرۆگرامەکانی خوێندنیش وەك یەك لەبنەماکانی پرۆسەی خوێندن گرنگی پێدراوە، لەساڵی (1963) کتێبێکی تایبەت بەپرۆگرامەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان بڵاوکراوەتەوە کە (197) لاپەرە لەخۆ دەگرێت و لە (14) بەش پێك هاتووە لەسەرەتادا تیشك خراوەتە سەر چۆنیەتی وتنەوەی بابەتەکان و ئامانج لەهەر بابەتێك خراوەتە ڕوو، هەر بابەتێك بەشێکی بۆتەرخان کراوە (مدیریة المناهج والکتب 1963، ب.س، ص ص 1 - 57).

لەساڵی (1964) یشدا کتێبێکی تایبەت بەپرۆگرامەکانی خوێندنی ئامادەیی بڵاوکراوەتەوە (137) لاپەرەو (11) بابەت لەخۆ دەگرێت و لە (11) باس پێك هاتووە ئەوەی تێبینی دەکرێت

قۆناغی ئامادەیی تەنها پۆلی (چوار و پێنج) بووە تەنانەت قوتابی لەپۆلی (چوار)ی ئامادەیی دا پسپۆری وەرگرتووە واتە قوتابی یان چۆتە بەشی (وێژەیی یا زانستی) لەکتێبەکەشدا ڕێنمایی دراوە بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەکان و بەوردی بابەتەکانی هەریەك لەوانەکان و چۆنیەتی و چەندیەتی وتنەوەیان لەهەفتەیەکدا خراوەتە ڕوو (مديرية المناهج والكتب1964، ب س، ص ص 2 - 101).

لە ساڵانی (1961- 1968) گرنگیەکی زۆر بەلایەنی پرۆگرام وپرۆسەی چاپ کردن دراوە، بەڵام سەبارەت بەزمانی کوردی ئەم دۆخە پێچەوانە بووە، بەهۆی کێشە سیاسیەکان وشۆڕشی ئەیلولەوە ڕێگریەکی زۆر لەچاپ کردنی کتێب بەزمانی کوردی کراوە و تەنانەت گرنگی پێدان و بایەخ دان بەزمانی کوردی بەستراوەتەوە بەمەیدانی سیاسی لەعێراق دا.

لەکاتی هەبوونی کێشە سیاسیەکانی حکومەتی بەغداد لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی، زمانی کوردی پشتگوێ خراوە، تەنانەت زۆرجار دژایەتی کراوە، لەکاتی دانوسان وئاگربەستەکانیش دا بارودۆخەکە بەپێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1961دا نووسراوێك (زۆر بەنهێنی) لەوەزارەتی پەروەردەوە بۆ خانەی مامۆستایانی هەولێر نێردراوە، کەلەنوسراوەکەدا هاتووە (خوێندنی وانەی کوردی لەخانەی مامۆستایان لەهەولێر، بۆ ماوەیەکی تر ڕابگیرێت) [6]. بەڵام لەخانەی مامۆستایانی هەولێر کار بەم نووسراوە نەکراوەو وانەی کوردی خوێندراوە، دوای چەند مانگێکی تر و گۆڕانکاری لەدۆخی سیاسی ڕوویداوە و نوسراوێکی تر لەوەزارەتی پەروەردەوە بۆ خانەی مامۆستایانی هەولێر هاتووە، لەنووسراوەکەدا هاتووە: (پرياردرا دووبارە وانەی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایانی هەولێر بخوێندرێت) (شەعبان، 2006، ل ل 80 - 81).

تەنانەت سەبارەت بەخوێندنی زمانی کوردی لەم خانەیەدا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بێت یان زۆرملێ، ئەم بابەتەش کاریگەری ڕەوشی سیاسی پێوە دیارە، بەپێی پریاری ژمارە (27) ی وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق، لەبەرواری 1961/9/30، پریاردراوە خوێندنی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایان بەزۆرملێ بێت و لەساڵی 1962 پریار دەدرێت بەدامەزراندنی مامۆستای کوردی بۆ خانەی مامۆستایانی کچان و کوران لەشاری هەولێر، بەڵام لەکاتی دەسەڵاتی بەعسیەکان و کێشەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی پریارەکە پێچەوانە دەبێتەوە، دوای کودەتای (8ی شوباتی 1963) لە 1963/5/2 پریار دەدات کەخوێندنی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایان ئارەزوومەندانە (أختياری) بێت(المدرس، ب س، ص ص 21، 25، 34). واتە هەوڵ دەدرێت بۆ پشتگوێ خستنی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایان. تەنانەت لەدوای ئەم بەروارە لەخانەی مامۆستایان وانەی زمانی کوردی بەشێوەی نهێنی وتراوەتەوە هەروەك یەك لەمامۆستاکانی ئەم خانەیە باس دەکات و دەڵێت: (لەساڵی 1965 ئەوانەی لەخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوران دەردەچوون بێبەش بوون لەخوێندنی بنچینەکانی وتنەوەی زمانی کوردی)، ئەمە لەکاتێکدا کەخوێندنی سەرەتایی لەشاری هەولێردابەزمانی کوردی بوو، ئەم مامۆستایانەش کەدەردەچوون دەبوون بەمامۆستای سەرەتایی، بەر لەم مێژووە مامۆستا (جەمال نەبەز) [7] زمانی کوردی بەقوتابیانی خانەی مامۆستایانی کوران دەگوتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی و تەنانەت لەناو خشتەی وانەکانیش دا وانەیەك نەبوو بەناوی زمانی کوردی، دوای ئەویش ئەم ئەرکە بەمامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) دەسپێردرێت لەلایەن بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانەوە بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی نهێنی و لەخشتەی وانەکانیش ناوی وانەی کوردی نەبووە، لەساڵی خوێندنی 1965-1966 مامۆستای ناوبراو

([6]) ئەوکات لەخانەی مامۆستایانی کوران و کچان لەهەولێر، لەهەر قۆناغێك دوو وانەی زمانی کوردی لەهەفتەیەکدا دەخوێندرا.

([7]) م. جەمال نەبەز: لەساڵی 1933 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی پەیمانگەی باڵای مامۆستایانە لەبەغداد خزمەتێکی زۆری بواری پەروەردەی کردووە لەشاری هەولێردا، لەدواناوەندی و خانەی مامۆستایان لەهەولێردا وانەی گوتۆتەوە، خاوەن چەندین کتێب و بەرهەمی مێژوویی و ئەدەبییە، ژمارەیەکی زۆر وتارو لێکۆڵینەوەی لەگۆڤارە جیاجیاکان بڵاوکردۆتەوە، ئێستا لەدەرەوەی وڵات دەژی. الكوردی، 2008، ص420.

کتێبێك بەناوی (سایکۆلۆژی خوێندن) چاپ دەکات و هەر قوتابیەك دانەیەکی وەردەگرێت. ئەمە دەبێت بەسەرچاوەی وتنەوەی زمانی کوردی و لەکتێبەکەدا هەموو گیروگرفتەکانی ئەلف و بێی کوردی بەپیتی عەرەبی باسکراوە، بۆ ساڵی 1966-1967 بەرگی دووەمی کتێبەکە چاپ دەکات بەناوی (بنچینەی ووتنەوەی زمانی کوردی) و داوایەکیش ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە دەکات کەئەم دوو بەرگەی کتێبکە بکرێت بەپرۆگرام بۆ خوێندن لەخانەی مامۆستایان، بەڵام وەڵامی بەنەرێنی بۆ دەگەڕێتەوە [8].

لەزۆر لاوە هەوڵدراوە بۆ پشتگوێ خستنی زمانی کوردی و پرۆگرامی کوردی تەنانەت هەندێك جار گەیشتۆتە ئاستی دژایەتی کردنی ئەم بابەتە و هەروەك لەکۆنگرەی چوارەمی سەندیکای مامۆستایانی عێراق (الحزب الديمقراطي الكوردستاني، 1999، ص ص 40 – 41؛ جزيري، 2017، ص41) بەئاشکرا دەکەوێتە بەرچاو، ئەم کۆنگرەیە لەساڵی 1962 بەسترا و لە (لیژنەی خوێندنی کوردی) ژمارەیەك پریار دەرکران کەبەشێکیان سەبارەت بەزمانی کوردی و خوێندن و پرۆگرامەکان بوو چ لەناوچە کوردنشینەکان و چ لەهەموو عێراقدا پریاریان دابوو بەیەکخستنی پرۆگرام بەزمانی عەرەبی لەهەموو عێراقدا، هەڵبەتە مەبەست لەم پریارە نەهێشتنی خوێندن بەزمانی کوردی، چونکە یەکخستنی پرۆگرام لەهەموو عێراق بەزمانی عەرەبی واتە نەهێشتنی پرۆگرامە بەزمانی کوردی ئەمە لەکاتێکدا کەخوێندنی سەرەتایی لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی بووە.

یەك لەپریارەکانی تر، هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بوو، چونکە مەبەست لەدامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گرنگی دان بوو بەخوێندنی زمانی کوردی و هاندانی نووسەران بۆ نووسین بەزمانی کوردی و وەرگێرانی کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ سەر زمانی کوردی، هەڵبەت مەبەست لەم پریارە لاوازکردنی بوو، بەلاواز کردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە جۆرە لاوازیەك لەم بەرەوپێشچوونەدا دروست بووە، بەتایبەت لەبواری چاپکردنی کتێب کێشەیەکی زۆر بەپرۆسەکەوە دیارە (یحیی، 2015، ل ل 131 - 132) هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (1)

ئاماری کتێبە چاپکراوەکانی ماوەی نێوان (1958-1967)

ساڵ	ژمارەی کتێبی چاپکراو
1958	54
1959	49
1960	54
1961	31
1962	14
1963	1

(8) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، 2017/12/22، ناوبراو لەساڵی (1935) لەگوندی (گڵپ) هاتۆتە دونیاوە کەسەربەناوچەی هەورەمانە، لەهەمان گونددا قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە، بەهۆی نەبوونی ناوەندی لەدێیکەیان دوای تەواوکردنی پۆلی شەشی سەرەتایی خراوەتەبەر خوێندنی مزگەوت، لەماوەی (8) ساڵدا خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن چۆتە میسرو لەزانکۆی ئەزهەر لە کۆلێژی (الشريعه والقانون) خوێندنەوەیەتی و ساڵی 1963 بروانامەی وەرگرتووە لەزانکۆی (عين الشمس) بروانامەی دبلۆمی باڵای لە(پەروەردە و سایکۆلۆجیەتدا) بەدەست هێناوە ساڵی (1964 گەڕاوەتەوەو لەهەمان ساڵدا لەخانەی مامۆستایانی کوران وەك مامۆستا دەست بەکاربووە لەخانە وەك مامۆستا بەردەوام بووەو لەکاتی کردنەوەی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان بووە بەمامۆستا لەم پەیمانگەیەدا نزیکەی (35) ساڵ لەبواری پەروەردەدا خزمەتی کردووە یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەران لقی هەولێر، خاوەنی چەندان کتێب وبڵاوکراوەیەوە ئێستا لەشاری هەولیردا دەژیت.

4	1964
7	1965
7	1966
32	1967

سەرچاوە: bdulla، 1980، p 166.

لەم ئامارەی سەرەوە بەتێبینی کردنی ساڵەکانی لەچاپدانی کتێبە کوردیەکان و کاریگەری ڕەوشی سیاسی زۆر بەئاشکرا بەدەردەکەوێت بەسەر گەشەسەندنی بواری زمانی نووسینی کوردی لەمیانەی کتێبی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی و کتێبەکانی بواری پەروەردە (پرۆگرامەکانی خوێندن)، ساڵی 1958 تا 1960 واتە بەر لەدەستپێکردنی شۆرشی ئەیلول ڕێژەی چاپ کردنی کتێبی کوردی لەبواری پەروەردەیی (کتێبی خوێندن) یان کتێبی ئەدەبی و زانستی و مێژوویی، ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە تەنها لەو سێ ساڵەدا (157) کتێب بەزمانی کوردی لەچاپ دراوە، بەڵام دوای دەستپێکردنی شۆرشی ئەیلول لەنێوان ساڵانی 1961 – 1967 واتە لەماوەی (7) ساڵدا (96) کتێب چاپکراوە.

هەرچی سەبارەت بەپرۆگرامی قوتابخانەکانە بەپێی ئاماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لەنێوان ساڵانی 1961-1968 پرۆگرامی قۆناغی سەرەتایی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە لەڕووی وانەکانەوە کەبەم شێوەیە بووە:

) 2خشتەی ژمارە (

پرۆگرامی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەساڵانی 1961- 1968

بابەت	پۆل
ئاین و قورئان	6-1
زمانی عەرەبی	6-1
زمانی ئینگلیزی	5 و 6
هەژمارکردن و پێوانەکردن (الحساب والقیاسات)	1 تا 6
زانستی گشتی ژیان (المعلومات الحیاتیة العامة)	1، 2، 3
اشیا و تەندروستی	4، 5، 6
کۆمەڵایەتی و پەروەردەی نیشتمانی	4، 5، 6
وێنە و کاری دەستی	1 تا ٦
وەرزشی جەستەیی	١ تا ٦
ماڵداری	٥ و ٦

سەرچاوە: وزارة التربیة والتعلیم، 1961 – 1962، ب س، ص 13)

تێبینی: کاری دەستی تایبەتە بەکوڕان

ماڵداری تایبەتە بەکچان

ئەم وانانە تایبەت بوون بەقۆناغی سەرەتایی لەهەمان کاتیشدا لەقوتابخانە کوردییەکان ئەم پرۆگرامە پەیرەو دەکرا، بەجیاوازی خوێندنی زمانی کوردی لەپۆلی یەکی سەرەتایی تا پۆلی شەشی سەرەتایی.

پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لەنێوان ساڵانی 1961-1968 گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لەڕووی خوێندنی بابەتەکان و لەڕووی ساڵی خوێندنیشەوە کەپۆلێك لەدواناوەندی زیاد کراوە، ئەم جیاوازیەش بەخستنەڕووی هەردووك ساڵی خوێندن بەئاشکرا دەکەوێتە بەرچاو، لەساڵی خوێندنی 1961-1962 وانەکانی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بەم شێوەیە بووە:

خشتەی ژمارە (3)

پڕۆگرامی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی (1961-1962)

بابەتەکان	قۆناغەکان		
	ناوەندی	دواناوەندی	
		زانستی	وێژەیی
ئایین	1 ، 2 ، 3	4، 5	4، 5
زمانی عەرەبی	1 ، 2 ، 3	4، 5	4، 5
زمانی ئینگلیزی	1 ، 2 ، 3	4، 5	4، 5
مێژوو	1 ، 2 ، 3	-	4، 5
جوگرافیا	1، 2 ، 3	-	4، 5
ئەرکە گشتییەکان (الواجبات العامة)	1، 2 ، 3	-	-
بارودۆخی عێراق (أحوال العراق)	-	-	4، 5
ئابووری	-	4، 5	4، 5
بیرکاری	1، 2، 3	-	-
جەبر	-	4، 5	-
ئەندازە (هەندەسە)	-	5	-
سێگۆشەزانی (المثلثات)	-	4	-
بیرکاری گشتی (الریاضیات العامة)	-	-	4، 5
زانستی گشتی (العلوم العامة)	1	-	4، 5
فیزیا	3	4، 5	-
کیمیا	2	4، 5	-
زیندەوەرزانی	2	4، 5	-
تەندروستی	3	-	-
وێنە و کاری دەستی	1، 2، 3	4، 5	4، 5
پەروەردەی جەستەیی	1، 2، 3	4، 5	4، 5
ماڵداری	1، 2، 3	4، 5	4، 5

سەرچاوە: وزارة التربية والتعليم، 1961 – 1962، ب س، ص 37)

بەڵام لەساڵی خوێندنی 1967-1968 گۆڕانکاری بەسەر بابەتەکانی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی دا دێت هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەلەساڵی خوێندنی 1966-1967 پۆلی شەشەم لەقۆناغی دواناوەندی زیاد دەکرێت، هەر لەم ساڵەشدا گۆڕانکارییەکان دەست پێ دەکات، گۆڕانکارییەکانیش لەساڵی خوێندنی 1967-1968 زۆر بەئاشکرا تێبینی دەکرێن.

خشتەی ژمارە (4)

پڕۆگرامی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی 1967-1968

بابەتەکان	قۆناغەکان		
	ناوەندی	دواناوەندی	
		گشتی	زانست	وێژەیی

	ی			
ئایین	3-2-1	4	6-5	6-5
زمانی عەرەبی	3-2-1	4	6-5	6-5
زمانی ئینگلیزی	3-2-1	4	6-5	6-5
مێژوو	3-2-1	4	-	6-5
جوگرافیا	3-2-1	4	-	6-5
پەروەردەی نیشتمانی	3-2-1	4	-	-
بیرکاری	1	-	6-5	6-5
جەبر	3-2	4	-	-
ئەندازە (هەندەسە)	3-2	-	-	-
زانستی گشتی	1	-	-	-
کیمیا	2	-	6-5	-
زیندەوەرزانی	2	4	6-5	-
تەندروستی	3	4	-	-
فیزیا	3	-	6-5	-
پەروەردەی هونەر	3-2-1	4	6-5	6-5
پەروەردەی وەرزشی	3-2-1	4	6-5	6-5
ماڵداری	3-2-1	4	6-5	6-5
زانستی کۆمەڵایەتی	-	4	-	5
ئابووری	-	-	-	6-5
کۆمەڵگە و کێشەکانی (المجتمع ومشكلاته)	-	-	-	6

سەرچاوە: وزارة التربية والتعليم، 1967 – 1968، ب س، ص 7)

خانەی ماموستایانیش بەهەمان شێوە گۆرانکاری لەپرۆگرامەکانیان دا کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەییە، لەخستنەڕووی هەردوو ساڵی خوێندنی 1961-1962/1967-1968 ئەم جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (5)
پرۆگرامەکانی خانەی ماموستایان لەساڵی خوێندنی 1961-1962

بابەت	پۆلەکان
ئایین	1 ، 2
زمانی عەرەبی	1 ، 2 ، 3
زمانی ئینگلیزی	1 ، 2 ، 3
خوێندنی کۆمەڵایەتی (دراسات اجتماعية)	1 ، 2 ، 3
کێشەکانی کۆمەڵگە	3
زانست- ڕووەك (نبات)	1

- ئاژەڵ (حیوان)	1
- کیمیا	2
- فیزیا	3
تەندروستی قوتابخانە	3
بیرکاری	1 ، 2 ، 3
بنەماکانی پەروەردە (مبادئ التربية)	1
شێوازی وانە وتنەوەی زانست (أصول تدريس العلوم)	3
رێگاکانی وانە وتنەوەی گشتی	2 ، 3
دەرونزانی پەروەردەیی (علم النفس التربوي)	2
دەرونزانی منداڵ	3
خوێندنی پراکتیکی (التعليم العملي)	3
پەروەردەی وەرزش	1 ، 2
ماڵداری (تایبەت بەکچان)	1 ، 2 ، 3
مۆسیقا و گۆرانی	1 ، 2 ، 3
پەروەردەی هونەر	1 ، 2 ، 3

سەرچاوە: وزارة التربية والتعليم، 1961 – 1962، ب س، ص 85.

خشتەی ژمارە (6)

پڕۆگرامەکانی خانەی ماموستایان لەساڵی خوێندنی 1965-1966[9]

بابەتەکان	پۆلەکان
ئاین و تەفسیر	1 ، 2 ، 3
زمانی عەرەبی و خوێندنی ئەلف و باو	1 ، 2 ، 3
زمانی ئینگلیزی	1 ، 2 ، 3
کۆمەڵایەتی مێژوو	1 ، 2 ، 3
جوگرافیا	1 ، 2 ، 3
لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگە و کێشەکانی (دراسة المجتمع ومشكلاته)	3
زانستی ڕووەك (نبات)	1
ئاژەڵ (حیوان)	1
کیمیا	2
فیزیا	-
شێوازی وتنەوەی زانست (اصول التدريس العلوم)	3

(9) لەساڵی خوێندنی 1966 – 1967 وە 1967 – 1968، بەهیچ شێوەیەك لەتۆمارەکانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژە نەکراوە بە پڕۆگرامەکانی خانەی ماموستایان و پەیمانگەی پێگەیاندنی ماموستایان بۆیە ساڵی خوێندنی 1965 – 1966 وەك نموونە وەرگیراوە.

تەندروستی قوتابخانە	3
بیرکاری	1 ، 2 ، 3
بنەماکانی پەروەردە (مبادئ التربیە)	1
دەروونناسی	2 ، 3
رێگاکانی وانە وتنەوەی گشتی و بەڕێوەبردنی قوتابخانە	2 ، 3
کشتوکاڵ و پیشەسازی ناوەخۆی تایبەت بە (کوران)	1 ، 2
ماڵداری و پەروەردەی منداڵ تایبەت بە (کچان)	1 ، 2
پەروەردەی وەرزش	1 ، 2 ، 3
مۆسیقا و گۆرانی	1 ، 2 ، 3
پەروەردەی هونەر	1 ، 2 ، 3

سەرچاوە: وزارة التربیة والتعلیم، 1965 – 1966، 1969، ص ص 188 – 189.

هەریەك لەقۆناغەکانیش (32) بەشـەوانەیان هەفتـانە خوێنـدووە، ئەوەی جێگـای ئامـاژە پـێ کردنە دوای تەواو بوونی ناوی وانەکان بەشێوەیەکی تێبینی دوو خاڵ نوسراوە:

١- دوو بەشــە وانە زیـاد دەکرێـت بـۆ پـۆلی یەکەم و دووەم بەمەبەســتی خوێنـدنی زمـانی کوردی.

٢- لەناوچە کوردییەکان دوو بەشە وانە زیاد دەکرێت بۆ پۆلی سێیەم بەمەبەستی خوێندنی (بنەماکـانی وانە وتـنەوەی زمـانی کـوردی) (وزارة التربیـة والتعلـیم 1965 – 1966، 1969، ص 189).

دان پێدانانی حکومەت و ئامـاژە پێکردنـی بەشـێوەیەکی ئاشـکرا بـۆ وتـنەوەی وانەی کـوردی لەخـانەی ماموّسـتایان یەك لەگۆرانکاریەکـانی تـری پرۆگرامـی خوێنـدن بـووە لەم سـاڵانەدا بـۆ خوێندنی خانەی ماموّستایان.

ســەبارەت بەوردەکـاری پرۆگرامـی قۆناغەکـانی خوێنـدن، دەتـوانین تیشـك بخەیـنە سـەر بابەتەکانی مێژوو و ئەو باسانەی کەلەم بابەتەدا لەقۆناغەکاندا خوێندراوە.

کتێبی مێژووی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەسـاڵی 1963دا لەشـەش بەش پێك هاتووە:

بەشـی یەکەم: عەرەب پێش ئیسـلام.

بەشـی دووەم: پێغەمبەر (ص)

بەشـی سێیەم: راشـیدیەکان

بەشـی چوارەم: دەوڵەتی ئەمەوی لەشام

بەشـی پێنجەم: دەوڵەتی ئەمەوی لەئەندەلس

بەشـی شـەشـەم: کوردەکان (مدیریة المناهج والکتب 1963، ب.س، ص ص 109 - 110)

واتە لەپـۆلی پێنجەمـی سـەرەتایی مێـژووی ئیسـلام و عەرەب خوێنـدراوە، تەنهـا بەشـی شـەشـەمی ئەم کتێبەکە نەبێت کەتایبەت بووە بەکوردەکان، بەڵام بەشـێوەیەکی زۆر کورت بـاس کراوە، تەنانەت بەبەراوردکردنی ئەم بەشە بەبەشـەکانی تـری کتێـبەکە بەشـێکی زۆر بچـووکی لەکتێبەکە پێك هێناوە.

کتێبی مێژووی پۆلی شـەشـەمی سـەرەتایی لەشـەش بەش پێك هاتووە بەم شـێوەیە:

بەشـی یەکەم: دەوڵەتی عەباسی

بەشـی دووەم: شـارسـتانیەتی عەرەب لەسـەردەمی پێغەمـبەر (ص) تـا کۆتـایی دەوڵەتـی عەباسی

بەشـی سێیەم: عێراق دوای کەوتنی دەوڵەتی عەباسی تا هاتنی عوسمانییەکان

بەشـی چوارەم: دەوڵەتی عوسمانی

بەشـی پێنجەم: اسـتعماری ئەوروپی

بەشـی شـەشـەم: عێراقی نوێ (مدیریة المناهج والکتب 1963، ب.س، ص ص 110 - 112)

سـەبارەت بەپرۆگرامی مێژوو لەدواناوەندی بەپێی بەڕێـوەبەرایەتی پرۆگـرام و کتێـب لەسـاڵی 1964 بەم شێوەیە بووە لەپۆلی چوارەم (ئەدەبی)، مێژووی شـارسـتانیەتی عەرەبـی خوێنـدراوە کەلە 6 بەش پێك هاتووە بریتی بوون لە:

بەشی یەکەم: شارستانیەتی عەرەب و پەیوەندی بەشارستانیەتی ڕێگانەوە.
بەشی دووەم: سیستەمی فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتی ئیسلامی.
بەشی سێیەم: داهاتەکانی دەوڵەت لەسەردەمی پێغەمبەر (ص)، خەلافەتی ڕاشدین، ئەمەوی، عەباسی.
بەشی چوارەم: ڕێکخستنە کارگێڕیەکان (التنظيمات الأدارية).
بەشی پێنجەم: سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی.
بەشی شەشەم: بزوتنەوەی هزری لەئیسلامدا.
سەبارەت بەبابەتی مێژوو بۆ پۆلی پێنجەمی وێژەیی (مێژووی نوێ) خوێندراوە کە لە (327) لاپەڕە پێکهاتووە کەپێنج بەشی سەرەکی لەخۆگرتووە بەم شێوەیە بوون:
بەشی یەکەم: سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و ناپلیۆن
بەشی دووەم: کودەتای پیشەسازی (الانقلاب الصناعی) مەبەستی شۆڕشی پیشەسازییە.
بەشی سێیەم: بزوتنەوەکانی نەتەوەیی و دیموکراتی، 1815 - 1914.
بەشی چوارەم: استعمار و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان 1870 - 1914.
بەشی پێنجەم: گۆڕانکارییە گشتیەکانی نێوان دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم (پروانە پاشکۆی ژمارە 9).

لەبواری پڕۆگرام و چاپ کردنی کتێبی قوتابخانەکانیشدا، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی (پڕۆگرام و کتێب)ەوە گرنگیەکی زۆر بەم بوارە دراوە، لەساڵی 1961، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە (6.269.450) دانە کتێبی چاپ کردووە بۆ گشت قوتابخانەکانی عێراق، ئەم کتێبانەش بەم شێوەیە دابەش کراون:

1 - کتێبی خوێندنی سەرەتایی	4.436.950 دانە کۆپی کراوە
2- کتێبی خوێندنی ناوەندی	1.321.500 دانە کۆپی کراوە
3- کتێبی خوێندنی دواناوەندی	418.000 دانە کۆپی کراوە
4- کتێبی خوێندنی مامۆستایانی کوران و کچانی سەرەتایی	93.000 دانە کۆپی کراوە

هەر لەهەمان ساڵدا ئاماژە هەیە بەدانانی (33) کتێب بۆ قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن و بابەتە جیاوازەکانی قۆناغی خوێندن لەعێراق دا (ثورة 14 تموز في عامها الرابع، 1962، ص ص 454 - 455).

لەگەڵ ڕێکخستن و دووبارە چاپکردنەوەی ژمارەیەك کتێب بەزمانی کوردی بۆ پۆلە جیاجیاکانی قۆناغی سەرەتایی، لەوانە: (خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، پەروەردەی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، زانیاری نیشتیمانی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی،...) (نەریمان، 1988، ل ل 279 - 296)

یوختە و ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ڕاستیەی، کە حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندی داوە لە هەموو عێراق.

بەڵام لەناوچە کوردییەکاندا ئەم پڕۆسەیە کاریگەری ڕەوشی سیاسی بەسەرەوەبووە، بەتایبەت بەهۆی کێشە سیاسیەکانەوە خوێندنی زمانی کوردی لەقوتابخانە کوردیەکاندا وەك (شاری هەولێر) لەلایەن حکومەتەوە پشتگوێ خراوە تەنانەت دۆکیۆمێنتەکان لەم ڕاستیە دەدوێن کەخولی بەهێزکردنی بۆماموستایانی بابەتەکانی دیکە لەم شارەدا کراوەتەوە بێجگە لەبابەتی زمانی کوردی.

لەهەمان کاتیشدا گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابی دراوە تەناتەت ژمارەیەك یاساو ڕێسا بۆ ئەم مەبەستە دەرکراوەو جێگای ئاماژە پێکردنە کەژمارەیەکی زۆر لە کتێبی قوتابخانەکان بەهەموو قۆناغەکانیەوە لەچاپ دراوە.

1.

قائمه المصادر
اولا: الوثائق

أ-الوثائق غير المنشوره:
1- مديرية التربية والتعليم للواء اربيل، المخزن الأبتدائي والعدد (1911)، تاريخ 1964/2/1.
2- مديرية التربية لواء اربيل، الذاتية، عدد (9930)، التاريخ، 1967/6/15.
3- مديرية تربية لواء اربيل، الذاتية، عدد، (9907)، التاريخ 1967/6/15.
4- مديرية تربية لواء اربيل، الذاتية، عدد، 11293، التاريخ 1967/7/12.
5-مديرية لواء اربيل، الذاتية، عدد، 20424، التاريخ 1967/10/28.

ب- الوثائق المنشوره:
1- وزارة التربية، مديرية الشؤون الفنية العامة، مديرية المناهج والكتب، الدورات الصيفية للطلاب المدارس الابتدائية، كتاب المرقم (31278)، المؤرخ 1964/6/27.
2-وزارة التربية، مديرية الشؤون الفنية العامة، مديرية المناهج والكتب، تعليمات الدوام للمدارس الابتدائية والمتوسطة والثانوية، كتاب المرقم (38695) بتاريخ 1965/9/22.
ئەم لێکۆڵینەوانەش بایەخی خۆی هەیە بۆ بەدیارخشتنی رۆلی ئابووری ئەم قەزایەیە لە مێژوودا کە پەیوەندی داهاتووی ئابووری شارەکەش هەیە وەك ئابووری ناسی بەناوبانگ ئادەم سمیس لە کتێبە بەناوبانگەکەی" سامانی نەتەوەکان "لەبارەی گرنگی توێژینەوەی ئابووری دەڵێت " گرنگی لێکۆڵینەوەی ئابووری لەوەدایە کە بایەخ بەو توێژنەوانە دەدات لەپێناو زیاد کردنی سامانی نەتەوەکان ".

[3] Professor at the University of Salahaddin – Erbil.

[4] Assistant Lecturer and PhD students at Salahuddin University – Erbil

سنوری لێکۆلینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی باس لە بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر، بەلام بەشێوەیەکی ورد زیاتر چڕبوونەتەوە لە باسکردنی بارودخی ئابووری قەزای هەولێر لەسەرتاکانی سەدەی بیستەم تا کۆتایی دەولەتی عوسمانی، رەنگە لەهەندێ شوێن بایەخی باسەکە وای خواستبێت ئەم تخوبەمان بەزاندبێت گەڕابینەتەوە بۆ کۆتایەکانی سەدەی نۆزدە بەلام بەشێوەیەکی گشتی تێکرای سنوری باسەکەمان لەماوەی مێژووی سێ دەیە تێپەر ناکات .

لێکۆلینەوەکان پێك هاتووە لەچەند تەوەرەیەك پێك هاتووە تەوەرەی یەکە تایبەتە بە باسکردنی جوگرافیای قەزای هەولێر، وەك شوێنی جوگرفیاو و ئاوهەواو و تۆبۆگرافیا و گرنگترین دەشتەکانی، لەتەوەری دووەم سەرنج دەخەینە سەر کشتوکاڵ و بازرگانی، لەم تەوەرەیەمان بەچەند ناونیشانێك باس لە گرنگترین بەرهەمە کشتوکالیەکانی قەزای هەولێر دەکەین کە ئەوانیش پێك دێن لە بەرهەمە بژێویەکان، بەرهەمە نەختینەیەکان، بەرووبومی میوە، بەهەمە ئاژەلیەکان، هاوکات لە دواباسەکانی ئەم تەوەرەیەمان سەرنج خراوەتە سەر گرفتە کشتوکالیەکانی قەزای هەولێر، لەتەوەرەی سێیەم تیشك خراوەتە سەر سیستەمی دارایی عوسمانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر قەزای هەولێر، تەورەی چوارەممان تایبەتە بە شیکردنەوەی جۆرەکانی مولکداری لەقەزای هەولێر و لەدوا باس سەرنج خراوەتە بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر لەسالانی حەنگی یەکەمی جیهانی .

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە چەندین سەرچاوەی رەسەن و توێژینەوەی زانستی وەرگیراوە، سەرچاوەکان هەمەچەشن و فرەزمانن، لەسەرووی هەمووپانەوە سالنامەکانی ویلایەتی موسڵ کە بایەخێکی مێژوویی یەکجار گرنگیان هەیەو بلاوکراوەی فەرمی دەولەتی عوسمانی بوون، ئەوەی لەسالنامەکان باس کرابێت سەبارەت بەلانە جۆراوجۆرەکانی ئابووری قەزای هەولێر لێتوژ سوودی لێوەگرتووە، هەروەها لەدوای ئەوەش کتێبە پربایەخەکەی توێژەری بەناونیشانی(OSMANL DONEMINDE KUZEY IRAK 1831-) باکوری عێراق لەسەردەمی عوسمانی1831-1914) کە توێژەر بە پشت بەستن بە 1914 بەلگەنامەکانی دەولەتی عوسمانی بەشێوەیەکی زانستی و شەن و کەوی بارودۆخی ئابووری لیواو و قەزاکانی باکوری عێراقی کردووە، هەندێ لە نووسینەکانی پەیوەستن بە بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر . بەتایبەت لەبارەی پری بەرهەمە کشتوکالیەکانی قەزای هەولێر، کە بەشێوەی داتاو ئامار دیناوە، وە لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی تر بەوشێوەیە بە وردی باسی برو جۆری بەهەمە کشتوکالیەکانی قەزای هەولێر نەکردبوو بۆیە ئێمە لەباسکردنی بەرهەمە کشتوکالیەکان کتێبەکەی (د. سینان) سەرچاوەی سەرکیمانە کە پشتمان پێبەستووە، هەروەها ڕاپۆرتەکانی ئیدارەی بەریتانی لە عێراق (IRAQ ADMINISTRATION REPORTS) کە هاوکاتی رووداوەکان بوون بێگومان ئەم راپۆرتانەش بایەخی تایبەتیان هەیە، 1932-1914 لەپاڵ ئەو سەرچاوانە سوود لە چەند کتێبیکی کوریش وەرگیراوە کە هەندێکیان لێکۆلینەوەی زانستی و لەچوارچێوەی ڕێبازی زانستی لەنووسنی مێژوودا نوسراون وەك کتێبەکەی (نەهرۆ محەمەد قادر) بەنانیشانی (هەولێر لەنێوان سالانی 1918-1926) کە توێژەر بەشێوەیەکی زانستی ورد لێکۆلینەوەی لە بارودرخی هەولێر کردووە لەو ماوە مێژوویە .

بێگومان لێکۆلینەوەی ئابووری پێویستی بە ئامار و داتای ئابووری هەیە لەبەرئەوە سەختترین ئاستەنگ کە ڕووبەرومان بەوە کەمی سەرچاوە بوو، وە ئەو سەرچاوانەی کە بەزمانەکانی تریش هەبوون، دەست کەوتن و وەرگێرنیان بۆ زمانی کوردی جگە لەماندوبوون پێویستی بەکاتێکی زۆر هەبووە .

لەکۆتایدا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم کارە بێ کەم و کوری نابێت، بەلام بەهیوام کارێکی زانستی بەسودم پێشکەش بە خوێنەران کربێت .

یەکەم : هەلومەرجی جوگرافی :

هەولێر بەپێی هەلکەوتەی جوگرافی لە سەرەتای سەدەی بیستەم قەزایەك بووە سەر بە لیوای موسڵ لەباشووری رۆژهەلاتەوە بە قەزای کۆیەو رانیەو لە رۆژئاواوە بە سنجەقی موسل و لە باکورەوە بە قەزای رواندز دەوردراوە، رووباری زاب لە موسڵ جیای دەکاتەوە لەگەل قەزای رواندزیش دۆلی بەستۆرە جیایان دەکاتەوە ولەباشووری رۆژئاوای ناحیەی ئالتۆن کۆپری هەیە(موصل ولایتی سالنامە، 1312ه / 1894م، ص168) ئەم دابەشبوونە تا کۆتایی دەولەتی عوسمانی ماوەتەوە(قادر،، 2013 ل 14.) دوای دامەزراندنی شانشینی عێراق لەسالی 1921، هەولێرلەسالی 1923 بووە بە لیوایەکی سەربەخۆ بەپێی نەخشەی شانشینی عێراق دەکەوێتە ئەوپەری باکوری عێراق و لەسەر هێلی پانی (35) باکور و هێلی درێژی (42،22)ی رۆژهەلات، شارەکە بە(390م) لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە (حسین، 2002، ص 34)

لیوای هەولێر بە لیواکانی موسل و کەرکوك و سلێمانی دەوردراوە، لیوای موسل بە دووری (78)کم لە رۆژئاوای شارەکەیەو مەلبەندێکی سەرەکی ئابوویی یە لەگەل شارەکانی تری باشووری کوردستان، لیوای کەرکوك بەدووری (90 کم) لە باشوور و لیوای سلێمانی بە (196 کم) دەکەوێتە رۆژهەلاتی هەولێر و قەزای دهۆك بــە (156 کم) لە باکوری شارەکەیە، رووی سنوری نێودەولەتیەوە لە باکور و رۆژهەلات لە سنوری لەگەل ولاتی ئێرانەو هەیە لەرێگەی (هاملتۆن[5]) بەشارەکانی ئورمیەو تەبریز بەستراوەتەوە(حسین،2002، ص 66) . هەلکەوتەوەی شوێنی جوگرافی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بووە بە فاکتەری ئاسانکاری بۆ پەیوەندیەکانی بازرگانی لەگەل شارەکانی عێراق و ولاتی ئێران(الجنایی، 1987، ص 20)

هەولێر ئاوهەوای دەریای ناوەراستی هەیە، لەهاویندا گەرم و لە زستان ساردو باراناوییە لە ناوچە چیایەکانیدا بەفریشی لێدەبارێت بەتایبەت چیاکانی(اسماعیل، 2006، ل119)، بە پێی جیاوازی رێژەی باران بارین لە سالێك بۆ سالێکی تر رادەکەی جیاوە بەلام دەکرێ بلێین بەتێکرای رێژەی باران بارین لە نێوان (200- 400)ملم دایە (چیچۆ، قادر،، 1985، ل 47)

لە رووی تۆپۆگرافیەوە دەشتێکی فراوانی هەیە کە خاکەکەی بۆ کشتوکال بەپیت و لەبارە، هاوکات دەولەومەندە بە ئاوی ژێر زەوی(اللجنه الاعلامیه لمهرجان یوم محافظه اربیل، 1987، ص 16) .

دەشتی هەولێر پێك دێت لە حەوزێکی فراوان داپۆشراو بەنیشتەنی زبرو قورو چەو لم بەرزو نزمە لەگەل بوونی دۆلێکی بچوك بۆ دابەشکردنی ئاو لەنێوان زێی گەورەو بچوك (مستەفا، 2008، ل15) سنوری ئەم دەشتە هەرچوار لای شارەکەیان داوە، لەباکوری رۆژهەلات تا باشوور بەدرێژایی (30) کم و بەپانی (24)کم و بەدەشتی هەولێر ناسراوە، لەشێوەی چەماوە دایە چیای دیدەوان دەکەوێتە بەشی رۆژئای شارەکەو بەرزایەکانی زورگەزراو دەکەوێتە باشوری

(5) هاملتۆن یەکێك بووە لەو ئەندازیارە بەریتانیانەی سەرپەرشتی ڕۆژەی دروستکردنی ریَطای هەولیَر – حاجی ئۆمەران (سنووری ولاتی ئیَران)ی کردووە ، ڕۆژەکە لە سالی 1927 دەستی پێکراوە تا سالی 1932بەردەوام بووە، دریَذی ریَطاکە (185کم) بووە بە دریَذترین و سەختترین ریَطای سنوری لیوای هەولیَر دادەندریَت ، تیَضووی ریَطاکە (200,000) ڕاوەندی ئەستەرلینی بووە بۆ زانیاری زیاتر بروانە، ا.م. هاملتن ، ریَطایەك بە کوردستاندا ، و، عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری ، ضاڤخانەی موکریان ، هەولیَر ، 2013، ل342 .

(غەفور، 2005، ل42)، چیای قەرەچوغ بەشی باشوور و رۆژئاوای دەشتی هەولێر پێك دێنێ و لەگەل چیایەکە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە شاروچکەی گوێر وە بەشی لەباشووری رۆژئاوا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە سەر زێی گەورە(عبدالقادر،، 2012، ل15) بەشی باکوری دەشتی هەولێر دەبێت بە دوو بەش، بەشێکی پێی دەوترێت دەشتی شەمامك، بەشی باشوریش پێی دەوترێت دەشتی کەندیناوە، بەرزاییەکانی زورگەزراو لێکیان جیادەکاتەوە(قادر، هەولێر لەنێوان سالانی 1914-1930، 2008، ل47)

لە رووی کارگێریەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەولێر قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی موسل بەهەمان سیستەمی کارگێر دەولەتی عوسمانی بەرێوە چووە(موراد،، 2009، ل1382 ؛ لونکریك، 1986، ص 318).

دووەم / کشتوکاڵ و بازرگانی :

دامەزراوە ئابووریەکانی قەزای هەولێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە بەشێك بووە لە سیستەمی ئابووری دەولەتی عوسمانی هاوکات داهاتی تایبەتیان هەبووە (دەباغ، 2005، ل98)، بۆ نمونە، لەسالنامەکانی ویلایەتی موسل ئاماژە بە ناوی هەندێ لە دامەزراوە ئابووریەکان سەنتەری قەزا کراوە وەك تێدا هاتووە "**لەسالی (1906) لەناو شار (637) دوکان (5) باغ و (3) باخچەو (1546) پارچە زەوی تایبەت بە سەوزەوات و (50443)** پارچە زەوی چاندراو نەچێندراوی تێدایە بێگومان حکومەت لەهەریەك لەم یەکە ئابووریانە داهاتی تایبەتی خۆی وەك باج وەرگرتووە "(غفور، 1990، ل116)

سەبارەت بە بارودۆخی بازرگانی، دانیشتوانی ناوەندی قەزا جگە لە ئالوگۆری بازرگانی لەگەل شارو شارۆچکەکانی دەروبەر پەیوەندی بازرگانیان لەگەل ولاتانی هەرێمی و ئەوروپیش هەبووە لە ولاتی ئێران وکۆمپانیا بیانیەکان وەك کۆمپانیای مارسیلیای ئیتالی،کوتاڵ و ئاوریشم و کەلوپەلی جوانکاری هاوردەکردووە، هاوکات هەناردەی هەولێریش بۆ ئەم ناوچانە گەنم و جۆو بەروبومە ئاژەڵیەکان بووە (های، 2010، ل105). دەباغەکانی هەولێر کە بنەمالەیەکی دیاری شاری هەولێرن، ناوبانگەکەیان بۆ پیشەکەیان دەگەڕێتەوە کە پیشەی دەباغی بووە لە نزیك مزگەوتی شێخی چۆلی کارگەیەکی بچوکی پیستەخۆشکرنیان هەبووە، پیستەو و خوری مەریان هەناردەی شارەکانی تری عێراق و ئەوروپا کردووە (دەباغ،، 2001، ل61) .

دەربارەی بارودۆخی پیشەگەی قەزای هەولێریش هاوشێوەی تەواوی لە ناوچە کوردیەکان بەشێوەیەکی

گشتی دواکەوتوو بووە، ئەو دروستکراوانەی هەبوون زیاتر بۆ پرکردنەوەی پێداوستیە ناوخۆییەکان بوون، لەلایەکی تر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پیشەگەری لەدەولەتی عوسمانی رووبەرووی شالاوی هاتنی کەلوپەلی ئەوروپی بووەوە بەتایبەتیش بەریتانی، ئەمە بووە هۆی لاوازکردنی پیشەگەری ناوخۆیی (الدوسکی 2002، ص 49) ئەوپیشانەی لەهەولێر هەبوون بریتی بوون لە ئاسنگەری و پێلاودروو، چەخماخچی، بەرگدورو، دارتاشی، زێرنگەری، جۆلایی، خمگەری (جامباز،، 2006، ل68).

أ / بەهەمە کشتوکالیەکان :

1-بەرهەمە بژێویەکان :

بەرهەمە دانەوێلەیەکان وەك گەنم و جۆ و برنج لەپێشەنگی بەرهەمە کشتوکالیەکانی هەولێرو دەوربەری دێن، سەرچاوەیەك بە پشت بەستن بە بە لێگەنامەکانی دەولەتی عوسمانی، لەساڵی 1906 ئاماژە بە پروو جۆرو ڕووبەری داچێندراوی قەزای هەولێر بەبەراورد لەگەل چەند (قەزایەکی تر لەم خشتەیە رووندکراوەتەوە

(Marufoglu 1998، p186)

ڕووبەری داچێندراوی گەنم و جۆ لە قەزای هەولێرو چەند قەزایەکی تر لەسالی 1906

قەزا	ڕووبەر بە دۆنم	بری بەرهەم بە (کیلە)[6]	ڕووبەر بە دۆنم	بری بەرهەم بە کیلە	ڕووبەر بە دۆنم	بری بەرهەم بە کیلە
	گەنم		جۆ		برنج	
هەولێر	100.000	480.000	50.000	24،000	460	8000
رواندز	10.000	50.000	4000	24.000	-------	-------
کۆیسنجق	20.000	60.000	15.000	90.000	-------	-------
رانیە	30،000	180.000	15.000	90.000	1.600	16.000

ئەوەی لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە ڕووبەری داچێندراوی گەنم و جۆ لەقەزای هەولێر لە هەرسێ قەزاکەی تر زیاترە بەلام برشتی بەرهەم بە بەراورد لەگەل ڕووبەری داچێندراو لە ئاستێکی نزم دەردەکەوێت،چونکە ڕێژەی بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ لەقەزای هەولێر(دەشتی هەولێر) بەجۆرێك بووە دوای دابینکردنی پێداویستیە ناوخۆییەکان ڕەوانەی شارە گەورەکانی وەك بەغدا کراوە(موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1330ه / 1912، ص280) هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێژەی باران بارین فاکتەری سەرکی بووە کە کاریگەری لەسەر بری بەرهەم کردووە هەروەك دیبلۆ ئار هەی لەبارەی بری بەرهەمی گەنم جۆ لەهەولێر دەڵێت "...**لە و سالانەی کە باران پێویست داباریوە لە دەشتی هەولێر یەك دەنك گەنم لە زەوی وەرد 10-15 دەنك دەکات لە زەوی تەڕاوز 8-10 دەنك دەکات، لەدەشتی قەراج ئەگەر ساڵەکەی بەباران بێت (یەك بۆ سی)و (یەك بو چل) دەکات..** " (های، 2010، ل 102).

جێگای باسە ئەو گەنمەی لەهەولێر و دەوروبەری بەرهەم هاتووە یەکێکە لە باشترین جۆرکانی گەنم بەبەراورد لەگەل ناوچەکانی تری عێراق، ئەویش دوو جۆر بووە، (ڕەشگول) کە

[6] کیلة یەکەیەکی ئێوانەیی دانەوێلَة بووة ، یەك کیلة بەرامبەر (812,5) بووة ، ئێوانەی کیلة کة لەهەولێر بەکارهاتووة دەطەرێتەوة بۆ یەکەی ئێوانەی ئیمامی ئەبو حەنیفة کة یەك کیلة دوو رطلة ی عێراقی بووة ، یەك تەغار دانەوێلة بەرامبەر (30) کیلة بووة . بروانة خلیل علی موراد، دفتر تحریر مفصل واجمال ولایة أربیل ، أربیل ، 2015، ص37.

بۆ دروستکردنی ساوەر بەکارهاتووە، جۆری دووەمیش پێی وراوە گەنمی (قەندەهاری) بۆ دروستکردنی ئارد بەکاهاتووە(قادر، هەولێر 1914-1930،ل45).

لەقەزای هەولێر گرنگی بەچاندنی برنج دراوە بەلام بەرهەمهێنانی بەشێوەیەکی فراوان نەبووە بەڵکو سنور داربووە زیاتر ئەو بنەمالانە چاندویانە کە ئاوی تایبەتیان هەبوو لەبەرئەوەی برنج بۆ بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆر ئاوی پێویستە قادر، هەولێر 1914-1930،ل46)، لە دەشتایی و هەندێ لە ناوچە شاخاویەکان چاندراوە، های لەبارى جۆری برنجی هەولێر دەڵێت " **ئەم بەرهەمە لە هەندێ ناوچەی دەشتایی و شاخاوی هەیە، هەموو بەرهەمەکە لەجۆری برنجی کوردی دایەو تایبەتە بەو ناوچەیە، دنکەکەی کورت و قورسە من زۆر جیاواز تری دەبینم لەجۆرە بلاوەکانی تری برنجی دونیا** " (های، 2010، ل 102).

2- بەهەمە نەختینەیەکان :

لەپال دانەوێلەکان بەرووبەرێکی باش بەهەمە نەختینەیەکانی وەك توتن، لۆکە، کونجی، نیسك، نۆك، بەهەم هاتوون (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1330ه / 1912،)، p196 ،1998ص280) لەسالی 1906 رێژەی بەهەمە نەختیەنەیەکان بەم شێوەیە بووە (Marufoglu

بەرهەمە نەختینەیەکان لە قەزای هەولێرو چەند قەزایەکی تر لەسالی 1906

قەزا	رووبەر بە دۆنم لۆکە	بری بەرهەم بە هۆقە	رووبەر بە دۆنم کونجی	بری بەرهەم بە هۆقە	رووبەر بە دۆنم توتن	بری بەرهەم بە هۆقە
هەولێر	2،000	50.000	160	1،600	------	-------
رواندز	800	35،000	200	5،000	5،000	120،000
کۆیسنجق	5،000	100،000	25	7،500	2000	30.000
رانیە	2،000	50.000	-------	-------	30،500	80،000

هەروەك لەم خشتەیە دەردەکەوێت، رووبەری داچێندراوی لۆکە و بری بەرهەمەکەی، قەزاکانی هەولێرو رانیە وەك یەکە هەرچەندە ئەم رێژەیە بە نزیککراوەییە رووبەر (2000) دۆنمە و بەرهەم (50،000) هۆقەیە[7]وە بری بەرهەمی توتن لە ناوەندی هەولێر هیچ بڕێك تۆمار نەکراوە چونکە لەناو هەولێر ناچێندرێت بەهۆی نالەباری ئاو هەواو خاکەکەی بەلام لە قەزاکانی رواندز و کۆیە بەشێوەیەکی بەرچاو داچێندراوە، بری بەرهەم بەبەراورد لەگەل رووبەری داچیندراو لە ئاستێکی

(7)یەك هۆقة(1283) طم واتا (1كطم و ، 283طم)بروانة: عماد احمد الجواهری ،، تاریخ مشكلة الاراضی فی العراق 1914-1932، ، بغداد، 1978، ص 481.

بەرزدایە، لێرەدا دەگەینە ئەم راستیەی کە هەرچەندە لە هەولێر وەك ناوەندی قەزا توتن بەرهەم نەهاتووە، بەلام بازاری سەرەکی ساغکردنەوەی بەرهەمی توتنی سەرجەم ناوچە شاخاویەکانی دەوروبەری بووە، دیبلۆ ئار های لەبارەی شوێن و جۆری توتنی هەولێر دەلێت "... **لە گرنگترین بەرهەمی ئاودێری ناوچە شاخاوییەکان توتنە، لەبەر ئەو نرخە بەرزەی کەهەیەتی هەرچی ئاو کە لە بەردەستیان هەیە لەچاندنی توتن بەکاری دێنن وە کوردەکان باشترین جۆی بەکاردێنن" .(** های، 2010، ل 105) بەرهەمی توتن خواستی تایبەتی لەسەر هەبووە نەك تەنیا لەئاستی ناوخۆ بەلکو لەئاستی ولاتانی دەرەوەش بەتایبەت ولاتانی ئەوروپی، دیارترین نمونەش بوونی نوێنەری کۆمپانیای فەرەنسی (ریجی)[8]لە قەزای هەولێر کە کۆمپانیایەکی تایبەتی قۆرغکاری بازرگانی توتن بووە لە دەولەتی عوسمانی لە سالْنامەکانی ولایەتی موسڵ ناوی نوێنەرەکانی کۆمپانیای ناوبراو بەوشێوەیە تۆمارکراوە کە ئەحمەد بەگ ، سعید اغا، عبدالحافز افندی ،عەلی رەزا ئەفەندی بوون

: (موسل ولایتی ایجون ایکنجی دفعه، 1310 ه /1892م، ص188-189 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312ه، ص 168 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1325 ه / 1907، ص 135 ؛ موسل ولایتی سالنامه رسمیسیدر،1330 ه / 1912م، ص 274).

دەکرێت بڵێین سەبارەت بە کردنەوەی لقی ئەم کۆمپانیایە لە قەزای هەولێر بە پێی سالنامەکانی ویلایەتی موسڵ لەسالی 1892 لقی کردۆتەوە چونکە بۆیەکەم جار لەو سالّە ناوی نوێنەری کۆمپانیاکە لە شارەکە هاتووە [(9)].

پێوستە ئەو بزانین کە لە هیچ کام لە سنجقەکانی سەربە ویلاتی موسڵ ناوی نوێنەی کۆمپانیای(ریجی) لە سالنامەکان نەهاتووە وە لەبەر ئەوەی توتن لەسەر ئاستی عێراق تەنیا سلێمانی و و کۆیە رواندز توتن بەهەم هاتووە بۆیە دەتوانین بگەیەنە ئەوئەنجامەی کە کۆمپانیای ناوبراو لەئاستی هەموو عێراق تەنیا لەقەزای هەولێر نوێنەری هەبووە، لەوەش دەچێت هەولێر مەلبەندی بازرگانی بێت بۆ کالای توتن کە لەهەموو شوێنەکانی تر هێنراوە بۆ هەولێرو لەوێش دراوە بەبازرگانانی تر .

3- بەروبوومی میوە :

سەبارەت بە بەروبوومی میوە بە پێی ئاماریکی دەولەت لەسالی 1906ئاماژە بە بەرهەمی Marufoglu، p201 ،1998میوەی جۆراو جۆر دەکات لە ناوچەی هەولێرو چەند قەزایەکی تر ( )بەلام هیچ ئاماژە بە ناوەندی قەزا ناکات، ئامارەکان بەم شێوەیەن :

---

[8] لەسالی 1883 رێکەوتنێکی ئابووری لەنێوان دەولەتی عوسمانی و کۆمثانیایەکی فەرەنسی بەناوی (ریجی) ، سەبارەت بەرهەمی نەختینەی توتن مؤرکرا ، رێکەوتنەکە لە(25) بەندثێك هاتووە ، کە تیایدا مافی بازرطانی کردنی توتن و جطەرة بەهەموو جۆرەکانی و ض لەئاستی ناوخۆ یان دەرەکی بۆ ماوەی (30) سال درا بة کۆمثانیای ناوبراو ، لەبەرامبەردا کۆمثانیاکة دەبوو بری (750000) لیرة وەك باج بدات بەدەولەتی عوسمانی ، لة سالی 1884 کۆمثانیاکة بەبری سەرمایەی (242) ملیۆن قرش دەستی بەکارەکانی کرد ، بۆ زانیاری زیاتر بروانة: علی محمد علی حبیب ، التبغ فی الدولة العثمانیة من اواخر القرن السادس العشر حتی قیام الحرب العالمیة الاولی ، رسالة الماجستیر (غیر المنشورة)، جامعة الاسکندریة ، اسکندریة ، 2015،ص ص192 -195

(9)بەثێی ئاماری داینشتوانی هەلیَری سالی 1922، کة ناوی سەرجەم دانیشتوانی قەلای تیَدا تۆمارکراوة ، حاجی ئەحمەد ئاغا تەها ئاغای حەویَزی و ، سعید ئاغا تەها ئاغای حەویَزی ،کة هەردووکیان برا بووینة ، بریکارەکانی کۆمثانیای ریجی بوون یەکەمیان لەسالی 1869 و دووەمیان لەسالی 1865 لەدایك بووة ، بروانة تاریق جامباز ، نەذاد بەرزنجی ،ئاماری دانیشتوان هەولیَر 1922 سەرای ، تەکیة ، تۆثخانەتوة، سلیَمانی ، 2006، ل68.

قەزا	بری بەرهەم بە هۆقە	بری بەرهەم بە هۆقە	بری بەرهەم بە هۆقە	بری بەرهەم بە هۆقە	بری بەرهەم بە هۆقە
	گوێز	قۆغ	سێو	هەرمێ	هەنجیر	باوی
هەولێر	-------	--------	---------	-------	-------	-------
رواندز	75،000	2000	5000	3000	40،000	-------
کۆیسنجق	200.000	20،000	5000	5000	5000	4000
رانیە	40،000	20،000	15،000	10،000	-------	-------

جێگای ئاماژەیە دیبلۆ ئار های لەبارەی ساغکردنەوەی بەهەمی میوەجاتەکان و چۆنیەتی ئالۆگۆرکردنیان لە شاری هەولێر و دەوروبەری دەلێت "**زۆرجار میوەجاتەکان لە ناوچە شاخاویەکان هاتۆتەناو شار بەرهەمی تر بەتایبەت دانەوێلەکان وەك گەنم و جۆ** های، 2010، ل 108) هەروەها مازوو و کەتیرە دوو بەرهەمی (**ئالوگۆریان پێکراوە**" نەختینەی بوون خواستی زۆریان لەسەر بووە بەتایبەت لەولاتانی دەرەوە، لەرێگەی بەغداوە هەنارەدەی ولاتانی ئەوروپا کراوە، مازوو بۆ پیستە خۆشکردن بەکارهاتووە وە سەرچاوەیەکی داهاتی گەروەبووە بۆ حکومەت چونکە حکومەت بەپێی یاسا بۆی هەبووە داهاتی دە یەکی بەرهەمەکە بیا چ چێندراو یان سروشتی، وە کەتیرەش جۆرێك لە گژوگیا بووە لە بەرزایی وگردەکان رووادە (های، 2010، ل 106)

پێویستە ئەوە بزانین بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمە کشتوکالیەکانی هەولێر دابەش دەبن بۆ بەرهەمەکانی هاوینەو زستانە، لەچاندنی گەنم و جۆ پشت بە ئاوی باران دەبەستێت بۆیە هەمیشە لەپایزان لەدوای باران بارین گەنم و جۆ داچێندراوە (های، 2010، ل 106 ؛ قادر، هەولێر 1914-1930، 45)بەرهەمی هاوینەش لەرێگەی هەڵکەندنی جۆگەی ئاو و ناعور و ئاوی کارێزەکان چاندراوەو شینایی و باغ و بێستانی لەبەرکراوە، وە هەندێ جار زەویەکان پێش ئەوەی دابچێندرێت ئاو دراوە پێان وتووە (رەباس) بۆ ئەوەی زەویەکە هەرچی گژوگیای زیانبەخش هەیە شین ببێت ئینجا دواتر کێلدراوەو بۆ ئەوەی گژوگیایەکە لەناوبچێت ئینجا زەویەکە تۆکراوە ئەم شێوازە لە بەرهەمهێنان وایکردووە زەویەکە بەبرشتیێت و بەرهەمی زیادبێت (های، 2010، ل 106) وە لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی هاوینە زیاتر پێویستیان بەئاو هەیە و سەرچاوەکانی ئاوی هەولێریش زۆربەیان مولکی تاکەکەس بوون تەنیا دووانیان نەبێت مولکی گشتی بووە، بۆیە جوتیاران دەبوو لەبەرامبەر دابینکردنی ئاو کرێیان بدایە بەخاون مولکەکان، لەسەردەمی ئیدارەی بەریتانی نرخی یەك جۆگە (12000) روپیە بووە کە بەرامبەر (1000) جونەهی ئستەرلینی بووە لە گرنگترین بەروووبوومە هاوینیەکانی هەولێر جگە لە سەوزەکان، نۆك، پاقلە، نیسك بەشێوەیەکی بەربلاو چاندراوە(های، 2010، ل 103) لەساڵی 1906 لە رووبەری (320) دۆنم زەوی نۆك پری (30،200) کیلە بەرهەم هاتووە، لە ڕووبەری(320) دۆنم زەوی بۆ بەرهەمی پاقلە بری (26.880) کیلە بەرهەم هاتووە، لە (3200) دۆنم زەوی نیسك)، ئەوەی جێگای سەرنجە لە Marufoglu، p197 ،1998پری (384000)کیلە بەرهەم هاتووە (کۆی بەرهەمە پاقلەمەنیەکان بری رووبەری تایبەت بە بەرهەمی نیسك بە بەرواد لەگەل بەرهەمە پاقلەمەنیەکانی تر بەشێوەیەکی فراوانتر چاندراوە و بە لەرووی بەرهەمیشەوە لەهەموو بەرهەمەکانی تر زیاترە .وە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆزۆری بەکارهێنانی، وەخۆراکی سەرەکی بووە لە وەرزی زستان .

4- سامانی ئاژەڵ :

سامانی ئاژەل بەشێکی گرنگی کەرتی ئابووری هەولێریان پێکهێناوە، لەدیارترین ئاژەلەکانی هەولێر، مەر و بزن و ڕەشەولاغ بووە، بەشێوەیەکی بەربلاو بەخێوکراوە، لەبارەی ڕێژەی ئاژەل لە قەزای هەولێر لەساڵی 1906 ژمارەی مەر و بەرخ لەپلەی یەکەم هاتووە بە(228000)سەر خەملێندراوە و بزن بە پلەی دووەم (30352)سەر بەخێو کراوە لەدوای ئەمیش مانگا بەڕێژەی (1800) سەرو، گامێش (800)سەر بەخێوکراوە هاوکات ژمارەی پەلەوەرکان بەهەموو جۆرەکانی) وە هەندێ لە ئاژەلدارەکانی Marufoglu، p206 ،1998بە نزیکەیی (590000) تۆمارکراوە(گەرمیان و کوێستانیان کردووە واتا لەسەرەتای وەرزی هاوین رووبان لە کوێستانەکان کردووە بەمەبەستی دابینکردنی لەوەرگا لەوەرزی زستان گەراونەتەوە گوندەکانیان (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1310ه / 1892، ص189)

لە گرنگترین بەرهەمە ئاژەلی و پەلەوەریەکانی هەولێر بریتی بووە لە، ماست، پەنیر، ژاژی، قەیماغ، گۆشت و خوری و موو پێستەی ئاژەل و هیلکە بووە(چاوشلی، 1987، ل 41). بڕی بەرهەمە ئاژەلی و پەلەوەریەکانی قەزای هەولێر لەسالی 1906 بەم جۆرەی خوارەوە بووە :)Marufoglu، (p205 ،1998

جۆری بەرهەم	شیر	پەنیر	کەرە	خوری	مووی بزن	پیستەی بزن	پیسەی گامێش	هێلکە
بڕی بەرهەم بە هۆقە	1000000	150000	100000	250000	20000	2000	1000	4200000

وەك دەردەکەوێت ژمارەی ئاژەل بەبەراورد لەگەل بڕی بەرهەم لێك نزیکە بەرهەمە ئاژەلیەکان دوای دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ ئەوەی زیاد بووە هەناردەی شارەکانی تری عێراق و ولاتانی دەرەوە کراوە، لەلایەکی تریش هەولێر بەهۆی ئەوەی شوێنەکەی تەخت و زیاتر دەشتاییەو ئەمەش وایکردووە دەرفەتی هاتوچۆکردنی ئاسانبێت، بێتە خالی بەیەکگەیشتنی بەرهەمەکانی ناوچە شاخاوییەکان و دەشتەکانی دەوروبەری ناوەندی قەزا بووە ئەمەش لەئاستی ناوخۆی شارەکە جموجۆلی کرین و فرۆشتنی گەرم و گورتر کردووە، مەڵبەندێکی سەرەکی بووە لە ڕێگەی بازرگانی ناوخۆی نێوان شارەکانی بەغدا، کەرکوك، پردێ، هەولێر، موسل (عبدالقادر، 2012، ل 58) وە لەگەل ئەوەش هەولێر چەند ڕێگەیەکی تری گرنگی بازرگانی هەبووکە قەزاکەی بەستۆتەوە بە وڵاتانی دەرەوە لەوانە ڕێگەی هەولێر، رواندز، ورمێ، تەبریز،کە ئەمە زیاتر بەئارستەی باکوری ڕۆژهەلاتی شارەکە بووە (عبدالقادر، هەولێر 1914-1930، 2008 ل47)ڕێگەی هەولێر، پشدەر، قەلادزێ،ورمێ، بانە، ڕێگەی هەولێر، کۆیە، سلێمانی (عبدالقادر، 2012، ل 58) ئەمانەش هەموو هۆکاری سەرکی بوون بۆ پێشکەوتنی کاری کرین و فرۆشتنی ناوبازارو جموجۆلی بازرگانی لەگەل ناوچەکانی دەرەوەی

قەزا، ئەمەش دەولەمەندی لایەنی ئابووری شارەکەمان بۆ نیشان دەدات (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1330ه / 1912م،ص280) .

5- گرفتە کشتوکایەکان :

جێگای ئاماژەیە چەند فاکتەرێك کاریگەریان هەبووە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و زیادکردنی رێژەی بەرهەم، هەندێ لەم فاکتەرانە سروشتی بوون ولەتوانای مرۆڤ بەدەربوون وەك دیاردەی وشکەسالّی و بێ بارانی (هەروتی، 2013، ل 159)، بۆ نمونە لەسالی 1917 بەهۆی وشکەسالّی گرانی نرخی لەبازارەکان بەدوای خۆی هێناوە بەتایبەت دانەوێلەکان خەلك لەشاری هەولێر لەدۆخێکی ئابووری سەخت ژیاون برسیەتی بەشێوەیەکی فراوان مەترسی بۆ سەرژیانی خەلك دروستکردووە هەرلەبەر ئەمەش تاوەکو ئێستاش ئەم سالّە بەسالی گرانی گەورە ناسراوە(موفتی، 2009،ل1312)

لەگرفتە کشتوکالیە باوەکانی تر بریتی بوون لە مەترسیەکانی هاتنی مێروو وزیندەوەرە زیانبەخشەکانی وەك هێرشی کوللۆ کە لەکاتی پێگەیشتنی دەغلودان بەهەزاران لەشێوەی شەپۆلی دەریا شالاوینانهێناوە تەڕ و وشکی بەهەمەکانیان خواردووە،زۆرجار شالّاوەکانی کوللۆ ناوچەیەکی بەرفروانی گرتۆتەوە بە هەزاران جوتیار لەبەری رەنجی خۆیان بێبەش بوون هەروتی، 2013، ل 162) .

هەروەها بلاوی نەخۆشیە کشتوکالیەکان بەتایبەت نەخۆشی (سن) ئەوەیان زیندەوەرێکی بچوك بووە، لەو سالانەی زستانەکەی سەرماو سۆلەکەی زۆر توند نەبووە بەفرو باران زۆر نەباریوە، زۆر بەخێرایی گەشەی کردووە، زیانی زیاتر بەو دانەویلانە گەیاندووە کەهێشتا سەورز بوون و دانەکەی بەتەواوی ووشك نەبووە،لەسالی 1920 دەشتی هەولێر رووبەرووی ئەم مەترسیانە بۆتەوە لەوبارەیەوە دیبلۆ ئار های نوسیویەتی " ...**سن مەترسی ترین نەخۆشیە بەرووبومی کشتوکالّی ناوچەکە لەناو دەبات، کاریگەری زۆرخراپی هەیە لەسەر گەنم بەتایبەت گەنمی قەندەهاری، جوتیاری کورد نازانێت چ بکات بۆ ئەوەی لەو کێشەیە دەربازی بێت** ".(های، 2010، ل 100)

هۆکارە مرۆیەکانیش فاکتەێکی ترن کە کاریگەری لەسەر بارو گوزەرانی جوتیارن هەبوو بەتایبەتی سیاسەتی دەولەت و پشت بەستن بە سیستەمی دەرەبەگایەتی وە خودی دەولەتەکە هەر لەسەرەتاوە لەرووی ئابووریەوە لەسەر بناغەیەکی دەرەبەگی دامەزرا (خصباك، 1973 ص23). وە پەیرەوکردنی سیستەمی پشتاو پشت لەسەر خاوەنداریکردنی مولکەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی دوای مردنی دەرەبەگەکە زەویەکە بۆ نەوەکانیان بمێنێتەوە هەرچەندە سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستان تایبەمەندی خۆی هەیە (شامیلوف، 1984، ص64 ؛ الوائلی، 2013، ص81).
بەلام لەگەل ئەوەش ژیانی جوتیاران ژیانێکی ناهەموار بوو، نەی دەتوانی لەرێگەی ئەوبەرهەمەی سالانە دەستی دەکەوت پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆی دابینبکات (ئەسەسەرد، 1986، ل20-22) دەرەبەگەکان باجی (دە یەکیان) لە جوتیارەکان وەردەگرت کە پێان وتووە (بەگانە) کە ئەم باجە جگە لە دانەوێلە لە باغەکانی میوەش وەرگیراوە کە پیان

وتووە (ئەملاکانە)، بۆ هەر یەك درەختی میوەی بەردار (4) قرش[10]وەك باج وەرگیراوە (عماد احمد الجواهری، 1978، ص51.)

ئەوەی زیاتر جوتیارانی هەراسانکردووە هەلسوکەوتی باجگرەکان بووە زۆرجار باجەکانیان وەك خۆی نەداوەتە حکومەت، سەرەرای ئەوەش ژمارەی گوندەکانی دەرەبەگەکان دیاریکراو بووە، زۆرجار دەرەبەگەکان لە دەرفەت گەراون تا لەوڕێگەیەوە بەلێندەرایەتی وەرگرتنی باجی چەند گوندێکی تریش وەربگرن بۆ ئەوەی زیاترخەلکی گوندەکان بچەوسێننەوە (موراد، مختارات، 2005، ص138-142)

لەهەولێر سەرباری ئەم هۆکارانە چەند فاکتەرێکی تریش هەبوون کە زیاتر بارودۆخی جوتیاری خراپتر کردووە لەوانە بەهۆی نەبوونی بانکی کشتوکالی لەگەل پیشتر دەولەتی عوسمانی لقێکی بانکی کشتوکاڵی لەشاری هەولێر دامەزراندبوو وەك ئاماژەمان پێدا، بەلام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و روخانی دەولەتی عوسمانی ئەم دامەزراوەیەش وەك سەرجەم دامەزراوەکانی تری عوسمانی نەما ئەمەش وایکرد جوتیار هانا بۆ دەرەبەگ و خاوەن سامانەکان ببات بۆ ئەوەی بڕێك پارە قەرزبکات بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیە کشتوکالیەکانی وەك بنەتۆ یان کرینی گاسن بۆ ئەوەی زەوی پێبکێلێت، ئەمەش لەلایەکی تر هەلی بۆ سەرمایەدارو دەرەبەگەکان رەخساند زیاتر سود لە داهاتەکانی جوتیاران ببینن و زیاتر بیانچەوسێننەوە تەنانەت هەندێ جار وا رێکەوتووە بەرهەم بەپێی پێویست نەبووە جوتیارەکە نەیتوانیوە قەرزەکە بداتەوە سەرئەنجام ناچاری وازی لە زەویەکەی هێناوەو ولەبری قەرز بۆ خاوەن قەرزەکە جێهێشتووە، دیبلۆ ئار های لە بارەی ئەم دیاردەیە دەڵێت " **دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان توانیان لەو رێگەیەوە دەست بەسەر زۆربەی زەویەکشتوکالیەکان دابگرن** " (های، 2010 , ل108)_

بەریتانیا دوای داگیرکردنی کوردستان لەسەرەتا لە سیاسیەتی دارایی و مافی خاوەنداری کردنی زەویە کشتوکالیەکان پاڕێزگاری لە هەمان سیاسەتی دەولەتی عوسمانی کرد، سیستەمی دەرەبەگایەتی بەهێزترکرد، بەمەبەستی ئەوەی هۆزەکان زیاتر پەیوەست و ملکەچ بکات بە دەستەلاتی بەریتانی(الحاج، 1985، ص58.)

جێگای ئاماژەیە دەولەت بەچەند شێوەیەك باجی وەردەگرت لەوانە باجی هاتوچۆ کەزیاترناسرابوو بەباجی بچوك لە تێکرای ئەو کالاو بەرهەمە سروشتیانە وەردەگیران کە لەناوچەیەك دەگوازرانەوە بۆ ناوچەیەکی تر هەروەها باجی مولکەکانی میری لەشارەکان هەر دەچووە ئەو خانەیەوە، باجی مولکانە، لە تێکرای مولکی شارەکان وەردەگیران بەلام زەویە کشتوکالیەکانی نەدەگرتەوە، هەروەها باجی ئاژەلداری و باجی بەرهەمە کشتوکالیە جۆراوجۆرەکان کە لەشێوەی دە یەك(10/1) وەردەگیرا (متشاشغیلی، 1978، ص210).بەپێی راپۆرتەکانی کارگێری بەریتانی لەسەردەمی ئیدارەی بەریتانیش تەنیا باجی رێگە بۆ گواستنەوەی بەرهەمی دار جگە لە باجەکانی تر لە نیسانی 1919 تا ئازاری 1920 (1180700) روپیە بووە

(IRAQ ADMINISTRATION REPORRTS K. 1992. P18)

هەولێریش لەو سیاسەتە بەدەر نەبوو نەك هەر ئەمە زۆرجار ململانێی و شەری عەشائیری لەنێوان خودی دەرەبەگەکانیش رووبداوە لەسەر مافی خاوەندایکردنی زەویە کشتوکالیەکان، وەك جێگری حاکمی سیاسی بەریتانی لەهەولێر ئاماژەی پێدەکات لەسالی 1919لەنێوان ئاغاکانی دزەیی و ئاغاکانی گەردی ململانێی زۆر هەبووە لەسەر مافی خاوەندایەتی زەویەکان (الجواهری، 1978،ص123).

(10)قروش، ثارةيةكى سةردةمى عوسمانية ، نرخى يةك قروش دةكاتة نؤ فلس بووة بةرامبةر ثارةى عيَراقى ، بروانة عباس عزاوى، تاريخ النقود العراقية ، بغداد، 1958، ص 141-142.

سەرەرای ئەوەش دواکەوتووی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و چ ئامێرەکانی کێڵان یان دروێنە هێندەی تر دۆخەکەی ئالۆز کردووەکەرستەکانی بەرهەم هێنان زۆر سەرەتایی بوون بەمەش پێویستی بەکاتی زۆر هەبووە و ئەمەش لەتوانای جوتیاری کەمکردۆتەوە بۆنمونە تەنیا دوورینەوەی گەنم لە هەولێر لە مانگی ئایار دەستی پێکردووە بەچەندین قۆناغ تێپەڕیووە تا مانگی ئەیلول بەردەوام بووە لەگەل ئەوەی جوتیار بەتەنیا ئەم کارەی نەکردووە بەلکو بەهەروەزی و وئافرەتان و مندالانیش لەگەلی بەژداربوون (مورادموختارات 2005، ص 139)،بەشێوەیەکی کشتی هەموو ئەو هۆکارەانە کاریانکردۆتە سەر پرو جۆری بەرهەم و سەرئەنجام رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ژیانی جوتیاران دروست کردووە .

سێەم- سیستەمی دارایی :

لەقەزای هەولێر هەمان سیستەم و بنەماکانی دارایی دەولەتی عوسمانی هەبووە، لە ساڵی 1893 تا کۆتای سەردەمی دەولەتی عوسمانی پەیکەری بەرێوەبردنی دارایی لەدەولەتی عوسمانی بەوشێوەیە بوو، دەفتەر دار، بالاترین دەستەلاتی دارایی هەبوو، لە ویلایەتەکان بەرێوەبەری دارایی و بەرپرس بوو لەبەردەم والی و پیاوماقولان و هەمان جیاوکی پلە بالاکانی دەولەتی هەبوو وەك قازی و ئەوانی تر، وە ئەندامی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی ولایەت بووە(الشجری،2005، ص15.) هاوکات بەرپرسی گشتی چەند هۆبەیەکیش بوو لەوانە :

- هۆبەی تێچووەکان، کە بەرێوە دەبرا لە لایەن باش کاتب و شەش ژمێریار.
- هۆبەی بەرژەوەندیەکان، بەرێوەدەبرا لەلایەن باش کاتب و (12) فەرمانبەر .
- هۆبەی وەقف، بەرێوەدەبرا لەلایەن نووسەرێك (کاتب) .
- هۆبەی ژمیریاری کۆن (الحسابات القدیمه) بەرێوەدەبرا لەلایەن فەرمانبەریك و یاریدەدرێك .
- هۆبەی خەزێنە، بەرێوەدەبرا لەلایەن فەرمانبەرێك نازناوی (امین سندوق) ی بوو (علی، 1998،ص50).

بەرێوە بردنی کاروباری دارایی لەقەزاکان لەلایەن بەرێوەبەری دارایی بەرێوە دەبرا وە بەرپرس بوو لەبەردەم بەرێوەبەری دارایی ولایەتەکان (دفتەر دار)وە لەسەر پێشنیاری بەرێوەبەری دارایی ولایەتەکان بەفەرمانی والی دادەمەزرا (الشجری، 2005، ص16) بەرپرسی کاروباری دارایی هەموو قەزاکە بوو، هەرچی سەبارەت بە ناحیەکان و گوندەکان هیچ فەرمانبەریکی تایبەت بە کاروباری دارایی نەبووە، بەلکو سەر جەم ناحیەو گوندەکان لە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە رێوشوینی دارایی و کۆکردنەوەی باج راستەخۆ لەلایەن کارگێری دارایی قەزا بەرێوە براوە(لونکریك،تاریخ العراق، 1988، ص69).

جێگای ئاماژەیە لە هەر قەزایەك چەند فەرمانبەرێکی دارایی هەبوون کە لەرووی کارگێریەوە راستەوخۆ پەیوەست نەبووە کارگێری لیواکان بەلکو راستەوخۆ پەیوەست بوون بەسیستەمی کارگێری پایتەختەوەو راستەوخۆ لە ئەستەمبۆلەوە فەرمانیان بۆ هاتووە، بۆ نمونە فەرمانبەرانی تایبەت بە کاروباری زەوی مولکەکانی سولتان یان فەرمانبەرانی کۆمپانیای(ریجی) کە کۆمپانیای تایبەت بە بەرهەمی نەختینەیی توتن وە چەندانی تر(الشجری، 2005، ص17)

سەبارەت بە قەزای هەولێر لە سالنامەکانی ولایەتی موسل ئاماژە بە ناوی هەندێ کەسایەتی کراوە کە بەرپرسی دارای قەزاکە بووە وەك وەلیەدین ئەفەندی ، زەینەل ئەفەندی ، عباس افندی، محمود جلال الدین افندی (موسل ولایتی سالنامەسی، 1308 ه /1890م، ص 142 ؛ موسل ولایتی ایجون ایکنجی دفعه، 1310 ه /1892م، ص188-189 ؛ موسل ولایتی

سالنامەسی رسمیسیدر، 1312، ص168 ؛ موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1325 / 1907م،ص135 ؛ موسل ولایتی سالنامه رسمیسیدر،1330 ه / 1912م، ص274).

چوارەم - مولکداری زەوی :

زەویەکانی قەزای هەولێر و چۆنیەتی بەرێوەبردنیان وەك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە بریتین لە سێ جۆربوون ئەوانیش:

1- زەوی میری (الاملاك الامیریه) ئەو زەویانە وتراوە کە مولکی دەرەبەگەکان بوون،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕێکەوتنی میرنشینە کوردیەکان لەگەل دەولەتی عوسمانی، دەولەت رازی بووە ئەو زەویانە ببێت بە مولکی ئەوان بەمەرجێ لەکاتی پێویست سەربازیان بۆ ئامادەبکەن بەهەموو پێداویستیەکانی شەر بۆ پالپشتیکردن لەدەولەتی عوسمانی، دواتر ئەم زەویانە بەرە بەرە بەشێوەی پشتاو پشت بۆیان دەمایەوە، وە دەرەبەگەکان باجی ئەو زەییانەیان بەپێی نەریتی خۆیان کۆدەکردەوە و زەویەکانیان لە تۆمارە تایبەتیەکانی دەولەتی عوسمانی تۆمار نەکراوە، بەلام لەبەرامبەر ئەوە دەبوو سالّانە بڕێك باج بدەن بەدەولەت(هەروتی، 2013، ل 140) .

2- زەوی (تحریر) ئەو زەوییانەبوو لەتۆمارەکانی دەولەتی عوسمانی تۆمارکرابوون، بەناوی ئەوکەسانە تۆمارکرابوون کە کاریان لەسەرکردوە، ئەمانە دەبوو راستەوخۆ باج بدەن بەدەولەت (ئەسەسەرد، 1986، ل ل20-22) بێگومان هەولێریش لەم بریارە بەدەرنەبووە.

3- زەوی خەواسی هەمایون (الاملاك السنیه) ئەم زەویانە مولکی سولتان بوون، دوای ئەوەی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876-1909) بەشێکی زۆری لە زەویە کشتوکایەکانی کرد بە مولکی خۆی قەزای هەولێریش رووبەرێ:ی فراوانی زەوی کشتوکاڵی بەمولکی تایبەتی خۆی تۆمارە کردوە، داهاتی ئەم زەویانەش راستەوخۆ خراونەتە سەر خەزێنەی تایبەتی سولتان، هەروەها ئەم جوتیارانەی لەسەر زەویەکانی سولتان کاریان کردووە جیاوکی تایبەتی خۆیان هەبوو (الشجری،2005،ص24) زەویەکانی خەواسی هەمایون لە سنوری قەزای هەولێر بەشی زۆریان دەکەونە سنووری گوندەکان، بە پێی نووسراوە فەرمیەکانی دەولەتی عوسمانی ژمارەی گوندەکانی قەزای هەولێر (300) گوندە کە (70) یان لە دەوروبەری قەزاکە بووە، ئەوانی تر دابەشبوونە بەسەر ناحیەکان (48) گوند سەربە ناحیەی سولتانیە و (60) گوند سەربە ناحیەی دزەیی و (120) گوند سەر بە ناحیەی شەماك بوو (غفور،، 1990، ل120) بەلام پێویستە ئاماژە بەو بکەین کە دوای کودەتای کۆمەلەی ئیتحادی لەسالی 1908، یەك لە گرنگترین گۆڕانکاریە ئابووریەکان کە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەولێر هەبووە ئەوەیە کە بریاردرا بە گەرانەوەی سەرجەم زەویەکانی خەواسی هۆمایون (الاملاك السنیه) بۆ سەر مولکی دەولەت (الجواهری، 1978، ص 44) .

سەبارەت بە بەرێوەبردنی کاروباری زەویەکانی خەواسی هەمایون هەروەك لە سالنامەکانی ویلایەتی موسل ئاماژەی پێکراوە سەرپەرشتی کاروباری کارگێری و دارایی زەویەکانی (سەنیە) لەلایەن دەستەیەکی کارگێری بەرێوەبراوە پێکهاتووە لە یەك مەئمورو دوونوسەرو ئەمینداری سندوق و تەحسیلدار، بنکەی سەرەکیان لە شەمامك بووە بەلام لەقەزای هەولێریش مەئمورێك و دوونوسەری تایبەت بە زەوی (سەنیە)هەبووە(موراد، 2009، ل1382)

4- زەوی وەقف، کە پارچەیەك زەوی یان چەند دوکانیك یان شوێنێکی بازرگانی بووە کە تایبەت کراوە بە خزمەتکردنی دامەزراوەیەکی ئاینی، واتا داهاتی ئەم زەویە تەرخانکراون بۆ دابینکردنی

پێداویستیە دارایەکانی شوێنە گشتیەکان کە زیاتر دام و دەزگا ئاینیەکان بوون (الجواهری، 1978، ص 44) کاروباری وەقف لەرووی کارگێریەوە بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەخۆی هەبوو، بارەگای سەرکی لە لیواکان بووە لە سنجقەکانیش لقی هەبووە،کە لەلایەن چەند فەرمانبەریکی تایەت بەکاروباری وەقف بەڕێوەبراوە، کە بە پلەکانی(بەڕێوەبەر، ژمێریار، ژمێریاری داهاتەکان) کاریانکردووە، لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە بەڕێوەبردنی کاروباری وەقف خراوەتە ئەستۆی قازیەکان و بەیارمەتی پیاو ماقولان و بەڕێوەبەری قوتابخانە ئاینیەیەکان بەڕێوە براوە (الشجری، 2005، ص17)

سەبارەت بە قەزای هەولێر لەسالنامەکان ئاماژە بەناوی (سلێمان ئەفەندی) کراوە وەك بریکاری کاروباری وەقف (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312ه / 1894، ص 167) دەتوانین بڵێین جگە لەو سێ جۆر زەویەی کە باسکراو لەهەولێر هەبووە، زەویەکانی وەقف بە چوارەم جۆری زەویەکانی قەزای هەولێر دابنێین .

لەپێناو گەشە پێدانی کشتوکالی لە ناوچەکانی کوردستان لە قەزای هەولێر هۆبەیەکی تایبەتی کراوەتەوە بەناوی هۆبەی کشتوکالی کە (بانکی کشتوکالی) ناسراوە قەرزی بچوکی داوە بە جوتیاران، ئەم بانکە بەڕێوەبەرووچەند کارمەندێکی هەبووە ئەرکەکانیان رایی کردووە لەوانە (سلێمان ئەفەندی – سەرۆك، بەئەندامیەتی هەریەکە لە تەها ئاغا، سالح ئەفەندی، موختار ئەفەندی، حسین ئەفەندی، حسین ئەفەندی، مستەفا ئەفەندی نوسەری ژمێریار و ئیسماعیل ئەفەندی تەحسیلدار (موسل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر، 1312ه / 1894، ص 168) ئەم قەرزە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی جوتیاران بووە، سالانە رێژەی(12 %) سوی هاتوتە سەر، بەلام بەبەراورد لەگەل بازرگانانی شار سووی جوتیاران زۆرکەمتربووە، دیارە مەبەستی حکومەت لەدانانی ئەم بانکە کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی جوتیاران بووە بۆئەوەی دەولەمەندانی شار جوتیاران نەچەوسێننەوە(قادر، هەولێر 1926-1939، ل22-23)

پێنجەم / بارودۆخی ئابووری هەولێر لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی :

بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هاوشێوەی لە بارودۆخی تەواوی کوردستان بووە، برسیەتی و قات و قڕی بە ئەندازەیەك بلاوبەوە مەترسیان لەسەر ژیانی مرۆڤەکان دروست کرد که هۆکاری سەرەکی سەرهەلدانی ئەم قەیرانە مەترسیدارە پەیوەندی هەبوو بەسیاسەتی دەولەتی عوسمانی ژمارەیەکی زۆری جوتیار و کرێکارەکانی بۆ بەرەکانی شەر بەزۆرەملێ راپێچکرد (قادر، هەولێر1926-1930، 2013، ل 29)، هەروەها ژمارەیەکی تریش لەترسی گرتن و راپێچکردن رایانکرد بۆ ناوچە دوورە دەستەکان و لە ناوچە شاخاویەکان خۆیان حەشار دابوو (خواجە، 1986، ل85). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاوی زەویە کشتوکالیەکان دانەچێندراو بەبەیاری مانەوە، هەرەسهێنانی دەستی کار لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی گشتی، بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمە ناوخۆییەکان بەتایبەت بەهەرهەمە بژێوەیەکانی وەك گەنم و جۆو برنج، لەلایەکی تر لەئاستی بازرگانی دەرەکیش بەهۆی مەترسی لەسەر رێگا بازرگانیەکان وە تێکرای هۆکارەکانی بەرهەمهێنان خرانە خزمەت کەرتی سەربازی سەرئەنجام جموجۆلی بازرگانی بەتەواوی پەکی کەوت (ئەحمەد، 1975، ل84)

سەرباری ئەمەش ئەوەی زیاتر مەترسی لەسەر ژیانی خەلك دروستکرد و ئاوی گۆمەکەی زیاتر لێل کرد بوونی دیاردەی وشکە ساڵی و باران نەبارین بەتایبەت لەساڵی 1917 کە لەلای دانیشتوانی قەزای هەولێر بەساڵی گرانی گەورە ناسراوە(وەك ئاماژەمان بۆ دا

)،.سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە برسیەتی بەشێوەیەك گروتنینی بۆ خەلك هێناوە خەلك هانای بۆ هەندێ خواردن بردووە کە هی مرۆڤ نەبوون یان هەندێ رویان لەدەشت و شاخەکان کردووە بۆ ئەوەی گژوگیا بخۆن، یان هەندێ خەلك لەتاو برسیەتی گۆشتی ئاژەلە رێپێنەدراوەکانیان خواردووە (کریم، 2003، ص 70)

بێگومان ئەم بارودۆخە سەخت و ناهەمواڕە تەنیا خەڵکی سڤیلی نەگرتۆتە بەلکو سەربازانی دەولەتی عوسمانیش رووبەرووی هەمان قەیران بونەتەوە شاکر فتاح لەبارەی ڕەوشی سەربازانی عوسمانی دەڵێت " لەبیرمە سەربازەکان خۆیان گالیسکەکانیان ڕادەکێشا، لەبەرئەوی بارگینیان نەمابوو، ئەسپەکان هەندێکیان بەهۆی نەبوونی ئالیك لەبرسان مردبوون هەندێکیشیان لەلایەن سەربازەکانی عوسمانی سەربرابوون بۆ خواردن"(فتاح، 2003، ل31)لەبەر تاوی برسیەتی بە شارو گوندو ئاواییەکان سوراونەتەوە لەهەر شوێنی هەستیان کردیێت خەلك دانەوێلەی حەشارداوە ڕویانتێکردووە بەزۆر بردویانە(حوسێن، 2009، ل26)لەبەرامبەر ئەوەش خەلك بۆ پاراستنی بەرهەمەکانیان لەماڵەکانیان چالیان هەلکەندووە دەغلودانەکانیان تێدا شاردۆتەوە بۆ ئەوەی سەربازانی عوسمانی دەستیان پێنەگات (موفتی،2009، ل1322) .

بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێلە سیمایەکی تری ئەو شارە بوو لەسالانی جەنگدا دیبلۆ ئار های لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخ لەبازاری شاری هەولێر دەڵێت " **بەر لەشەر گەنم بۆ40 ڕوپیەوە جۆ 24 ڕوپیە دابەزی لەسالی 1918 نرخ بەشێوەیەك بەرزبەوە گەنم گەیشتە نزیکەی 1500ڕوپیە جۆ 1200 ڕوپیە "** جگە لە دانەوێلە نرخی خۆراکەکانی تریش چەندان جار بەرزبۆتەو بۆنمونە ڕۆن نرخی (12) جار هێندەی نرخی ئاسایی و برنج (10) جار وگۆشت (3) جار لەنرخی خۆی بەرزبۆتەوە (موفتی،2009، ل1322)، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی راستی[11] لەوبارەیەوە دەڵێت " **حکومت ترك اکر ڤالمی بردایه چوار گرف کردستان امنیت نما ریی تجاره،هموکس دەست و اژنوو، مات و ملول دانیشت کولی پیاوبکا لەناوچوو زراعت پکی کوت اوی شتیکی مابوو خواردی یان حکومت پیی زانی و بردی ایتر کردستان لەکی بەتەمای رزق بی دەوروپشتی لەخۆی برسی تر**ه " (تێگەیشتنی راستی "ڕۆژنامە"،ژ(19) شوباتی 1918 ل2)

دیارە بارودۆخی خراپی ئابووری کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژە کۆمەلایەتیەکان هەبووە بەلام ئەوەی زیاتر کەوتۆتە ژێر تەوژمی شەپۆلی برسیەتی و نەیتوانیوە پێداویستیە سەرکیە خۆراکیەکانی خۆی دابینبکات چینی هەژاران بەپلەی یەکەم و دواتر چینی ناوەند (فەرمانبەران و بازرگان و پیشەورە بچوکەکان) ئەوانە بەتەواوی کەوتنە بەر بەرداشی ئاشەکە، زیاتر دانیشتوانی بەشی خواروی شارەکە بوون و چینی خۆشگوزەران کەزیاتر لە قەلا نیشتەجێبوون ئەم دۆخە سەختەی ئابووری کەمتر کاریگەری لەسەریانەوە دروستکردوە (قادر، هەولێر، 1914-1930، 2008 ل49)

ئامارە نا فەرمیەکان، گەواهیدەرێکی باشن بۆ سەلماندنی ئەو راستیەی کە تا چ ئەندازەیەك جەنگ کاریگەری لەسەر دانیشتوانی هەولێر دروستکردووە، بەپێی دوا سالنامەی عوسمانی کە باسی قەزای هەولێری کردووە، ژمارەی دانیشتوانی قەزای هەولێری لەسالی 1912 بە (14255) کەس خەملاندووە (دەباغ، 2005،، ل 100)کەچی ئەم ڕێژەیە لەسالی 1916

(11) تێگەیشتنی راستی، ڕۆژنامەیەکی سیاسی کوردی ئروثاطەندەتیی ئینطلیز بوو لة 1/1/ 1918 یەکەم ذمارەی لەبةغدا دەرضووة ، لة ذێر ناونیشانەکەی نووسراوة "ڕۆژنامەیەکی سیاسی اجتماعی خادمی بك بوون سربستی کوردانة" شەست و حەفت ذمارەی لێ ضائکراوة ، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لة عێراق دادەندرێت بۆ زانیاری زیاتر بروانة کەمال مەزهەر ئەحمەد, تێگەیشتنی راستی و شوێنی لة ڕۆژنامة نوسی کوردیدا، بةغدا ،1978، ل49 ؛ ڕەفیق سالح و سدیق سالح ،ڕۆژنامەی تێگەیشتنی راستی 1918-1919 یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لة عێراق ، هەولێر،2007 ،ل3.

کەمیکردووە بۆ نزیکەی (10،000) (اسماعیل، 2006،ص 108)کەس وە ئەمەش ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات کە تا چ ئەندازەیەك شارەکە زیانی گیانی داوە جگە لە وێران بوون زیانە دارایەکان،وە لەسالی 1921 ئەم ژمارەیە جارێکی تر بۆ (10600)کەس زیادی کردۆتەوە (کەرکوکی،، 2006، ل 30)

، پێویستە ئەوەش بوترێت کە زیانەکانی جەنگ تەنیا لەشاری هەولێر بەو شێوەیە نەبووە بەلکو گشتی و لە زۆربەی ناوچەکانی تریش بەو شێوەیە بووە بۆ نمونە لەشارێکی وەك سلێمانی ژماری دانیشتوان لە (20،000)بۆ (10000) کەمی کردووە بەگوێرەی ئەو راپۆرتانەی بەریتانیەکان تۆماریانکردووە ژمارە دانیشتوانی سلێمانی لەسالی 1914 بە (40000) کەس خەملێندراوە، لە دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئاداری 1919 پێشنیاری چۆلکردنی شارەکەیانکردووە بۆ ئەوەوەی لەشوێنێکی تر بنیاد بنرێت، ئەمەش مانای ئەوی گەیاندووە کە شارەکە لەدوای جەنگ بەتەواوی رووبەرووی وێران بوون بۆتەوە (محمود، 2013، ل 30)

لەوسەرو بەندانەشدا ناکرێت رۆلی هەندێ لە بنەماڵەو کەسایەتیە دیارەکانی هەولێر لەیادبکەین و برایەتی لەنێوان دانیشتوانی شار هێندە بەهێزبووە لە بارودۆخێکی واسەختدا پشتیان لەهەژارو لێقەوماوان نەکردووە، رۆژانە دووجار شۆرباو نانیان بەسەر هەژاران دابەشکردووە لەدیارترینیان بنەماڵەی (حاجی رەشید ئاغا)یە کە جگە لەیارمەتیدانی خەلکی ناوشار دەرگای والاکردووە بۆ بەهاناچوون و دلدەدانی ئەو کەسانەی کە بەهۆی شەرەوپەراگەندە ببون یان ئەو خێزانانەی کە لەشاری مەندەلی و دەوروبەری کەرکوك رووبان لەهەولێر کردبوو(عمران، 1983، ص 95)،، هەروەها (حەسەن ئاغا چاوشلی) ئەویش بەرهەمە کشتوکالیەکانی بردۆتە بازار بەنرخی کەمتر لەنرخی خۆی فرۆشتیتیە هەژاران ئەوەی توانای کرینی نەبووە بەبێ پارە پێیداون، هەروەها (جەمیل ئەفەندی) کە موفتی هەولێر بووە رۆلی بەرچاوی هەبوولە دابەشکردنی نان بەسەر هەرژاران و یان ئەوانەی بەهەر هۆکارێك رویان لەشارەکە کردوە(موفتی،2009، ل1322) دوای کۆتای جەنگ و تێپەربوونی ماوەی داگیرکاری و دامەزراندنی شانشینی عێراق قۆناغێکی تازە لەمێژووی ئابووری ئەم شارە دەستپێدەکات .

ئەنجام :

لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی ، هەولێر قەزایەک بووە سەر بە ویلایەتی موسل ، لەرووی ئابووری کشتوکاڵ پێگەی سەرکی هەبووە لەژیانی ئابووری دانیشتوان ، دانیشتوانی ئەم قەزایە بۆ دابینکردنی پیداویسیەکانی ژیانیان چەندین جۆرە بەرهمێکی کشتوکالیان رواندووە ، بەرهەمەکان چەند جۆرێک بوون ، هەندێکیان بۆ خۆبژێویی بوون وەک وەک گەنم ، جۆ ، برنج ، هەندێکیشیان نەختینەیەیی بوون وەک توتن و لۆکە ، لەپال ئەمانەش بەشێوەیەکی فراوان گرگی دراوە بەبەخیوکردنی ئاژەل بەتایبەت مەر ، بزن ، مانگا ، هاوکات لەو ماوە مێژوویە کەرتی کشتوکالی بەدەست چەندین کێشە نالاندویەتی کە هەندێکیان گرفتی سروشتی و لەدەرەوەی تواناکانی مرۆڤ بوون وەک دیاردەی وشکە سالێ و نەخۆشیە کشتوکالیەکان وشالاوەکانی کللۆ بۆ سەر زەویە کشتوکالیەکان ، هەندێ گرفتی مرۆیش لەئارادابوون کەپەیوەندیان بە سیاسەتی حکومەت هەبووە بەتایبەت لە وەرگرتنی باج ، کە چەندین جۆر باجێک لە جوتیاران وەرگیراوە وەک باجی دەیەک ، باجی بەگانە ، بێگومان هەریەک لەو هۆکارانە کاریگەری لەسەر پر و جۆری بەرهەم هەبووە کەئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی جوتیاران دروستکردووە .

دانیشتوانی هەولێر لە بەرهەمە کشتوکالیکان توانیویانە پێداویستی خۆیان دابینبکەن ئەوەی زیادەش بووە هەناردەی دەرەوە کراوە ، بازرگانانی هەولێر جگە لەپەیوەندی بازرگانیان لەگەل قەزاکانی تری عێراق هەبووە هاموشۆی بازگانیان لەگەل ولاتانی هەرێمی و ئەوروپیش هەبووە ، وەک لەسالنامەکانی موسل ئاماژەی پێکراوە ، بوونی نوێنەری کۆمپانیای ریجی فەرەنسی و کومپانیا ئیتالیەکان باشترین نمونەن بۆ سەلماندنی ئەم راستیە .

لەکۆمەلگای کوردستان تا ئەو سەردەم سیستەمی دەرەبەگایەتی زاڵ بووە، دەرەبەگەکان دوای رێکەوتنی کورد و دەولەتی عوسمان ، بەپشت بەستن بەسیستەمی مولْکایەتی دەولەتی عوسمانی خاوەنی رووبەرێکی یەکجار فراوانی زەوی و زاربوون ، دواتر بەشێوەی پشتاو پشت لەباب و باپیرانەوە ئەم زەویانەیان بۆ ماوەتەوە ، جگە لە زەوی دەرەبەگەکان چەند جۆرە زەوێکی ریش هەبوون وەک (زەوی تەحریر ، زەوی هەمایون، زەویەکانی وەقف) بێ. لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخی ئابووری قەزای هەولێر هاوشێوەی ناوچەکانی تربووە ، راپێچکردنی جوتیاران و کریکاران بۆ بەرەکانی شەر ، بونی دیاردەی وشکە سالی و سەرهەلدانی ئاستەنگ لەبەردەم رێگا بازرگانیەکان هۆکاری سەرکی بوون بۆ کەمبوونەوە یان نەمانی بەرهەم بەتایبەت بەرهەمە بژێویەکان کە مەترسیەکە بەشێوەیک بووە کاریگەر لەسەر ژیان و مردنی مرۆڤەکان دروستکردووە .

لیستی سەرچاوەکان

بلاوکراوة حکومیەکان :

موصل ولایتی سالنامەسی ، برنجی دفعة ، 1308ه / موصل مطبعة سندة طبع اولنمشدر 1308 ه /1890م

موصل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر ، 1310ه / 1892

موصل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر ، 1312ه ، 1894

موصل ولایتی سالنامەسی رسمیسیدر ، 1325 ه / 1907

موصل ولایتی سالنامة رسمیسیدر ، موصل ولایتی مطبعەسی ، 1330 ه / 1912

.IRAQ ADMINISTRATION REPORRTS 1914-1932.ARCHIVE EDITIONS.

نامة زانستیەکان :

الشجری ، عدنان هریر جودة : النظام الاداری فی العراق 1920-1939، اطروحة دکتوراه ، کلیة الاداب ، جامعة بغداد ، بغداد، 2005.

حسین ،نسرین سلیمان: النشاط الصناعی للمنشات الصناعات الکبیرة للقطاع العام فی محافظة أربیل ، رسالة الماجستیر ، کلیة الادارة والاقتصاد ، جامعة صلاح الدین – أربیل ، 2002.

حبيب ،على محمد على :التبغ فى الدولة العثمانية من اواخر القرن السادس العشر حتى قيام الحرب العالمية الاولى ، رسالة الماجستير جامعة الاسكندرية ، اسكندرية ، 2015.

علي ،غانم محمد : النظام المالي العثماني في العراق،1839-1914 ، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية الاداب- جامعة الموصل ، شباط 1998 .

سەرچاوەکان

1- بەزمانی کوردی

ئەحمەد کەمال مەزهەر: کوردستان لەسالەکانی شەری یەکەمی جیهاندا ، بەغدا ، 1975 .

_____: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامە نوسی کوردیدا، بەغدا ،1978.

ئەسەسەرد ، ف: گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستان ، دەزگای رۆشنبیر ، ب،ش، 1986.

اسماعیل ، سلێمان عبدالله: تایبەتمندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستان ، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی ، سلێمانی ، 1998.

جامباز ، تاریق ، بەرزنجی ، نەژاد ،ئاماری دانیشتوان هەولێر 1922 سەرای ، تەکیە ، تۆپخانەوە، سلێمانی ، 2006

حوسێن ، جەلال خدر ، ژیانnامەی شەهابەی هەولێری 1891-1939، چاپخانەی نازە ، هەولێر ، 2009

سەربەسست کەرکوکی ، راپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوک لە 1ی کانونی دووەم تا 31 کانونی دووەمی 1919، و، ، سلێمانی ، 2006.

سالح، رەفیق ،رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی 1918-1919 یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە عێراق ، هەولێر،2007

چاوشلی ، هادی رشید ، هەولێر لەگەل کاروانەی فەلەک ،بەغدا ، 1987 ،

چیچۆ ،تحسین ، قادر ، شێرزاد : هەولێر لەیادی سەد سالەی دامەزراندنی شاروانی هەولێر ، هەولێر، 1985

عبدالقادر ، نهرۆ محمد ، هەولێر 1918-1926، هەولێر ، 2012.

غەفور عەبدولا : جوگرافیای کوردستان ، چ4، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، 2005.

فتاح ، شاکر ، ئاوێنەی ژینم ، سەرچەم بەرهەمەکانی ، هەولێر ، 2003.

قادر ، مهدی محمد ، هەولێر لەنێوان سالانی 1914-1930، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر ، 2008

_____ هەولێر لەسالانی 1926- 1930، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2013

محمود ، بەختیار سەعید ، لیوای سلێمانی 1921- 1958لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی ئابوری، سلێمانی ، 2013.

مستەفا ، فاتیمە قادر: دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر ، مەلبەندی کوردۆلۆجی ، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، 2008.

هاملتن ،م: رێگایەک بە کوردستاندا ، و، عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، 2013، ل342

، سلێمانی ، 2006.

هەروتی ، سەعدی عوسمان : چەند لایەنێکی مێژووی رامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری لەکوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر ، 2013.

2-بەزمانی عەرەبی :

الجنایی ، هاشم حضر : مدینة أربیل دراسة فی جغرافیة الحضر ، موصل ، 1987.

لجواهری ، عماد احمد : تاریخ مشکلة الاراضی فی العراق 1914-1932، دار الحریة للطباعة، بغداد، 1978 .

الحاج ،عزیز : القضیة الکردیة فی العشرینات ،ط2، بغداد ، 1985.
الدوسکی ، کامیران عبدالصمد :کوردستان العثمانیة فی النصف الاول من القرن التاسع عشر ، أربیل ، 2002.

السامرائی ، سعید عبود : النظام النقدی والمصرفی فی العراق ، بغداد ، 1969.

القیسی ، ناهض عبدالرزاق: النقود فی العراق ، بغداد، 2002 .

اللجنة الاعلامیة لمهرجان یوم محفظة اربیل ، اربیل ، هةولیر ، بین الماضی والحاضر ، د.م. 1987.
الوائلی ، عبد ربه سکران ابراهیم : اکراد العراق 1851-1914، بغداد، 2013.
خصباك ،شاکر : العراق الشمالی ، بغداد، 1973
شامیلوف ، أ: حول مسألة الاقطاع بین الکرد ،ت، کمال مظهر احمد ، ط2، بغداد، 1984
عمران ،موسی :مندلی عبر التاریخ ، مطبعة الحریة ، بغداد، 1983

عزاوی، عباس: تاریخ النقود العراقیة ، بغداد، 1958

کریم ، عمر محمد محمد : القضیة الکردیة فی الصراع البریطانی العراقی 1918-1932، هةولیر، 2003

لونکریك، ستیفن هلمس : اربعة قرون فی العراق الحدیث ، ت، جعفر خیاط، ط4، بغداد، 1986

_____:تاریخ العراق الحدیث 1900-1950 ، ترجمة سلیم طه التکریتي ، بغداد، 1988
متشاشغیلی : العراق فی سنوات الانتداب البریطانی ، ترجمة ، هاشم صالح التکریتی ، بغداد ، 1978،

3- بة زمانی تورکی

DR.Sinan Marufoglu , OSMANLI DONEMINDE KUZEY IRAK 1831-1914, Istanbul, 1998.

وتارو لێکۆلینەوە:

غفور ، عبدالجبار قادر:اربیل فی سالنامات العپمانیه ، کاروان " گۆڤار " ، ژ (91) ، ساڵی نۆیەم ، 1990.

پیرداود ، جابر : پیشە دەستیەکانی هەولێر لە سیەکان و چلەکاندا ، هەولێر " گۆڤار " ژ(3) هەولێر ، 1999.

خواجه، ئەحمەد: چەند بیرەوەریەکی مێژوویی ، رۆشنبیری نوێ "گۆڤار" ژ (111) 1986،

دەباغ ، عبدالرزاق: مامەکانم قەیسەری هەولێریان دروستکرد، ئامادەکردنی ، یوسف نانەکەلی ، گۆڤاری بارش ، ژمارە (6) هەولێر، 2001

دەباغ ، فەیسەل : هەلێر لەسالنامەکانی ویلایەتی یەتی موسل دا، هەولێر "گۆڤار" ، ژ (5) هەولێر، 2005.

موفتی ، ئیحسان رەشاد: گرانیە گەورەکانی هەولێرو دەوروبەری، ئینسکۆپیدیای هەولێر ، هەولێر ، 2009

موراد ،خلیل عەلی : ئیدارەی هەولێر لە دوا سەردەمی عوسمانی 1836-1918، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، ب3، چاپخانەی بدرخان ، هەولێر ، 2009.

رۆژنامەکان :

تێگەیشتنی راستی "رۆژنامە" ،ژ(19) شوباتی 1918.

References

Aasasard, F., (1986). Capitalist growth in Kurdistan

Abdulqadir, N., (2012). Hewler (Erbil) in the years 1918-1926, Erbil

Ahmad, K., (1975). Kurdistan in the first years of the war. Baghdad

Ahmma, K., (1978). "Tegayshtny Rasti" Newspaper, Baghdad

Ali, G., (1998). Ottoman financial system in Iraq, 1839-1914, Master's thesis submitted to the Faculty of Arts-Mosul University, Mosul

Aldosky, K., (2002). Ottoman Kurdistan in the first half of the nineteenth century, Erbil,

Alhaj, A., (1985). The Kurdish Issue in the Twenties, Baghdad

Aljanaby, H., (1987). Erbil City Study in urban geography, Mosul

AlJawahery, A., (1978). History of the Land Problem in Iraq 1914-1932, Baghdad

Alqaesy, N., (2002). Money in Iraq, Baghdad

Alsammaraie, S. (1969). Monetary and banking system in Iraq, Baghdad

Alshajary, A. (2013). Iraqi administrative system 1920-1939, PhD thesis, Faculty of Arts

Alwaely, A., (2013). Iraqi Kurdsh, 1851-1914, Baghdad

Azawy, A., (1958). History of Iraqi Money, Baghdad

Chawshle, H., (1987). Erbil in astronomical rotation, Baghdad

Checho, T., (1985). Erbil on a public occasion to establish the municipality of Erbil, Erbil

Dabbagh, F., (2005). Erbil in Salnamat Mosul state , Hewler "Magazine", p (5), Erbil

Dabbagh, A., (2001). My uncle is the founder of the Caesare market of Arbil, Barsh"Magazine", p (6), Erbil

Fatah, S., (2003). Mirror of my life, Erbil

Ghafor A. Kurdistan geography, Erbil, 2005.

Ghafor j. Arbil in Ottoman Sallanama Karwan"Magazine", p (91), Erbil, 1999 .

Habib A. Tobacco in the Ottoman Empire from the late 16th century until the First World War, Master's thesis, Alexandria University, Alexandria, 2015.

HamiltonA. Road Through Kurdistan , Trasted by , Abdulrahman A,Erbil,2013.

Haroty S. Historical, political, social and economic aspects of Kurdistan in the Ottoman era, Erbil, 2013.

Hussein j. Life artist Shahaba Erbeli (1891-1939) Erbil,2009.

Hussein ,N. Industrial activity of the large public sector industries in Erbil Governorate, Master's thesis, Faculty of Administration and Economics, Salahaden University, Erbil, 2002.

IRAQ , ADMINISTRATION REPORRTS 1914-1932 , ARCHIVE EDITIONS,1919

Ismail S. Characteristics of the rain of Kurdistan region, . Silemany,2006.

Jambaz T. Population census of Erbil, 1922. Erbil. 2006

Baghdad, 1984.

Karem U. The Kurdish Issue in the British-Iraqi Conflict 1918-1932, Erbil, 2003.

Khesbak Sh. North Iraq a Physcal and Cultural Study , Baghdad,1974.

Kirkuky S . Britsh Administration Report of Kirkuk Division, Silemany,2006.

Longrigg S. Four centuries in modern Iraq, translation, Jaafar Khayat, Baghdad, 1986.

Longrigg,S ,Iraq modern 1900-1950, translated by Tikriti S , Baghdad, 1988.

Marufoglu S , Northern Iraq in the Ottoman era 1831-1914(OSMANLI DONEMINDE KUZEY IRAK 1831-1914), Istanbul, 1998

Morad X , Erbil administration in the late Ottoman era 1836-1918, Erbil Encyclopedia , Erbil , 2009.

MosiA. Mendele through history, Baghdad, 1983.

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1890

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1892

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul ,1894

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1907

Mosul S. (Mosul Wlaeat Salnammase) Mosul, 1912

Mtshishgheily. Iraq in the British Mandate Years, translation, Hashim Saleh al-Tikriti, Baghdad, 1978.

MuftyE. The major crisis in Erbil, the Encyclopedia of Erbil, 2009.

Mustaffa F. Geographic division of the population Erbil, Erbil, 2008

Perdawed j. Handmade in Erbil. Hewler "Magazine", p (5) Erbil, 1999

QadirM . Hewler(Erbil) in the years 1914-1930, Erbil, 2008.

QadirM . Hewler(Erbil) in the years 1926-1930, Arbil, 2013.

Salih R " "Tegayshtny Rasti" Newspaper , The first Kurdish newspaper in Iraq, Erbil ,2007.

ShamyaloveA. About the question of feudalism between Kurd, translation, Ahmed A, Baghdad, 1984.

"Tegayshtny Rasti" Newspaper . p(19) , Baghdad, 1918.

Xwaja.A, On the historical anniversary, Roshnbery New "Magazine", p (111), Arbil, 1986

پوختە

هەولێر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم قەزایەك بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ، بەپێتی خاك و گونجاوی ئاوهەواکەی وایکردووە پێگەیەکی ئابووری بەرچاوی هەبەبێت، دانیشتوانی ئەم قەزایە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان پشتیان بە کشتوکاڵکردن بەستووە گرنگیان بە بەرهەم هێنانی چەند جۆرە بەرهەمێك داوە کە لەم تۆێژینەوەیە بەشێوەیەکی ورد سەرنج خراوەتە سەر بڕو جۆری بەرهەمەکان، هەندێکیان بۆ خۆبژێوی بوون وەك گەنم و جۆو برنج، هەندێکیشیان بەرهەمی نەختینەیی بوون وەك تووتن و لۆکە لەپاڵ ئەوەش گرنگی دراوە بە بەربومەکانی میوە و سامانی ئاژەڵ، بێگومان هەیەك لەم لایەنە ئابووریانە لەگرفت دوورنەبوون، چەندین گرفتی سروشتی و مرۆیی لەئارادابووە کە کاریگەری لەسەر بڕ و جۆری بەرهەم هەبووە کەئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ژیانی جوتیاران دروستکردووە .

سەبارەت بە سیستەمی دارایی قەزای هەولێر هەمان سیستەم و بنەماکانی دارایی دەولەتی عوسمانی هەبووە، هەروەها لەکۆمەلگای کوردستان تا ئەو سەردەم سیستەمی دەرەبەگایەتی زاڵ بووە، هەروەها باس لە بارودۆخی دانیشتوانی قەزای هەولێر لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەین، گرنگی زیاتر دراوە بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی دەولەتی عوسمانی و حکومەتی بەریتانی چەند سەرچاوەیەکی عەربی و کوردی

خلاصة

كانت أربيل منذ أواخر القرن التاسع عشر و بدايات القرن العشرين ادارياً قضاءً التابعة لولاية الموصل ، فكانت لخصوبة تربتها ومناخها الملائمة ومكانه اقتصادية مروموقة و بارزة ، وقد اعتمدت سكانها على الزراعة لتأمين معيشة حياتهم ، وكما اهتموا بالأنتاج بعض من المعاصيل والغلال التى ركزت هذا البحث عليها فى الكميات والنوعيات تلك المنتوجات والمحاصيل بشكل دقيق ، وكان بعضها للعيش الذاتى مثل الحنطة والشعير و الرز ، وكذالك بعضها اخر من المحاصيل النقدية مثل التبغ و القطن ، فضلاً عن ذالك اهتمت ايضاً بالأنتاج الفواكه والثروة الحيوانية ، ولا شك أن كل من تلك المجلات الاقتصادية لم يبتعد عن المشكلات والعُقبات الطبيعية والبشرية ، وكان لوجدها قد أثرت على كميات والنوعيات المنتوجات والمحاصيل ، وهذا بالتالى لها انعكاس سلبى على حياة المزارعين .

فيما يخص بالنضام المالى فى قضاء أربيل كان النظام المتبع فيها نفس النظام المالى التى كانت سائداً الدولة العثمانية ، كما ان النظام الأقتاعى الى ذالك العهد قد سيطرت على المجتمع الكردستانى ، وكان أراضى قضاء أربيل قسمت الى انواع المختلفة اعتماداً على النضام الملكية للدولة العثمانية ،وفى المبحث الاخير من بحثنا تناولنا عن أوضاع سكان قضاء أربيل فى سنوات الحرب العالمية الاولى .

اقتضت بحثنا معايشة مصادر المختلفة و متعددة الغات ، ولكن اعتمادنا اكثر من المصادر الاصلية المختصة بالدولة العثمانية والحكومة البريطانية و عدد من المصادر الكردية والعربية ، وفى الختام عرضت نتائج البحث وثبتنا قائمة المصادر.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 237 – 252
http://www.ijoks.com

The structure of Verb phrase in the Kurdish language

***Karwan Juma RAHEEM*[1]**

Received: Aug 07, 2018 **Reviewed**: Sep 21, 2018 **Accepted**: Sep 30, 2018

Abstract

Linguists define language as a means to communicate. There are many varieties of language in the world; each one is somewhat independent in some aspects, but generally shares some characteristics with all the others. Languages also tend to impact each other in various ways, especially by "borrowing" words through technology and politics. There is no doubt that every language has its own set of rules and characteristics such as grammar, sentence structure, and phonetics. This paper examines the structure of verb phrases in the Kurdish language — the paper will clarify just what a verb phrase is. The X-Bar theory is used to illustrate the structure of verb phrasing in the Kurdish language. This theory dictates that each sentence structure has a "head," and all other sentence components are under the rule of this head. In sentences, the verb is the head and rules the sentence while in phrases, the head is usually either the noun or the verb. This research will illuminate the structure of verb phrasing in the Kurdish language and compare it with that of the English language.

Key words: Sentence structure, Verb phrase, linguistics, head, language, grammar, rule

Recommended citation:

Raheem, K.J. (2019). The structure of Verb phrase in the Kurdish language. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 237 – 252 DOI: **10.21600/ ijoks.516508**

Introduction

Nowadays, there are many sciences that scientists are investigating the themes that they want and needed to investigate. So, related to languages a lot of linguists are working on a level of linguistics, which is syntax and it is a significant domain in linguistics and language field. The linguists mean to understand and figure out the compound systems of sentence structure and

[1] University of Charmo, College of Education and Natural Sciences, Department of Kurdish Language, Chamchamal, Sulaimani, Iraq. E-mail: Karwan.raheem@charmouniversity.org, **ORCID** : https://orcid.org/0000-0002-6735-0529

they want to explain and simplify those systems for other people that they need to understand and study. Syntax illustrates that how the sentences are made and how the constituents of sentences come together in a certain language. It also demonstrates which type of constituents comes in the process of making the sentences. It is obvious that the sentences consist of the words but this process is not randomly, though the sentences make according complex systems in the syntax and grammar. The words come together for constructing the phrases and clauses then the sentences make of the phrases and clauses, which this system quite common between all languages. Therefore, English language applies this system for constructing its sentences and also Kurdish language cannot make its sentences without this system. This paper will investigate the structure of verb phrase in Kurdish language; it will indicate the rules of making verb phrase in that language. We will use a theory for describing and analysing the structure of verb phrase in Kurdish language, this theory proposed by Chomsky in 1980's in the governing and binding theory, that theory knows as X-bar theory. It works on many languages in the worldwide, which Kurdish language is one of them; in the analysing phrases by this theory Kurdish and English language are almost similar. Consequently, in this paper we will consider the structure of verb phrase in Kurdish language and compare it with English language in some examples. We will analyse the structure of verb phrase according the X-bar theory, which we will realise what are the constituents that participate in the constructing the verb phrases in Kurdish language.

The largest language family in the world is Indo-European language family, this family divided on some small groups for example Indo-Iranian language group. Kurdish language belongs to Indo-Iranian group in the Indo-European language family. In other words, this language is a branch of Indo-European language family but with Persian, Pashto, Baluchi, Dari are in a small group that called Indo-Iranian. Kurdish language mostly is using in western of Iran, Northern of Iraq and Syria and Eastern of Turkey. Moreover, in Northeast of Iran, Quchan, Neyshabur and North of Qazvin, which it was a great country called Kurdistan, Kurds dispersed after First World War between those countries. According to Blau (1989) Kurdish language includes in the Iranian languages in the North-western group. In general, Kurdish language divided on two main dialects, which first one is Kurmanji dialect and another one is Sorani dialect. In the parts of Northeast of Iran, Iraq, Syria, Caucasus and

Anatolia Kurmanji dialect is used. Besides, Sorani dialect in the north of Iraq, west of Iran is spoken.

Regarding to the transcript and system of writing in Kurdish. So, there are some types of alphabets in the world that used by all of the languages such as Latin, Arabic, aria etc. Moreover, Kurdish language uses two kinds of writing system, which are Persia Arabic and Latin script. The Arabic form of transcript is mostly using with Sorani dialect. Another form of transcript is Latin, which is using with Kurmanji dialect. More, Kurdish language has 36 sounds or phonemes, which divided on 28 consonants and 8 vowels, also some diphthongs are using in this language (Zahedi & Mehrazmay, 2011, p. 130- 134).

The main aim of grammar or syntax is defining the structure of sentences; which it is the largest grammar unit. So, sentence cannot define and explain without describe and determine the nature of those units or words that included in sentences. Syntax determines the type of the relations between them in the sentence frame. In every language, sentence consists of some basis; that each grammar unit can have a role as basis in the sentence, which the sentences comprise of phrases. The simplest sentence consists of two parts, in other words, a simple sentence contains two phrases, which are a noun phrase (NP) and a verb phrase (VP) (Amin, 2004, p. 199). Therefore, we understand that the smallest unit of grammar is sound and the biggest unit is sentence. In this paper we will work on syntax level and the structure of phrase more specific the structure of verb phrase in Kurdish language, which the phrases included in the syntax level of linguistics. It is most common among languages that sentence at least comprise of two categories, which are the subject category and the verb category. It will be clear in this example or rule:

Sentence= noun phrase + verb phrase

S = NP + VP

Concerning to the structure of phrase, now we will describe syntactic structure by focusing the strategy of putting the morphemes and words together for constructing the phrases and

sentences. In other words, the process of making phrases and sentences will be illustrating by combined two or more constituents for making bigger constituent that occur in a process. This would be showed in the tree diagram that this occurs due to the rules of phrase structure. Here the rules of analysing the structure of phrases and sentences will be demonstrated. In each language sentence is the biggest syntactic unit and it based on few basics. Each syntactic unit can have a role as basic in the sentences construction; a simplest sentence consists of two phrases, which are noun phrase and verb phrase. The biggest syntactic unit known as sentence structure, hence, in the analysing the hierarchy of syntactic constituents in the tree diagram sentence is on the top and then analyses to middle constituents that phrase structure then until the last constituent, which is word structure. Each structure of sentence, phrase and word has its own rule of alignment the parts. Accordingly, the structure of phrase is in the middle of structure of sentence and structure of word. This means that it is smaller than sentence and bigger than word in term of structure. There are three structures in general that illustrated here:

Sentence structure (higher unit)

Phrase structure (middle unit)

Word structure (lower unit)

It clarified as tree diagram in this sentence for instance:

Azad hat.

Azad came.

Sentence

Noun phrase + verb phrase

Noun + verb

There are two main basics in this sentence that are subject part and verb part, the noun phrase positioned in the subject part and the verb phrase positioned in the verb part. It means both subject and verb parts filled up by the noun phrase and verb phrase. Therefore, one or more of these syntactic categories (noun phrase, verb phrase, pronoun, adjective phrase, adverb phrase and prepositional phrase) can place in the sentence arguments. Each of phrase should has an independent word which is head, all of the words belong to the lexical categories that means they represent the lexical category of noun, pronoun, adjective, adverb, preposition and verb. Consequently, the phrases based on the basics of lexical categories, it means the head of each phrase should be the same as those lexical units. Since each phrase nominated and recognised according to its grammatical head for example, the head of noun phrase is noun and the head of verb phrase is verb that means the head is main in the phrases (Brzu, 2011, p. 12- 15).

Now, a question arise which is what is phrases, so, we need to answer this question and understand it in detail. Though, phrase has explicit connotation, in the linguistics field and in the daily speaking, phrases represent each collection of words. It will clarify in this two points, first point, in the formula of constituent, phrase ought to be a set of words. Second point, in the syntactic hierarchy, clauses are upper than phrases, automatically, it means clause are bigger than phrases in several senses. In other words, normally plain phrases do not comprise clauses; nevertheless typically basic clauses include phrases. Therefore, we reached an initial definition of phrase, which is a group of words refer to a phrase that inside a plain clause can task such a component (Kroeger, 2005, p. 35).

Phrase types

There are the types of the phrases

1-	Noun phrase	an old man	(noun: man)
2-	Verb phrase	have eaten	(verb: eaten)
3-	Adjective phrase	very happy	(adjective: happy)

4-	Adverb phrase	very wisely	(adverb: wisely)
5-	Prepositional phrase	in the school	(preposition: in)

Phrase as a technical word refer to even a single word, which is the main word solo. For instance, these two forms are adjective phrases, very happy and happy. The term phrase covers a minimum two or a series words in the normal use, which it appears to be abnormal that even a single word can be a phrase. Several rules that apply to adjective phrase, they can apply to adjective as well, which this a valid reason of the using the term broadly in syntax. This is an example that the rules apply to the places of very happy and happy in this sentence:

He was very happy.

He was happy.

It is straightforward to identify adjective phrase, which includes adjectives in place of stating adjective phrase or adjective every time (Greenbaum & Nelson, 2002, p. 46- 47).

In general, the bases of the specific lexical and grammar classes based on the representation levels, under the name the syntactic levels and analysing levels. They recognised as phonetical form and logical form. In the lexicon, the classified items included in two kinds of categories, which are lexical categories and functional categories. The lexical categories include noun, verb, adjective and preposition, but another one is the functional categories, which consists of complement, inflectional, determiner, tense, agreement and negative. Related to the phrases, the number of the phrases changed from a language to another, in other words, the number and the productivity of the phrases different among languages, for example in Kurdish language adverb phrase exists but it is not active. So, the adjective phrase is not active as well, which sometimes it included in the verb phrase. Nevertheless, the noun phrase is very active in Kurdish language, or for adding those categories as addition recognised. All phrases must a have head; there is no any phrase without head, sometimes a phrase consists of one constituent that it becomes the head such as specific names or

intransitive verb (Rasul, 2014, p. 32). Consequently, the verb phrase is active and productive than other types of the phrases except noun phrase in Kurdish language, therefore, we chose verb phrase to investigate in this paper, we will focus and write about it in detail from now.

In Kurdish language verb phrase is one of the main part or constituent in sentence, in a simplest form this main part consists of verb phrase. It should be looked as basis part and it is not optional. Hence, it has a great role in the constructing sentence. This type of phrase is more important than other types such as noun phrase and adjective phrase because it is mandatory part, while other type of phrases for example noun phrase may not emerge in the surface structure because of appear its sign inside the verb phrase. In other words, without verb phrase sentence never construct in the Kurdish language. Look at this for instance:

Azad hat.

Azad came.

Pro hat.

Pro came.

* Azad…… .

In the above structures, the first sentence comprise of a noun phrase and a verb phrase, in the next sentence the noun phrase did not emerge in the surface structure because of the subject agreement as person and number even it is zero morpheme inside the verb phrase. Nevertheless, in the last example only the noun phrase (Azad) expressed as subject thus this is ungrammatical sentence since in the structure of sentence verb phrase is a obligatory part and it cannot be omit (Brzu, 2011, p. 63- 64). Therefore, we realised that there are two main parts for constructing sentence, which are noun and verb phrase parts. The noun phrase that its

grammatical relation is subject can be omitted as pro subject in the surface structure and its sign emerge inside the verb phrase but the verb phrase cannot be omitted and it must come in the sentence.

Associated with the verb phrase, unlike the structure of noun phrase in Kurdish which is almost similar to English noun phrase, but the structure of verb phrase is different from English verb phrase. One of the most important constituents in the verbal category that its existence is significant and required is verb phrase. Within the verbal category verb expressed as head and one of its complements is noun phrase that its existence is required. Hence, a structure of verb phrase derives and it leaves an argument for the noun phrase and then it comes, which it formed here for example:

Verb + Noun = verb phrase

It will be clarified in this example:

Pshilakak <u>mndalakay trsand</u>.

Cat the child the scared.

The cat scared the child.

Those verbs that participate in this rule are transitive verbs, in this example that unit that underlined is verb syntactic category, in this syntactic unit (trsand) is expressed as head and (mndalaka) is complement and it is required. Therefore, verb syntactic category is a structure of verb phrase. To know the role of the noun phrase in the structure of verb phrase an example clarify that how after omitting the noun phrase the sentence become an ungrammatical sentence:

*pshilaka trsand.

Cat the scared.

The cat scared

*pshilaka mndalakay.

Cat the child the.

The cat the child.

The complement of the verb phrases that is a noun phrase or a phrase that has role as noun phrase because it can have placed in the noun phrase position. Therefore, the noun, adjective and adverb categories are not a part of the verb phrase lexically, this proved that it can be changed to other noun phrase but it should be matched with the meaning of the verb phrase. So, that noun phrase in the receiving the morpheme of subject person, it has the same behave as the other lexical categories, for instance:

Jutyaraka namameky jwani chand.

Farmer the tree a beautiful panted.

The farmer planted a beautiful tree.

Trem xward.

Grape I ate.

I ate grape.

(Maroof, 2010, p. 73- 74).

Regarding to the structure of verb phrase, it has a complex structure, which means the structure of verb phrase has internal and external compound constituent. It can be expanded by various ways such as syntactic and morph syntactic extending, the root of the verb combine with those grammatical units that come in it which are morphemes and phrases. Each of them will make a type of grammatical relations; here, there are two types of structure of verb phrase, which are internal and external phrase structure.

Internal structure of verb phrase

The meaning of this is that according to the bond morphemes that play role in the constructing the constituent of the verb phrase structure. So, just by three morphemes the simplest verb phrase can be made that consists of the root of the verb, dependent pronoun morpheme with person and number and tense morpheme, look at these examples:

Root	past tense morpheme	dependent pronoun morpheme
Ch	w	m

Chwm that means I went

Br	d	m

Brdm that means I took

Kr	y	m

Krym that means I bought

Here, the transitive and intransitive of present tense

Aspect root + present morpheme dependent pronoun morpheme

Da ch m

Dachm that means I am going

Da ab m

Dabam that means I am taking

Verb consists of three bond morphemes, which are the basics of constructing verb phrase in those structures; the bond morphemes are root, tense and person. The root is the head of the verb; even this morpheme cannot come independently and it needs other morphemes to express the meaning, hence it carries the main meaning of the verb. The tense and person morphemes have a great role in the making the structure of verb phrase internally, in other words, these three morphemes are not optional they have to come in the constructing verb and verb phrase. Likewise, there is some other the grammatical and ungrammatical bond morphemes that participate in the constituent of verb, they attach to the root of the verb in the form of prefix and suffix. Look at these examples:

Nanaka nakhurawa.

The bread does not eat.

Nakhurawa

na, negative morpheme

kho, verb root

r, invisible morpheme

a, past tense morpheme

wa, near past tense morpheme

nasrin farshskay rakhstbu.

Nasrin carpet the opened up.

Nasrin opened up the carpet.

rakhstbu

ra, prefix

kh, verb root

t, past tense morpheme

bu, far past tense morpheme

(Brzu, 2011, p. 65- 67).

Therefore, the verb and its root cannot come alone in the structure as phrase in sentence, rather it has to receive and attach to some certain morphemes under the syntactic rules. Now, we understood the internal structure of verb and verb phrase in Kurdish language, and then we need to familiar the external structure of verb phrase that will be described in the next passages.

The external structure of verb phrase

In this, due to some grammatical units like morpheme, phrase and sentence verb phrase can be expanded, it means those grammatical units participate in the process of extending verb phrase. Some of those grammatical units function as additional and other as complements, this depend on the verb that has a great role in the choosing complements or extra information.

Nevertheless, the incomplete verbs that are exist in Kurdish language cannot come alone, consequently, those verbs attach to all of the phrase types. In other words, the existence of those complement phrases is mandatory. The complements are:

1- Question marker

Ewa ke danasn?

You who know?

Who do you know?

2- Noun phrase

Mn wanakam xwendawa.

I lesson the read.

I read the lesson.

3- Pronoun phrase

Kchaka aw dabenet.

Girl the he seeing.

The girl is seeing him.

4- Prepositional phrase

Mndalaka kawta naw awakawa.

Child the fell down to water the.

The child fell down to the water

5- Noun phrase and prepositional phrase

Awan Azad ba zirak dazann.

They Azad smart think.

They think that Azad is smart.

6- Pronoun phrase and prepositional phrase

Mn awanm ba pyaw zani.

I they men thought.

I thought they are men.

7- Adjective phrase

Nakhoshaka chak bu.

Sick the became good.

The sick became good.

8- Adverb phrase

Ali drang hat.

Ali late came.

Ali came late.

9- Quantity phrase

Mndalaka dwene shaw kam nust.

Mndal the last night a little slept.

The child slept a little last night.

10- Complement sentence

Bistm, ka to ba yakam darchuit.

Heard I that you as first one graduated.

I heard that you graduated as first one.

Therefore, as we have mentioned above there are some verbs in Kurdish language that they choose what they need that is complement or no and also they choose what type of complement they require. Hence, without the complements the meaning of the verbs cannot be correct and the verbs have a great role in the choosing the appropriate complements to get appropriate meaning for the verb phrase and the sentences (Brzu, 2011, p. 68- 70).

Conclusion

In conclusion, in today's modern world several sciences are exist and the researchers are doing research on the significant topics. Regarding to linguistic as science many linguists are investigating the languages and the property of languages across the world, one level of linguistic is more considered than others that is syntax, which has a great role to understand of a language thru this system. The researchers desire to point out the complex rules that they want to satisfy themselves and other people who work on languages. To understand the system of constructing the sentence, syntax has a great role. It shows the type of constituents that come in the making sentences and how they come and combine together. It is deniable that the sentences comprise the words but not arbitrarily, consequently, the sentences made up on the complex systems that syntax clarify them. For instance, the phrases made by the words then the cluses made by the phrases and the sentences made by the clauses. This type of rule is almost common among the languages, for example, making the English sentences based on this rule and certainly Kurdish language apply this rule. This paper has mentioned and described the structure of verb phrase in Kurdish language, the process of constructing the verb phrase have been explained and it analysed according the X-bar theory that it based on governing the other elements by the head. This theory has been described and it applied on Kurdish language. Due to the limitation of the time and number of the words, we could not describe the topic in detail any more but we have understood that what is the structure of the verb phrase and how it works in Kurdish language.

References

Amin, W, O. (2004). Another light of linguistics, first volume, Aras book publisher, Hawler, Kurdistan Region, Iraq.

Brzu, O, B. (2011). The structure of phrase and Sentence in Kurdish language, Range printing press, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Greenbaum, S & Nelson, G. (2002). An Introduction to English Grammar, second edition, Longman, London.

Kroeger, P, R. (2005). Analysing Grammar, An Introduction, Cambridge University Press, New York.

Maroof, A, M. (2010). The structure of phrases in Kurdish language, Kurdology Centre, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

Rasul, S, H. (2014). Principles of economy in Kurdish language, published in Kurdish academic, Hawler, Kurdistan Region, Iraq.

Zahedi, K & Mehrazmay, R. (2011). Definiteness in Sorani Kurdish and English, Dialectologia Revista electronica, 7 (2011), 129- 157.

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 253 – 289
http://www.ijoks.com

The Effect of Leftist Thinking on Kurdish Organization in Eastern Kurdistan (1945 – 1938)

Ismael Abdalrahman SAEED [1]

Received: Jul 03, 2018 **Reviewed**: Aug 29, 2018 **Accepted**: Dec 12, 2018

Abstract

Leftism has reached Kurdistan in various ways, including the social democratic movement of 1905, the Iranian Communist Party, the Tudeh Party of Iran (1941), and the arrival of the Sur Army Forces into Iran and their support for the Republic of Kurdistan. The first Kurdish organizations in Eastern Kurdistan, namely the Freedom Party (1938) and the Kurdistan Revitalization Society (J-K) (1942), were somehow affected by leftist thought.

The Kurdistan Democratic Party (KDP) was established on the foundation left by J-K in August of 1945. Due to the social composition of KDP's leadership, the radicalism of J-K is not apparent in its party program.

Generally, the tribal and sociopolitical structure of Kurdish society, the authority of Sheikhs and clergymen, and the existence of characters belonging to all those mentioned classes and strata was natural and has not led to radical social programs.

Kurdistan Democratic Party's leadership and particularly Qazi Muhammad has mostly sought a formula for coexisting and keeping the balance among rivals in that era, such as the farmers and landowners, tribal leaders, urbanites, and traditional moderates, in order to reunite them all under the national umbrella.

In the structure of the KDP, the same formula of tolerance has been considered and the left wing the Society for the Revival of Kurdistan (Komeley Jiyanewey Kurdistan or JK) though in newly organizing (KDP), did not have the chance as appeared previously, and practicing its programs, at the same time had a kind of tolerance with the right wing and conservative ones.

Key words: Azadi Party, J-K, Organization, Kurdistan Democratic Party, Radicalism, Conservatism, Communism, Soviet Union, Tudeh Party

Recommended citation:
Saeed, I.A. (2019). The Effect of Leftist Thinking on Kurdish Organization in Eastern Kurdistan (1945 – 1938). *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 253 – 289 DOI: **10.21600/ ijoks.516509**

[1] Department Of History, faculty of Education Koya University, Danille Mitterand Boulevard Koya, E-mail: ismael.abdalrahman@koyauniversity.org, **ORCID NO** : https://orcid.org/0000-0002-3940-0234

کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپ لەسەر ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1945-1938)

م. ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید

زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی مێژوو

- پێشەکی
- تەوەری یەکەم: دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- باسی یەکەم: حیزبی ئازادی کوردستان(1938)
- باسی دووهەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ژ-کاف" (1942)
- تەوەری دووهەم: حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەزموونی پراکتیزە کردنی بەرنامەکەی.
- باسی یەکەم: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (1945)
- باسی دووهەم: کۆماری کوردستان(1946)
- ئەنجام
- لیستی سەرچاوەکان

پێشەکی:

یەکێك لە کاریگەرترین ئایدولۆژییەکانی سەدەی بیستەم کە مۆرك و نیشانی خۆی لە زۆر ڕووداوی سەددی ڕابردوو داوە و بە ملیۆنان کەس شوێنکەوتووی خۆی کرد بیری چەپ بوو. هەر بۆیەش بوو بە یەکێك لە بەهێزترین ڕەوتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی کومەڵگای مرۆڤایەتی، بە جۆرێك لە کۆتایی دەیەی 1980دا پانزدە وڵاتی جیهانی بە دانیشتووانی پتر لە 1 ملیار و 550 میلیۆن کەس خاوەنی ڕژێمی کومونیستی بوون.

ئەندێشەی چەپ لە سەرەتا لە ڕێگەی ئەو کوچبەرە ئێرانیانەی (زۆرتر ئازەری) کە بۆ کار لە قەفقاس گیرسابوونەوە و لەوێ کەوتبوونە ژێر کاریگەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیا (بەلشەڤیك) گوێزرایەوە بۆ ئێران کە بە بزاڤی "سۆسیال دێموکراسی" بەناوبانگن و لە شۆڕشی مەشڕووتەدا چالاك بوون.

کوردستانیش لەم دیاردە گشتگیرە بێبەری نەبوو و ئەم ئەندێشەیە لە ڕێگەی جوراوجۆر وەك: سۆسیال دیموکراتەکان، حیزبی کومونیستی ئێران، حیزبی تووده و هاتنی سوپای سوور بۆ کوردستان و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان بە کوردستاندا بڵاوبۆوە.

بانگەشەی چەپ بۆ دادپەروەریو نەهێشتنی هەرچەشنە ستەمێکو ڕزگاربوونی بەشێکی ناوجە کوردییەکان لەژێر ستەمی دەوڵەتی ناوەندی لە ئەنجامی هاتنی سوپای سوور،

سەرنجو پێشوازی ڕووناکبیرانو بەشێکی دەستەبژاری کوردی لە بیری چەپ لێکەوتەوەو ئەمە لە یەکەم ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بنەمادا ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست یا مارکسی-لینینی نەبوونو تەنانەت ڕێکخراوێکی وەک (ژ-کاف) هەڵگری پێناسی نەتەوەیی- ئایینی بوو.

ئامانجی ئەم تـوێژینەوەیە تیشـک خستنەسـەر کـارتێکەریی بیـری چەپ بەسـەر ئەم ڕێکخراوانەو هەوڵ دراوە پشت بە مێتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژوویی ببەستینو لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرجاوە مێژوویییەکانو بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکـان لە ئامانجی تـوێژینەوەکە نزیـک ببینەوە، کە گرینگترینیان بریتین لە هەر نۆ ژمارەی "نیشـتمان" نڵاوکـراوەی بیـری کـۆمەڵەی (ژ-کاف)و ژمارەکانی ڕۆژنـامەی "کوردسـتان" بڵاوکـراوەی بیـری حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان لە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان، هەم وەک بڵاوکـراوە هەم وەک سـەرچاوەی ڕەسـەن زانیـاری بەنرخیـان لەسـەر بۆچـوونو سیاسـەتەکانی ئەم حیـزبو ڕێکخـراوەیە لەو قۆنـاغە بەدەسـتەوە دەدەن. کتێبەکانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" و "کۆماری کوردستان" لە نووسینی حامیـد گەوهەری، خـاوەب چەنـدین زانیـاریو بەڵگەنـامەن سـەبارەت بە کـۆمەڵەی (ژ-کـاف)و کۆمـاری کوردستان، ، بە تایبەت کە بەشێك لەو بەڵگەنامانە لە ئەرشـیفی نهێنـی یەکیـەتی سـۆڤیەتی پێشـوو دەسـکەوتوون و ئەمـە سـوودیان بـە توێژینەوەکـە گەیانـدووە. کتێبـەکانی "ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە دووەم جـەنگی جیهانیـدا بـە پێـی بەڵگەنامـەکانی ئەرشـیفیی سـۆڤیەتی" لـە ئامـادەکردنی د.ئەفراسـیاو هـەورامی و کتێبـی "ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە بەڵگەنامـەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەڕیتانیادا" لە ئامادەکردنی ئەنوەر سـوڵتانی، دوو کتێبـی بەڵگەنامـەیین کـە تایبەتن بە بەڵگەنامەکانی دوو وڵاتی زلهێزی ئەو سـەردەم سەبارەت بە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لـە نێـوان سـاڵەکانی (1941- 1946) و خۆیـان ڕۆڵـی چـارەنووس سـازیان تیایـدا گێـڕاوە. ئـەم سـەرچاوانە کـە دەچنـە خانـەی بەڵگەنامـە بڵاوکراوەکـان و لـەم سـۆنگەیەوە یارمـەتیان بـە زۆر لایەنی ناڕوونی ئەو قۆناخە گرینگەی مێژووی "حدکا" کردووە و هەربۆیەش زانیاری بە نرخیان بە توێژینەوەکە گەیاندووە.

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی "کـاریگەری بیـرو ئەندێشـەی چەپ لەسـەر حیـزبو ڕێکخـراوە کوردییەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان"(1945-1938)، دوو تەوەر لەخـۆ دەگـرێو هەر تەوەرێـک بەسـەر چەنـد باسـدا دابەش کـراوە. تەوەری یەکەم: بـۆ دامەزرانـدنی یەکەم ڕێکخراوەکـانی کـوردی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانو کـاریگەری بیـری چەپ بەسـەریانەوە دیـاری کراوەو بەسەر دوو باسدا دابەش بووە. باسی یەکەم: بۆ "حیزبی ئـازادی" تەرخـان کـراوە کە لە هەلومەرجێکـدا پێکهـات، کە دەسـەڵاتی دیکتـاتۆریو سیاسـەتی ناسیۆنالیسـتی ڕەزاشـای پەهلەوی بەڕێوەدەچوو. ئەم حیزبە وەک لەبەرمانەکەی دەردەکەوێ ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیسـتی نەبـووە، بەڵکـوو بریتـی بـوو لە پشـتگیری لە بەرەی دێموکڕاسـیو بیروبـاوەڕی چەپ، باسـی دووهەم: باسی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ-کاف)دەکـات، وەک یەکەم ڕێکـزراوی ناسیۆنالیسـتی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، هەرچەنـد ئەم ڕێکخـراوە لەلایەن هەنـدێک کەسـەوە بە ڕێکخراوێکـی نەتەوەیـی- ئـایینی پێناسـە کـراوە بەڵام کـاریگەری بیـرو ئەندێشـەی چەپـی بەسـەرەوە. تەوەری دووهەمـیش تـایبەت کـراوە بە حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانو ئەزمـوونی پراکتیزە کردنی بەرنامەکەی کە لە دوو باس پێکهاتووە. باسـی یەکەم: تـایبەتە بە دامەزراندنی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان کە لەسـەر داروپەردووی کـۆمەڵەی (ژ-کـاف) دامەزرا، بەڵام بە پێچەوانەی سەرکردەکانی (ژ-کاف) زۆرتر لە سەرۆک عەشیرەتو خاوەن زەوییەکانو بازرگانەکان پێکهـاتووەو هەر بـۆیە بـاڵی چەپ لە کە کـۆمەڵەی (ژ-کـاف)دا دەسڕۆیشـتوو بـوو لەم حیـزبەدا دەخرێتە پەراوێزەوە. لە باسی دووهەمـدا: بـۆ دامەزراندنی کۆماری کوردسـتان تەرخـان کـراوە،

تیشکی خستۆته سەر کاروکردەوەکانی کۆمار کە لەڕووی چاکسازیی کۆمەڵایەتییەوە لەهەمبەر حکوومەتی میللی ئازەربایجان ڕادیکاڵیزمی پیوە دیار نییەوە زۆرتر کۆنەپارێزانەیەو گرینگی بە پرسی نەتەوەیی دەدا.

تەوەری یەکەم: دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

باسی یەکەم: حیزبی ئازادیی کوردستان (1938):

حیزبی ئازادیی کوردستان لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی ڕەزا شا لە ئێران و بە ناوەندیکردنی دەسەڵات، تێکشکاندنی بزووتنەوە خێڵەکییە چەکداریيەکانی کوردی بە دواوە بوو. عەشیرەتە کوردەکان چەك کران، زۆربەی سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد گیران و لە کوردستان دورخرانەوە و تا ڕووخانی دەسەڵاتەکەی، ستەمی ڕەزاخان و دەسەڵاتی پۆلیسییانەی لە کوردستاندا هەموو جۆرە جووڵانەوە و چالاکیی سیاسی و کولتووریی کوردی قەدەخە و سەرکوت کرابوو[2]. گەلێك توندوتیژی ناڕەوا دەرهەق بە نەتەوەی کورد و لەڕاستیدا بە تێکڕای پێکهاتەی داب و ئاکاری ژیانیان کرا. ڕەزاشا بێ گرینگیدان و لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە، پریاری دا سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێ و گوێ بە ئاکامەکانیش نەدا و هەموو بەرگرییەك بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوت کرا[3]. ڕەزا شا پڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، یەکە و ناوەندیی ئامانجی بوو و بۆ گەیشتن بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەچارەی لەسەر بنەمای دروستبوونی یەك نەتەوە و یەك زمانـدا دەدۆزییەوە[4]. ئەمەش واتە "نەتەوەسازی و یەکڕەنگ کردنی کولتووری" کە تەنیا لەڕێگەی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە نەتەوەی فارسدا وەدی دەهات، ڕێبازێك کە بەکارهێنانی ئامراز و ئەهرومەکانی دەسەڵاتی خۆی، واتە سوپا و بۆروکراسییەکی لە حاڵی پەرەئەستاندا بەڕێوە دەچوو[5].

لەم دۆخە ناهەمواردا یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی حیزبی ئازادیی کوردستان لە مانگی جونی (1938) لەدایك بوو[6]. بەهۆی نهێنی کاری و هەڵسورانی پڕ مەترسی ئەو قۆناغە تا ئێستا بە ڕوونی ناوی تێکڕای بناغەدانەرانی و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لە سەرچاوە مێژوونییەکاندا نەخراوەتە بەرچاو، بەڵام بەگشتی ناوی

---

[2] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، 2004، ل 263.

[3] د. وەدیع جومێدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد و بنەما و پەرەسەندنی، و: د. یاسین سەردەشتی، سلێمانی، 2008، ل 518.

[4] الکساندرماتیل: دایرةالمعارف ناسیونالیسم، ت: کامران فانی و محبوبە مهاجر، ج3، تهران، 1381، ص 1005.

[5] امیر سجادی: ژ- ک از پارادایم فربەسازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژهەڵات، ژ 17، ل 7.

[6] حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، هەولێر،چاپخانەی شەهاب، 2011، ل 22. لەسەر ناو و مێژووی دامەزراندنی ئەم حیزبە نووسەران و لێکۆڵەران کۆك نین، چونکە بەڵگە و دیکومێنتی پێویست لەم بارەیە لەبەردەستدا نییە. د.یاسین سەردەشتی لە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەم حیزبە بە ناوی "سەرنجێکی مێژوویی لە (حزبی ئازادی کوردستان)"دا دەنووسێ: ئەم ڕێکخراوە لە سەرچاوەکاندا بە ناوی جیاواز هاتووە وەك (کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد، کۆمەڵی ئازادیخوازی کوردستان، حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، حیزبی ئازادیخوازی کورد) هاتووە. ئێمە (حیزبی ئازادی کوردستان)مان لە تێکڕای ئەوانە پێ ڕاسترە، چونکە لە مەرامنامەکە حزبدا، ناوی بەم شێوەیە هاتووە. (د.یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب1، سلێمانی، 2007، ل 137. هەیئەتی ناوەندیی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ- ک) لە ڕاپۆرتێکی گشتیدا بۆ "مولوتوف" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ناردووە مێژووی ژێکافی بە مێژووی حیزبی ئازادی کوردستان گرێ داوە و لە مەڕ دامەزراندن و مێژووی (ژ- ک) نووسیویەتی: "حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی (1938) دامەزراوە، بەڵام بەهۆی کۆنترۆڵی توندوتیژی حکومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە (حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم، 1999، ل 24) بۆ بینینی دەقی ئەم ڕاپۆرتە کە بەزمانی تورکی ئازەربایجانی نووسراوە، بڕوانە (ه.س. ل 235- 239) بەڵگەنامەی ژمارە دوو. لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا کە بەهۆی وەزیری جەنگی ئێران بۆ عەلی سوهەیلی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی ئێران ناردوویەتی و لەلایەن لەشکری چواری کوردستان ئامادەکراوە و دەقی "مرامنامە حزبی ازادی"یشی لەگەڵ هاوپێچ کراوە، ساڵی دامەزراندنی ئەم حیزبە بۆ ساڵی (1939) دەگەڕێتەوە (بهروز طیرانی: اسناد احزاب سیاسی ایران، 1320- 1330، انتشارات سازمان ملی ایران، تهران، 1376، ص 25- 30) بەهۆی ئەوەی زۆربەی دەستەی پێکهێنەرانی (ژ- ک) دامەزرێنەرانی حیزبی ئازادی بوون، دەبێ ئەوان باشتر ئاگاداری مێژووی لەدایك بوونی ئەم حیزبەبن. (بەڵگەنامەی ژمارە 2).

بەشێك لەوانە دەركەوتووە كە تێكڕایان لاوی مهابادی بوون، وەك: حوسێن فروهەر (زێڕنگەران)، كەریم یاهو، مەحموود ڕابتی، حوسێن میكائیلی، محەممەد نانەوازادە بە سەرۆكایەتیی ڕووناكبیری مەهابادی "عەزیز مەلا زەندی" كە بە "عەزیز ئەڵمانی" یاخوود "دوكتۆر عەزیز زەندی"ش نادەبرێ[7].

ژیان و چالاكیی سیاسیی حیزبی ئازادی بۆ دوو قۆناغی جیاواز دابەش دەبێ. یەكەمیان لەكۆتایی سییەكان و تروێكی دەسەڵاتی دیكاتۆریی ڕەزاشا، دووەمیشیان لەگەڵ داگیركردنی ئێرانە لەلایەن هێزە هاوپەیمانییەكان لە 25ی ئابی 1941 و ڕووخانی حوكمەتی ڕەزاشا و هەڵوەشاندنەوەی لەشكری شاهەنشاهیە[8] و لە ساڵی (1941)دا كۆتایی بە چالاكیی ئەم حیزبە هات. ناكۆكیی ئایدۆلۆژی و فكری لە نێو دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ئازادیی كوردستان. ئەم حیزبە بە كردەوە بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو. زەندی بەهۆی سەفەرێكی كە بۆ ئەڵمانیا كردبووی و لە نزیكەوە شاهیدی پێشكەوتن و پەرەسەندنی ئەڵمانییەكان بوو، لایەنگری زۆری بۆ ئەڵمانیا هەبوو و ئەمە لە هەندێك شێعری زەبیحیدا دەردەكەوێ. لەلایەكی تر زەبیحی و فروهەر بەلای سۆڤیەتدا دایاندەشكاند، بە خوێندنەوەی چەند شیعرێكی زەبیحی ئەو داشكاندنەمان بۆ ئاشكرا دەبێ[9].

بەرنامەی ئەم حیزبە لە بیست و هەشت خاڵدا كۆكراوەتەوە و لایەنەكانی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كولتووریی لە خۆگرتووە[10]. ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەم حیزبە وەك لە بەرنامەكەی دەردەكەوێ، ئایدۆلۆژیایەكی ناسیۆنالیستی نەبووە، بەڵكو بریتی بووە لە پشتگیری لە بەرەی دێموكراسی و بیروباوەڕی چەپ[11]. مامۆستا هێمن موكریانی كە شایەتحاڵێكی ڕووداوەكانی ئەم سەردەمەیە لە مەڕ ئەو حیزبە دەڵێ: حیزبێكیش بەناوی "حیزبی ئازادی" بە بەرنامەیەكی چەپەوە سەری هەڵدا و نەژیا[12].

لەمەرامنامەكەدا وادیارە حیزبی ئازادی كوردستان ڕێكخراوێكی دێموكراسیخوازی ئەنتی فاشیستی پێشكەوتووخوازی كوردستانیی ڕیفۆرمیست بووە، نە ڕێكخراوێكی ناسیۆنالیستیی تۆخ، و نە چەپێكی ڕادیكاڵ بووە. بڕوای بە كوردستانێكی ئازادی و نەتەوە و فەرەزمان و كولتوور بووە، كە تەواوی نەتەوەكانی وەك كورد، ئەرمەن، ئاسۆری، هتد لە كاروباری نەتەوەیی و

---

[7] د.یاسین سەردەشتی: كوردستانی ئێران، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی كورد (1939- 1979) چ2، سلێمانی، 2011، ل 165. مەحموودی مەلا عیزەت دەڵێ: لە دامەزرێنەرە بەناوبانگەكانی حیزبی ئازادی: مەلای ڕاودی، حسین فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی بە ڕابەیەری عەزیزخانی زەند بوون (محمود مەلا عزت: كۆماری میللی مەهاباد، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی، بەشی یەكەم، چاپخانەی شەهید ابراهیم عزێ، 1984، ل 61.

[8] د.یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی..، س.پ، ل 138. (نووسەر بۆ سەلماندنی دەستێكی قۆناغی دووهەمی ژیانی حیزبی ئازادی پشت دەبەستێ بە بیرەوەرییەكانی هەژاری موكریانی"چێشتی مجێور" و دەقی پێشەكیی "تاریك و ڕوون"ی دیوانە شیعری هێمن موكریانی.

[9] ناصر باباخانی: عبدلرحمان زبیحی كاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان، مهاباد، 1378، ص 9. حیزبی ئازادی كوردستان بەبۆنەی هاتنی لەشكری سوور بەیاننامەیەك دەردەكا و بەخێرهاتنی دەكا (علائەدین سەجادی: شۆرشەكانی كورد و كۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی معارف، 1959، ل 276). ئەم پێشوازییە لە ڕاپۆرتی هەیئەتی ناوەندی كۆمەڵەی (ژ- ك) بۆ "مولوتوف" وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتدا بەم چەشنە هاتووە: "بەبۆنەی هاتنی لەشكری سوور بۆ مەهاباد، حیزبی ئێمە بەیاننامەیەكی نووسی و دەست بە دەست بڵاوی كردەوە و ڕایگەیاند هەر كەس ئەم بەیاننامەی پێ دەگا، لاپەڕەیەكی لەڕوو بنووسێتەوە و بیدا بە كەسێكی تر، حیزبی ئێمە لەو بڵاوكراوەیەدا لەشكری سووری بە ناوی لەشكری ئازادیكەری نەتەوەی كورد ناساند، دوای هاتنی لەشكری سووری سۆڤیەت بۆ ئێران دەركەوت حیزبی ئێمە لە نێو حیزبەكانی دیكەدا پێشكەوتووترین حیزبی دژ بە فاشیست بووە (حامید گەوهەری: كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان، س.پ، ل 22) كوریس كۆچێرا دەنووسێ: لە جونێڤێری (1942) كاربەدەستانی سۆڤییەت كۆمیتەی "حیزبی ڕزگاریخواز" كە كورد و ئاسووری و ئەرمەنیی ڕێكدەخست لە پاش تێكهەڵچوونی ئەندامانی ئەو حیزبە لەگەڵ ژاندرمەكانی ئێران هەڵوەشاند (كریس كوچرا، جنبش ملی كرد، ترجمه: ابراهیم یونسی، تهران، 1373، ص 201).

[10] بڕوانە: بهروز طیرانی، م.ق، ل 25030، (بەڵگەنامەی ژمارە 3).

[11] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیونالیزمی كوردی، س.ث، ل 264.

[12] هێمن موكریانی: دیوانی هێمن، سلێمانی، بهاری 2708 كوردی (2007ز) ل 45.

ڕۆشنبیری و ئاینییدا، لە سایەی سیستەمێکی کۆماری عەلمانیدا ئازاد بن[13] بێجگە لەم تایبەتمەندییانە وردبوونەوە لە چەند خاڵێکی مەرامنامەی ئەو حیزبە کە لایەنگری لە چینێکی تایبەتی (ڕەنجبەران و کرێکاران) دەکا، وەك: دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو ویلایەت و شوێنەکان بەمەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و دامەزراندنی دامەزراوە هەروەزییەکان (تعاونی) و هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازاتەی کە ژیانی جوتیارەکان نائاسوودە دەکا[14]، گومانی ئەوە ناهێڵێتەوە کە مەرامنامەی یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گوزارشت لە کاریگەریی بیر و ئەندێشەی چەپ بەسەر ئەم حیزبە دەکا و بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری ئەوکات و ڕیشەداربوونی دین تێیدا حیزبی ئازادی نەیدەتوانی بەرنامەیەکی لەوە ڕادیکاڵتری هەبێ. تەنانەت حیزبی تودە (1941) کە دامەزرێنەرانی پەیڕەوییان لە ئایدۆلۆژیای مارکسیستی دەکرد، لە سەرەتادا وەك حیزبێکی چەپی ڕادیکاڵ دەرنەکەوتن[15].

باسی دووەم: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ- ک) 1942:

ساڵی (1941) هێزی هاوپەیمانەکان، کە بەشێکیان هێزەکانی سۆڤیەتی بوون، هاتنە ئێران و دیکتاتۆریی ڕەزاشا ڕووخا و ئازادییە دیموکراتییەکان لە وڵاتدا بوژانەوە[16] و دەستە و ڕێکخراوی سیاسی لە وڵاتدا دروست بوون[17]. لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ و زەمینەسازی بۆ نەتەوە نا فارسەکان لە ئێراندا ڕەخسا کە دەست بە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی بکەن. نەتەوەی کوردیش شان بە شانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا هەوڵی دا لە میانەی خۆکۆکردنەوە و ڕێکخستندا نەخشی خۆیان هەبێ لە ڕووداوە نێوخۆییەکان و لە هەوڵی ناسین و پاراستنی ناسنامە و شوناسی کوردایەتیی خۆیاندا بن[18].

پێکهاتنی یەکەم ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کۆمەڵەی (ژ- ک)، (ژیانەوەی کوردستان) پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا هەبوو. کۆمەڵی ژیانەوەی کوردستان کورتکراوی (ژ- ک، J.K)ە، لە 16ی ئابی 1942 لە سەر دادپەروەریی (حیزبی ئازادی کوردستان) دامەزرا[19] لە سەر ناو و دەستەی دامەزرێنەرانی (ژ- ک)یش نووسەران و لێکۆڵەرانی ڕای جیاوازیان هەیە[20]، بەڵام دەبێ ڕای عەبدوللرەحمانی

---

[13] د. یاسین سەردەشتی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، س.پ، ل 146.

[14] بۆ وێنە خاڵی 12 لە مەرامنامەکە دەڵێ: (دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو ولایەت و شوێنەکان بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و نۆژەنکردنەوەی وێرانکارییەکانی سیاسی پێشوو) لە خاڵی 20دا دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئیمتیاز و یاسایانەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆی و دامەزراندنی دامەزراوە، هەروەزییەکان تاوەکو جوتیار بە یەکجاری ئاسوودە بن)، بهرۆز طیرانی، س.پ، ل 25- 30.

[15] بۆ زانیاری لەسەر یەکەم مەرامنامەی حیزبی تووەی ئێران، بڕوانە: عبدلصمد کامبخش، م.ق، ص 53- 51. (بەڵگەنامەی ژمارە 4)

[16] کومینتێرن (دەفتەری نێونەتەوەیی سێیەم لە مۆسکۆ بەو کەسانەی کە جێی متمانەی بوون، لەوانە: ڕەزا ڕوستای ڕاسپارد کە حیزبی نوێ نابێ ناوی حیزبی کومونیست بێ هەم بەهۆی یاسای دژە کومونیستی ساڵی 1310 (1931ز) کە یاسایی بوونی کومونیستەکانی قەدەغە کرد بوو، هەم بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتی ئێران کە بوونی حیزبی کومونیستی سەربەخۆی بە پێویست نازانێ. (احسان طبری، کژراهە، م.ق، ص 43.

[16] د.عەبدولرەحمان قاسملو: کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، و: عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بەغداد، 1973، ل 90.

[17] حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001، ل 180.

[18] هیوا عەزیز سەعید: خۆبیوون، هیوا، ژ- ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی)، سلێمانی، 2006، ل 67.

[19] د.کمال مظهر احمد: دراسات فی التاریخ ایران الحدیث و المعاصر، الامانه العامه الثقافه و الشباب، بغداد، 1985، ص 257.

[20] ناسر باباخانی کە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زەبیحی بە ناوی (عبدالرحمن زبیحی کاریزمای ناتمام) ئەنجامداوە دەڵێ: لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی ژێکاف ڕای جیاواز هەیە، هەندێك لە مێژوونووسان بەناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" و بەشێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کورد" و هەندێکی تر بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کوردستان و دواجار بە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" ناویان هێناوە (ناسر باباخانی، م.ق، ص 10).

زەبیحی کە سکرتێر و لە دامەزرێنەرانی سەرەکی (ژ- ک) و بەرپرسی گۆڤاری "نیشتمان" بوو، لەم بارەیەوە بەڵگەمەندتر بێ. زەبیحی ناوی ڕێکخراوەکەی بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دەناسێنێ[21] و لەسەر دەستەی دامەزرێنەریش بەهەمان شێوە دەبێ لیستی زەبیحی لە ڕاستی نزیکتر بێ. زەبیحی بەم جۆرە ناوی دامەزرێنەران دەبا: 1- حوسێن فروهەر (زیرینگەران) 2- عەبدولڕەحمانی زەبیحی 3- عەبدولڕەحمانی ئیمامی 4- مەلا قادر مودەڕیسی 5- نەجمەدین تەوحیدی 6- محەمەد نانەوازادە 7- عەلی مەحموودی 8- محەممەد ئەسحابی 9- عەبدولڕەحمان کیانی 10- سەدیق حەیدەری 11- قاسم قادری[22]. عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسین فروهەر (زێرینگەران) و مەلا عەبدوڵڵا داوودی ئەندامی دامەزرێنەری حیزبی ئازادی کوردستان بوون و بە وتەی زەبیحی هەر سێ حیزبی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا یەك حیزبن بەڵام لە سێ هەل و مەرجی جیاوازدا[23]. هەڵبەت هەلومەرجی دامەزراندنی حیزبی ئازادی کوردستان زۆر جیاواز بوو لەم دوانەی تر، چونکە هێشتا دیکتاتۆریی نەفەس بڕی ڕەزا شا نەڕووخا بوو و مەجالی چالاکیی سیاسی بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردی نەدەدا و لەستراتیژی نەتەوەیشدا ئەم جیاوازییە دەبینرێ.

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک)ە کە سەر بە کوردی شارنشینی ورده بورژوازی بوون، چ تەقلیدی و چ مۆدێرن کە هەڵبەت دەستەی دووهەمیان باڵادەست بوو تێیدا[24]. شارەکان خۆیان فراوان دەبوون و لەگەڵ فراوان بوونیاندا چینێکی خوێندەوار گەشەی دەکرد، ئەم چینە خوێندەوارە لەگەڵ ئەو نەوەیەی پێشوو کە بزووتنەوەی کوردی ڕێبەرایەتی کردبوو، جیاوازبوو[25] هەروەها نیشتەجێکردنی بەزۆریی عەشیرەتەکان و لاوازکردنیان بەهۆی سیاسیەتی سینترالیزەکردنی وڵات لەلایەن ڕەزا شاوە، ڕێگەی خۆشکرد بۆ ڕەوتی گواستنەوەی دەسەڵات و ڕێبەری لە سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ سەرکردەکانی شار لە کوردستان[26] هەربۆیە ئەم کۆمەڵەیە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو، چونکە یەکەم کۆمەڵی نەتەوایەتیی کوردی بوو کە دامەزرێنەرانی (ئاغا و شێخەکان) نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕۆشنبیر و بازرگان و زانایان بوون، واتە چینی تێگەیشتووی

---

[21] عەبدولڕەحمان زەبیحی: وەڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی روزفێلت، و: جوتیار حاجی توفیق، ئایندە (گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ) ژ4، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، 2003، ل 148. هەروەها لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکێتیی سۆڤیەتدا هاتووە لە چاوپێکەوتنی زەبیحی و مستەفا ئیلخانی زادە لە ڕێبەرانی (ژ- ک) لە 13ی سێپتێمبەری 1944 لە پەیوەندی لەگەڵ ناوی کۆمەڵەی (ژ- ک) زەبیحی گوتی: ئەم ڕێکخراوە دوو ساڵە پێك هاتووە و ناوی پارتی ژێکافە و مانای (پارتی ژیانەوەی کوردستان)ە. (د.ئەفراسیاو هەورامی، س.پ، ل 112.

[22] سدیق ساڵح: بیرەوەرییەکانی محەممەد شاە پەسەندی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007، ل 22. مەلا قادر مودەریسی کە خۆی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بووە بناغەدانەرانی (ژ- ک) بەم جۆرە ناودەبا: "موحەممەدی نانەوازادە، 2- ڕەحمان زەبیحی، 3- حوسینی فروهەر، 4- عەبدولڕەحمان ئیمامی، 5- قاسم قادری، 6- مەلا عەبدوڵای داوودی، 7- موحەممەدی یاهوو، 8- سەدیق حەیدەری، 9- عەبدولڕەحمان کیانی، 10- مەلا قادر مودەریسی (سەید موحەممەد سەمەدی، ژ- ک) چ بوو؟، چی دەویست؟ چی لێ بەسەر هات؟، مەهاباد: چاپخانەی سیدیان، 1980، ل 15) قیلیام ئیگلتون نووسەر و دیپلۆماتی ئەمریکی ناوی دامەزرێنەرانی (ژ- ک) بەم چەشنە نووسیوە: (1- ڕەحمان حەلوی، 2- محەممەد ئەمین شەرەفی، 3- محەممەد نانەوازادە، 4- ڕەحمان زەبیحی، 5- حوسین فروهەر، 6- عەبدولڕەحمان ئیمامی، 7- قاسم قادری، 8- مەلا عەبدوڵڵا داوودی، 9- قادر مودەریسی، 10- ئەحمەد عیلمی، 11- عەزیز زەندی، 12- محەممەدی یاهو، 13- میرجاح لە عێراق (قیلیام ئیگلتن: کۆماری مەهاباد، 1946، و: سەید محەممەدی سەمەدی، چاپخانەی سیدیان، مەهاباد، 1358، ل 105) نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕەنگە هەندێ لەمانە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبن، بەڵام دەبێ هەموویان لە گەشەپێدان و بەهێزکردنیدا بەشدار بووبن (نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، (کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا)چ2، هەولێر، 1992، ل 59).

[23] عەبدولڕەحمان زەبیحی: س.پ، ل 149.

[24] عەبباسی وەلی: پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید، 1995، ل 21.

[25] دیقێد مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2002، ل 497. بۆ نموونە کەسێکی وەك عەبدولڕەحمانی زەبیحی لەبەرچاوبگرن کە تەقدیر وابوو نەخشێکی ڕێبەرایەتی لە بزووتنەوەی مەهاباد ڕابگرێ، ئەو سەر بە بنەماڵەیەکی ورده بورژوازیی بازاری بوو، تەنیا لە یەك ژووردا دەژیان. لە تەمەنی پازده ساڵی وازی لە مەکتەب هێناوە و بە دەرس دانی کوردە ئاغاکان خۆی دەژیاند (دیقێد مەکداول: ه.س، ل 493.

[26] امیر سجادی، س.پ، ل 17.

کۆمەڵگەی کوردی بوون کە تەنیا هەوڵیان نەدەدا بۆ مافەکانی خۆیان بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون[27].

کۆمەڵەی (ژ- ک) لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکەرەوەی بیری ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوە دەنووسێ:

ئەی برای کوردی خۆشەویست

کۆمەڵەی (ژ- ک) بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دوو بەرەکی و خۆخۆڕی، پووڵپەرستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێ تا زنجیر و کەلەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێک و پێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی[28].

بەمجۆرە یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا کە هەم ئایدۆلۆژیای هەبوو، هەم بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستی ڕوون، واتە: ستراتیژی موشەخەسی هەبوو کە بریتی بوو لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی گەورە. هەر لە مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا هاتووە، کە: "کۆمەڵەی ژ- ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە و هەموو قانوون و نظامنامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق دەکرێ و ئینجا دەخرێتەکار"[29]. لە بەندێکی دیکەی مەرامناکەیدا جەخت لەسەر بەڕەسمی ناسینی تەنیا ئاینی ئیسلام دەکا و دەڵێ: "بەبۆنەی موتەدەین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسی و بۆ تەرویجی شەرعیەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتنی هەموو ڕێ و شوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و لەگەڵ منافیقان بەربەرەکانی بەشیدەت دەکا"[30] و هەروەها لە چەندین ژمارەی دیکەی "نیشتمان"دا چەندین وتاری تایبەت بە ئاینی و مێژووی ئیسلام هەیە[31] هەروەها کەسێکی کە دەبوو بە ئەندامی (ژ- ک) بە وتەی مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی (ژ- ک) سەرەتا دەچووە حەمامێ و لە ڕووانگەی ئاینییەوە خۆی خاوێن دەکردەوە، ئەوجار دەهاتە لای سێ کەس و لەلای ئەوان حەوت جاری بە قورئان سوێند بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەم شەش مەبەستانە دەخواردو[32]. لەگەڵ ئەمانەشدا لە بەرگی دووهەمی هەموو ژمارەکانی "نیشتمان"دا لەسەرەوەی ئاڕمی گۆڤارەکە بە کەوانە

---

[27] د.عوسمان عەلی: چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران بابانزادە، ب2، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، 2010، ل 332.

[28] نیشتمان، گۆواریکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە، ژمارەی (1)، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی 1322، جولای 1934.

[29] نیشتمان، ژمارە (7)، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی 1324.

[30] نیشتمان: ه.س، ژمارە (7)، ساڵی 1322، ساڵی یەکەم، ل 16.

[31] بۆ وێنە لە ژمارە (3)ی نیشتماندا وتارێک هەیە بەناوی (بەهەشتی بەختیار) لە نووسینی (م. نادری 760) و لە ژمارە (6)دا وتارێکی تر بەهەمان شێوە چاپ بوو بەناوی (بۆچی گەورەکانی "قریش" موسوڵمان نەدەبوون؟) لە نووسینی (ع.بێژە- 3) و لە ژمارە (3 و 4)دا کە بەیەک ژمارە دەرچووە لە بەشی (طبی)دا وتارێک بەناوی (ئەلکۆل) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا چەندین ئایەتێک لەسەر حەرامبوونی (ئەلکۆل) هێنراوەتەوە (گۆواری نیشتمان: س.پ، ژمارەکانی 2 و 3 و 6).

[32] سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چی بوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێ بەسەرهات؟، س.پ، ل 14 و ئەم شەش مەبەستانە بریتی بوون لە 1- خیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات، 2- کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات، 3- هیچ ڕازێکی کۆمەڵەکە نە بەزمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە، ئاشکرا نەکات، 4- هەتا ئاخیری عومری هەر ئەندام بێت، 5- تەواوی پیاوانی کورد، بە برای خۆی و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ، 6- بەبێ ئیزنی کۆمەڵەی ژێ کاف نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراو و دەستەیەکی تر (سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چی بوو؟.. وتووێژ لەگەڵ مەلا قادری مودەریسی، هـ.س، ل 14).

ئایەتێکی قورئانی نووسرابوو[33] بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بەڵگە و نووسراوانە کە لە کۆمەڵەی (ژ- ک) دەست کەوتوون وایکردووە کە نووسەر و لێکۆڵەرانی وەك د. سەڵاحەدین خەدیو کۆمەڵەی (ژ- ک) وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و ئیسلامی ناو ببا.

سەید موحەممەد سەمەدی لە کتێبی مێژووی مەهاباد ئەم ڕێکخراوەیە وەك " کۆمەڵەی نەتەوەیی- ئایینیی" پێناسە دەکا[34] هەڵبەت هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نیە کە بیسەلمێنی کۆمەڵەی ژ- ك مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بێ کە تێیدا یاساکانی شەرع بەڕێوەبچێ. بەڵام لە ڕێکخراوێکدا کە ژمارەیەك نووسەر و لێکۆڵەری هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی- ئایینیی پێناسە بکرێ، بیر و ئەندێشەی چەپ بە ئاشکرا و بەڕوونی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەمە هەم لە دیسکۆرسی "نیشتمان"دا کە زمانحاڵی بیری (ژ- ك) بوو و هەم لە پەیوەندی گەرموگوری ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت دەبینرێ.

لەم ساڵانەدا سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕژێمی ئابووری- کۆمەڵایەتی لە کورستاندا بوو و دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە زۆرترین و باشترین زەوییەکان لە دەستی زەویدار و گەورەکانی وڵات و فیودالەکاندا بوو[35]. شێوازی خاوەندارییەتیی زەوی تا ڕادەیەکی زۆر وەك خۆی مابۆوە و هەربۆیە خاوەن زەویە گەورەکان و تەنانەت خاوەن ملکە سەرەکییەکانی نادیار وەك خاوەن زەویە شارنشینەکان ڕێگەیان پێدرابوو کە ملکەکانیان وەك خۆی بمێنێتەوە. تەنانەت ئەو ملکانەی کە کرابوون بە "وەقف" یا "وەقفە" ئاینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بێ هیچ دەستکاریکردنێك مانەوە و ئەمەش مانای وایە کە خاوەن هێز و دەسەڵاتە کۆنەکان لە کورستاندا کە بریتی بوون لە سەرۆك خێڵ و شێخە ئاینییەکان توانیویانە لە سەر بەکارهێنانی میللەتی خۆیان بەردەوام بن[36].

بەم جۆرە سەرۆك عەشیرەت و ئاغاکان بە سام و هەیبەتەوە مەزنایەتی و ئاغایەتییان دەکرد، فەرماندەر و بریاردەر بوون، خەڵکی لادێ لە ژێر دەستی فەرمانبەریدا دەچەوسانەوە[37] و تێگەیشتووی سیاسی و کۆمەڵایەتییان لە چاو ئاغاوەت و دەرەبەگەکان زۆر لە خوارێ بوو. بەدەگمەن لێیان هەڵدەکەوت سنووری چینایەتی ببەزێنن، بەڵام قەت نەدەگەیشتنە ئەو ڕادەیە خۆیان خەباتی سیاسی و چینایەتی وەڕێ بخەن[38]، چون دەسەڵاتی دەرەبەگ بە گشتی لەسەر ڕێگەی پەرەگرتنی کێشەی چینایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری کۆسپێکی گەورە بوو[39].

---

[33] بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: گۆڤاری نیشتمان، س.پ.

[34] دکتر صلاح الدین خدیو: در دفاع از تاریخ (نقدی بر مقاله احسان هوشمند در چشم انداز ایران) پیام کردستان، 21 دسامبره 200، محەممد صمدی، تاریخ مهاباد، هەروەها عەبدوڵای ئەبریشەمی و ناسری باباخانیش بەهەمان شێوە ئەم ڕێکخراوە بە "میللی- مەزهەبی" پێناسەدەکەن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشم انداز، ایران، ویژه نامه کردستان (2)، نشریه سیاسی- راهبردی، پاییز 1384، ص 173 و ناسر ناباخانی، م.ق، ص 9.

[35] ملکی خاوەن مولکەکان دەگاتە 78% ی هەموو زەوییە بەراوەکان (د.قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 146).

[36] نادر ئینتسار: ئیتنونەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل 29.

[37] بۆ زانیاریی پتر لەمەر ستەم و چەوسانەوەی دانیشتووانی گوندەکان و بەتایبەت جوتیاران بە هۆی دەربەگ و ئاغاوەتی کورد لەو سەردەمە بڕوانە (د. قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 180- 199). قادر دەباغی کە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک) بوو و خۆی لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکان بووە، دەڵێ: عەشایەربازی خان خانانی دامەزراو نە تەنیا دێهات بەڵکوو لە شارەکانیشدا حکومەتی دەربەگایەتی بەسەر خەڵکدا حوکمی دەکرد، باجیان دەستاند، عەواریزیان وەردەگرت، ملك و زەوی و زاری بێ دەسەڵاتیان داگیر دەکرد (عەبدولقادر دەباغی: ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ- ك، بڵاوکراوەی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 1367، ل 43).

[38] حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001، ل 216.

[39] د.قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 149.

لە کوردستان لە دۆخێکی لەم چەشنەدا کە پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی عەشیرەیی و کولتوورێکی نەرێنی نێدا بەهێزە، کۆمەڵەی (ژ- ك) بە گژ دۆخی ئارایيدا دەچێتەوە و دەیەوێ دەسەڵاتی سیاسیی خان و ئاغا بەربەست بکا و پەیوەندییەکانی عەشیرەیی لاواز و هەڵتەکێنێ[40]. کۆمەڵە بەر لە هەرشتێك لە خۆیەوە دەست پێ دەکا و ڕێگە بە کەسانی سەر بەم چین و تۆێژانە نادا ڕێبەریی (ژ- ک) بەدەستەوە بگرن. مەلا قادر مودەڕیسی لە دامەزرێنەرانی (ژ- ک) لەمبارەیەوە دەڵێ: "چوار دەستە و تاقم دەیان توانی ببنە ئەندامی (ژ- ک)، بەڵام هەرگیز نەیاندەتوانی بە پلەی سەرۆکی (ژ- ک) بگەن، ئەو چوار دەستەیەش بریتی بوون لە: ئاغا، شێخ، مەلا و سەید"[41] کۆمەڵەی (ژ- ک) هەر بەوەندە ڕازی نابێ کە نەهێڵێ جڵەوی دەسەڵات لە (ژ- ک)دا بکەوێتە دەست ئەم چین و تۆێژانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی گۆڤاری "نیشتمان"، زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئەم چین و تۆێژانە بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی و چەوسانەوەی جوتیاران و بڵاوکردنەوەی وەهم و خورافات و کولتووری دواکەوتووانە لە کۆمەڵگادا مەحکووم دەکا و لە زۆربەی ژمارەکانی "نیشتمان"دا بە نووسینی شیعر و بابەت بە توندی بەگژ شێخ و ئاغا و مەلاکاندا چوونەوە[42].

---

[40] بۆ وێنە لە یەکەم بڵاوکراوەی کۆمەڵەی (ژ- ك)دا کە بەناوی "دیاری کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ لاوانی کورد هاتووە: "کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ پێشخستنی کورد لە شەقامی شارستانیەتی (تهران)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ ئەکۆشێ تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەت بازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و و بەسەرهاتی تاڵ و گرنگ (سخته) بێنێتەدەر" (نیشتمان: بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ- ک، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008، ل 193).

[41] سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چ بوو، چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟ بلاوکراوەی چاپەمەنی سەییدیان، مەهاباد، 1361، ل 13.

[42] لە زۆربەی ژمارەکانی "نیشتمان"دا لە بابەتێك کە بەناوی "دەردی دەروون" کە دەمەتەقێیەکی دوو کەسییە لە نێوان بایز و باپیردا چینی ئاغاوەت دەکەوێتە بەر تیر و توانج و هێرش. بڕوانە "نیشتمان" ژمارەکانی (2، 3، 4، 5، 7، 8، 9). هەژاری موکریانی کە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی (ژ- ک) بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: "جارێك ڕووسان زۆر پیاو ماقوڵی وڵاتیان بۆ باکۆ بانگ کرد کە عەلیاغا و قەرەنیاغا و حاجی بابەشێخ و زۆر ئاغای تریش لەو بانگکراوانە بوون، کە هاتنەوە بیستمان باقرۆفی سەرۆکی وەزیری ئازەربایجانی ڕووسیە گووتبووی چیتان دەوێ بۆتان پێك بێنین، یەك دەڵێ: شەکر، یەك دەڵێ: زینی عروسی، دەمانچە. من دەمەتەقێیەکەم لەسەر نووسین و لە نیشتماندا چاپ کرا، تێرم گاڵتە بە عەقڵیان کردبوو، عەلیاغا هەڕەشەی کردبوو کە ئەو شاعیرە هەر دەکوژم، ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا بە گوندی ئەودا بڕۆم و ڕێگەم بۆ شاری سابلاغ گۆڕیبوو. (عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، پاریس، 1977، ل 70). ئەمەش نموونەیەك لەم دەمەتەقێیە:

باپیر- دەك خوا بتکوژێ، تۆ چت داوە لە شەڕ دەردی خۆمان کەمە

بایز- بۆچی دەردمان کەمە، کێ هەیە دەرد و داخی نەبێ

باپیر- ها ئەو جارە بوویتە پیاوێکی باش وەرە گوێت لێبێ تازە پیاوێك هاتووە بۆ گەنم کڕین، دراوێکی زۆرێشی هێناوە

بایز- جاکێ هەیە هێندە نەفام بێت گەنمی پێبفرۆشێ

باپیر- بەخوای تێنەگەیشتووی، دراو بەردی نەرم ئەکا، لە پێش هەموو کەسێکدا ئاغا گەنمەکەی ئەفرۆشێ

بایز- ئەی بۆ خۆی چی ئەکا؟

باپیر- مام بایز وەها دیارە چونکو باسی دراوم کرد عەقڵ و هۆشت لانەماوە کوڕەی هەی نەفامی تێنەگەیشتوو، ئەی گەنمی جوتیارە چارەڕەشانە هی کێیە، مااڵی جوتیار هی ئاغایە. (نیشتمان: ژمارە1، پوشپەڕی 1322، جولای 1943).

لە فۆرمی شێعریشدا ئەم نموونانە دەبینێرن:

مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لەم خاکمانە چوار گروە

صۆفی یەك، دەرۆێش دوو، بەگزادە سێ، اغا چوار (نیشتمان: ژمارە 5، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی 1323).

ئەوەی اغا بێ بێکارە جەبوو زقە لسولاسارە

دزیوو ڕێگرتنی کارە ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

گەلێ بێ فیکر و ئیدراکن گەلێ بێ خێر و ناپاکن

ئەوەندە گێژ و بێهۆشن حەیا و ناموس دەفرۆشن

لە بۆ آزادی ناکۆشن ئەمن دەیڵێم و بێ باکم (نیشتمان، ه.س)

هەتا شێخێ لە کوردستان بمێنێ

امیدی زندگانیت پێ نەمێنێ

طریقی .. و ...

بەبای دا ڕوونەق و آهنگی کوردی

هەموویان بوونە صۆفی و پیرو دەرۆێش

بەبەرماڵ و سەبیجە و ڕشتە و ریش

هەموو بێ ایش و بێ کار و تەوەزل

ورگ پان و مل ئەستوور سەلك زل

لە وان و ئەرزرۆم تا حدوودی جافان

تەوەلا بوون لە عەقڵ و علم و عرفان (دیاریی کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ لاوەکانی کورد، س.پ)

شێخ نیم کە بە تەزویر و ریاکارییو ئەفسوون

ئەم هەڵوێستەی (ژ- ک) کاردانەوەی ئەم چین و تۆێژانەی بەدواوە بوو و ئاغا، سەرۆك عەشیرەت و زۆربەی شێخ و مەلاکان نووکی هێرشیان ڕووی لە کۆمەڵە بوو و بە کۆمۆنیست و لە دین وەرگەڕاویان دەناسین، پێیان وابوو ئەگەر کۆمەڵەی ژ- ک لە کوردستان دەسەڵاتی وەچنگ کەوێ، ئەوان لە دەسەڵات دەکەون و ئەمە بەڕوونی لە نامەی ئاغایەکی کوردی باشوور کە (ژ- ک) بە ئەبوجەهل و ئەخنەس دەشوپهێنێ و بۆ ئاغایەکی کوردی ڕۆژهەڵاتی نووسیوە دەردەکەوێ: "کە دەستی منوو دامانی تۆ نەکەی بەهیچ بارێك لە پێناوی کوردایەتیدا تێبکۆشێ، چونکە کوردایەتی ملتزمی ئەمەیە هەموو لاوە خوێندەوارە گەنجە تازە پێشگەیشتووەکان بێنە سەرکار و ئێمە لە ژووری دیوەخانا دابنیشین[43] بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی د.ئاسۆ مەحموودزادە کە لەو سەردەمە ژیاوە، نە تەنیا ئەو چین و تۆێژانە بەڵکو بەشێك لە خەڵکیش لە کۆمەڵەی (ژ- ک) واتێگەیشتن کە بەنیازە سوشیالیزم دابمەزرێنێ[44].

کۆمەڵەی (ژ- ک) بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لە پشتیوانی دەرەکی گەڕاوە و لەم پێناوەدا هانای بۆ دوو زلهێزی ئەو سەردەم واتە بەریتانیا و سۆڤییەت بردووە[45]. بەڵام لەم بارەیەوە هەم پەیوەندییەکی لەگەڵ سۆڤیەت گەرم و گورتر بووە و هەم لە بابەتەکانی "نیشتمان"دا سۆز و لایەنگیری بۆ سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دەبینرێ. لە ژمارەکانی (2، 3، 4، 5، 6)ی نیشتماندا زنجیرە وتارێك لە ژێر ناوی "انقلابی گەورەی اوکتوبر" چاپ کراوە، کە تێیدا پەسن و

وەك آش بەدانی ئەم و ئەولابی نشاطم
یا کولکە مەلایی بە عەبا و میزەری پڕ فێڵ
دەریووزەیی احسان کەمو سەرفطر و زەکاتم
(نیشتمان: ژمارە 2، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری 1322)
سەیاحەت بکەن بچن بۆ سووڤیستیان
بزانن چۆن بە خێرایی هەڵستان
لە قەومی ڕووس چە چوڵمێکی ئەکرد (چار)
هەمووی ژەهری ئەخوارد ملت بە ناچار
لە پر (لەنین) هەڵستا وەك دلێران
بناغەی ظڵمی چاری کرد وێران
بنای نا دەوڵەتێکی سوسیالیست
لە ناوی برد بە جارێك ئیمپریالیست
لە ناو کۆمەڵ بە زۆری دەرکرا (خان)
بە تیلا (بەگ) خرایە بەند و زیندان
بەمەحضی هەڵکرانی بەیرەقی سوور
لەناو خەڵکا نەما فیتنە و شەڕ و شوور
ئەلەرزێت کاکی (اغا) وەك بنی آو
کە آلای سوور و آلی دێتە بەرچاو
تەمەشاکەن لە مەیدانی هەراوشەڕ
شەو و ڕۆژ بێ ووچان واتێ ئەکۆشن
لە جەبهەی شەڕ ئەلەی شەربەت ئەنۆشن
بە فەرمانی ستالین: پیاوی شەڕکەر
ئەدەن بەربا هەموو نیروی هێتلەر
بەیانی بلبلی سوتاو لە بۆ گوڵ
وەها ئەیخوێند بە دڵسۆزی لە سەر چڵ
(دیاریی کۆمەڵەی ژ- ک بۆ لاوەکانی کورد، دیاری مەلا محەممەدی کۆیی (1322- 1943).

[43] نیشتمان: سکاڵایەك لەگەڵ نیشتمان، ساڵی یەکەم، ژمارە 6، ڕەشەمێی 1322.

[44] مەحموودی قادر زادە (د.ئاسۆ) چالاکی سیاسی ئەو ساڵانە سەبارەت بە (ژ- ك) دەڵێت: ڕۆژێك لەو ساڵە پڕ ئاژاوە و نا ئەمنانە بوو کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەزیزی فەرهادی بەڕێگەدا دەڕۆیشتین و گوتیان عەزیز کرمانج لە بەردەم شارەداری وتار دەدا، بە پێی قسەی خەڵک و ئەو ڕاستیانەی لەبەرچاوبوون، عەزیز کرمانج لەژێر کاریگەریی حوسینی فروهەر (زیرینگەران) (سەرۆکی کۆمەڵە) دەیەویست شۆڕش بکا و سۆسیالیزم جێگیر بکا. (د.محموود قادرزادە، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو (چهره مهاباد)، تهران، 1374، ص 33).

[45] لە "نیشتمان"ی ژمارە 3 و 4دا وتارێك لە ژێر ناوی "جوامێری و مەردم دۆستی بەڕێتانیای گەورە"دا دەنووسرێ: "کورد ماوەییەکی زۆر لە مێژە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ خۆشەویستی بەڕێتانیا کردووە، ئەم حکوومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی و سەربەخۆیی و پەروێنەرو و پێکهێنەری نەتەوە بچووکەکانی گیتی بووە .."

تاریفی شۆرشـی ئۆکتـۆبری کـردووه و هەروەهـا وێنەیەکـی پـڕ بە لاپەڕەکەی "لێنـین"، ڕێـبەری شۆرشـی ئۆکتۆبری چاپ کردووه و لە ژێر وێنەکە نووسـراوە:

باقییە ناوت ئەتۆ، گەرچی دەمێکە مردووی

نا لێنین! ماوی هەتا قیامەت هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی[46]

دیارە ناوی "لێنین" ڕێبەری شۆرشـی سۆسیالیسـتی (1917) لە ڕووسـیا چەنـد جـاری دیکەش لە بڵاوکراوەکانی (ژ- ک)دا وەك ڕزگاریدەری کۆمەڵانی خەڵك لە دەسـتی زوڵـم و زۆری قەیسـەر هاتووە[47].

نووسـەری وتار وێنایەك لە بارودۆخی پێش شـۆرشـی (1917) لە سـەردەمی قەیسـەردا بەدەسـتە و دەدا کە چـۆن چینـی دەسـەڵاتدار واتە چینـی دەرەبەگ و سـەرمایەدار کە کەمینەیەکی بچووکیان پێك دەهێنا خـوێنی (200) میلیـۆن دانیشـتووانی ڕووسـیایان دەڕشـت و دەرەبەگەکـان بەدرێژایـی سـاڵ جوتیارەکانیـان دەچەوسـاندەوە و خـاوەن کارگەکـان مـافی کرێکارەکانیان زەوت دەکرد و بە وتەی نووسـەر: " بە کورتی و بە کـوردی هەمـوو نەتەوەی ڕووس نـۆکەر و کرێکـاری "چـار" و "بۆرجوا"کـانی ڕووسـیا بـوون[48] و ئەوە تەنیـا بەلشـەڤیکان و سەرکردەکانیان بوون کە لە خەمی چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نالەبار و پەرێشانەدا بوون[49].

لە نێـوەڕۆکی ئەو وتـارەدا دەردەکەوێ کە نووسـەر تەنیـا ڕەوتـی ڕووداوەکـان و دەور و نەخشـی "لێنـین"ی تۆمـار نەکـردووە، بەڵکـوو هێرشـی کـردۆتە سـەر چینـی دەسـەڵاتداری سەردەمی قەیسـەر کە بریتین لە دەرەبەگ و بۆرژواکان هاوسۆزیی خۆی بۆ دوو چینی کرێکـار و جوتیار دەردەبڕێ و پڕۆژە و بەرنامەی بەڵشەڤییەکانی بە چارەسـەری ئەو دۆخە دەزانـێ و تەنیـا ئەوە ئەوانن کە دەتوانن کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

وادیـارە نێـوەڕۆکی بـابەت گەلـی لەم چەشـنە لە چـاوی "ئـان لەمبتـون" کارمەنـدی باڵوێزخانەی بەڕیتانیا لە تاران کە سەردانی کوردستانی کردووە شاراوە نەبـووە و لە یادداشـتی ناوبراودا هاتووە: ڕۆژنامەیەکی کوردی کە دەگوترێ بە نەهینـی بڵاودەبێتـەوە و قـازی محەمـمەد لە چـاپی دەدا، بەشـداری تێـدا هەیە. ڕۆژنـامەکە بەگـوێرەی قسـەی ئەو پشـتگیری لەسەربەخۆیی کوردستان دەکا و لەوەدەچێ وتـاری لەسـەر کۆمۆنزیمشـی تێـدا بنووسـرێ"[50]،

---

[46] نیشتمان: ژمارەکانی (2، 3، 4، 5) بڕوانە (بەڵگەنامەی ژمارە 3).

[47] لە شێعری "ئاخافتنی خوشك و برایان" هێمن موکریانی کە هانی کچی کورد دەدا کە خۆی لە ژێر دەستەیی و دیلی ڕزگاربکا، دەڵێ:
دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە
"لەنین" هەڵستا ظڵمی "چار" شێوا تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چار شێوا (نیشتمان: ژمارە 3 و 4)
لە دیـاری کۆمەڵەی (ژ- ک) بـۆ لاوەکـانی کـوردەدا، زەبیحـی شـیعرەکانی خـۆی تێکهەڵکێشـی شـیعرەکانی مەلا محەمـمەدی کۆیی کـردووە و بە شۆڕشەکەی گەلانی سۆڤیەت و لێنین و سیستەمی سۆسیالیستی و ئـاڵای سۆر هەڵدەڵێ و ڕقـی خـۆی بەرامبـەر بە نیزامـی ئیمپریالیستی و نازیسم دەردەبڕێ:
سەیاحەت بکەن بچن بۆ سووەڤیستان بزانن چۆن بە خێرایی هەڵستان
لە قەومی ڕووس چە ظڵمێکی ئەکرد (چار) هەمووی ژەهری ئەخوارد ملت بە ناچار

[48] نیشتمان: ژمارە 3 و 4.

[49] هـ.س.

[50] ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەڕیتانیادا (وەرگیراوی کوردی 130 بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2005، ل 68. (سوڵتانی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەنووسێ: دەبێ مەبەست لە ڕۆژنـامەکە گۆڤاری نیشتمان، نۆرگـانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بـێ کە ژمـارەی یەکەمـی لە مـانگی پوشپەڕی (جوڵای) (1943ز- 1322ه) دەرچـووە و دوا ژمـارەی (ژمـارە 9) بە سـێ مـانگ پێش سەفەری لەمبتون بڵاوببۆوە. ڕۆژنامەی کوردستان نۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سااڵێك و سێ مانگ دوای سەفەری لەمبتون لە 15ی دیسەمبەری (1945) دا ژمارەی یەکەمی دەرچووە.

دەبێ مەبەستی گۆڤاری "نیشتمان" بێ چونکی ئەو بڵاوکراوەیە بە نهێنی دەردەچوو و "کوردستان"، بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا چاپ و بڵاودەبۆوە.

لەڕووی پەیوەندیشەوە کۆمەڵەی (ژ- ک) تەنیا پەیوەندی گرتووە بە کاربەدەستان و ئەفسەرانی سوپای سۆڤییەت کە لە ئێران و بەتایبەت ئەوانەی لە کوردستان بوون، نە تەنیا هیچ شوێنەوارێك لەبەردەستدا نییە کە ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی بە ئینگلیزییەکانەوە گرتبێ، بەڵکو هەڵوێستی نەیارانەشی بەرامبەر بە وڵاتە هەبووە[51] و بە پێچەوانە لەلایەن کۆمەڵەی (ژ- ک) خۆپێشاندان ڕێك دەخرێ بۆ پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە بەرژەوەندی سۆڤییەت، هەڵکردنی ئاڵای سوور لە ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا و بەرزکردنەوەی وێنەی لێنین و ستالین لەلایەن کوردانەوە و بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" لە چەندین شوێنی کوردستان کە تێیدا بە ئاشکرا کەسایەتی بە گریمانی سۆڤییەت دەوری ڕزگارکردنی کوردستان لە دیلی دەگێڕێ و پرسکردن بە نوێنەرانی سۆڤییەت کەچی بکەن و چی نەکەن و داواکردن لێیان کە نوێنەرێکی خۆیان بۆ ڕێنوێنکردن و یارمەتیدانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بنێرن و چەندەها چاوپێکەوتنی نوێنەرانی (ژ- ک) لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤییەتی[52] و تەنانەت داواکردنی هەیئەتی ناوەندی (ژ- ک) کە دەوڵەتی کوردستان وەك برای کۆمارەکانی سۆڤییەت پەسەند بکرێ و بە ئەندامیەتیی یەکیەتیی سۆڤییەتی مەزن وەربگیرێ[53].

ئەم فاکتانە پتر جێگای شك و گومان ناهێڵنەوە کە (ژ- ک) لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم دوو دەوڵەتە بە تەواوی بەلای سۆڤییەتیدا داشکاندووە و ئەوە چ لە ڕووی پراگماتیست بوونی ڕێبەرانی (ژ- ک) بێ کە بوونی هێزەکانی سۆڤییەتی لە ناوچەکەدا وەك ئەمری واقع لێك دابێتەوە و چ لە ڕووی ڕوانینی کەسانێکی نێو ڕێبەری (ژ- ک) بێ بۆ سۆڤییەت وەك هێزێکی پشتیوان و ڕزگاریدەری گەلان و دۆستی نەتەوە بن دەستەکان، لە واقیعی بایەخپێدانی و مەیلی (ژ- ک) بۆ سۆڤییەت کەم ناکاتەوە.

---

[51] بۆ وێنە: لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی (ژ- ک) کە بۆ کاربەدەستانی یەکیەتیی سۆڤییەت نێردراوە، تێیدا هاتووە: لەلایەن سەفارەتی ئینگلیزەوە لە بەغداد گۆڤارێك بە ناوی "دەنگی گێتی تازە" لە 48 پەڕ و 96 لاپەڕاندا بڵاودەبێتەوە. سەفارەتی ئینگلیز ئەو گۆڤارە بە پۆست بۆ سەرۆك عەشیرەتە کوردە ئێرانییەکان دەنێرێ، کە ژمارەیەکی کەم دەیخوێننەوە، ئینگلیسەکان لەم ڕوانگەوە کە کوردەکانی عێراق ئۆرگانی ئێمە "نیشتمان" دەخوێننەوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی "دەنگی گێتی تازە" (بەشێك لە ڕاپۆرتی نێردراو لە ئێرانەوە بۆ "گ.م دیمیتروف" سکرتێری کۆمینتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەت لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف لە 17ی ئۆکتۆبەری 1945، ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژوییەکانی سەردەم (ف 17/ ئو 128/ د 44/ ل 73- 79) وەرگیراو لە: حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، س.پ، ل 77. هەروەها کۆمەڵە لە بەندی 8ی نامەکەیدا کە بەهۆی ئیدارەی مەحەلیی شاری مەهاباد لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی 1322- 1943دا ئاراستەی مستەفا بارزانی کردووە، دەڵێ: "لەهەمووی موهیمتر پێویستە بە سوڕەتێکی مستعجل استشهادی خۆتان بەیان بکەن بە خصوصی ڕای ئینگلیس بەرامبەر ئەوڕەی ئێوە، گفتگویان لەگەڵ ئێوە چییە چونکە ئێمە ئەزانین بە تصادف نابێ ئینگلیس لەم ئەورەیەدا بێ دەخڵ بێ". (مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵگەنامەی ژمارە 1، ل 448- 449). ، ڕاپۆرتی ژمارە 10، 9تا 19ی جوونی 1945، جی، و، دال، ل 138). لە ڕاپۆرتی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە تەورێز F0371 -45478(سەبارەت بە هەوڵی تێکدان و بەردەباران کردنی ئەکیپی "پێوەندییە گشتییەکانی بەریتانیا" کە بە نیشاندانی فلیمێك لە گۆڕەپانی شاری مەهابادا مەشغوڵ بوون هاتووە: پێشتر هیچ هەستێکی تایبەتی دژ بە بەریتانیا لە مەهاباد نەبینراوە، بەڵام ئەنجوومەنی سەربەخۆیی کورد- کۆمەڵە- بە گەرموگوڕی لایەنی سۆڤییەت دەگرێ و ئەم ڕووداوە وا هەیە لە زهنی چوارچێوەداری کەسانی تونددڕەو لە مەهاباد دا بە دژایەتیکردنی بەریتانیا

واتا بکرێتەوە. (ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، سلێمانی، 2005، ل 138.

(1) بۆ زانیاری لەسەر ئەم فاکتانە بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکیەتی سۆڤییەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، 2006، ل 103- 197. محەممەد شاپەسندی کە خۆی ئەندامی (ژ- ک) و لە کاری چاپی نیشتماندا لە تەورێز هاوکاری زەبیحی بووە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: زەبیحی بەهۆی کونسوڵگەری سۆڤییەتەوە لە تەورێز دوو نامەی بە زمانی کوردی و ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤییەت کرد. (سدیق سالح، س.پ، ل 35.

بۆ زانیاری لەسەر ئەم فاکتانە بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی یەکیەتی سۆڤییەت، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، 2006، ل 103- 197. محەممەد شاپەسندی کە خۆی ئەندامی (ژ- ک) و لە کاری چاپی نیشتماندا لە تەورێز هاوکاری زەبیحی بووە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: زەبیحی بەهۆی کونسوڵگەری سۆڤییەتەوە لە تەورێز دوو نامەی بە زمانی کوردی و ئازەری سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سۆڤییەت کرد. (سدیق سالح، س.پ، ل 35.

[53] حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، س.پ، ل 93.

ئەم فاکت و بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنێ ئەگەر نە هەموو ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) لانیکەم ژمارەیەك و بە واتایەکی تر باڵێکی نێو (ژ- ک) لە ڕوانینی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە خانەی چەپدا شوێن دەگرێ و بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هیوا و ئومێدی لەسەر پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤیەتی هەڵچنیبوو و هەر بۆیەش مەیل و سۆزی بۆ ئەم وڵاتە بە شێوازی جۆراوجۆر دەردەپڕی.

ئەگەر ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە لە دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ- ک)دا حیزبی هیوا دەور و نەخشی هەبوو و باڵی چەپی هیواش کریس کۆچێرا گوتەنی: "بە ئاشکرا کۆمۆنیستە"[54] ناتوانێ شوێنەواری لەسەر (ژ- ک) دانەنابێ. هێمن موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی (ژ- ک) و لە نووسەرانی "نیشتمان" بوو دەڵێ: "ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفیان هەبوو، ئەگەر چاوێك بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ[55].

نادری ئینتیسار[56] لەسەر ئەو باوەڕەیە گوتاری مارکسی و چەپ کە دەستی کرد بە چوونە نێو پرپارەکانی کۆمەڵەوە زیاتر لە ڕێگەی چڕبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەوە لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی عێراقدا ئەو گوتارە هاتە نێوەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵە هاریکاریی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی (رزگاری کورد)دا پەرە پێدا کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی بوو لە کوردستانی عێراقدا و مارکسی و چەپەکان دەسەڵاتیان بەسەردا کردبووو، پرپارەکانی رزگاری لەوەدا کۆدەبووەوە کە سنووردێك بۆ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و پاشکۆکانیان دابنرێ[57]. سەید عەزیزی شەمزینی جەخت لەسەر هاوکاری و هاوپەیوەندیی ئەم دوو ڕێکخراوە دەکاتەوە و دەڵێ: "کۆمەڵە و حیزبی ڕزگاری کورد کە پاشان جێگای حیزبی هیوای گرتەوە[58] هاوخەبات و هاوکار بوون، نفووز و ناوبانگی کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی ڕزگاری کورد سەرانسەری کوردستانی گرتەوە و لە ژێر ئاڵاکەیاندا زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، لاوان و ڕووناکبیران و چەپەکان کۆبوونەوە[59].

بە پێچەوانە ڕوانگەی وا هەیە کە کۆمەڵەی (ژ- ک) بە ڕێکخراوێکی ڕاست و پارێزگار پێناسە دەکا: " بیروباوەڕی کۆمەڵە لە سەرەتا لای دامەزراندنییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی لەسەر دەستی قازی محەمەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازیی ڕاستڕەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسوڕانی وەك ڕێکخراوێکی ڕێفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندووە[60]. ئەگەر مەرامنامەی ئیسلامیی کۆمەڵەی (ژ- ک) بەهۆکاری ڕاست بوونی ئەم ڕێکخراوە دابنرێ ئەوە دەبێ بگوترێ کە زۆر ڕەوت و ڕێکخراوی سیاسی هەبوون، کە جەختیان لەسەر پابەندبوونیان بە ئایینی ئیسلام لە بەرنامەکەیاندا کردووە و تەنانەت ناوی ڕێکخراو و حیزبەکەیان پاشگری ئیسلامی هەبووە، بەڵام پلان و تێڕوانینی چەپیان بۆ ئابووری هەبووە و سۆسیالیزمیان وەك ڕێگە چارەی

---

[54] کریس کوچرا: جنبش ملی کرد، ت: ابراهیم یونسی، تهران، 1373، ص 170.

[55] هێمن موکریانی: س.پ، ل 47.

[56] نادری ئینتسار: پرۆفیسۆری بە ئێرانی ڕەگەز لەبواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی ئالاباما لە ئەمریکا. (نادر ئینتیسار: ئینتونەتەوایی کورد، و: عەتا قەرەداخی، سلێمانی، 2004، ل 8.

[57] نادر ئینتسار: س.پ، ل 46.

[58] حیزبی رزگاری لە شوباتی (فێبریواری) 1945 دامەزرا. (مەهدی محەممەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 194501958، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005، ل 104.

[59] د.عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ4، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006، ل 318.

[60] فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، 2012، ل 42.

دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە[61] عەباسی وەلی[62] پێی وایە: "نێوەڕۆکی ئایدۆلۆژیی کۆمەڵەی (ژ- ک) زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی- ئابووریی پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو و نیشتمان زۆرتر دەپڕژایە سەر نایەکسانیی کۆمەڵایەتی نێوان هەژار و ساماندار لە کۆمەڵگەی کوردی و ململانێی هەژاری و لەبیرکرانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەتایبەتی جوتیاران لەگەڵ کۆکردنەوەی سامان و داهات لە دەستی خاوەن مولکەکان و بازرگانان[63]. ئەم هەڵوێستانەی کۆمەڵەی (ژ- ک) دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم چین و توێژانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان وەخۆبکەون و هەوڵ بدەن حیزبی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێن کە لەگەڵ دژکردەوەی (ژ- ک) بەرەوڕوو دەبن[64].

لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان کە تێیدا سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی و پەیوەندییەکانی عەشیرەیی لە ناوچە گوندییەکاندا زاڵ بوو، کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ یەکەم جار ڕچەشکێنی دەکا و لە بەرنامەکەی خۆیدا ڕایدەگەیەنێ: کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ پێشخستن و سەرخستنی کورد لە شەقامی شارستانیەتی (تمدن)دا بە هەموو هێز و توانای خۆی تێ دەکۆشێ تا بەیارمەتیی خوا ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت و عەشیرەتبازی کە سەرچاوەی هەموو چارەڕەشی و بەسەرهاتێکی تاڵ و گرینگ (سختە) بێنێتە دەر[65]. هەروەها ئەو چین و توێژانەی وەك ئاغا، شێخ، سەرۆك عەشیرەت و مەلا نەیاندەتوانی بێنە ڕێزی ڕێبەری (ژ- ک). بێجگە لەمانە کۆمەڵەی (ژ- ک) یەکەم ڕێکخراوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پروپاگەندەی

---

[61] بۆ وێنە هەر لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ- ک) لە ئێراندا ڕێکخراوێك لە ساڵی (1943) بەناوی "بزاڤی خواپەرەستانی سۆسیالیست" دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام هەبوو و پێیان وابوو لەوێڕا کە ئیسلام لە نێوەڕۆك و دەروونی خوێدا دینێکی دادپەروەر و لە ئەساسدا ئامانجی دابینکردنی دادپەروەری و کەرامەت و ئازادی و پێگەیشتوویی مرۆڤە، کەوابوو دەبێ لە هەر زەمەنێکدا گونجاوترین ڕێگە بۆ دۆزینەوەی پێکگەشتنیان بگرینە بەر و لە سەردەمی ئێمەدا سۆسیالیزم باشترین فۆرمە بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی هەر بۆیە نابێ موسوڵمانەکان لە گرتنە بەری ئەم چارەسەرییە گومانیان هەبێ (بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە: (محمود نکوروح: نهضت خداپرستان سوسیالیست، تهران، 1377). بە دروستبوونی حوسینیەی ئیرشاد لە ئێران لە دەیەی (60) دیاردەیەك بە ناوی عەلی شەریعەتی دەرکەوت کە بە ئیدئۆلوگی شۆڕشی ئیسلامی ناو دەبرێ، بیر و ئەندێشەی شەریعەتی پێکهاتەیەك بوو لە ئیسلام، مارکسیزم و ئیگزیستیانیسالیزم کە بواری ڕەخساند بۆ پەرەسەندن و بەهێزکردنی بنەماکانی فکری- کولتوری خوێندنەوەی چەپ و ئیسلام کە لە ئەنجامدا بەناوبانگترین ڕێکخراوی چەپی ئیسلامی بەناوی موجاهیدینی گەلی ئێران پێك هات، کە تێکەڵاوێك بوو لە ئەندێشەکانی ئیسلامی لەگەڵ مارکسیزم بەخوێندنەوەی حیزبی تودە (سامان رجائی: نگاهی به ریشه‌های چپ مذهبی، نشریه راه آزادی، ژمارە 59، ل 21). ڕێکخراوی موجاهیدینی گەل کە لە ساڵی (1945) لە ئێران دامەزرا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پاش ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، شۆڕشگێران کۆتایی بە بەستراوەیی ئێران بە ڕۆژئاوا دێنن و هەوڵ دەدەن بۆ ئابووریکی سەربەخۆ، ئازادیی بەیان، سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان و بە کورتی و بە پوختی دامەزراندنی سیستەمێکی بێ چینی تەوحیدی. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگە و هەڵوێستانە ئەوەندە لە بیروبۆچوونی ڕێکخراوی چریکە فداییەکان کە ڕێکخراوێکی مارکسی- لینینی بوو نزیك بوو کە ڕژێمی پەهلەوی ڕێکخراوی موجاهیدینی بە مارکسیستە ئیسلامییەکان ناو دەبرد. (یرواند آبراهامیان: ایران بین دو انقلاب: م.ص، ص 607).

[62] عەباسی وەلی: لەدایکبووی (1949) شاری مەهاباد، بڕوانامەی ماجستێر لە زانکۆی (کیل)ی بەڕیتانی و تێزی دکتۆراکەشی لە زانکۆی لەندەن وەرگرتوە. بڕوانامەکانی لە بواری زانستی سیاسی دایە و ساڵەکانی (1983- 1986) لە زانکۆی لەندەن مامۆستا بووە و لە ساڵی (1986 تا 2004) مامۆستای زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی وێڵز و پڕۆفسۆری میوانیشە لە بەشی کۆمەڵناسی و زانستی زانکۆی (بوغازیچی) ئەستەمبوڵ (گۆڤاری گزینگ: ژمارە 12، ستۆکهۆڵم،1992، ل 8).

[63] عباسی وەلی: ناسیونالیزم کرد در ایران دەورە تکوینی 1942- 1947)، ت: رشید احمد رش، نویسیا، گاهنامه سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شمارە 2، ص 172.

[64] هەژاری موکریانی لەم بارەیەوە دەنووسێ: "جارێك خەبەریان هێنا، کە دەوڵەمەندی شاری حیزبی خۆیان لە دژی ئێمە دروست دەکەن و شەو لە مزگەوتی سەید نیزام کۆدەبنەوە. قەرار درا لێیان تێکدەین، بەڵام نەش دەبوو بناسرێین. حوسێنی سەرۆکمان (فروهەر) پاش کێشە و هەرای زۆر ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی. ئەو بەجلێکی گوڕاو و دەم هەڵپێچراو لە مزگەوت چووبووە ژوور و دەمانچەی دەرهێنابوو کە واو واو... لێکراوینە ڕۆح بۆ کوێ دەبەن؟ ئەو هەموو دەوڵەمەندە قەڵەوانە وەك جندۆکەی بسمیلا لێکرا و هە ئەوەندەیان بۆ کرا لە پەنجەرەوە بازبدەن و خۆ دەربازبکەن (هەژار: چێشتی مجێور، س.پ، ل 68).

[65] دیاریی کۆمەڵەی (ژ- ک)، بۆ لاوانی کورد (1323- 1943).

بۆ چاکسازی لە بارودۆخی ژیانی جوتیاران کرد و هانی ژنانی داوە بۆ هاتنە ڕێزی خەبات و نەهێشتنی نایەکسانی ڕەگەزی[66].

بەڕای ئێمە ڕێکخراوێك بە گرتنە پێشی شێوازێکی نوێی خەبات[67] و بەگژداچوو بە سیستەمی کلاسیکی و نۆرم و بایەخەکانی نەریتی کۆمەڵگە لەلایەك و لەلایەکی دی بە هێنانی ژنان بۆ نێو ڕیزی خۆی و بە دوور خستنەوەی ڕێبەرانی نەریتی کە هەنگاوێکی گرینگن بۆ بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگە، ناتوانرێ بە نەریتپارێز پێناسەبکرێ. گرنگی ئەو هەنگاوانەی کۆمەڵەی (ژ- ک) بۆ هەڵتەکاندنی سیستەمی کلاسیکی و نەریتی کاتێك زەقتر دەردەکەوێ کە بە قوڵایی کۆنەپارێز بوونی کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان ئاشنابین[68].

بەهۆی ئەم هەڵوێستانەی بوو کە کۆمەڵەی (ژ- ک) لەلایەن چین و توێژە نەریتپارێز و باڵادەستەکانی کۆمەڵگە بە توندی هێرشیان دەکرا سەر و بە کۆمۆنیست و لەدین وەرگراوە دەناسران و (ژ- ک) لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا ناچاربوو کە ڕووبکردنەوە بدا و بڵێ: "چەند کەسێك لەم بێ مێشکانە کە کتێبی دیاری و ژمارەی یەکەمی "نیشتمان"یان خوێندبۆوە و لایەنگیری و تمایلی ایمەیان بەلای حکومەتی سووەتدا دیبوو، گوتبوویان آرمانی کۆمەڵەی (ژ- ک) بڵاوکردنەوەی مەسلەك و باوەری کۆمونیزمە، ئەم قسەیە بێشك لە سەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان آو ئەخواتەوە، دەنا ایمە کۆمونیست نین و ئەگەر کومونیستیش بین جێگای هیچ اعتراضێك بۆ خەڵك نییە[69].

بێ گومان کەسانێك لەنێو ڕێبەریی (ژ- ک)دا هەبوون کە ئایدۆلۆژی مارکسی-لینینیان هەبووبێ، بەڵام ڕێباز و سیاسەتی گشتیی کۆمەڵەی (ژ- ک) کۆمۆنیستی نەبووە و

---

[66] بۆ وێنە لە شێعری ئاخافتنی خوشك و برایان، برایەك هانی خوشکی دەدا کە نابێ دیلی و ژێر دەستی تەحەمموڵ بکا چون ئەوانی تر کە مەبەستی کچانی یەکیەتی سۆفیەتییە ڕزگاربوون و ئەو هێشتا لە ژێر چارشێو دایە.
براکان:
دیدە گیان: کچە کوردی ژیکەڵە داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە
"لەنین" هەڵسا ظلمی "چار"شێوا تۆ هێشتا حەپسی لە ژێر چارشێوا (نیشتمان: ژمارە، 3 و 4) شیعری م.ش. هێمن

[67] لە هەمان ژمارەی نیشتماندا (3 و 4) بە ناساندنی حەیران خانمی دونبلی لە ژێر ناوی "ژنێکی بوێری کورد و چاپی شیعرێکی ناوبراو، لە مایەی دڵداریدا، سەرکەوتنی ژنی کورد لە بواری شێعردا دەسەلمێنێ. ئەوەی جێگای سەرنجە ئافرەتانی کورد ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لە چالاکییەکانی کۆمەڵەدا بینیوە، ڕابەرانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراقدا هەوڵی پێکهێنانی لقێکی ئافرەتانیان داوە، لەم بوارەشدا ناهیدە شێخ سەلام و نەعیمە ئەحمەد (خوشکی برایم ئەحمەد) دەورێکی باڵایان بینیوە و توانیویانە کاروباری لقەکە بەڕێوەببەن و ژمارەیەك لە ئافرەتان لە دەوری کۆمەڵەدا کۆبکەنەوە، لەو ئافرەتانەی کە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کاریان کردووە (زەکیە بابان، لوتفیە مەلا سدیق، فەخریە خان، حەلاوە خانی کچی شێخ مەحمود، شەفیقەی خێزانی جەمال خەفاف و شەفیقە سەعید و فاتمەی حەمەی سالّە سوور و کەتان خان بوون. (مەهدی محەممەد قادر، س.پ، ل 69 و ناهیدە شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەکردنی چیمەن سالّح، هەولێر، 1999، ل 31- 33).

[68] کۆمەڵەی (ژ- ک) شێوازی خەباتی چەکدارانە کە میتۆدێکی نەریتی کوردان لە ڕابردوو و لەهەموو بەشەکانی کوردستان بوو وەلا دەنێ و گرینگی بە خەباتی فەرهەنگی و بردنە سەرێی پلەی وشیاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵ دەدا. مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی (ژ- ک) لەم بارەیەوە دەڵێ: بزاڤی چەکداری تەنیا زمانێك تەئیید دەکرا کە هەم پلەی فەرهەنگی گشتی تا ڕادەی پێویست چووبایە سەرێ و ڕێکخراویش ئەوەندە بەهێز بایە و پەیوەندی لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گەورە ئەوەندە بایە کە لەیەك کاتدا و هاوئاهەنگ لە کوردستانی ئێران- عێراق- تورکیە- سووریە، ڕاپەڕین دەستی پێکردبا، چونکە ئەوش ئامانجێکی زۆر نزیك نەبوو، زۆری خۆ پێوە ماندوو نەدەکرا (سەید محەممەد سەمەدی: س.پ، ل 14). لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان"دا کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانە هەڵوێستی خۆی ئاوا بەیان دەکا: زۆر کەس وا لێك ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و بە نیروی چەك لە دیلی ڕزگار بکرێ، بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵەچوون و ڕێگای ڕاستییان لێ ون بووە و ئەبێ کورد بزانێ ایمرو تفەنگ لە چاو گوللەپژین و تۆپ و فرۆکە و تانك و ... تۆقتۆقەیەك زیاتر نیە. تەنیا ڕێگەیەك ئەبێ بەرەو سەربەستی بێ یا بڕوا، شەقامی شارستانیەتیە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە نێو مێرگی ئازادی و سەربەستی (نیشتمان: آمانجی ئێمە، ژمارە 1، سالّی یەکەم، پوشپەڕی 1322، جوڵای 1943).

[69] مەلا قادر مودەریسی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ك) بەم چەشنە باس لە کەش و هەوای زالّی کۆنەپارێزی ئەو سالّانە لە کوردستاندا دەکا: "بەو مەرجەی دەنگیان بە نوێنەری پەرلەمان دەدا کە هەوڵ بدا تەنیا مەکتەبی ناوەندی لە شاری مەهاباد دابخرێ" (سەید محەممەدی سەمەدی، س.پ، ل 10). شانۆی "دایکی نیشتمان" کە وەك خالّی وەرچەرخان لە یادەوەریی خەڵکی کوردستان مایەوە، نەیتوانی ئەکتەرێکی ژن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕۆڵە پەیدا بکا و هەموو ئەکتەرەکان پیاو بوون و تەنانەت هەندێك لە ئەکتەرە گەنجە پیاوەکان لەلایەن باوکە سامانداڕەکانیان بەرگیرییان لێ دەکرا چون بەچاوی سووك سەیری ئەو چالاکیانەیان دەکرد و پێیان وابوو لەگەڵ پێگەی بەرزی چینایەتیی ئەوان ناگونجێ و ئەوە دەبوو مندالّانی سەر بە چینەکانی خوارەوە پێی هەڵستن (شهرزاد مجاب: زن و ناسیونالیسم در جمهوری 1946، نویسیا، م.ق، ص 89.

[69] نیشتمان: ایمە و مردم، ژمارە 2، خەزەڵوەری 1323.

ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئەم ڕێکخراوە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و تێڕوانینی بۆ کێشە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕەوتێکی ڕاست و نەریتپارێز دابنرێ و ئەگەر بوونی دوو باڵ و دوو تێڕوانینی (چەپ و ڕاست) لە نێو (ژ- ک)دا بووبێ، وادەردەکەوێ کە باڵی چەپ دەستڕۆیشتووتر بووە[70] و ئەوە لە گوتار، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی (ژ- ک)دا بە زەقی دەردەکەوێ. هەڵبەت ئەو ناکۆکی و جیاوازییە لەسەر لایەنگری لە ڕادیکالیزمی ئابووری- کۆمەڵایەتی بووە و بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە ڕێباز و ستراتیژیی کۆمەڵە لە هەمبەر کێشەی نەتەوەیی گرتبێتەوە.

تەوەری دووهەم: حیزبی دیموکراتی کوردستانو یەزموونی پراکتیزە کردنی بەرنامەکەی

باسی یەکەم: حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (1945):

لە ڕێکەوتی 1ی خەزەڵوەری ساڵی 1324ی هەتاوی بەرامبەر بە 24ی ئۆکتۆبەری (1945 ی ز)دا حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دامەزرا[71]. ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵك و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و هەوەل کۆنگرەی لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، کەچی حیزبی دیموکرات هەموو ساڵێ بۆ یادی دامەزراندنی خۆی لە ڕۆژی 25ی گەلاوێژ (16 ئووت)ی 1945 ئاهەنگ دەگێڕێ. هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بە درێژەی کۆمەڵەی (ژ- ک) دادەنێ و (ژ- ک)یش وەکوو خۆی لە ڕۆژمێرەکانیدا نووسیویەتی لە 25ی گەلاوێژ (ئووت)دا دامەزراوە[72]. لە ڕاستیدا هەروابوو، چون (ژ- ک) هەرەسی نەهێنا و لەبەریەك هەڵنەوەشا، بەڵکوو هەژاری موکریانی گوتەنی: "حیزبی دیموکرات لەسەر داروپەردووی (ژ- ک) دامەزرا[73] و تەنیا لە کادری ڕێبەریدا ئاڵوگۆڕ پێکهات[74]. ڕۆژنامەی کوردستانیش ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

---

[70] د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی کە زاوای قازی محەممەدە و کەم و زۆر شاهیدی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە دەڵێ: "زۆربەی ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) (کە قازی موحەممەد لەگەڵیان نەبوو) هەر لە سەرەتاوە مەیلیان بەرە چەپ بوو، لەوانەشە لایەنگری حیزبی تودە بووبن. ئەبریشەمی ناوی پێنج کەس لەمانە دەبا کە بریتی بوون لە (عەزیز زەندی، حوسێن فروهەر، محەممەد نانەوازادە، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، غەفوور مەحمودی. لەم پێنج کەسە عەزیز زەندی سەرۆکی حیزبی ئازادی و فروهەر و زەبیحی سەرۆك و سکرتێری کۆمەڵەی (ژ- ک) بوون. (د.عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشم‌انداز، ویژەنامە، نشریه سیاسی- راهبردی شماره 3، 1383، ص 172).

[71] گۆڤاری کوردستان: بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە 1، 15 سەرماوەزی 1324، 6 دیسەمبەری 1945، ل 11.

[72] نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا)، چاپی دووەم، هەولێر، 1993، ل 86. لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی (ژ- ک) و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەشێك لەو بۆچوونانە وەك د.قاسملوو هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کۆمەڵەی (ژ- ک) ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و داخراو و نەهێنی بوو و ڕووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەدەکرد و وەڵامدەری و وەزعی تازەی کوردستانی ئێران نەبوو. هەر بۆیە دەبوو بەهۆی ئەو هەڵومەرجە نوێیە کە لە پاش سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا و جێگربوونی ئازادییە دیموکراتییەکان لە ئێران پێك هاتبوو، زەمینەی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە حیزبێکی پێشەنگ کە پێویستی مێژوویی و وەڵامدری ڕۆژگاری نوێی بێ بێتە ئاراوە (د.قاسملو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 32). بەپێچەوانەی ئەوە بۆچوونی دیکە هەیە کە ئەم ئاڵوگۆڕەی بەهۆی فشاری سۆڤیەتییەکان دادەنێ و بەتایبەت لە گەشتی دووهەمی ڕێبەرانی (ژ- ک) بۆ باکۆی دەگەڕێنێتەوە. هەژاری موکریانی لەم بارەیەوە دەڵێ: "ڕوس لە ناوی (ژ- ک) ڕازی نەبوو چونکە حیزبەکە بۆ ئازادی هەموو کوردستان تێدەکۆشێ و ئینگلیز و تورك تووڕە دەکا و دەبێ داوای خودموختاری لە ئێران بکرێ (هەژاری موکریانی: س.پ، ل 72) حامید گەوهەری دان کە چیتر هیوایان بە سەرکەوتنی (ژ- ک) نەبێ و باشترە حیزبی دەڵێ: " باقرۆف لە دیدارەکانیدا لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) هانی دیموکرات دابمەزرێنن کە لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێراندا بۆ دیموکراتیککردنی ئێران هەوڵ بدەن (حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، س.پ، ل 116). هەندێك مێژوونووسی سۆڤیەتی وەك "م. ا. حەسرەتیان" و "ژیگالینا" هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی (ژ- ک) بۆ ناکۆکی لەنێوان ڕێبەرانی (ژ- ک) و بە واتایەکی دی باڵی چەپ و ڕاست دەگەڕێننەوە (م. س. لازاریف و دیگران: تاریخ کردستان، ت: منصور صدقی و کامران امین اوه، کلن، 2007، ص 222) بە وتەی دیڤید مەك داوڵ: کوردەکان بە ناچاری قبوڵیان کرد کە حیزبی دیموکراتی خۆیان دابمەزرێنن (دیڤید مەك داوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2002، ل 499)، هەردوو زلهێزی ئەو کاتی جیهان واتە سۆڤیەت و بەریتانیا لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی پێکهاتوو و لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەبوون و ئەمەش لەگەڵ ستراتیژی (ژ- ک) کە بەرنامەیەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بوو نەدەگونجا و سروشتی بوو کە هەوڵ بدرێ بۆ گۆڕینی ڕێبازی (ژ- ک) واتە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا.

[73] هەژاری موکریانی: س.پ، ل 72.

[74] هێمن موکریانی: س.پ، ل 50.

ڕاپۆرتێکی لەسەر بەڕێوەچوونی جەژنی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات لەژێر ناوی "جێژن و چراخانی" لە ماڵی قازی موحەممەد لە ڕۆژی 25ی گەلاوێژ 1325 (16ی ئووت 1946) بڵاوکردۆتەوە[75].

حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرانی خۆی بە بەیاننامەیەکی کوردی- فارسی ڕاگەیاند، بەیاننامەکە زیاتر لە حەفتا کوردی[76] ناسراو ئیمزایان کردبوو و لە هەشت بەندا گەڵاڵەکرابوو.

هەشت بەندەکە ئەمانە بوون:

1- نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێراندا بۆ هەڵسووڕانی کاروباری مەحەلیی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.

2- مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبی و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردییەوە بەڕێوەبچێ.

3- لەسەر بناخەی قانوونی ئەساسی ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان بە ڕوونی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاوەدێرییان بەسەردا بکا.

4- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

5- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن ملکدا ڕێککەوتنێک پێکبهێنرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ.

---

[75] لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: " ڕۆژی 25ی گەلاوێژ بەبۆنەی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر هەیوان و حصاری عمارتی پێشوا جێژنێك گیرابوو، لەم جێژنەدا تەواوی اهالی شیرکەتیان کرد و شیرینات و چا و و میوەجاتیان مصرف کرد، جێژن لە ساعەتی 1ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد و دەوروبەری عمارەتی پێشوایی بە الای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای معظم ڕازابووە و شەوێ سەعات حەوت بەرنامەی جێژن دەستپێکرا و بە بۆنەی ئەم جێژنە لەلایەن ئاغایان: عەلی خوسرەوی، سەید محەممەد طەزادە، دڵشاد ڕەسوڵی، سید محمد حمیدی، جعفر کریمی، ووردی، صدیقی، سید عبدالله طه زاده، عثمان دانش، محمدامین قادری، کاك محمدامین شرفی و .. نوطق و مقالات و ئەشعار خوێندرایەوە و دەنێوان نوطقەکانی دا بێوچان موزیکی میللی و سروودی میللی کوردستان دلی حاضرانی فینێك دەکرد و جێژن لە ساعەت 12 زۆر بەخۆشی کۆتایی هات (کوردستان: ارگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان: ژمارە 79، ساڵی یەکەم، 29ی گوڵانی 1325، ل 1) بەڕێککەوت نیە کە زەبیحی لەسەر کاریگەریی ئەم سێ حیزبە لەسەر یەکتری دەڵێ: "هەر سێ (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە ڕاستیدا یەك حیزبن، بەڵام لە سێ هەلومەرجی جیاوازدا دامەزرێندراون (عەبدولڕەحمانی زەبیحی: وەڵامێکی بەڕێز ئارچی ڕۆزقیڵت، گۆڤاری ئاینده، ژمارە 41، ل 48).

[76] ئەم حەفتا کەسە بریتی بوو لە: مەلا سەید عەبدوڵڵا (ڕۆحانی)، مەلا حوسێنی ئەمیری (ڕۆحانی)، محەممەد ڕەسوول زەکەوی(ڕۆحانی)، نووری بەگ (ڕەئیسی عەشایر)، مارف ئاغا (ڕەئیسی عەشایر)، عومەرخانی شکاک(ڕەئیسی عەشایر)، شێخ عەبدولقادر(ڕەئیسی عەشایر)، عومەرئاغا جەلالی (ڕەئیسی عەشایر)، کەریم ئاغا قمقەلعە (ڕەئیسی عەشایر)، ئیبراهیم ئاغای مەنگور(ڕەئیسی عەشایر)، ڕەشید جەهانگیری (ڕەئیسی عەشایر)، عەلی مانقور (ڕەئیسی تایفە)، حەسەن چنارە (ڕەئیسی تایفە)، جەعفەر هەنارە (ڕەئیسی تایفە)، غەنی خوسرەوی (ڕەئیسی شەهرەدار)، عەباس ئاغا فەنەك (ڕەئیسی تایفە)، عەزیز سادقی (مالیک)، محەممەد حوسێن سەیفی قازی (مالیک)، عەبدولقەدیر جەعفەری (مالیک)، یوسف شەریفی (مالیک)، قەدیر شەریفی(مالیک)، نەجیب شەریفی(مالیک)، حەسەن جەلالی(مالیک)، مەناف کەریمی(مالیک)، ئیبراهیم ئیبراهیمیان(مالیک)، کاک هەمزە (تایفەی مەنگور)، کاک حوزێر (مالیک)، کاک هەمزە (تایفەی مامەش مالیک)، کاک عەبدوڵڵا (مالیک)، قاسم ئاغای ئیلخانیزادە(مالیک)، مامەند قەدیری (ڕەئیسی تایفە)، مەعروف قەدیری (مالیک)، حوسێن مەعروفی(مالیک)، محەممەدئەمین بایەزیدی (مالیک)، گوڵاوی بایەزیدی(مالیک)، پیران ئەمیرعەشایری (مالیک)، قەدیر مامەندپوور(مالیک)، سەلیم ئەمیر عەشایری(مالیک)، عەبدولئیلا عەزیزی (مالیک)، تاران زەرزا (ڕەئیسی تایفە)، محەممەد ئەمین عەشایری مافرا (مالیک)، کاک هەمزە عەزیزی(مالیک)، مەعروف بەرزنجی(مالیک)، ڕەحیم حوسێنی (مالیک)، سەید عەلی حەسەنپوور(تاجر)، حاجی مستەفا داودی(تاجر)، ئەحمەد وەلیزادە(تاجر)، سەعید سەلاحیان(تاجر)، سادق حەیدەری(تاجر)، حەمید بلوریان(تاجر)، قاسم مەتی(تاجر)، محەممەدخەلیل خوسرەوی(تاجر)، ئەحمەد ئیلاهی(تاجر)، هاشم یوسفی(تاجر)، حەمید حەمیدی(تاجر)، ئیسماعیل شەریفی(تاجر)، قەدیر کەریمی(تاجر)، عەلی ڕێحانی(تاجر)، خدر سەیدنیزامی(تاجر)، محەممەدئەمین شەرەفی(تاجر)، حاجی عەلی دباغی(تاجر)، سەید محەممەدی حەمیدی (موستەخدمی دەوڵەت)، محەممەدی یەحیایی (موستەخدمی دەوڵەت)، سوڵتان وەتەمیشی(موعەلیم)، ڕەحیم سەید محەممەد تەقیزادە(دەوافرۆش)، مستەفا سوڵتانیان(مهەندیسی فەلاحەت)، ڕەحیم لەشکری(معەلیم)، محەممەدئەمین موعینی(کارێژدار)، حاجی ڕەحیم شیربەگی(تاجر). (حامید گەوهەری، کۆماری کوردستان، هەولێر، 2011، 125- 126).

6- حیزبی دێموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ کە لە خەباتدا بە تایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتییەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆرییەکان و ئەرمەنییەکان و هی دیکە؛ یەکیەتی و برایەتییەکی نەپراو پێک بهێنێ.

7- حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و باشتر کردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە سوودوەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگایەدا تێ دەکۆشێ.

8- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوری و پێشخستنی نیشتمانی خۆیان.

لە ڕۆژی 2ی خەزەڵوەری (1324) (25 ئۆکتۆبەر 1945) حیزبی دیموکرات یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری مەهاباد بەڕێوەبرد. بەشداربووانی کۆنگرە بریتی بوون لە نوێنەرانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە[77] کە لە چەندین شار و ناوچەی کوردستانەوە هاتبوون. کۆنگرە ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی هەڵبژارد و مەرامنامەی حیزبی پەسەند کرد[78].

---

[77] ماکو و ئارارات: ئاغای عومەر خانی جلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای شێخ کەی، حەسەن ئاغای دڵایی، ئاغای عەبدوڵڵائاغای مەلان، ئاغای فەخری 2- سۆما و برادۆست و دەشتی مەرگەوەر: ئاغای عومەرخانی شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس ئاغای فەنەک، ئاغای قوێتاسئاغای مامەدی، ئاغای حاجی وەتمان، ئاغای شێرۆ، ئاغای حەسەن تیلۆ، ئاغای تەمەرخان، ئاغای مراد، ئاغای نوورکو، ئاغای زبێد، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەیدعەبدوولا ئەفەندی 3- شنۆ: ئاغای موساخانی زەرزا، ئاغای قەرەنیئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەممەد، ئاغای کاک هەمزە. 4- سندووس: ئاغای ئەحمەدی کاخدر، ئاغای قاسمئاغای پیرۆتی، ئاغای محەممەدئەمین ئاغای پیرۆتی 5- لاهیجان: ئاغای عەبدوڵڵائاغای قادری، ئاغای کاک مامەند قادری، ئاغای کاک حوسێن محەممەدی، ئاغای پیرۆت ئاغای عەشایری، ئاغای محەممەدئەمین ئاغای پیرۆتی 6- پیران: ئاغای محەممەدئەمین ئاغا، ئاغای قەرەنیئاغا 7- میاندواو: ئاغای محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی 8- بۆکان: ئاغای عەبدولڕحمن شەرەفکەندی، ئاغای ڕەشید عەلیزادە. (نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، س.ث، ل 83- 84).

[78] تێکستی تەواوی مەرامنامەکە بەم جۆرەیە:

فەسڵی یەکەم:

1- ناوی حیزب: حیزبی دیموکراتی کوردستانە

2- حیزب لەسەر ئەم بناغانە دامەزراوە، حەقیقەت، عەدالەت، تەمەددون. هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسەندکرانی لەلایەن کۆنگرەوە جێبەجێ دەکرێن.

3- قەڵەم و گوڵەگەنم بۆ عەلامەتی حیزب قوبوڵ کراوە.

فەسڵی دووەم:

4- لە قۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حیزب بریتییە لەوەی کە لە نێو سنورەکانی دەوڵەتی ئێراندا، پارێزگاری مافەکانی کورد بکا و بۆ جێگیرکردنی ڕێگەی خودموختاری هەڵبژێرێ. لەهەموو ئەو ئەیالات و ولایاتانەدا کە بە درێژایی مێژوو کوردیان تێدا ژیاوە و زەحمەتی کێشاوە. هەروەها لە کورستان دەبێ لەسەر بنچینەی دیموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی میللی و قەومی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی مافی وەکوو یەکیان هەبێ.

5- ئامانجی حیزب بریتیە لە پەرەپێدانی دیموکراسی، لەسەر ئەو بنچینەیە تێ ئەکۆشی بۆ خۆشیی مرۆڤایەتی.

6- حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نیە، بەڵام ئەو پەڕی بە ڕێگای هێمنانە تێ بکۆشێ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەشساخی و کشتوکاڵی گەلی کورد کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی چەوسێنەراندا بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داواکاری مافی خودموختاریی میللیە.

فەسڵی سێیەم:

7- هەموو مالیات و عەواریض بە شێوەی زەروری کو ئەکرێتەوە و لەسەر بنچینەی بودجە ڕێك ئەخرێ و دابەش ئەکرێ.

8- یەکەمین هەنگاوی حکومەتی میللی ئەوەیە دەس ئەکا بە ئاواکردنەوەی ولات و پەرەپێدانی ڕێکخراوەی ئابووری و سیاسی، لەبەر ئەوە ناتوانێ زیادتر لە 30%ی مالیاتی کوکراوە بە حکومەتی مەرکەزی بدا.

9- ئەبێ هەموو مەئمووراني کێشوەری و سیاسی و دائیرەکانی کشتوکاڵ کورد بن حکومەتی میللی هەرکاتێ بە پێویستی زانی ڕاوێژکارانی بێگانە بانگ ئەکا. هەموو کارەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و دادگوستەری ئەبێ بە زمانی کوردی بنووسرین و بەڕێوە ببرێن.

10- حیزب تی ئەکوشی بۆ گەشەپیدانی کشتوکال ماشین بکرێ و هەوڵ ئەدا ئەو بەروبومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن بە باشی بفرۆشی.

11- حیزب تێ ئەکۆشی بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساخی دێهات و بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچودایە، لەدێیەکەوە بۆ دێیەکی تر.

لەگەڵ ئەوەیدا کە حیزبی دیموکرات هەر لە سەر بناغەی کۆمەڵەی (ژ- ک) دامەزرا بوو، بەڵام بەرنامە 8 مادەییەکەی حیزب ئەگەر نە بەتەواوی بەڵکوو لە چەند ڕووییەکەوە لەگەڵ ئامانج و بەرنامەی کۆمەڵەی (ژ- ک)دا جیاوازی هەبوو. دروشم و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە چاو دروشم و سیاسیەتی کۆمەڵەی (ژ- ک) گەڕانەوەیەکە بۆ دواوە[79]. ئەگەریش بەراوردێك بەکەین لە نێوان ستراتیژیی کۆمەڵەی (ژ- ک) کە بریتی بوو لە وەسەریەکخستنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لەگەڵ ماددەی یەکەم و سێیەمی حیزب کە دەڵێ لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختاری دەوێ و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی لەسەر بناخەی دەستوور ئەنجوومەنی ویلایەتی کوردستان هەڵدەبژێرێ، بەڕوونی پاشەکشەی پێوە دیارە.

ماددەیەکی دیکەی ئەم بەرنامەیە کە ڕەخنەیەکی زۆری لەلایەن بەشێك لە نووسەر و لێکۆڵەران ئاراستەی کراوە، ماددەی 5ی ئەم بەرنامەیەیە کە هیچ باسێکی لە فورمووڵێکی دیاریکراو بۆ چارەسەری گیر و گرفتی دژواری پێوەندیی خاوەن زەوییەکان و جوتیارانی بێ زەوی نەکردوە. کەریم حیسامی پێی وایە: "ڕێککەوتن و پێکهاتنی لادێی و خاوەن مولکەکان کە لە ماددەی پێنجەمدا داوای دەکرێ وەك ئاشتکردنەوەی گورگ و مەڕ وایە. دیارە مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین دەبوایە داوای (دابەشکردنی زەوی و زار) بکرایە، بەڵام لانیکەم دەبوایە بۆ ڕاکێشانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی گوند بەڕوونی دارولەلەیەکی بۆ دەسەڵات و زوڵمی دەربەگەکان دانابایە"[80] مەك داوڵ، دەڵێ: "حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیتوانی لەمەسەلەی چاککردنی باری مولکایەتی هەنگاوێك هەڵبێنێ[81] کریس کۆچێرا دەنووسێ: "ئەو بەرنامەیە کە لە بنەڕەتدا بەرنامەیەکی نەتەوەییە، نیشانەیەکی لە شۆڕشگێڕ بوون تێدا بەدی ناکرێ و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی حیزبی نوێیە[82] سەید عەزیز شەمزینی پڕۆگرامی حیزبی دیموکراتی کە لەیەکەم کۆنگرەدا پەسەندی کرد داوەتە بە تیشکی ڕەخنە و لە کتێبەکەی خۆیدا کە شێوەی

12- حیزب بەبێ جیاوازیی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغی هەموو زەحمەتکێشان ئەکا کە لە کوردستاندا ئەژین.

13- بەمەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانییەت لەنێو خەڵکی کوردستاندا خوێندنی قوناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قوتابخانەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێنرێ.

14- بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی زانین و ژیان و شارستانێتی خەڵك ژمارەیەکی زۆر ناوەندی زانستیی کتێبخانە، قەرائەتخانە، کلوب، تیاتر و مەیدانی وەرزش دائەمەزرێنێ.

15- هەموو مەئمورانی کوردی کە لە ایالات و ویلایاتی دیکەدا لە ئیدارە و ئەرتەشدا کار ئەکەن ئەبێ بگەڕێنەوە کوردستان.

16- حکومەتی میللی بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی تر، لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکێتی سۆڤیەتی، دائەمەزرێ.

17- حکومەتی ناوچەیی کوردستان لەهەموو کۆنفرانسە جیهانییەکان دا کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترێن، بەپێی ژمارەی خۆی، داوای بەشدار بوون ئەکات.

18- حکومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدا بە هەرکەسێ کە بیەوێ.

فەسڵی چوارەم:

19- حکومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێگای هەرزان و ڕەحەت بە تووندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و محتکران رادەوەستێ.

20- حکومەتی میللی پەرە بە ئابووریی کوردستان دەدا و لە هەموو شارەکاندا کارگە دادەمەزرێنێ، ئەبێ دەستی گەلاوی ئیستیعمار لە سامانی سروشتی ئێمە ببڕێ، ئەبێ بۆ خۆمان سوود لەم سامانە وەربگرین و لەهەمان کاتدا سوود بە مرۆڤایەتیش بگەیەنین.

21- ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکو پیاوان مافی وەکوو یەکیان هەبێ.

22- ئەبێ مافی کەمە نەتەوییەکان کە لە کورستان دەژین وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسووری بە تەواوی دابین بکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرماوەزی (1324).

(نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان (کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا)، س.پ، ل 87، 89.

[79] کەریم حیسامی: کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟ چ2، ستوکهوڵم، 1986، ل 19.

[80] هەمان سەرچاوە، ل 22.

[81] دیڤید مەك داوڵ: س.پ، ل 501.

[82] کریس کوچرا: جنبش ملی کرد، م.ق، ص 209.

شـیکردنەوەی مارکسیسـی بـۆ ڕووداوەکـان ڕەچـاو کـردووە و پێـی وایە: ئەو پرۆگـرامە بەهـیچ چەشـنێك باسـی پەیوەندی حیزب و چینە ستەمکێشەکانی نەکـردووە و لەم بـارەیەوە نەیتـوانی هەڵوێسـتی حیـزب بەرامـبەر بە دەرەبەگەکـان و پاشـماوەی سیسـتەمی دەرەبەگـایەتی ڕوون بکـاتەوە و بەرژەوەنـدییەکانی دەرەبەگ و بازرگانەکـانی بە ئاشـکرا لە پرۆگرامـدا مسـۆگەر کردووە[83].

لەبەرامـبەردا بۆچـوونێکی دیـکە هەیە کە جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کە بەرنـامەی حیزب لەگەڵ ئاوردانەوە لە ژیـانی جوتیـارانی کوردسـتانیشـدا هەوڵ دەدا بـۆ ڕۆژگـاری ئەوسـای کوردستان ڕێگە چارەسـەرێکی مام ناوەنـدی بـدۆزرێتەوە، واتە نە لە ئاسـت ژیـان و بەڕێچوونیـان بێـدەنگی دەگـرێتە بەر و نە خـۆ لە خـانەی دروشـمێکی ڕادیکـاڵی وادا دەبینێـتەوە کە (بـۆ وێـنە دروشـمی زەوی هـی ئەو کەسـەیە کە کـاری لەسـەر دەکـا) لەو سـەردەمەدا بەکـردەوە نەیدەتوانی بەکردەوە بێتەدی و هەربـۆیە لە مـاددەی 5دا نووسـراوە: دەبـێ لەسـەر ئەساسـی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن مووڵکـدار ڕێککەوتنێـك پێکبهێنـرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ[84].

بەسـەرنجدان بە چۆنیەتیی دابەشـبوونی خاوەنـداریەتیی زەوی لە کوردسـتان[85] کە زیـاتر لە 60%ی خێـزانە جووتیارەکـان نە کەم و نە زۆر زەوییـان نەبـوو و 23%یشـیان کەمتـر لە هێکتارێکیان زەوی هەبـوو[86] لەلایەك و پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی ئەو 72 کەسـەی کە بەیاننـامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتیان ڕاگەیاند، کە بریتیی بوون لە خـاوەن موڵـك 24 کەس، سـەرۆك عەشیرەتە 16 کەس، بازاری 18 کەس، خوێندەوار و ڕووناکبیر 10 کەس، پیاوی ئـاینی واتە مەلا 4 کەس[87] لەلایەکی دی چاوەڕوانی نەدەکرا بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان هەنگـاوی جیـددی بـۆ بـاری موڵکـایەتی هەڵبگـرێ. مـاددەی 5ی بەرنـامەی حیـزب ئەو پەڕی زەرفیـەت و دەسـەڵاتی سـەرکردایەتیی حیـزب بـوو بە قـازانجی چینـی جووتیـار و زەحمەتکێشـی لادێ کە لایەن خاوەن موڵکە گەورەکان بە خراپترین شـێوە دەچەوسـانەوە. هەربـۆیە د. قاسـملوو دەڵـێ: ماددەی 5ی بەرنامەی حیزب نە تەنیا شـۆڕشگێرانە نیـیە، داخـوازێکی ڕادیکـاڵیش نیـیە، بەڵکـوو داخـوازێکی ڕیفۆرمیسـتییە، مەبەسـتی ئیسـلاحی ئەو کـۆمەڵەیە و پاراسـتنی نەزم و نیزامـی کۆنە[88] و پاراستنی نەزم و نیزامی کۆنیش واتە پاراستنی بەرژەوەندیی خاوەن موڵکە گەورەکان.

باسی دووهەم: کۆماری کوردستان (1946)

سـێ مانـگ دوای دامەزرانـدنی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان یەکێـك لە گرینگتـرین ڕووداوەکـانی مێـژووی هـاوچەرخی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ڕووی دا کە دامەزرانـدنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەهۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. دامەزرانـدنی کۆمـاری

---

[83] سەید عەزیز شەمزینی: س.پ، ل 326. (بۆ زانیاریی پتر لە کەم و کوڕییەکانی پرۆگرامـی پەسـەندکراوی یەکەمین کۆنگرەی حیزب کە لە ڕۆژانی (25- 28)ی ئۆکتوبەری ساڵی (1945) بەسترا. (بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل 327، 328).

[84] ئەیوب ئەیوب زادە: لە ژ- ک وە بۆ کۆمار (مێژوونووسی حیزب لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا)، هەولێر، 2008، ل 18.

[85] ملکی خاوەن موڵکەکان (78%)، ملکی دەوڵەت و شا (10%)، ملکی موقوفە (2%)، ملکی عەشیرەتەکان (2%) موڵکی جوتیاران (8%) (عەبـدولرەحمان قاسـملوو: کوردسـتان و کـورد، و: عەبـدوڵا حەسـەن زادە، بـنکەی پێشـەوا، 1973، ل 145). قاسـملوو ئەم زانیارییـانەی لەسەرچاوەیەك وەرگرتووە کە لە ساڵی (1950) چاپ کراوە.

[86] هـ.س، ل 145.

[87] کەریـم حیسـامی: پێداچوونەوە (گەشـتێك بەنێـو بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازیی کـورد لە کوردسـتانی ئێـران) سـتۆکهۆڵم، 1996، ل 189. بە سەرنجدان بەم پێکهاتەی ڕێبەری حیزبـی دیموکراتی، د.ئەمیری حەسـەن پوور کە لە گۆشـەنیگای چەپێکـی ڕادیکاڵ ڕوانیویەتە ئەم بابەتە دەڵـێ: "هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی (ژ- ک) و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان سازانی مێژوویی نێوان دەرەبەگایەتی و کوردایەتی هێنا کایەوە (عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) چ2، سلێمانی، 2005، ل 27.

[88] د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 43.

لە دوای ئەزموونی دەسەڵاتداری شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان بە دووەمین ئەزموون و دیارترین ڕووداوی سیاسیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لە سەر ئاستی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی[89].

لە 2ی ڕێبەندانی 1324 (22جونیفەری 1946)دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراواندا لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکان و خەڵکی بازرگان، کاسبکار، جوتیار و پاڵەی کوردستان و (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) لەمێژووی هاوچەرخی کوردیدا هاتە کایەوە[90] قازی محەممەد[91] کە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بوو بە سەرۆك کۆماری کوردستان، لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی قسەی کرد و بەرنامەی دواڕۆژی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە لە بنەڕەتدا هەموو ئەو بەرنامەیە بوو کە حیزبی دیموکرات داینابوو[92].

ئێستا حیزب لەبەردەم ئەزموونی پراکتیزەکردنی بەرنامەی ڕاگەیاندراوی خۆی بەهۆی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" بوو. لەماوەی یازدە مانگی تەمەنی کۆماردا کە زۆر کورت بوو، زۆرێك لە داخوازییەکانی کورد بەدی هاتن، زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمی، گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەرچوون و بڵاوکراوەی ئەدەبی پەرەی سەند، پێشمەرگەی کورد جێگەی یەکەکانی پۆلیسی ئێرانی گرتەوە (سوپای میللی)، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی و دام و دەزگای حکوومەتی کوردی پێك هات[93] هاتنی ژنان بۆ نێو ژیانی سیاسی، فەرهەنگی و پەروەردەیی و بونیادنانی سیستەمی پەروەردەیی مودێرن و بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییەکان (سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە) لە دەستکەوتەکانی دیکەی کۆماری کوردستان بوون[94].

بەڵام کۆماری کوردستان نەیتوانی لەڕووی ئابووریيەوە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ژیانی دانیشتووانی ژێر دەسەڵاتی پێك بێنێ، بەتایبەتی بە قازانجی جوتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردستانیان پێك دەهێنا[95] هەنگاوێکی جیددیان هەڵنەگرت. ئێستا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

بەرنامەی (ژ- ک) بۆ دۆخی ئابووری- کۆمەڵایەتیی ئەو کاتی کوردستان داکۆکی لە جوتیاران و پێویستی چاکسازی لە هەل و مەرجی ژیانیان و کۆتاییهێنان بە زۆرداری و چەوسانەوەی خاوەن مولکە گەورەکان و دەرەبەگەکان بوو، ئەم گوتارەی (ژ- ک) چی لێ بەسەرهات لەنێو حیزبی نوێدا کە لە سەر داروپەردووی ئەو دامەزرابوو؟.

---

[89] جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، س.پ، ل 282).

[90] د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی (سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1943- 1947)، هەولێر، 2008، ل 27.

[91] قازی محەممەد: لە بەرواری یازدەی گوڵانی ساڵی (1900) لە شاری مەهاباد لەدایك بووە، باوکی ناوی قازی فەتاح عەلی لە گەورە پیاوانی شاری مەهاباد و دایکی گەوهەر تاج خانم لە بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی یە. خوێندنی سەرەتایی لەلای باوکی و مامی شاعیری بەناوبانگ ئەبولحەسەن سەیفولقوزات تەواو کردووە. شارەزایی لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی و فارسی و تورکی هەبووە. لە ساڵی (1923) تا ساڵی (1925) لێپرسراوی ئیدارەی ڕۆشنبیری و ئەوقافی مەهاباد بوو و دواتر بوو بە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ لە مەهاباد. دوای مردنی باوکی لە ساڵی (1931) لەلایەن حکومەتی تارانەوە کرا بە دادوەری مەهاباد. لە ساڵی (1944) بە نازناوی بینایی بە ڕەسمی دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک) بەرپرسی کۆمیتەی ناوندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (1945) بوو و بووبە سەرۆکی کۆماری کوردستان (1946) لە ڕۆژی 30 مارسی 1947 لەلایەن حکومەتی ناوندییە لە سێدارە درا (محەممەدڕەزا سەیف قازی: نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی –بەڵگەنامەکان- و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی، 2008، ا 29، 30).

[92] د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 68.

[93] نادر ئینتسار: س.پ، ل 58.

[94] بۆ زانیاری پتر لەسەر کار و کردەوەکانی کۆماری کوردستان بڕوانە (د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، س.پ، ئەیوب ئەیوب زادە، س.پ، د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران. س.پ).

[95] لەو ساڵانەدا زیاتر لە 70%ی خەڵکی کوردستان لە دێهاتدا دەژیان (حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001، ل 216).

ئەو گوتارەی کە باڵی چەپ و لەهەمانکاتدا دەسترویشتووی[96] (ژ- ک) هەڵگری بوو، لە نێو حیزبی دیموکراتدا ئیتر باڵادەست نەبوو و لە توانایدا نەبوو تێڕوانینی خۆی بکا بە ئەجێندای حیزب بۆ دۆخی ئابووری- کۆمەڵایەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار. هەرچەندە لەچەند ژمارەیەکی کوردستان "شۆڕش پەنجەی ئەم بیر و ئەندێشەیە هەر بە لاوازی خۆی دەردەخا[97] ئەم چوونە پەراوێزەی باڵی چەپ لە نێو حیزبی دیموکراتدا بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی چینایەتیی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی کۆماری کە سەر بە چینی خاوەن مووڵکە گەورەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان بوون، بەبەراورد بە ڕێبەرایەتی (ژ- ک) کە خوێندەوارانی شاریی سەر بە چینی ناوەند (وردە بورژوازی) بوون سروشتی بوو.

خاڵێکی جێگای سەرنج لەم قۆناخەدا ئەوەیە ئەگەر لە نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باڵی چەپ دەخرێتە پەراوێزەوە، بەڵام بەڕووی دەرەوەدا حیزبی دیموکراتی لە حیزبە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی ئێران نزیك دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەم نزیك بوونەوە دوای دەرچوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێران گەرمتر بوو، لەگەڵ حکومەتی میللی ئازەربایجان پەیماننامەی دۆستایەتی مۆر کرد و دوای گفتوگۆکانی نێوان قازی محەممەد و حکومەتی ناوەندی و ئەو ڕۆڵەی کە تووەییەکان لەو نێوەدا گێڕایان، پێوەندیی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دیموکرات گەرم بوو. ئەم پەیوەندییەش بەچوونی کوردەکان بۆ نێو حیزبەکانی باڵی چەپ لە ئیئتلافی بەرەی پێشکەوتووی ئێران قایمتر بوو. ئاکامی ئەو ئیتیلافە ئەوە بوو کە کوردەکان و فرقەی دیموکرات و حیزبی تودە هەڵوێستی خۆیان لێك نزیك کردەوە[98].

لە ئەنجامی ئەم لێکینزیكبوونەوەیە بۆ هەڵبژاردنی خولی پانزدەهەمی پەرلەمانی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەم حیزبانە دەچێتە بەرەوە بۆ بەشداریکردن و دەنگوەرگرتنی زیاتر. قازی محەممەد بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تەلگرافێکدا[99] بۆ

---

[96] عەبدوڵڵا ئەبریشەمی دەڵێ: "زۆربەی ڕێبەرانی ڕیزی پێشەوە و دامەزرێنەرانی (قازی موحەممەدیان لەگەڵ نەبوو) هەر لە زووەوە مەیلیان بۆ چەپ هەبوو (عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشم انداز ایران، نشریه سیاسی راهبردی، ویژه نامه کردستان 3، پایز 1384، ص 75.

[97] بۆ وێنە زەبیحی سکرتێری کۆمەڵەی (ژ- ک) لە کوردستانی ژمارە (18)دا جارێ شۆڕشی سور لە قاڵبی شێعر دەدا:
شەڕابی سوور
بە شایی لوغان دەخۆم ئەو دەم شەڕابی سور
کە بیتە دەر لە شەرقی انقلابا آفتابی سوور!
قوربانی ئەو دەمەم کە خوێنی ستەم گەڕان
دەریایی انقلاب ببی پر حبابی سوور
چەند خۆشە ئەو زەمان بە داژداری چەکوچو داس
کوردان لە گەردەنی دوژمن بکەن تەنابی سور
مەڕژێنە هێندە خوێنی ڕەنجبەر ایمروکە، خان
ڕۆژی حیساب ئەکێشێ لە تۆ انقلابی سور
پرسیاری دا بە من لە آتیەیی خودی جەناب
هینامە پێشی خەنجەرەکەم، ها جوابی سور
آغا شرابی سوری لە پێشە و لە برسێتی
چاوی پرە کچی جوتیر لە آوی سور
خۆتان بشۆن بە خوێنی عدو کورده ڕاپەڕن
فتوای شەرعی انقلابە بە نصی کتابی سور
کەنگێ دەبێ کە دەستی علم هەڵبداتەوە
"بێژەن" لەڕووی کچە کوردان نقابی سور
(لە کوردستانی ژمارە 74دا وتارێك لە ژێر ناوی "اشتراکی چی یە؟" بە قەڵەمی ناوێکی خوازراو "شوان" چاپ بوو تێیدا نیزامی ئابووری- کۆمەڵایەتی سوسیالیزمی پێناسە کردووە.

[98] موجتەبا برزویی: بارودۆخی سیاسیی کوردستان (1880- 1949)، و: نازناز محەممەد عەبدولقادر، سۆران عەلیپور و یوسف خزرچوپان، هەولێر، 2005، ل 443.

[99] دەقی ئەم تیلگرافە بەم جۆرەیە:
تیلگرافی حیزبی دیموکراتی کوردستان

قەواموسەڵتەنەی[100] ڕێبەری حیزبی دیموکراتی ئێران، د. فەریدوون کەشاوەرز ئەندامی ڕێبەریی حیزبی تودە و ئەڵڵاهیار سالح ڕێبەری حیزبی ئێران[101] و پیشەوەری[102] ڕێبەری فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان پێی ڕاگەیاندن حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەیە لەو بەرەیەدا بەشداربێ[103]. سەدری قازی برای قازی محەممەد و نوێنەرای مەهاباد بۆ خولی چواردەهەمی مەجلیسی شورای میللی وەك نوێنەری بەشی دانوستان و پەیوەندییەکان بە بەرە ناسێندرا[104] لەم پەیوەندییەدا حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ستادی سوپای ئێران دەڵێ: "هەرچەندە سەدری قازی ئەندامی حیزبی تودە نەبوو، بەڵام لەهەموو شوێنێك لەگەڵ ئەوان هەڵدەستا و دادەنیشت[105].

بە پێچەوانە کۆمەڵەی (ژ- ک) نە تەنیا لە حیزبی تودە نزیك نەدەبوو، بەڵکو دژی چالاکیی ئەم حیزبە بوو لە کورستان. شەمزینی دەڵێ: "حیزبی تودە دەیهەویست لە کورستان لقی تایبەتیی هەبێ و کۆمەڵە لەم بارەیەوە لاری هەبوو"[106] ئەم ناکۆکییە لە چاوی کونسوڵی بەریتانیا لە تەوریز ون نەبووە و لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسی: "ئاشکرایە بۆ مەسەلەی ڕاکێشانی پشتگیریی کوردەکان، کۆمەڵەی (ژ- ک) و حیزبی تودە کێبەرکێیان لە نێواندا هەیە و دەگوترێ کۆمیتەی کۆمەڵەی (ژ- ک) لە مەهاباد نامەی بۆ لقی حیزبی تووده لە میاندواو نووسیوە و داوای لێکردوون ناوی هیچ کوردێك لە حیزبەکەیاندا نەنووسن، چونکە ئەرکی هەموو کوردێکە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک)[107]. ئەم ململانێ و گرژییەی نێوان (ژ- ک) و حیزبی تودە لە ڕاپۆرتی سەر کونسوڵی سۆڤیەت لە ورمێشدا دەبینرێ: "بەپێی ڕاگەیاندنی "ئازاد وەتەن"، بەرپرسی حیزبی تودە لە ورمێ دەریخستووە کوردەکان ریزی بەرگرییان دروست کردووە و ئەندامانی پارتی (ژ- ک) کە دەچنە گوندەکان پرۆپاگەندە بۆ هاتنە ریزی کۆمەڵە دەکەن. ئەگەر کەسانێك ئامادە نەبن بە زۆر دەیانهێنن و لەنێو ئەوانەدا کە بەزۆر ناچاریان دەکەن، بێنە ریزی (ژ-

---

بەڵێنەی یەکگرتنی شەش لایەنی ئەحزابی ئازادیخواز کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە ڕیزی ئەو یەکگرتنەدایە، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین و بەشانازی دەزانین کە حیزبی ئێمە دەستی دەناو دەستی زۆربەی هاونیشتمانیان ناوە، یەکیان گرتووە و دەتوانێ شان بە شانیان لەڕێی ئازادی ئێرانی خۆشەویست لە خۆبوردووانە تێبکۆشێ. بەهۆی ئەوە کە شەش مانگە "ارتجاع" بە بۆمب و تانك و تۆپ دایانگرتووین و سەرقاڵی خەباتێکی خوێناوی بووین، پێشتر دەرفەتمان نەبوو لەسەر هاوکاریمان بۆ ئازادی هاونیشتمانیان ئازادیخواز پێکەوە ڕاوێژ بکەین، داوای لێبوردن دەکەین. هیوادارین لەمەودوا لە قەدەر توانامان دەرحەق بەم ڕێککەوتنە کە بۆ برەوپێدانی ئازادیی وڵاتە خۆشەویستە لێهاتوویی تەواو نیشان بدەین و بۆ بنبڕ کردنی "ارتجاع" دەورێکی گرنگ بگێڕین.

لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان "کەریمی". (کوردستان: ژمارە 21، 5ی خەرمانانی 1324).

[100] قەواموسەڵتەنە: لە بەناوبانگترین سیاسەتمەدارانی ئێران لە کۆتایی سەڵتەنەتی قاجارەکان و قۆناخی سەڵتەنەتی بنەماڵەی پەهلەویە و بەتایبەتی لە سااڵەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی تا سااڵی (1952) کە بۆ دوایین جار بوو بە سەرۆك وەزیران، ڕۆڵێکی گرنیگی لە شانۆی سیاسیی ئێران بینی. ناوبراو لە سااڵەکانی (1921، 1942، 1945، 1946، 1952) بوو بە سەرۆك وەزیران. (زهرا شجیعی: نخبگان سیاسی ایران: از انقلاب مشروطه تا انقلاب اسلامی، وزرات و وزیران در ایران، جلد سوم، تهران، 1372).

[101] حیزبی ئێران: بەهۆی ئەندازیارێکی گەنج بەناوی مەهدی بازرگان کە لە فەرەنسا خوێندنی باڵای تەواو کردبوو، دامەزرا. پێکهاتەی ئەم حیزبە زۆرتر بریتیی بوون لە ئەندامانی پیشەیی و تیکنۆکرات سەر بە چینی نێوەڕاست و کارمەندانی دەوڵەت، دەرچووانی زانکۆکان و خوێندکار و قوتابیانی زانکۆ و قوتابخانەکان. لە دروشمەکانی ئەو حیزبە کە بانگەشەی بۆ دەکردن: کۆتاییهێنان بە نفوزی بێگانە، نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرمڕۆ و گەندەڵ، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بەهۆی حکومەتی مەشڕووتە و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (مصطفی علم، نفت، قدرت و اصول، ملی شدن نفت و پیامدهای ان، ترجمه، غلام حسین صالحیار،: تهران، 1377، ص 161).

[102] پیشەوەری: جەعفەر پیشەوەری کۆمۆنیستێکی پێشوو، ئەندامێکی بەرچاوی کۆماری گەیلان بوو کە لە سااڵی (1920) دامەزرا، پاش ڕووخانی ئەو کۆمارە بەرە و یەکیەتیی سۆڤیەت ڕۆیشت، پاش کەوتنی ڕەزا شا لە سااڵی (1941) وەك سەرکردەیەکی حیزبی تودە گەڕایەوە ئازەربایجان، لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتیی سااڵی (1943) سەرکەوت، بەڵام حکومەتی ئێرانی ئەو سەرکەوتنەی ڕەتکردەوە. لە حکومەتی میللیی ئازەربایجان سااڵی (1945) بوو بە سەرۆکی ئەم حکومەتە. پاش ڕووخانی حکومەتی میللیی ئازەربایجان لە سااڵی (1946) بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت ڕۆیشت و لەوێ بەڕووداوی ئۆتۆمبێل تێداچوو. (د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران، چ2، سلێمانی، 2009، ل 189).

[103] هاشم سەلیمی، پێشەوای ڕابوون (بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون)، و: ڕەسوول سوڵتانی، هەولێر، 2007، ل 112. دوو حیزبی دیکە بەناوەکانی حیزبی سۆسیالیست و حیزبی جەنگەڵیش لەم بەرەیەدا بەشداربوون (د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 78).

[104] هـ.س، ل 112.

[105] حسن ارفع: م.ق، ص 76.

[106] سەید عەزیز شەمزینی: س.پ، ل 325.

[107] ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، س.پ، ل 131.

ک) و ئەندامانی تودەشیان نێدایە، بە قورئان سوێندیان دەدەن. (ژ- ک) دەیەهەوێ کوردستانی سەربەخۆ پێکبهێنێ[108] ستراتیژی دیاریکراوی (ژ- ک) کە بەرنامەیەکی ڕوونی ناسیۆنالیستی بوو واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد پێکهاتوو لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی حیزبی تودە کە پاراستنی سەروەریی خاکی ئێران بوو بە تەواوی ناتەبا بوو و ئەمە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی ئەم دوو ڕێکخراوە بوو.

نزیکبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هێزە چەپ و پێشکەوتووخوازەکان دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەوکاتی سۆڤیەتیدا بدۆزرێتەوە کە لە سەفەری دووهەمی[109] قازی محەممەد و وەفدی یاوەری بۆ باکۆ پێیان ڕاگەیاندن و بەتایبەتی دوای چوونە دەرێیان لە ئێران لەسەری مکور بوون کە لەچوارچێوەی سنووری ئێراندا و لەگەڵ گەلانی تری ئێران دانیشتووی ئەو وڵاتە و حیزبە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی بۆ بە دیموکراتیزەکردنی ئێران هەوڵ بدەن و سروشتی بوو حیزبی تودەش لە تەوەری بەڕێوەبردنی ئەم ستراتیژییەدابێ.

پەیوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی (ژ- ک) نە تەنیا بە شێوەیەکی یەکلایەنە نەمایەوە، بەڵکو پێی نایە قۆناخێکی دوستانە لەنێوانیان. یەکیەتیی سۆڤیەت بە ئاشکرا بەڵێنی بە ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات دا کە یارمەتی مادییان[110] پێ بکا و پشتگیریان بکا[111]. حیزبی دیموکراتیش بە ئاشکرا و لە ماددەی (16)ی مەرامنامەی خۆیدا دەنووسێ: حکومەتی میللی بە لەبەرچاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و، لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەتی دادەمەزرێنێ[112].

بێ گومان یەکیەتیی سۆڤیەت ئامانجی خۆی لە پشتگیری و یارمەتیی کۆماری کوردستاندا مەبەست بوو، بەڵام لە عەرزی واقعیشدا ئەم پشتیوانییە بۆ مانەوەی کۆماری کوردستان چارەنووسساز بوو. بەتایبەتی کە بوونی سوپای سوور لە ناوچەکە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ نەگەڕانەوەی سوپای دەوڵەتی بۆ ناوچەی موکریان و لە ڕاستیشدا ئەوە یەکەمجار بوو دەوڵەتێکی زلهێز بەم شێوەیە داکۆکی لە مافی نەتەوایەتیی کورد کردبێ، بۆیەش سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕێبەرانی لە چاپەمەنی حیزبدا لە

---

[108] د. ئەفراسیاو هەورامی: س.پ، ل 128.

[109] لەسەرەتای خەرمانانی 1324 (ئۆکتۆبەری 1945)دا قازی محەممەد بە سەردان چووە تەورێز و لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە 12ی خەرمانانی (1324) (3ی سێپتێمبەری 1945)دا بەشداربوو. هەر پاش ئەو جەژنە لەگەڵ چەند کەسی دیکە بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ بانگهێشت کرا. دیارە سەفەری ئەم جارە سەفەرێکی بە تەواو سیاسی بوو، چون قازی محەممەد سەرۆکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بوو و ئەندامانی ئەو لێژنەیە هەموویان ئەندامی کۆمەڵەی (ژ- ک) بوون. (د.قاسملوو: چل ساڵ خەبات، س.پ، ل 65 و حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان: س.پ، ل 115).

[110] باقرۆف سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە دیداری دووهەمدا کە بە سەرۆکایەتیی قازی موحەممەد چووبوونە باکۆ بەڵێنی ئەم یارمەتیانەی پێدان: چەکی سووك و قورس بدەن بە حکومەتی کوردستان، یارمەتیی مالّی بدەنێ، بۆ پێگەیاندنی هەندێ کادری جەنگی لاوانی کورد لە فێرگەکانی خۆیان وەربگرن، چاپخانە لە مەهاباد دابمەزرێنن (قێلیام ئیگلتون: کۆماری مەهاباد (1946)، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپخانە سەیدیان، مەهاباد، 1358، ل 43).

[111] ئارچی بالد ڕۆزڤێلت دەڵێ: لە کۆبوونەوەی چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ باقرۆف، باقرۆف بە ڕێبەرانی کوردی گوت شۆڕەوی لاینگری سەربەخۆیی هەموو میللەتە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ئێستا ئەوانە پێویستە هاوکاری بکرێن لەڕێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی خودموختاری (دیموکراتی) کە تەواوی ئازەربایجان بگرێتەوە. ناوبراو هەم حیزبی تودە و هەم حیزبی کۆمەڵەی شکاند و پشتیوانیی شۆڕەوی ڕاگەیاند بۆ حیزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی ئازەربایجان و تکای لە کوردەکانیش کرد جارێ بە شێوەی تاکتیکی پەیوەندی بەم حیزبەوە بکەن و لە ڕاپەڕینی گشتییاندا بەشداری بکەن. قازی محەممەد لە وەڵامی تکای باقرۆفدا باسی لە داوای خودموختاریی کوردەکان کرد. باقرۆف بەڵێنی دا شۆڕەوییەکان پشتیوانی لە خودموختاری کوردەکان بکا و هەروەها سەبارەت بە داواکاریی قازی بۆ وەرگتنی یارمەتی سەربازیش، وەڵامێکی ئیجابی دایەوە و ڕێککەوتنێك کرا لەسەر بنەمای پشتیوانیی شۆڕەوی لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئارچی بالدروزڤێلت: کورد لە یادداشتەکانی (ئارچی بالدروزڤێلت، و: کارزان موحەممەد، سلێمانی، 2003، ل 46).

[112] نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا)، س.پ، ل 79.

فۆرمی وتار و شیعر[113] بە شێوەیەکی بەرچاو خۆ دەنوێنێ. سۆز و خۆشەویستێکی کە زۆرتر بۆ هێزێکی رزگاریدەر و هاوپەیمانێکی داکۆکیکەرە تا وەکو بۆ ئایدۆلۆژی و ئەو سیستەمی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە پەیڕەو دەکرێ.

زۆرجار کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازەربایجان ناویان پێکەوەدێ و ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پێکهاتن و هەرەس هێنانیان تاڕادەیەکی زۆر هاوکات بووە[114] و بێجگە لەوەی کە دراوسێ بوون پێکەوە لە پەیوەندیشدابوون و پەیمانی دوو لایەنەیان هەبووە و بەتایبەتی یەکیەتی سۆڤیەتیان بە دۆست و پشتیوانی خۆیان زانیوە[115]. بەڵام لەهەمانکاتدا لەبواری لەدایکبوون، پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، جیاوازیان هەبوو، بەتایبەتی چەشنێك لە ڕادیکالیزم کە لە حکومەتی میللی ئازەربایجاندا پەیڕەو دەکرا لە کۆماری کوردستاندا نابینرێ، بۆ وێنە کۆماری کوردستان هیچ کام لەو هەنگاوە شۆشگێرانەی هەڵنەگرت کە دەوڵەتی تەورێز پێی هەستا بوو، وەك نیشتمانیکردنی بانکەکان و ریفۆرمی زەوی و دابەشکردنی[116]. فرقەی دێموکرات هەوڵی دا یەکەم چاکسازیی زەوی لە مێژووی ئێراندا ئەنجام بدا، زەوییەکانی دەوڵەتی و مووڵکی ئەو خاوەن زەوییانەی کە دژی فرقە بوون و ڕایانکردبوو بەسەر جوتیاراندا دابەش کرد، (247066) هێکتار زەویی زەراعەتی لەنێوان (209096) جوتیاردا دابەش کرا[117] هەربۆیە خاوەن مووڵکەکان پتر لە هەمووان دژی فرقەی دیموکرات بوون، چون هەڕەشە بوو بۆ دەسەڵاتی ئەوان، هەر بۆیە زۆربەی ئەوان پێش ئەوەی جووڵانەوەکە بە دەسەڵات بگا ڕایان کردبوو[118] بە پێچەوانە لە کوردستان دەرەبەگ و خاوەن مووڵکەکان ئیمتیازەکانی خۆیان لە کوردستاندا پاراستبوو[119] هەربۆیە پیاو ماقووڵان و مەزنەکانی ئازەربایجان مەیلی پەیوەستبوون بە حکومەتی میللی ئازەربایجانیان نەبوو، ئەم کەسانە لە کردە پێشکەوتووخوازەکانی ڕێبەرانی تەورێز زراویان چووبوو، بە پێچەوانە پێیان خۆش بوو سەر بە مەهاباد بن کە کۆنەپارێزیی ڕێبەرانی دڵنیایی پێدەدەن[120] کونسووڵی گشتی بەریتانیاش لە تەورێز ئاگاداری ئەم جیاوازییە لە پەیوەندیی نێوان جوتیار و دەرەبەگ لەم دوو دەسەڵاتەی کورد و ئازەری هەیە و لە ڕاپۆرتی

---

[113] بۆ نموونە: دەکرێ بەم بابەتانە ئاماژە بکەین: ژنرالسیمۆس ستالین (بەبۆنەی شەست و شەشەمین ساڵی لەدایکبوونی (کوردستان: ژمارە 1، ساڵی یەکەم، 1324)، قانوونی اساسی "ستالینی" ژنرالسیمۆس ستالین پێشوای بەرزی پێکەتی شورەوی (کوردستان: ژمارە 4، ساڵی یەکەم، 1324)، سەمەند سیامەندوف: ڕۆڵەی ڕەشیدی میللەتی کورد (کوردستان: ژمارە 6، ساڵی یەکەم، 1324)، سوپای سور (کوردستان، ژمارە 20، ساڵی یەکەم، 1324)، هوردوی پێشکەوتن (کوردستان، ژمارە 23، ساڵی یەکەم، 1324)، م.ای. کالنین (کوردستان، ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324)، هاوپرسەکی گنرالیسۆس ستالین دەگەڵ پەیام نووسی ڕۆژنامەی "پروادا"، (کوردستان، ژمارە 29، ساڵی یەکەم، 1324)، میللەتی گەورەی ڕووس (کوردستان، ژمارە 30، ساڵی یەکەم، 1324)، دەرەوەی سوویاتی (کوردستان، ژمارە 47، بانەمەڕی 1325)، الوداع ئەی کالنینی عظیم. (کوردستان، ژمارە 56، ساڵی یەکەم، 1325) سەربەستی دین لە ڕووسیای اشتراکی (کوردستان، ژمارە 73، ساڵی یەکەم، 1325)، سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە، شیعری هەژار (کوردستان، ژمارە 11، ساڵی یەکەم، 1324)، جێژنی ئازادی، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارەی 12، 1324)، تاڵ و شیرین، شیعری هێمن (کوردستان، ژمارەی 22، ساڵی یەکەم، 1324)، لە جێژنی شیرکەتی ترقی کوردستان خوێندراوەتەوە (کوردستان ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324)، آونگی سوور، بەمناسبەتی ڕۆینی لەشکری سوور گوتراوە، شیعری هێمن، (کوردستان: ژمارە 44، ساڵی یەکەم، 1325) "ئەسای بیداخەش پیاوان بەکام"، بەڕاوێژی هەورامی گوتراوە، (کوردستان، ژمارە 78، ساڵی یەکەم، 1325).

[114] حکومەتی میللی ئازەربایجان لە 1945/12/12- (1334/9/21) پێك هات و لەڕێکەوتی 1946/12/12- (1325/9/21) ڕووخا. کۆماری کوردستان لە 1946/1/22- (1324/2/1) دامەزرا و لە 1946/12/17 (1325/9/26) هەرەسی هێنا (جامی: گذشته چراغ راه آینده است، چ3، تهران، 1381، ص 309 و حامید گەوهەری: س.پ، ل 390- 395).

[115] بۆ زانیاری زیاتر لە پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازەربایجان کە زۆرجار تووشی گرژی و ئاڵۆزبوون دەبوون، بڕوانە: (د.ئەفراسیاو هەورامی: پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لە ساڵی 1946 (لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا)، سلێمانی، 2008 و ڕیچارد ئەی موبلی: پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، و: حەسەنی قازی، ب.ش، ب.س.

[116] کریس کوچرا: م.ق، ص 220.

[117] جان فوران: م.ق، ص 311.

[118] حسین جودت: 21 آذر یك روز تاریخی در جنبش انقلابی ایران، دنیا، نشریه سیاسی و تئوریك، کمیته مرکزی حزب توده ایران، ژمارە 8، آبانماه 1354، ف 11.

[119] عەبدولڕەحمان قاسملوو: کوردستان و کورد، س.پ، ل 92.

[120] کریس کوچرا: م.ق، ص 215.

خۆیدا بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە تاران دا دەنووسێ: خاوەن مولکە کوردەکانی ناوچە حاسڵات و خەلە و خەرمان بە پێی سیستەمی کوردی دابەش دەکەن، بەڵام خاوەن مولکە ئازەربیەکان دەبێ یاسای دابەشینەوەی حاسڵاتی ئازەربایجان ڕەچاو بکەن[121].

ڕادیکاڵیزمی حکومەتی میللیی ئازەربایجان کە ڕیشەی لە تێڕوانینی ڕێبەرانی هەرە پێشەوەی فرقەی دیموکراتدا بوو[122] کە پاشخانی کۆمۆنیستان هەبوو، ترس و نیگەرانیی ڕێبەرانی ئایینی ئازەربایجان لێکەوتەوە، بەجۆرێك کە لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەسەڵاتگەیشتنی فرقەی دێموکرات، ڕێبەرانی ئایینی بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە لەگەڵ کەسانێك کە "ئەهلی کوفر"ن چالاکانە دژایەتی دەکەن[123]بە پێچەوانە لە کۆماری کوردستاندا نە چاکسازییەکان ڕادیکاڵن و نە ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دیموکرات ڕابردووی چالاکی لە حیزبەکانی کۆمۆنیست و تودەیان هەیە، بەڵکو خودی ڕێبەری کۆماری خۆی کەسایەتییەکی ڕوحانییە و هەم سەرۆك وەزیران و وەزیری داد کەسایەتی ئاینی- ڕۆحانین[124] هەربۆیەش ئەو شێوە کاردانەوەی پیاوانی ئاینی لە ئازەربایجان لە کوردستان نابیندرێ.

بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی- کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری و نفوزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەر بەم چین و تۆێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو و شۆێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستاندا سروشتی بوو ئەنجامدانی بەرنامەکانی رادیکاڵی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە. سەرکردایەتیی جیزبی دیموکرات و بەتایبەتی قازی محەممەد زۆرتر لە فۆرمولێك گەراون بۆ پێکەوە گونجان و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان درەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەم وەك چالەنجی نێوان جوتیار و خاوەن مولك، سەرۆك عەشایرەکان و خەڵکی شار[125] و سوونەت و مۆدێرنیتە بدۆزرێتەوە و لەژێر چەتری یەکیەتیی نەتەوەییدا کۆیان بکاتەوە. لە قەوارەی حیزبیشدا ئەم هەوڵە ڕەچاوکراوە و باڵی چەپی نێو (ژ- ک) هەرچەندە ئێستا لە ڕێکخستنی نوێندا دەرفەتی دەرکەوتنی پێشوو و

---

[121] ئەنوەر سوڵتانی: س.پ، ل 281.

[122] هەر حەوت ڕێبەری پلە بەرزی فرقەی دیموکرات کە بریتیی بوون لە پێشەوەری، شەبستەری، پادگان، جاوید، کاویان، دانشیان و بی ریا، لە ڕووسیای تێزاری خوێندبوویان و ماوەیەکی بەرچاو لە چالاکی سیاسیی خۆیان لەم وڵاتە و یەکیەتی سۆڤیەتی دواتر تێپەڕکردبوو و لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (1920) و حیزبی تودە (1941) چالاکیی سیاسیان هەبووە. (تورج اتابکی، م.ق، ص 128). بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕابردووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکومەتی میللی ئازەربایجانی بڕوانە هەمان سەرچاوە، ص 137-139).

[123] پیشین، ص 175. زۆربەی زانایانی شیعە لە ئازەربایجان نەیاری فیرقەی دیموکرات بوون، زانای وەك ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، تەورێزی بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە دیموکراتەکان جێهێشت و دواتر بەدوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت و هەرەسهێنانی حکومەتی میللی ئازەربایجان، پێشوازیان لە هێزەکانی ئێران کرد، چەند مانگ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی فرقەی دیموکرات لە ساڵی (1325)، (1946) زانایانی تەورێز لە قوتابخانەی عالیەی ئەو شارە بە گەرمی پێشوازیان لە حەمەڕەزا شا کرد. (د. حمید احمدی: ایران (هویت، ملیت، قومیت)، تهران، 1383، ص 110).

[124] حاجی سەید بابە شێخ: ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان (سەرۆك وەزیران) لەدوای قازی محەممەد بە کەسی دووهەمی کۆماری کوردستان دادەنرا و گرینگترین ڕێبەری ئایینی کوردەکانی باکووری ئێرانە. ئەو تەمەنی نزیك بە شێست و پێنج ساڵی دەبێ، ڕیشی سپی سیمایەکی تەواو ڕووحانی پێداوە و زۆر ڕێزدارە. (کاوە بیات: کردها و فرقه دموکرات آذربایجان، گزارشهایی از کنسولگری آمریکا در تبریز- دی 1323- اسفند 1325، تهران 1389، ل 112) ڕەیسی عەدلیە (وەزیری داد) مەلا حوسێنی مەجدی یە (قلیام ئیلگتون، ت: سید محمد صمدی، چاپخانه سپیدیان، مەهاباد، 1358، ل 134). ڕاگەیاندنی کۆماری لە مەهاباد سەرجەم (17) کەس وتاریان پێشکەش کرد کە (5) کەس لە کەسانی ناوداری ئایینی ناوچەی موکریان بوون (مەلا حوسێنی مەجدی، حاجی بابە شێخ سیادەت، شێخ حەسەن شەمسی بورهان، سەید عەبدولعزیز، سەید عبدوللای گەیلانی (شەمزینی) و سەید موحەممەدی تەها زادە) (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە 11، ساڵی 1324)

[125] حەسەن ئەرفەع سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتیی سوپای ئێران، لەم بارەیەوە دەڵێ: "خاوەن مولکەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان کە وەك ئەندامانی کابینەی دوڵەت هەڵبژێردرابوون بەهەموو تواناوە هەوڵیاندەدا کە سیاسیەتی ناوەخۆیی کۆنترۆڵ بکەن و پێش بەهەر چەشنە چاکسازییەکی زەوی و زار و هی تر کە بەرژەوەندی ئەوان بخاتە مەترسیەوە. لەلایەکی تر بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك لە چینی مام ناوەند و چەپی شار دەیانهەویست بەهۆ جۆرێك بێ بە یارمەتی ڕووسەکان سەرتا لە دەستی سەرۆك عەشیرەتەکان و دواتر بوژوازەکانی ناو کابینەی دوڵەت ڕزگاریان بێ. قازی موحەممەد ئاگاداری ئەم ڕووداوانە نەبوو و هەوڵیدەدا بەپێی بیروبۆچوونی خۆی بارودۆخەکە مودیریێت بکات (حسن ارفع: م.س، ص 85). ڕێبەرانی فیودال و سەرۆك عەشیرەتەکان پلە و پایەی باشیان لە کۆماری وەرگرت بۆ نموونە: لە چوار ژمارڕالی هێزی پێشمەرگە سێیان سەرۆك عەشیرە بوون، (عباس ولی: ناسیونالیزم کرد در ایران، دوره تکوینی 1942- 1947، ت: رشید احمد رش، نوسیا، گاهنامەی سیاسیم اجتماعی، فرهنگی، شماره 2، تهران، 2004، ص 185).

پراکتیزەکردنی بەرنامەکانی نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا جۆرێك حەوانەوەی لەگەڵ باڵی ڕاست و کۆنسرڤاتیڤدا هەیە.

دەرەنجام

1. بیری چەپ لە ڕێگەی جۆراوجۆر وەک بزاڤی سۆسیال دێموکراتی، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی تووەدەی ئێرانو هاتنی هێزەکانی سوپای سوور بۆ ئێرانو پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان هاتۆتە کوردستان.
2. بانگەشەی چەپ بۆ دادپەروەریو نەهێشتنی هەرچەشنە ستەمێکو ڕزگاربوونی بەشێکی ناوچە کوردییەکان لە ژێر ستەمی دەوڵەتی ناوەندی، لە ئەنجامی هاتنی سوپای سوور، سەرنجو پشتیوانی ڕووناکبیرانو بەشێکی دەستەبژاری کوردی لە بیری چەپ لێکەوتەوە.
3. یەکەم ڕێکخراوەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "حیزبی ئازاد"و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ-کاف) کە هەڵگری پێناسی "نەتەوەیی- ئایینی" بوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپیان بەسەرەوە.
4. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر دادرپەردووی (ژ-کاف) دامەزرا، بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕێبەرانی (حدک) بەرنامەی ئەم حیزبە ڕادیکاڵیزمی (ژک-کاف)ی پێوە دیار نییەو بە بەراورد بە حکوومەتی میللی ئازەربایجان، کۆماری کوردستان هەنگاوەکانی بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتیی کۆنەپارێزانەیە. خاوەن نێڕوانینە چەپەکان کە لە (ژ-کاف)دا دەستڕۆیشتوو بوون، لە (حدک)دا خراونەتە پەراوێزەوەو گوتاری نەتەوەیی لەم قەناغەدا باڵادەستە.

لیستی سەرچاوەکان

1. سەرچاوە کوردییەکان

أ- کتێبەکان:

1. ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا (وەرگیراوی کوردی 130 بەڵگەنامە)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2005.
2. ئارچی ڕوزۆیڵت. کورد لە یادداشتەکانی (ئارچی بالدروزۆیڵت)، و: کارزان موحەممەد، سلێمانی، 2003
3. هیوا عەزیز سەعید. خۆیبوون، هیوا، ژ- ک (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی)، سلێمانی، 2006.
4. هێمن موکریانی: دیوانی هێمن، سلێمانی، بهاری 2708 کوردی (2007ز).
5. هاشم سەلیمی، پێشەوای ڕابوون (بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون)، و: ڕەسوڵ سوڵتانی، هەولێر، 2007.

6. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا)، چاپی دووەم، هەولێر، 1993
7. ناهیدە شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەکردنی چیمەن سالّح، هەولێر، 1999.
8. نازناز محەممەد عەبدولقادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، (1961- 1975)، هەولێر، 2008.
9. مەلا قادر مودەریسی (سەید موحەممەد سەمەدی، ژ- ک) چ بوو؟، چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟، مەهاباد: چاپخانەی سیدیان، 1980.
10. مەحموودی مەلا عیزەت، کۆماری میللیی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، 1984.
11. مەحموودی مەلا عیزەت، کۆماری میللیی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، 1984.
12. محەممەد ڕەزا سەیف قازی: نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی – بەڵگەنامەکان- و: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی، 2008.
13. کەریم حیسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی پێشەوا، 1971.
14. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران 1947- 1978، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، 1996.
15. کەریم حیسامی، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران 1947- 1978، بەرگی دووهەم، ستۆکهۆلم، 1997.
16. کەریم حیسامی، بیرەوەرییەکانم (لە منداڵییەوە تا ساڵی 1957)، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، 1986.
17. کەریم حیسامی: کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟ چ2، ستوکهوڵم، 1986.
18. ڤیلیام ئیگلتن: کۆماری مەهاباد (1946)، و: سەید محەممەد سەمەدی، چاپخانە سەیدییان، مەهاباد، 1358.
19. فەرید ئەسەسەرد: ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، 2012
20. ج عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) چ2، سلێمانی، 2005.
21. عەبدولقادر دەباغی: ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژ- ك، بڵاوکراوەی چاپەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 1367.
22. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم (1332-1336)، کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، 1991.
23. عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، پاریس، 1977.
24. عەبدولرەحمان قاسملوو: کوردستان و کورد (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- ئابووری)، و: عەبدوڵا حەسەن زادە، بنکەی پێشەوا، 1973.
25. عەباسی وەلی: پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، و: حەسەن قازی، سوید، 1995.
26. علائەدین سەجادی: شۆرشەکانی کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی معارف، 1959.

27. عزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتیمانی، وەرگێرانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2006.
28. سەید محەممەدی سەمەدی: ژێ کاف چ بوو، چی دەویست و چی لێ بەسەرهات؟ بلاوکراوەی چاپەمەنی سەییدیان، مەهاباد، 1361
29. سدیق سالح: بیرەوەرییەکانی محەممەد شاە پەسەندی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007.
30. ژیان و شیعرەکانی سەیفولقوزاتی قازی (1876- 1945)، ئامادەکردنی ئەنوەر سولتانی و حەسەن قازی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008.
31. ڕیچارد ئەی موبلی: پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، و: حەسەنی قازی، ب.ش.چ، ب.س.
32. دیقید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2002.
33. د.ئەفراسیاو هەورامی: پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لە ساڵی 1946 (لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا)، سلێمانی، 2008.
34. د.عەزیز شەمزینی: جوولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ4، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006.
35. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد(1939- 1979)، چاپی دووهەم، سلێمانی، 2011.
36. د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی (سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1943- 1947)، هەولێر، 2008.
37. حوسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، ب2، هەولێر، 2001.
38. حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم، 1999.
39. حامید گەوهەری: کۆماری کوردستان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011.
40. جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانەیە لەبارەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و گەشەسەندنی لە ڕۆژگاری بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود و قازی محەممەددا، سلێمانی، 2004
41. جوتیار تۆفیق، بیلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا(1908- 1998)، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007.
42. مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شۆرشی ئەیلوول،(1961- 1975)، بەرگی سێهەم، بەشی دووهەم، ب.ش.چ، ب.س.
43. نادر ئینتسار: ئیتنونەتەوایەتیی کوردی، و: عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.
44. مەهدی محەممەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 194501958، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005.

ب. **گۆڤارەکان:**

1. عەبدولڕەحمان زەبیحی: وەڵامێکی نامیلکەی بەڕێز ئارچی روزۆیلت، و: جوتیار حاجی تۆفیق، ئاینده (گۆڤاری ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ) ژ4، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، 2003
2. آمانجی ئێمە، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 1، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی 1322، جوڵای 1943.
3. ایمە و مردم، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 2، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری 1323.

4. دوو کچە کورد لە تورکیا، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 7 و 8 و 9، ساڵی یەکەم، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی 1324
5. سکاڵایەك لەگەڵ نیشتمان، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 6 ساڵی یەکەم، ڕەشەمێی 1322.
6. شیعری م.ش.هێمن، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 3 و 4، ساڵی یەکەم، سەرماوەز و ڕێبەندانی 1322.
7. گۆڤاری کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە 1، 15 سەرماوەزی 1324، 6 دیسەمبەری 1945.
8. ئینقلابی گەورەی ئوکتوبەر، گۆڤاری نیشتیمان، ژمارە 5، ساڵی یەکەم، ڕێبەندانی 1323

ج. ڕۆژنامەکان:

1. آونگی سوور، بەمناسبەتی ڕۆینی لەشکری سوور گوتراوە، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارە 44، ساڵی یەکەم، 1325
2. تاڵ و شیرین، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارەی 22، ساڵی یەکەم، 1324.
3. جێژنی ئازادی، شیعری هێمن، کوردستان، ژمارەی 12، 1324.
4. دەرەوەی سوویاتی، کوردستان، ژمارە 47، بانەمەڕی 1325.
5. ژنرالسیمۆس ستالین (بەبۆنەی شەست و شەشەمین ساڵی لەدایکبوونی. کوردستان. ژمارە 1، ساڵی یەکەم، 1324
6. سوپای سور، کوردستان، ژمارە 20، ساڵی یەکەم، 1324.
7. سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە، شیعری هەژار، کوردستان، ژمارە 11، ساڵی یەکەم، 1324.
8. سەربەستی دین لە ڕووسیای اشتراکی، کوردستان، ژمارە 73، ساڵی یەکەم، 1325.
9. سەمەند سیامەندوف: ڕۆڵەی ڕەشیدی میللەتی کورد، کوردستان، ژمارە 6، ساڵی یەکەم، 1324.
10. قانوونی اساسی "ستالینی" ژنرالسیمۆس ستالین پێشوای بەرزی بییکەتی شورەوی، کوردستان، ژمارە 4، ساڵی یەکەم، 1324.
11. کوردستان: ارگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان: ژمارە 79، ساڵی یەکەم، 29ی گوڵانی 1325.
12. لە جێژنی شیرکەتی ترقی کوردستان خوێندراوەتەوە، کوردستان، ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324
13. م.ای. کالنین، کوردستان، ژمارە 24، ساڵی یەکەم، 1324.
14. میللەتی گەورەی ڕووس، کوردستان، ژمارە 30، ساڵی یەکەم، 1324.
15. هاوپرسەکی گنرالیسۆس ستالین دەگەڵ پەیام نووسی ڕۆژنامەی "پروادا"، کوردستان، ژمارە 29، ساڵی یەکەم، 1324.
16. هوردوی پێشکەوتن، کوردستان، ژمارە 23، ساڵی یەکەم، 1324.
17. الوداع ئەی کالنینی عظیم، کوردستان، ژمارە 56، ساڵی یەکەم، 1325.
18. ئەسای بیداخەش پیاوان بەکام، بەڕاوێژی هەورامی گوتراوە، کوردستان، ژمارە 78، ساڵی یەکەم، 1325

2. سەرچاوە فارسییەکان

أ- کتێبەکان:

1. بهروز طیرانی: اسناد احزاب سیاسی ایران، 1320- 1330، انتشارات سازمان علی ایران، تهران، 1376.
2. تورج اتابکی: آذربایجان در ایران معاصر، ت: محمد کریم اشراق، تهران، 1376.
3. د.محمود قادرزاده، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو (چهره مهاباد)، تهران، 1374
4. ریچارد کاتم و دیگران، نفت ایران، جنگ سرد و بحران آذربایجان، ترجمه کاوه بیات، تهران، 1379
5. کاوه بیات: کردها و فرقه دموکرات آذربایجان، گزارشهایی از کنسولگری آمریکا در تبریز- دی 1323- اسفند 1325، تهران 1389.
6. ناصر باباخانی: عبدلرحمان زبیحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان، مهاباد، 1378
7. محمود نکوروح، نهضت خداپرستان سوسیالیست، تهران1377

ب-گۆڤارەکان:

1. امیر سجادی: ژ- ک از پارادایم فربەسازی فرهنگی تا رادیکالیسم سیاسی، ڕۆژهەڵات، ژ 17
2. د.عبدالله ابریشمی: کردستان همیشه قابل کشف، چشمانداز، ویژەنامه، نشریه سیاسی- راهبردی شماره 3، 1383.
3. دکتر صلاح الدین خدیو: در دفاع از تاریخ (نقدی بر مقاله احسان هوشمند در چشم انداز ایران) پیام کردستان، 21 دسامبر 2000
4. ساسان رجائی: نگاهی به ریشەهای چپ مذهبی، نشریه راه آزادی، ژماره 59
5. عباس ولی: ناسیونالیزم کرد در ایران، دوره تکوینی 1942- 1947، ت: رشید احمد

References

Books

Abdulghader, N, M. (2008). Iran's policy towards Kurdish liberation movements in Iraqi Kurdistan (1975-1961). Erbil.

Ali, J. (2004). Nationalism andKurdish nationalism; A study estimated the emergence of nationalism and its development at the time of Sheikh Mahmod and Ghazi Mohammad's movements. Suleimania.

Ali, J. (2007). Biography of Kurdish Journalism in East Kurdistan and beyond (1908-1998). Suleimania: Zhin center.

Amin, N, M. (1993). Kurdistan government; Kurds and Soviet games. Erbil.

Asasard, F. (2012). Dimensions of kurdish political thinking after World War II. Academy of awareness and growth of members. Suleimania.

Barzani, M. Barzani and Kurdish liberation movements; Eilol revolution (1961-1975).

Dabbaghi, A. (1988). J-K's Uprising. From the publishing center of the Kurdistan Democratic Party of Iran.

Eggleton, W. (1979). Republic of Mahabad 1946. Translated by Samadi, S, M. Mahabad: Seyedian publishing center.

Ezzat, M, M. (1984). National Republic of Mahabad;A historical and political research.ShahidEbrahimAzopublishing center.

Gavhari, H. (1999). Kurdistan revival group. Stockholm.

Gavhari, H. (2011).Republic of Kurdistan. Erbil: Shahabpublishing center.

Ghader, M, M. (2005). Political events in Iraqi Kurdistan (1945-1958).Suleimania: Kurdistan Strategy Research Center.

Ghazi, M, R, S. (2008). The secrets of Ghazi Mohammad and comrades on trial. Translated by Majidi, A, A. Suleimania.

Hesami, K. (1971). The caravan of the martyrs of Kurdistan of Iran. Peshewa publishing center.

Ghaselmo, A. (1991). Forty years of struggle for freedom. From the publishing center of the Kurdistan Democratic Party of Iran.

Ghaselmo, A. (1973). Kurdistan and Kurd; A political and economic research. Translated by Hasanzadeh, A. Peshewa publishing center.

Hesami, K. (1996). Kurdistan of Iran (1947-1978). Stockholm.

Hossein, D, H. (2008). Kurdish journalism; The period of the Democratic Republic of Kurdistan (1943-1947). Erbil.

Howrami, D, A. (2008). Communications of the Republic of Kurdistan and the Republic of Azerbaijan and Disconnect at 1946. Suleimania.

Intisar, N. (2004). Kurdish intonation. Translated by Gharadaghi, A. Suleimania: Tishkpublishing center.

Hesami, K. (1986).My memories; From childhood to 1957. Stockholm.

Hesami, K. (1986). Democratic Republic of Kurdistan or autonomy? Stockholm.

Karimi, A. (2005). AbdullrahmanZabihi's biography and story. Suleimania.

Madani, H. (2001). Kurdistan and government strategies. Erbil.

McDowall, D. (2002). Contemporary History of Kurdistan. Translated byKhoshnav, A. Suleimania.

Mobley, A. R. (2002). Communications of the Republic of Kurdistan and the Republic of Azerbaijan. Translated by Ghazi, H.

Modarresi, M, Gh. & Samadi, S, M. (1980). What was J-K? What did that want? What did happen to that? Mahabad: Seyedianpublishing center.

Mokryani, H. (2007). Hemn's poetry poem. Suleimania.

Roosevelt, A. (2003). Kurd in the notes of Archibald Roosevelt. Translated by Mohammad, K. Suleimania

Saïd, A. H. (2006). To be independent; Hope& J-K. (Anestimated research). Suleimania.

Sajjadi, A. (1959). Kurdish revolutions and republic of Iraq. Baghdad: Maaref publishing center.

Salami, H. (2007). Leader of the uprising; Memories of SaïdHomayoon. Translated by Soltani, R. Erbil.

Saleh, S. (2007). Memories of Mohammad Shahpasandi. Suleimania.

Salam, N, Sh. (1999). What I remember. Saleh, Ch (red). Erbil.

Sardashti, D, Y. (2011). Kurdistan of Iran; A A historical research.of Kurdish national liberation movements (1939-1979). Suleimania.

Sharafkandi, A. (1997). Cheshtimjevr. Paris.

Shamzini, A. (2006). National liberation movements. . Translated byAsasard, F. Suleimania Solatni, A & Ghazi, H. (2008). Saifolghozat Ghazi's life and poetry (1876-1945). Suleimania: Zhin center.

Soltani, A. (2005). East Kurdistan in the documents of the Ministry of Foreign Affairs of the United Kingdom. (Translated to Kurdish, 130 documents). Suleimania: Zhin center.

Vali, A. (1995). The foundation and rise of kurdish nationalism in Iran. Translated by Ghazi, H. Sweden.

Kurdish Magazine

Complaint with Homeland. (1943). Nishtiman Magazine No.6, Year 1

Great October Revolution. (1944). Kurdistan Magazine No.5, Year 1

Mukriyani, H. (1943). Poems, Nishtiman Magazine No.3,4, Year 1

Our Goal. (1943). Nishtiman Magazine No.1, Year 1

Policy and Regulations of Kurdistan Democratic Party. (1945). Kurdistan Magazine No.1

Two Kurdish Girls in Turkey. (1945). Nishtiman Magazine No.7,8,9, Year 1

The People and Us. (1944). Nishtiman Magazine No.2, Year 1

Zebahi, R. (2003). A reply to Archibald Roosevelt and Jotyar Haji Tofigh Art and Literature Magazine No.4, Year 5

Kurdish Newspaper

Freedom of Religion in Russia. (1946). Kurdistan Newspaper No.73, Year 1

Generalissimus Stalin (For His 66thBirthday)1945. Kurdistan Newspaper No.1, Year 1

Kalanin, M.A. (1945). Kurdistan Newspaper No.24, Year 1

Kurdistan Democratic Party Member 1946. Kurdistan Newspaper No.79, Year 1

********. (1945). Kurdistan Newspaper No.24, Year 1

Mukriyani, H. (1946). Awangi Sor (This poem was written when the Red Army Left) Kurdistan Newspaper No.44, Year 1

Mukriyani, H. (1945). Tal and Shirin PoemKurdistan Newspaper No.22, Year 1

Mukriyani, H. (1945). Freedom Party Poem Kurdistan Newspaper No.12

Outside of Society. (1946). Kurdistan Newspaper No.47

Parwada Newspaper Interview with Generalissimus Stalin, (1945). Kurdistan Newspaper No.29, Year 1

********. (1945). Kurdistan Newspaper No.23, Year 1

********. (1946). Kurdistan Newspaper No.56, Year 1

********. (1946). Kurdistan Newspaper No.78, Year 1

Red Army 1945. Kurdistan Newspaper No.20, Year 1

Sharafkandi, A. (Hejar). (1945). Sad Bahar Nokari Aw Zistana Poem Kurdistan Newspaper No.11, Year 1

Siamandov, S. (1945). Brave Kurdish ChildKurdistan Newspaper No.6, Year 1

Stalinist constitution (Generalissimus Stalin Leader of U.S.S.R) 1945. Kurdistan Newspaper No.4, Year 1

The Great Nation of U.S.S.R. (1945). Kurdistan Newspaper No.30, Year 1

Persian Books

Atabaki, T. (1997). Azerbaijan in Contemporary Iran: Mohammad Karim Eshragh

Babakhani, N. (2000). Abdol Rehman Zbayhi unfinished charisma, *Publishing Sayyidan*

Bayat, K. (2010). Kurds and Democratic Party of Azerbaijan, reports from the US Consulate in Tabriz on February, 1944-March 1946

Catech, R. & Others, (2000). Iranian Oil, Cold War and the Azeri Crisis, translated by Kaveh Bayat

Ghaderzadeh, M. (1995). Memories of Dr. Asou (Image of Mahabad) adventurous life

Nekoorouh, M. (1998). Movement of Socialist Godfolk.

Tayrani, B. (1997). Political Parties of Iran Documents, 1941-1951, Publications of National Organization of Iran

Persian Magazine

Abrishami, A. (2004). Kurdistan is always discoverable, landscape, specialty, political publication, S*trategy*, No. 3

Khadio, S. (2000). In defense of history (Critique of Ehsan Houshmand's article in Iran's perspective) *Kurdistan message.*

Raja'I, S. A Look at the Religious Leftist, *Journalists for Freedom*, No.59

Vali, A. (1947). Kurd nationalism in Iran, *Rashid Ahmad.*

Sajjadi, A. J-K from Junction of the Cultural Facilitation Paradigm to Political Radicalism, *Rojhalat*, No.17

Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 290 – 311
http://www.ijoks.com

The application of 1958 and 1970 Agrarian Reform Acts in HawlerLiwa (Governorate) and its effects a historical study

Khalil Ali MURAD[1]& Burhan Hatam OTHMAN[2]

Received: Oct 28, 2018 **Reviewed**: Nov 29, 2018 **Accepted**: Dec 02, 2018

Abstract

The 14th of July in 1958 was a turning point in the history of contemporary Iraq politically, socially, and economically. One of the main changes was the acquisition of agricultural lands through the enactment of the "Agrarian Reform Act" in 1958, which remained in place until the enactment of another act, the Agrarian Reform Act of 1970. These laws aimed to put an end to large ownership of agricultural land in Iraq by distributing it among the farmers. This study aims to highlight the application of the two acts and their effects on the governorate (Liwa) of Hawler (Erbil). It approaches the subject through two different topics.

The first one tackles the application of 1958 Agrarian Reform Act in Hawler governorate. We analyze the main articles of the 1958 act, and then discuss the land ownership in the governorate, the area of lands confiscated from landlords, and the process of distributing those lands to the peasants. This sectionalso highlights the effects of land distribution on production relations before looking at the effects of the Kurdish Revolt of September 1961 on the application of the Agrarian Reform Act of 1958.

The second topic is devoted to analyzing the application of the Agrarian Reform Act of 1970 in Hawler governorate in the same way as the first topic; we also note some differences between the two acts, while looking also at the area of the land that was distributed and the number of beneficiaries in the Hawler governorate. This topic also focuses on some of the shortcomings of the 1970 Act, especially nothing that some of its articles did not take into account the specific situation in Kurdistan.

Key words: Agrarian Reform Acts, Kurds, HawlerLiwa, Governorate, Contemporary Iraq, Erbil

Recommended citation:
Murad, K.A. & Othman, B.H. (2019). The application of 1958 and 1970 Agrarian Reform Acts in HawlerLiwa (Governorate) and its effects a historical study. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 290 – 311 DOI: **10.21600/ijoks.516510**

[1] Ph. D, Lecture, Department of History, of College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kirkuk Road, KRG, Iraq. E-mail: drkhalil_ali@yahoo.com,
[2] Correspondent Author: A.T, Lecture, Department of History, of College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kirkuk Road, KRG, Iraq. E-mail: burhann_atam@yahoo.com, **ORCID NO** : https://orcid.org/0000-0002-7609-0634

کاریگەری و جێبەجێکردنی هەردوو یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 و 1970 لە لیوا (پارێزگا) ی هەولێر

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی

خەلیل عەلی مورادـ زانکۆی سەڵاحەدین **بورهان حاتەم عوسمانـ زانکۆی سەڵاحەدین**

پوختە

شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958 خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی, یەکێك لە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان کە ئەم شۆڕشە هێنایەکایەوە دەستبەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بوو ئەمەش لەمیانەی دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958, کە ئەم یاسایە بەردەوام بوو تا یاسایەکی دیکە دەرکرا, ئەویش یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1970بوو, هەردوو یاساکە ئامانجیان ئەوەبوو سنوورێك بۆ مولکدارێتی گەورەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە عێراقدا دابنرێت و بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر جێبەجێکردنی هەردوو یاساکە و کاریگەرییان لەسەر پارێزگا (لیوا) ی هەولێر, بابەتەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە, لە تەوەرەی یەکەمدا جێبەجێکردن و کاریگەری یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 لە پارێزگای هەولێردا خراوەتەڕوو, لەم تەوەرەیەدا ماده سەرەکییەکانی یاسای ساڵی 1958 باسی لێوەکراوە, پاشان ئاماژە کراوە بە مولکدارێتی زەوی لە پارێزگاکەدا و ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە هی مولکدارەکان بووە و دەستی بەسەرداگیراوە و دواتر بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە. هەر لە تەوەرەکەدا کاریگەرییەکانی دابەشکردنی زەوی لەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ڕوونکراوەتەوە. لە کۆتایی تەوەرەکەشدا کاریگەرییەکانی شۆڕشی کورد لە ئەیلولی 1961 لەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 لە ناوچەکەدا خراوەتەڕوو.

هەرچی تەوەرەی دووەمە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەبارەی جێبەجێکردن و کاریگەرییەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1970 لە پارێزگای هەولێر, ئەمەش لەسەر بنەمای هەمان بابەتەکانی تەوەرەی یەکەم, لەگەڵ ئاماژەدان بە هەندێك جیاوازی لەنێوان هەردوو یاساکەدا, هەروەها ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە بەسەر جووتیاراندا دابەشکراون و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە پارێزگای هەولێردا سوودمەند بوون. لە تەوەرەکەدا ئاماژە بە هەندێك کەموکورتی لە یاسای ساڵی 1970 دا کراوە, بەتاییەتی لە هەندێك لە مادەکانی نێویدا بەشێوەیەکی گشتی ڕەچاوی بارودۆخی کوردستان نەکراوە, لەنێویشیاندا هەولێر.

پێشەکی

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958 بە سەرکردایەتی (عەبدولکەریم قاسم) و کۆتایی پێهاتنی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق, سەردەمێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا دەستپێکرد, ئەویش سەردەمی کۆماری بوو, کە لە ڕووی سیستەمی سیاسی و ئابوورییەوە تاڕادەیەکی زۆر لە ڕژێمی پاشایەتی جیاواز بوو, ئەم جیاوازییەش لە دەرکردنی ئەو یاسایانە ڕەنگیان دایەوە کە کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئابووری بەتاییەتی کشتوکاڵ هەبوو, دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە ساڵی 1958 سەرەتایەکی گرنگ بوو لە لاوازکردنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و گۆڕینی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دەرەبەگ و جووتیار لە عێراقدا. دوابەدوای کۆتایی هاتنی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و

دەسەڵاتگرتنە دەستی حزبی بەعس جێبەجێکردنی یاساکە بەردەوامی هەبوو, بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوازدە ساڵ دەسەڵاتدارانی سیاسی عێراق و پسپۆرانی ئابووری گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە پێویستە گۆڕانکاری لە ماددە و بڕگەکانی یاساکەدا بکرێت و لەگەڵ قۆناغی نوێدا بگونجێت, بەتایبەتیش کە هەندێك کەڵێن و کەموکورتی زەق بە یاساکەوە دیاربوو, بۆیە لە ساڵی 1970 یاسای دووەمی چاکسازی کشتوکاڵی لە عێراق دەرکرا و لە چەندین ڕووەوە لە یاساکەی پێشوو جیاواز بوو, بەتایبەتیش لە مەسەلەی دیاریکردنی ئەوپەڕی سنووری مولکدارێتی. بێگومان جێبەجێکردنی ئەم دوو یاسایە سەرتاسەری عێراقی گرتووەتەوە, بۆیە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە نێویشیاندا هەوڵێر بەشێك بووە لەو پانتا جوگرافییەی کە ماددە و بڕگەکانی لەسەر جێبەجێکراوە, ئەمەش وایکردووە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بارودۆخی مولکدارێتی زەوی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا دروست بکات.

بایەخی بابەتەکە لەوەدایە کە دەچێتە چوارچێوەی مێژووی ئابووری هەوڵێر کە لە تۆێژینەوەکاندا زێتر تێشك خراوەتە سەر مێژووی سیاسی و ڕووداوە سیاسییەکان و کەمتر بایەخ بەلایەنی ئابووری دراوە. هەروەها یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر مولکدارێتی زەوی و کشتوکاڵ هەبووە, لەبەرئەوەش ناوچەکە زێتر بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی ناسراوە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان کۆڵەگەی سەرەکی ئابووریان پێکهێناوە, بۆیە ئەم یاسایانە بە قوڵی کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئابووری خەڵك هەبووە.

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ئەنجامدانی تۆێژینەوەکە کەمی داتا و زانیاری پێویست بوو دەربارەی وردەکاری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی و ڕووبەڕی زەوی مولکدارەکانی هەوڵێر, بەتایبەتیش ئەمەی دوایان لەبەرئەوەی زێتر مافێکی کەسییە, بۆیە لە سەرچاوەکاندا داتای پێویست بەدەستەوە نادرێت و مولکدارەکان خۆشیان ئارەزوویان لەوە نەبووە سنووری مولکدارێتی خۆیان ئاشکرا بکەن, هەروەها کەسوکارێشیان ئەوانەی کە لە ژیاندا ماون ئەو جۆرە زانیارییانە بە تۆێژەران نادەن.

لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز بەستراوە, لەپێش هەمووشیانەوە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان دێن, کە لە خانەی کتێب و بەڵگەنامە عێراقییەکان (دار الکتب والوثائق العراقیة) و ئەرشیفی پارێزگای هەوڵێر وەرگیراون و زانیاری بەنرخیان دەربارەی باری مولکداری و جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە هەوڵێر تێدایە. بڵاوکراوە حکومییەکان بایەخێکی زۆریان بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبووە, بەتایبەتی کتێبی (قوانین الاصلاح الزراعي) کە لەلایەن دەستەی باڵای چاکسازی کشتوکاڵی (الهیئة العلیا للاصلاح الزراعي) ەوە نووسراوە و وردەکاری یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی تێدا باسکراوە, هەروەها زانیاریيە بڵاونەکراوەکانی (هۆبەی زەویوزار) ی سەر بە (وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری) ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی ناوی ئەو مولکدارانەی کە ملکەچ بوونە بۆ یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەوڵێر لەنێوان ساڵانی 1958-1975 بەشێکی دیکەی سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە.

کتێبەکان سەرچاوەیەکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەن, لە گرنگترینیشیان کتێبی (اقتصادیات الاصلاح الزراعي) ی (د. عبدالوهاب مطر الداهري) و کتێبی (دراسات فی الاصلاح والتعاون الزراعي الانتاجي) ی (د. کاظم حبیب), کە هەردوو نووسەر دوو ئابووریناسی عێراقین و بە وردی خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە عێراقدا کردووە. هەروەها لەمیانەی ئەو یاداشت و و بیرەوەرییانەی کە تۆمارکراون و ئەو دیدارانەی کە لەگەڵ کەسانی هاوچەرخی سەردەمەکە سازدراون زانیاری گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەکە هەڵێنجراون, بەتایبەتی (بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری). سەرچاوەیەکی دیکەی بایەخداری نێو تۆێژینەوەکە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن کە هاوچەرخی سەردەمەکە بوون, لەوانەش ڕۆژنامەی حکومی (الوقائع العراقیة) کە دەقی یاسا دەرچووەکانی لە عێراقدا تێدابڵاوکراوەتەوە, هەروەها ڕۆژنامەی (خەبات) ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەردوو گۆڤاری (الاصلاح الزراعي) و (الکادر), کە تێیاندا بایەخ بە بابەتەکانی پەیوەست بە کشتوکاڵ و چاکسازی کشتوکاڵی دراوە.

وشە کلیل: یاسا, کشتوکاڵ, چاکسازی, هەوڵێر, ئابووری.

تەوەرەی یەکەم/ یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (30) ی ساڵی 1958

یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958 لە عێراقدا دەرکردنی یاسای ژمارە (30) لە (30) ی ئەیلولی ساڵی 1958 بوو بەناوی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی (الوقائع العراقية, ع (44), 30/9/ 1958), ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا بە ئامانجی پێشخستنێکی سەرتاپاگیری بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرکرا, ئامانجە ئابوورییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و گۆڕینی بنچینەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوو, بەجۆرێك پەرە بە هێزەکانی بەرهەمهێنان بدات و هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەش لابدات کە ڕێگرن لەبەردەمیدا (الداهري, 1970, ص223), هەروەها لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە ئامانجی ڕزگارکردنی جووتیاران بوو لە پاشکۆیەتی مووڵکدارەکان و سەرۆك هۆزەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و ڕەوشی تەندروستی و ڕۆشنبیریان بوو, ئامانجە سیاسییەکانیشی هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو بەشێوەیەك دەسەڵاتی سیاسییان لەناو ببات و ڕێگە نەدات بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان سیاسەتی دەوڵەت ئاراستە بکەن (وادي العطية, 1965, ص70-71). بە واتای ئەوەی یاساکە ناوەڕۆکێکی فرە ڕەهەند و فرە ئامانجی هەبووە, بەمەبەستی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقیدا.

یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە (51) مادە پێکهاتووە, لەدوای دەرچوونییەوە مادەکانی نێوی چەندین جار هەمواورکردنەوەیان بەخۆیانەوە بینیوە و ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەیان لە ماوە جیاجیاکاندا دەرچووە (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص29 وما بعدها). مادەی (1) ی یاساکە ئەوپەڕی ڕادەی سنووری مووڵکدارێتی زەوی کشتوکاڵی بۆ هەر تاکەکەسێك دیاریکرد, کە لە زەوی بەراودا (1000) دۆنم و لە زەوی دێمەکاردا (2000) دۆنم بوو, بەڵام یاساکە ڕێگەی بە کۆمپانیا و کۆمەڵەکان داوە کە دوای لارینەبوونی دەستەی باڵای چاکسازی کشتوکاڵی (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي) خاوەندارێتی زێتر لەم ڕادەیە بکەن, بەمەرجێك زەوییەکە نەچێندرابێت و ئامانجیش لێی زیادکردنی ڕووبەری زەوی چێندراو بێت یا ببێتە مایەی زیادکردنی گەشەی ئابووری نیشتیمانی (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص9-10). لە ڕاستیدا دیاریکردنی ئەوپەڕی سنووری مووڵکدارێتی لەگەڵ بارودۆخی مووڵکدارێتی کوردستاندا گونجاو نەبووە, چونکە خاوەندارێتی (1000) دۆنم لە زەوی بەراودا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا بەگوێرەی یاساکە بە مووڵکدارێکی مامناوەند ئەژمارکراوە, ئەمە لەکاتێکدا لە کوردستان بەهۆی کەمی ڕووبەری زەوی بەراو بە مووڵکدارێکی گەورە ئەژمارکراوە (محمد, 2010, ص218), بۆیە هەر لەکاتی ئامادەکردنی یاساکە و دوای دەرچوونیشی هەریەك لە حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری کەمکردنەوەی ڕادەی ئەوپەڕی مووڵکدارێتییان کردووە (خەبات/ النضال, ع (326), 30/9/ 1960؛ زکی خیری, 20/9/ 1975).

بەگوێرەی مادەی (6) ی یاساکە لە ماوەی پێنج ساڵدا حکومەت لە ڕێگەی دەستەی باڵای چاکسازی کشتوکاڵییەوە دەستدەگرێ بەسەر ئەو زەوییە کشتوکاڵییەکانەی کە ڕووبەریان لە ڕادەی یاساکە زێترە, پێویستە لەسەر خاوەن زەوییەکە تا کۆتایی وەرزی کشتوکاڵی بەردەوام بێت لەسەر چاندن و بایەخدان بە بەروبوومی زەوییەکەی تا ئەو کاتەی دەستی بەسەردا دەگیرێت (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص10-11). هەروەها یاساکە مافی قەرەبووکردنەوەی بە خاوەن زەوی دەستبەسەرداگیراو داوە, قەرەبووکردنەوەکەش بەگوێرەی جۆری زەوییەکە دەبێت, حکومەت لە ڕێگەی پێدانی قەوڵە (سندات) هوە لە ماوەی (20) ساڵدا بەگوێرەی ئەندازەی بڕی قەرەبووەکە قەرەبووی خاوەنەکەی دەداتەوە (بڕوانە: مادەکانی (6, 7, 8) لە: الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص12-13), هەموو خاوەن زەوییەکی دەستبەسەرداگیراو بۆی هەبوو لە ماوەی (30) ڕۆژ لەڕۆژی دەرچوونی بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکەیەوە گازاندەی خۆی لە دادگای پێداچوونەوەی چاکسازی کشتوکاڵی (محكمة استئناف الاصلاح الزراعي) کە بە فەرمانی وەزیری داد لە هەموو لیواکاندا پێکهاتبوو, تۆمار بکات (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص17).

بێگومان یاسای چاکسازی کشتوکاڵی هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بواری ئابووری عێراقدا, بەڵام ئەم یاسایە تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە یاساکانی چاکسازی لە ولاتانی دیکە بەستبوو بەتایبەتی وڵاتی میسر (بڕوانە: کرم, 1972, ص47 وما بعدها؛ رحمة, 2000, ص27-44), بۆیە هەندێك تایبەتمەندێتی ناوخۆیی بەهەند وەرنەگرتبوو بەتایبەتی لە بواری جێبەجێکردندا, لە ئەنجامی ئەوەشدا ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەوە (الزبيدي, بغداد, 1979, ص305-306), لەوانەش کێشەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان کە نەتواندرا پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکان لەو ماوەیەی بۆی دیاریکرابوو جێبەجێ بکرێت, تەنانەت دوای تێپەڕبوونی (12) ساڵ واتە تا ساڵی 1970 تەنیا نزیکەی (41%) ی پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی ئەو زەوییانە بەئەنجام گەیەندرا کە بەپێی یاساکە دەبوو دەستیان بەسەردا بگیرێت, لەلایەکی

دیکه دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران دواکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی, بە ئەندازەیەك تا ساڵی 1970 تەنیا (70%) ی زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان بەسەر جووتیاراندا دابەشکران (حبیب, 1976, ص121, 125). جگە لەمانە دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران رێژەیەکی زۆر مولکدارێتی بچووکی لێکەوتەوە, بەمەش زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پارچەی بچووکی بنەماڵەیی دابەشبوون, ئەمە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی تەکنەلۆجی و شێوەی بەرهەمهێنانی ئەو ناوچانە بکرێت (الداهري, 1970, ص252-253), بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران بەهۆی پاڵپشتی نەکردنی مادی و تەکنەلۆجی حکومەت و سنووردارى توانا ماددییەکانیان نەیانتوانی سوود لە زەوییەکان وەربگرن (مینتیشاشڤیلی, 2008, ل221؛ الثقافة الجديدة, ع (4), تموز 1969, ص21).

1- مولکدارێتی زەوی لە هەولێر و دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان

لە کاتی دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵییدا لە ساڵی 1958 ڕووبەری لیوای هەولێر (15683) کیلۆمەتر چوارگۆشە بووە کە دەکاتە (6273200) دۆنم, لەم ڕووبەرەدا (2397105) دۆنم مولکدارێتی و یەکەی کشتوکاڵی بووە کە دەکاتە (38,2%) ی ڕووبەری لیواکە. ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی لیوای هەولێر بەسەر (17626) مولك و یەکەی کشتوکاڵی دابەشکرابوون, واتە تێکڕای (136) دۆنم بۆ هەر مولکێك, گەورەترین تێکڕای ڕووبەری مولکدارێتی کشتوکاڵیش لە ناحیەی (هەولێر) ی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر بووە کە گەیشتووەتە (828) دۆنم, بچووکترین تێکڕای مولکدارێتی کشتوکاڵیش لە ناوەندی قەزای شەقڵاوە بووە, کە گەیشتووەتە (2,6) دۆنم زەوی (الجمهورية العراقية, 1961, ص61).

بە بەراورد لەگەڵ هەندێك لە لیواکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق باری مولکدارێتی لە هەولێردا باشتر بووە و مولکدارێتی بچووکی تێدا بڵاوبووە, بۆ نموونە تێکڕای قەبارەی ڕووبەری مولکدارێتی کشتوکاڵی لیوای هەولێر لە هەرێمێك لە تێکڕای قەبارەی ڕووبەری مولکدارێتی کشتوکاڵی لیواکانی (کوت و بەغدا و عەممارە و دیالە) کەمتر بووە, تەنانەت تێکڕای قەبارەی ڕووبەری مولکدارێتی کشتوکاڵی لیوای کوت (713,7) دۆنم بۆ هەر مولکێك بووە, ئەمە لە کاتێکدا وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لە هەولێر تێکڕای (136) دۆنم بۆ هەر مولکێك بووە, واتە تێکڕای قەبارەی ڕووبەری مولکدارێتی کشتوکاڵی لە کوت زێتر لە پێنج هێندەی تێکڕای قەبارەی ڕووبەری مولکدارێتی کشتوکاڵی هەولێر بووە (الجمهورية العراقية, 1961, ص8).

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958 زۆربەی لایەن و چین و توێژەکانی هەولێر بەتایبەتیش جووتیاران لایەنگری خۆیان بۆ شۆڕشەکە و یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ڕاگەیاند (هەتاو, ژ (136), 20ی تەممووز 1958, ل1؛ خۆشناو, 2012, ل106-126), تەنانەت هەردوو کەسایەتی لیوای هەولێر پارێزەر مەسعود محەمەد (1919-2002) و پارێزەر جەوهەر عەزیز دزەیی (1946-2005) لە ئەندامانی لێژنەی دانانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بوون (محەمەد, 2016, ل513), بەڵام ئەوەی جێگەی لەسەر وەستانە زۆربەی ئەندامەکانی لێژنەکە بە دوو ئەندامەکەی هەولێریشەوە لە مولکدارە گەورەکان بوون یا نزیك بوون لێیانەوە, هیچ یەکێکیان جووتیار نەبوون (بڕوانە: العاني, 2005, ص345). ئەمەش جۆرێك بووە لە نادادپەروەری و بە هەندوەرنەگرتنی بۆچوونی جووتیار لە بابەتێك کە بەر لە هەموو کەسێك پەیوەندی بە ئەمەوە هەیە و هەر تەنیا ئەمیش بە تەواوی لە ئێش و ژان و گرفتەکانی خۆی دەگات.

هەر لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەممووز و دەرکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە هەندێك ناوچەی لیوای هەولێر پێکداهەڵپژان و تووندوتیژی لەنێوان جووتیاران و ئاغاکاندا سەریهەڵدا, لەم بارەیەوە هاوچەرخێکی ئەو سەردەمە بە وردی وەسفی بارودۆخەکەی کردووە کاتێ دەڵێ: "لە بچووکترین لادێ, شارۆچکە و شاردا ئەو گێرەشێوێنی و ئاژاوەیە دەبینرا, بەتایبەت ژیان لە لادێیەکان و پەیوەندی نێوان جووتیار و خاوەن مولك و دەرەبەگەکاندا, گرتە و بردە و تێکهەڵدانێکی ئەوتۆی تێکەوتبوو, لە هەموو سنووری مرۆڤایەتی, یاسایی و کۆمەڵایەتی تێپەڕاندبوو, جووتیارەکان کەوتبوونە جموجۆڵ و ڕابوون, دەیانویست تۆڵەی چەوسانەوەی ئازار و ئەشکەنجەی سەدان ساڵیان لە ماوەیەکی کورتدا بکەنەوە" (ڕەسوڵ, 1997, ل136). جگە لە ملمەدانی بەشێك لە ئاغا و مولکدارەکان بۆ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی نوێ ئەو هاندان و جۆش و خرۆشێخستنی خەڵك لەلایەن حزبی شیوعییەوە لەدژی ئاغاکان ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی ئەو

بارگرژیانەدا هەبوو (خۆشناو, 2012, ل125-126), بۆیە لە هەندێك شوێندا جووتیاران کەوتنە جموجۆڵ و خۆپیشاندان لەدژی ئاغاکان, لەم میانەیەدا لە تشرینی یەکەمی 1958 لە هەریر و باتاس جووتیاران خۆپیشاندانیان لەدژی ئاغاکان بەرپاکرد و شەڕی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە, هەر لە هەمان ماوەدا لە شەقڵاوەش خۆپیشاندان ڕێکخرا و ئۆتومبێلی یەکێك لە بەگەکان سووتێندرا, لە هەندێك شوێنی دیکەی دەوروبەری شەقڵاوەش بارگرژییەکان کوژرا و بریندارێشیان لێکەوتەوە (هەریری, 2009, ل90-91). هەروەها لە ئەنجامی هەڕەشە و پەلامارەدانیان ژمارەیەك لە ئاغاکانی ناوچەی کۆیە ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن و ڕووبکەنە ناوچەکانی ڕانیە و پشدەر (دیدار لەگەڵ هەمین میکائیل نادر, 2017 /7/26).

دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کشتوکاڵی لە 3ی ئایاری 1959 لە لیوای هەولێر و دەستبەکاربوونی لێژنەکانی دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکان, لەڕێگەی دوو لێژنەوە پرۆسەکە لە لیواکەدا ئەنجامدرا, سەرەتاش لە ناوەندی قەزای هەولێرەوە دەست بەسەر ژمارەیەك زەویوزاری مولکدارەکاندا گیرا (دار الکتب والوثائق العراقیة, 11/17/ 1959). لەدوای دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان قەرەبووی مولکدارەکان کراوەتەوە, بڕی قەرەبووکردنەوەکە لەسەر بنەمای بەپێتی زەوییەکە و ڕێژەی بارانبارینی بووە, هەروەها چەندەی ڕووبەری زەوییەکە فراوانتر بووبێت, قەرەبووی نرخی هەر دۆنمێك کەمتر بووەتەوە, بۆ نموونە لەکاتی قەرەبووکردنەوەی زەوییەکانی (حەمەد ئەحمەد پاشا دزەیی) کە یەکێك بوو لە ئاغاکانی هۆزی دزەیی لە گوندەکانی (دۆڵە بەکرە, هەمزە کۆر, گۆمەگڕۆ, ترپەسپیان) کە دەکەونە دەشتی هەولێر ڕەچاوی ئەمانە کراوە, بەشێوەیەك قەرەبووی نرخی دۆنمێك زەوی لەنێوان (1) دینار و (500) فلس تا (3) دینار خەملێندراوە, کە ئەو کاتە نرخی (1) دیناری عێراقی بەرامبەر (2,8) دۆلاری ئەمریکی بووە (دار الکتب والوثائق العراقیة, 11/15/ 1961), لە هەندێ کاتیشدا نرخی خەملاندنەکە لەو نرخە زێتر دانراوە کە شایانی بووە وەك ئەوەی لە کاتی خەملاندنی زەوییەکانی نێوبراودا ڕوویداوە, کە پێدەچێ ئەمەش بە ئەنقەست ئەنجامدرابێت و بە ڕێککەوتنێکی نێوان مولکدار و ئەو لێژنەیەی کە زەوییەکەی خەملاندووە کرابێت, بۆیە لە هەندێ کاتدا نرخی ئەو خەملاندنانە ڕەتکراوەتەوە و دووبارە لێژنەی بۆ دروستکراوە و بەپێی لێژنە نوێیەکە نرخی هەر دۆنمێك کەمتر بووە لە نرخی پێشوو (بڕوانە: دار الکتب والوثائق العراقیة, 6/5/ 1960). بەشێوەیەکی گشتی ڕووبەری زەوی دەستبەسەرداگیراوی حەمەد ئەحمەد پاشا (5867) دۆنم بووە و لە بەرامبەردا (9000) دیناری وەك قەرەبوو بۆ خەملێندراوە, (500) دیناری ئەم بڕە پارەیە نرخی ئەو خانوو و گەراج و کۆگایانە بووە کە لە زەوییەکانیدا بووە (دار الکتب والوثائق العراقیة, 9/12/ 1960).
پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان لە لیواکەدا بە گورج و گۆڵی و خێرایی بەڕێوەچووە, بەشێوەیەك لە ماوەی (3) ساڵدا 1958-1961 ڕووبەری (175644) دۆنم زەوی لە لیوای هەولێردا دەستی بەسەرداگیراوە, ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی لیواکانی دیکەی عێراق زۆرترین ڕووبەری دەستبەسەرداگرتن بووە, بەشێوەیەك لەدوای هەر یەك لە لیواکانی موسڵ و دیالە و کوت و دیوانیە, هەولێر پێنجەمین لیوا بووە لە ڕێژەی زۆری دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان (الجمهوریة العراقیة, 1962, ص6). ئەمەش لەلایەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەولێر زێتر ئامادەیی تێدا بووە بۆ قبوڵکردنی بارودۆخی نوێ لە لیواکانی دیکە, بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر (دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە: رسول, 2005, ص312-324؛ تەها, 2002, ل5-60) و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری چینایەتی بارودۆخەکە لەباربوو بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی کشتوکاڵی ((خۆشناو, 2012, ل124), لەلایەکی دیکە دەکرێ ئەمە ئاماژەیەك بێت بۆ گورج و گۆڵی لێژنەکانی دەستبەسەرداگرتن لە لیواکەدا کە کارەکانیان بە ڕێکوپێکی بە ئەنجام گەیاندووە.

بەشێوەیەکی گشتی لە لیوای هەولێردا لەنێوان ساڵانی 1958-1970 زەویوزاری (173) مولکدار بەر یاسای چاکسازی کشتوکاڵی کەوتوون و ڕووبەری (456120) دۆنم زەوی لە لیواکەدا دەستی بەسەردا گیراوە و ڕووبەری (35622) دۆنمیش تا ئەو کاتە بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی بۆ دەرنەچووە (الجمهوریة العراقیة, 1970, ص18). بەگوێرەی زانیاریيە حکومییەکان ژمارەی مولکدارەکانی لیوای هەولێر لە ساڵی 1958 (750) مولکدار بووە (حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری, ئاماری بڵاونەکراوە), واتە ڕێژەی (77%) ی مولکدارەکان بەر یاساکە نەکەوتوون, هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەك لە پێشووتردا ئاماژەمان پێدا چونکە لە بنەڕەتدا لیوای هەولێر مولکدارێتی بچووکی تێدابڵاوبووە, بۆیە یاساکە زۆربەی مولکدارەکانی نەگرتووەتەوە, ئەگەر لە حاڵەتێکدا ڕادەی ئەوپەڕی مولکدارێتی وەك لە مادەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە (1000 دۆنم لە زەوی بەراو و 2000 دۆنم لە زەوی دێمەکار), لەم ڕادەیە کەمتر بووایە, بۆ نموونە نیوەی ئەمە بووایە (500 دۆنم لە زەوی بەراو و 1000 دۆنم لە زەوی دێمەکار) یاساکە

ژمارەیەکی زۆرتر لە مولّکدارەکانی دەگرتەوە و ژمارەیەکی زیاتریش لە جووتیاران لە وەرگرتنی زەوی سوودمەند دەبوون.

شیاوی ئاماژەپێدانە ژمارەیەك لە مولّکدارەکانی هەولێر بەتایبەتیش مولّکدارەکانی هۆزی دزەیی بەر لەوەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی جێبەجێ بکرێت, زانیاریان دەربارەی سنووری ئەوپەڕی مولّکدارێتی پێگەیشتووە, بۆیە زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بەسەر کوڕەکانی خۆیاندا دابەشکردووە و بەناویان کردوون, ئەمەش بۆ ئەوەی ڕووبەری زەوییەکانیان کەم بێتەوە و نەکەوێتە بەر یاساکە (دیدار لەگەڵ پ.د. ئەرسن موسا ڕەشید, 10/11/ 2017 ؛ دیدار لەگەڵ د. ئیسماعیل شوکر, 11/7/2017؛ دیدار لەگەڵ کامەران فارس ئاغا شێخ محەمەد ئەحمەد پاشا دزەیی, 3ی ئاداری 2018), بۆیە ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی دیکە لە مولّکدارەکان یاساکە نەیانگرێتەوە.

2. دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیارانی هەولێر

سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا, بەپێی مادەی (11) ی یاساکە ئەو زەوییانەی دەستیان بەسەردا گیراوە لەگەڵ زەوییەکانی دیکەی مولّکی حکومەت بەسەر جووتیاراندا دابەش دەکرێن, بەشێوەیەك هەر یەکێکیان زەوییەکی بچووکی بەسەردا دابەش بکرێت کە لە زەوی بەراودا لە (30) دۆنم کەمتر نەبێ و لە (60) دۆنمیش زێتر نەبێ, لە زەوی دێمەکاردا لە (60) دۆنم کەمتر نەبێ و لە (120) دۆنم زێتر نەبێ, بەڵام بەبێ ئەوەی لەسەریان تاپۆ بکرێت, خاوەندارێتی مافی هەڵسوکەوتی بۆ حکومەت بێت, تەنیا بەکارهێنانی بۆ چاندن بە دەست جووتیار بێت, لە بەرامبەریشدا پێویستە ئەو جووتیارەی زەوییەکەی بەسەردا دابەش دەکرێ نرخی زەوییەکە و خەرجییەکانی چاکسازی کشتوکاڵی لە ماوەی (20) ساڵدا بەشێوەی قیستی ساڵانە لەگەڵ سووێکی ساڵانە بە ڕێژەی 3% بداتە حکومەت (الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, 1965, ص14-15).

دەکرێ بگوترێ تارادەیەك پشکی جووتیار لە زەوی بەراودا گونجاو بووە, چونکە لە بنەڕەتدا زەوی بەراو لە هەولێردا سنووردار بووە, بەڵام پشکی جووتیار لە زەوی دێمەکاردا کەم بووە, دەکرا ڕێژەی پشکی مولّکدارەکان کەمتر بکرێتەوە و بخرێتە سەر مولّکی جووتیاران. هەروەها دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا لە بەرامبەر بڕێك پارە, جۆرێك لە نادادپەروەری پێوە دیارە, چونکە لە پێشتردا و بۆ ماوەی دەیان ساڵ زۆرێك لە مولّکدارەکان بەبێ ئەوەی مافی ڕەوای خۆیان بێت, ئەم زەوییانەیان بێ بەرامبەر بەکارهێناوە و کەڵکیان لێوەرگرتووە, لەو کاتەی کە لێشیان سەندراوەتەوە قەرەبوویان پێدراوە, کەچی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران بێ بەرامبەر نەبووە, بۆیە لانی کەم دەبوو هەمان مامەڵە لەگەڵ جووتیارەکاندا بکرێت, وەك چۆن پێشتر لەگەڵ مولّکدارەکاندا کراوە و بێ بەرامبەر زەوییان بەکارهێناوە.

گرنگترین قۆناغی جێبەجێکردنی یاساکە دابەشکردنی زەوی بووە بەسەر جووتیاراندا, تا سوود لە دەرامەتەکەی ببینن و ئاستی گوزەرانیان پێی بەرزبێتەوە, لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزترین قۆناغی جێبەجێکردنی یاساکە بووە (العلوان, 1961, ص221), لە ماوەی نێوان ساڵانی 1958-1961 (322) پارچە زەوی کە سەرجەمی ڕووبەرەکەیان (77466) دۆنم بوو, بەسەر جووتیارانی هەولێردا دابەشکراوە (الجمهورية العراقية, 1962, ص14). بۆ ئەم مەبەستەش لە 16ی تەممووزی 1961 بۆ یەکەم جار لە ئاهەنگێکی میلییدا لە هەولێر بە ئامادەبوونی موتەسەڕیفی هەولێر و ژمارەیەك جووتیاری ناوچەکە بەشێك لەم زەوییانە دابەشکران و ڕۆژی دواتریش بەشەکەی دیکە بەسەر جووتیاراندا دابەشکرا (الاصلاح الزراعي, ع (12), 1961, ص15). لە درێژەی پرۆسەی دابەشکردنی زەوییەکان لە ساڵی 1962 لە ناوچەی (قەراج) ی سەر بە قەزای مەخمور ڕووبەری (30200) دۆنم زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەشکرا کە هەر یەکێکیان ڕووبەری (100) دۆنم زەوی پێدرا, لەگەڵ تەرخانکردنی چوار دۆنمی دیکە بەمەبەستی دروستکردنی خانووی جووتیار و ڕێگاوبان و لەوەرگەی ئاژەڵ (دار الكتب والوثائق العراقية, 28/5/1962).

بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان ساڵانی 1958-1970 ڕووبەری (276165) دۆنم زەوی بەسەر جووتیارانی لیوای هەولێر دابەشکراوە و (3221) جووتیار لێی سوودمەند بووە (الجمهورية العراقية, 1971, ص101). ئەو زەوییانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرا تا ئەو کاتەی دابەش دەکران, بۆ ماوەیەك حکومەت لەژێر ناوی کارگێڕی کاتی (الادارة المؤقتة) سەرپەرشتی ئەو زەوییانەی دەکرد, لەو ماوەیەدا زەوییەکانی بە کرێ دەدایە جووتیاران, بۆیە هەر لە هەمان ماوەی

پێشوودا (7227) جووتیار له لیواکەدا گرێبەستیان لەگەڵ حکومەت کردووە و ڕووبەری (351404) دۆنم زەوییان لە کارگێڕی کاتی بەکرێ وەرگرتووە (مديرية التوجيه والنشر فی وزارة الاصلاح الزراعي, 1962, ص15, 296).

3- کاریگەری ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی 1961 لە کوردستانی عێراق یاساکە لە ناوچەکانی کوردستان لەوانەش لە لیوای هەولێردا لە ئاستێکی لاوازدا جێبەجێکرا (الكادر, ع (9), تموز 1971, ص91), چونکە لەلایەك حکومەتی عێراق هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری ئاغا و دەرەبەگەکانی دەدا تا لەدژی شۆڕشی ئەیلول بەکاریان بهێنێت, بۆیە دواتر لە هەندێك لەوانە هێزی نانیزامی (جاش) ی پێکهێنا, لەلایەکی دیکە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولیش بۆ مسۆگەرکردنی لایەنگیری ئاغا و دەرەبەگەکان سستی نواند لە جێبەجێکردنی یاساکە و چاوپۆشیکرد لەو مولکدارانەی کە لە نێو شۆڕشدا بوون (حبيب, 2005, ص352). تەنانەت یەکێك لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش و دەستپێکردنی شەڕ ئەوەبوو کە مولکدارەکان بەهۆی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی هەڕەشەی لە دەستدانی زەویوزارەکانیان لەسەر بوو, بۆیە دژایەتی (عەبدولکەریم قاسم) یان ڕاگەیاند (البوتانی, 2001, ص86), بە پێچەوانەی لیوای سلێمانی کە بەشێك لەسەرۆك هۆز و مولکدارەکانی ئەوێ لە دژی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی وەستانەوە, سەرۆك هۆز و مولکدارەکانی هەولێر بەشێوەی ئاشکرا بەرهەڵستی یاساکەیان نەکرد, بەڵام کاتێ ئەو جوڵانەوەیەی کە لە دژی سیاسەتی عەبدولکەریم قاسم بەرفراوان بوو, بەتایبەتی دوای دژایەتی قاسم بۆ مافەکانی کورد و بۆردومانکردنی ناوچەکانی کوردستان و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول, مولکدار و سەرۆك هۆزەکان بوون بە دوو بەشەوە, بەشێکیان کە کەمینە بوون چوونە پاڵ شۆڕش, بەشەکەی دیکەیان کە زۆرینە بوون لەگەڵ حکومەتدا مانەوە (ديدار لەگەڵ كەريم ئەحمەد, 2017/7/13).

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کشتوکاڵی لە هەولێر, لێژنەکانی دابەشکردنی زەوی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلولدا تەنیا لەو کاتانەدا کارەکانیان بەجێگەیاندووە کە ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی سووپا یا جاشەکانەوە پارێزراو بووبێت و هێزەکانی پێشمەرگەی تێدا نەبووبێت (أرشيف محافظة أربيل, 26/6/ 1966), بەڵام سەرباری ئەوەش کاریگەری و بڕیارەکانی یاساکە لە لیواکەدا بەردەوام بوو, ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی حکومەت تێیاندا نەمابوو و کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش, لەلایەن پێشمەرگەوە کارەکانیان جێبەجێ کراوە, یا لە هەندێ کاتدا هێزەکانی حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان چوونەتە نێو چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و زەوی مولکدارەکانیان بەسەر جووتیاران دابەشکردووە, بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی سەرکردایەتی فیرقەی (1) ی سووپای عێراقی کە لە 16ی تشرینی دووەمی 1966 دا نووسراوە, چەند بەرپرسێکی حزبی شیوعی لەو کاتەی کە لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی قوشتەپە زەوییان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە, لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون, هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە هەریەك لە (محەمەدئەمین حاجی صادق) مولکداری گوندی (گەزنە) و (سەعید حاجی عەزیز) مولکداری گوندی (دۆستەپە) لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر لەژێر چاودێری هێزەکانی پێشمەرگە زەوییەکانیان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە, ئەمەش بۆ ئەوەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی نەیانگرێتەوە (أرشيف محافظة اربيل, 16/11/ 1966), لە نووسراوێکدا دیکەدا کە لە 20ی شوباتی 1967 بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی لیوای هەولێر ئاراستەی موتەسەریفی لیوای هەولێری کردووە ئاماژە بەوە کراوە کە پێشمەرگە لە بەشێك لە گوندەکانی دەشتی هەولێر و ڕەواندز و کۆیەدا زەوییان بەسەر جووتیاراندا دابەشکردووە (أرشيف محافظة أربيل, 20/2/ 1967), لەو شوێنانەی کە سەرکردایەتی شۆڕش زەوی دابەشکردووە, بەگوێرەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی بووە, بۆ نموونە لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و چۆمان لێژنەی دەستبەسەرداگرتن و دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەسەر جووتیاراندا پێکهاتووە و بەگوێرەی هەمان ماده و بڕگەکانی یاساکە کارەکانیان ڕایی کردووە (ديدار لەگەڵ محەمەد دەشتی, 2017/10/2), بەڵام زێتر دەستگیراوە بەسەر مولکی ئەو مولکدارانەی کە چووبوونە پاڵ حکومەت و لەدژی شۆڕش وەستابوونەوە, بۆیە زەوییەکانیان بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە (محمد, 2010, ص218), سەرباری کاریگەری ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول لەسەر یاسای چاکسازی کشتوکاڵی, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاغا و مولکدارەکان نەیانتوانی جارێکی دیکە دەسەڵات و هەژموونی خۆیان وەك پێش شۆڕشی چواردەی تەممووز بگەڕێننەوە و جووتیاران لە زەوی بێبەش بکەن (ديدار لەگەڵ سەيد كاكە, 2017/7/16, هەولێر). لە هەمووشی گرنگتر یاساکە کۆتایی بە سیستەمی پشکانە (محاصصة) هێنا کە شێوازێکی نیمچەدەرەبەگایەتی بوو لە کوردستان پەیڕەو دەکرا, (رسول, 2005, ص85؛ البياتی, 1990, ص36), بەپێی سیستەمەکە جووتیارەکە وەکو کرێگرتە یا کرێکاری کشتوکاڵی کاری لە زەوی مولکدارەکەدا دەکرد و

بەشێکی کەم لە بەروبوومەکەی پێدەدرا, شێوەی دابەشکردنی داهات لەنێوان مولّکدار و جووتیار و چەندێتی بەشی جووتیارەکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و بەگوێرەی جۆری بەروبوومەکە جیاواز بووە, هەشت یەك (حەوت بەشی بەروبووم بۆ جووتیار و یەك بەشی بۆ مولّکدار) و دەیەك (نۆ بەش بۆ جووتیار و یەك بەش بۆ مولّکدار) لە دانەوێلە, لە هەولێر و زۆرێك ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا بەر لە شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958 پەیڕەوکراوە (الحفید, 1993, ص55؛ ئیدمۆندس, 2004, ل274؛ هی, 2010, ل71).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرباری ئەوەی لە هەندێ شوێنی یاساکەدا ڕەچاوی بارودۆخی تایبەتی ناوچەکانی کوردستان بە هەولێریشەوە نەکراوە, بەڵام یاساکە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر باری مولّکداری هەولێر هەبووە, بایەخی یاساکە لەوەدابوو, بووە مایەی گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان, دەسەڵاتی مولّکدارەکانی کەمکردەوە و سنووری بۆ مولّکدارێتی ئەوان دانا, بۆ یەکەمین جار جووتیارانی کردە خاوەن زەوی, بۆیە لەجیاتی کارکردن لە زەوی مولّکدارەکان زەوییەکانی خۆیان وەبەرهێنا, بەمەش سیستەمی پشکانە کە لە پێشتردا تەواوی جووتیاران پابەندبوون پێیەوە بەرەو هەڵوەشانەوە چوو.

تەوەرەی دووەم/ یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117) ی ساڵی 1970

ئەم یاسایە وەکو یاسایەکی نوێی چاکسازی کشتوکاڵی لە ساڵی 1970 دەرچوو کە لە (50) مادە پێکهاتبوو (الوقائع العراقیة, ع (1884),30/5/ 1970), یاساکە سنووری مولّکدارێتی لەچاو یاساکەی دیکەی چاکسازی کشتوکاڵی کەمتر کردەوە, بەمەش ڕووبەرێکی زێتر لە زەوی دەستی بەسەرداگیراو ژمارەیەکی زێتریش لە جووتیاران لە دابەشکردنی زەوی بەبێ بەرامبەر سوودمەندبوون, ئەمە لە کاتێکدا دابەشکردنی زەوی لە یاسای یەکەمی چاکسازی کشتوکاڵیدا بەرامبەر بڕێك پارە بوو, بۆیە لە یاسای دووەمدا زێتر بەرژەوەندی جووتیاران لەبەرچاو گیراوە. مەبەست لە دەرکردنی ئەم یاسایە ڕێکخستنی چالاکی کشتوکاڵی بوو لەسەر شێوەی هاوبەشەکی (اشتراکی) بەو پێیەی سۆسیالیزم لەو کاتەدا ئامانجی سەرەکی حزبی بەعس و دەسەڵات بوو (ابراهیم, 2004, ص64).

بەهۆی پێویستبوونی دەرکردنی یاسایەکی نوێی چاکسازی کشتوکاڵی تا کەموکوڕییەکانی یاساکەی پێشووتر پڕ بکاتەوە و زێتر لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا بگونجێت, یەکێك لە داواکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکردنی ئەم یاسایە بوو (الحزب الدیمقراطي الکوردستاني, 1979, ص20). هەروەها حزبی شیوعی عێراقیش دەرکردنی یاساکەی بە بەراود لەگەڵ یاسای پێشوو بە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ئەژمارکرد (سباهی, 2009, ص483).

1- کاریگەری یاساکە لەسەر بارودۆخی مولّکدارێتی زەوی لە هەولێر

یاسای دووەمی چاکسازی کشتوکاڵی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری مولّکدارێتی پارێزگای هەولێر و پارێزگاکانی دیکەی کوردستان هەبوو, کاریگەرییەکەش هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆگرتبوو وەك دواتر لەمیانەی ڕوونکردنەوەی ماده و بڕگەکانی یاساکەدا دەردەکەوێت. بۆ دیاریکردنی ئەوپەڕی سنووری مولّکدارێتی بەپێتی زەوی و جۆری کشتوکاڵ و شێوەی ئاودێری کراوەتە پێوەر, مادەی (2) ی یاساکە هێڵی بارانبارینی کردووەتە بنچینەیەك بۆ ئەمە, ئەو هێڵەش تێکڕای بارانبارینی ساڵانەی (400) ملم بووە. بەشێوەیەك لە بڕگەی (أ) ی مادەی (2) دا لە زەوی دێمییدا مافی خاوەندارێتی ڕووبەری (2000) دۆنمی داوە بە کەسێك لەو زەوییە بێ پێتانەی کە کەوتوونەتە باشووری هێڵی بارانبارین, هەروەها خاوەندارێتی (1600) دۆنمی داوە لە زەوییە بەپێتەکانی هەمان ناوچە, بەڵام لە هەمان کاتدا مافی خاوەندارێتی ڕووبەری (1300) دۆنمی داوە لە زەوییە بێ پێتەکان و (1000) دۆنم لە زەوییە بەپێتەکانی کە کەوتوونەتە ناوچەی باکووری هێڵی بارانبارین (الوقائع العراقیة, ع (1884), 30/5/ 1970), پارێزگاکانی باشووری کوردستان بە هەولێریشەوە لە چوارچێوەی ئەم ناوچەیەدا بوون, بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە زەویوزاری پارێزگای هەولێر بە زەویوزاری بەپێت هەژمارکراوە, کە ئەمەش بنەمایەکی دروستی نەبووە, چونکە دیارە زەویوزارەکانی پارێزگاکە لەڕووی بەپێتییەوە هەموویان وەکو یەك نەبوون و مەرجیش نەبووە ڕادەی بارانبارینی ساڵانەیان بگاتە (400) ملم وەك ئەوەی لە پێناسەی هێڵی بارانبارینداً هاتووە, لە ئەنجامیشدا مافی خاوەندارێتی ڕووبەری زەوی لە پارێزگاکەدا (600) دۆنم لە مافی خاوەندارێتی ڕووبەری زەوی پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا کەمتر بووە (محمد و قادر, 2007, ص146-148). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەم کردنەوەیە لە بەرژەوەندی جووتیارانی هەولێردا بووە, چونکە سنووری مولّکدارێتی

خاوەن مولْکەکانی کەمترکردووەتەوە و لە بەرامبەریشدا ڕێژەی زەوی زیاتر دەستی بەسەرداگیراوە و بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە.

دەربارەی دیاریکردنی مولْکدارێتی لە زەوی بەراودا, لە برگەی (ب) ی هەمان مادەی پێشوودا سنووری مولْکدارێتی پارێزگاکانی باشووری کوردستان دیاریکراوە, بەشێوەیەك مافی خاوەندارێتی کەسێك (600) دۆنم بووە لە زەوییە بێ پیتەکانی کە بە دەست ئاو دەدرێن, واتە ئاودانی زەوییەکان لە ڕێگەی بیر و ناعورەکانەوە کە بەدەست ئاوەکەی لێ دەردەهێنن و ئاوی دەدەن, بەڵام لە زەوییە بەپیتەکان کە هەولێر لەم چوارچێوەیە دایە (400) دۆنم بووە, هەروەها مافی خاوەندارێتی (400) دۆنم بووە لەو زەوییە بێ پیتانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن, واتە ئەو زەوییانەی کە لە ڕێگەی جۆگەلە و ڕووبارەکانەوە ئاودەدرێن, بەڵام لە زەوییە بەپیتەکان (300) دۆنم بووە, هەروەها هەر لە هەمان برگەی پێشوودا بە چەند خاڵێك لەژێر ناوی (پارێزگاکانی باکوور) سنووری مولْکدارێتی لە پارێزگاکانی باشووری کوردستان لەسەر بنەمای جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی دیاریکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- (120) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی لۆکە و سەوزە.

2- (80) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی لۆکە و سەوزە.

3- (80) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی برنج.

4- (60) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی برنج.

5- (50) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی تووتن.

6- (40) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تایبەتن بە چاندنی تووتن (الوقائع العراقية, ع (1884), 1970 /5/30).

لەبەرئەوەی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو لە کوردستاندا کەم بووە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق, بۆیە سەرکردایەتی سیاسی کورد داوای کەمکردنەوەی قەبارەی ئەوپەڕی مولْکدارێتی لە یاساکەدا کردووە, لەم چوارچێوەیەشدا لەکاتی ڕاوێژکردنی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد دەربارەی ماده و برگەکانی یاساکە, حکومەت پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەوپەڕی مولْکدارێتی لەو زەوییە بەراوانەی کە تووتنیان لێ دەچێندرێت (60) دۆنم بێت, بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری کردووە کە (30) دۆنم بێت, ئەمەش بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان زەوی کشتوکاڵی مولْکدار و جووتیاردا دروست ببێت, (الحزب الديمقراطي الكوردستاني, 1979, ص27), مەبەست لەوەیە ئەو زەوییەی بەسەر جووتیارێکدا دابەشکراوە و تایبەت بووە بە چاندنی تووتن نزیکەی (10) دۆنم بووە, ئەمە لە کاتێکدا مولْکدار بۆی هەبوو خاوەندارێتی (60) دۆنم بکات.

لە برگەی (ج) ی هەمان مادەی پێشوودا ئەو ڕووبەرەی کە بە بێستانی دار خورما و دارودرەخت چێندراوە, لە ڕادەی ئەوپەڕی مولْکدارێتی هەڵاوێر کراوە, بەڵام بە مەرجێك تەمەنی دارەکان لە (5) ساڵ و ژمارەیان لە هەر دۆنمێك لە (40) دار کەمتر نەبێ و ژمارەی دارەبەردارەکانی نێویشی لە هەر دۆنمێکدا لە (20) دار کەمتر نەبێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم برگەیەدا تایبەتمەندێتی ناوچەکانی کوردستان بە هەولێریشەوە لەبەرچاو نەگیراوە, چونکە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە دارگوێز هەبووە, ئەوەی زانراویشە لەبەر چەندین هۆکاری فەسلەجی و ژینگەیی و جوگرافی ناتوانرێت (40) دارگوێز لە یەك دۆنمدا بچێندرێت, بەڵکو دەکرێت (25) دارگوێز لە دۆنمێکدا بچێندرێت, ئەوپەڕی چاندنیی لە زەوییەکی تەختدا دەگاتە (39) دار, وەك دارخورما درێژییەکەی ستوونی نییە و لق و پۆپی زۆرە, بۆیە ڕووبەری زیاتری دەوێت (محمد و قادر, 2007, ص162). لایەنێکی دیکەی نەرێنی یاساکە ئەوەبوو ڕێگەی بە دانیشتوانی شار دەدا ئەوانەی پیشەیان جووتیاری نەبووە کە پارێزگاری لە مولْکدارێتی زەوی کشتوکاڵی بکەن, بەتایبەتیش مولْکدارەکان کە خۆیان لە شارەکاندا نیشتەجێ دەبوون و لە ڕێگەی سەرکارەکانیانەوە کاروباری زەویوزارەکانیان بەڕێوەدەبرد (نوری, 1996, ص105).

لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە مولّکدارێتییەوە کە لە مادە و بڕگەکانی نێو یاساکەدا ڕوونکراوەتەوە بریتییە لە بەکارهێنانی زەوی میری و بابەتی یەکلاکردنەوەی زەویوزارەکان, دەربارەی ڕێگەپێدان بۆ بەکارهێنانی زەوی میری, بەگوێرەی بڕگەی (1) ی مادەی (11) ی یاساکە هەر کەسێك ئەگەر پێی وابوو مافی هەڵسوکەوتکردنی لە زەوییەکی میرییدا هەیە, هەڵسوکەوتکردنەکەی بەگوێرەی مامەڵەی ناوخۆی کشتوکاڵی سەلمێندرا, کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەر لە جێبەجێکردنی یاساکەدا زەوییەکەی بەکارهێناوە, ئەوە ئەو ڕووبەرەی بەپێی ڕادەی سنووری دیاریکراوی مولّکدارێتی لەسەر تاپۆ دەکرێ, بەڵام بەپێی بەندی (ب) ی بڕگەی (2) ی یاساکە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە پێشتر سوودمەندبوونە لە دابەشکردنی زەوی (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970), ئەمەش زێتر لە دژی بەرژەوەندی جووتیاران بووە و لە بەرژەوەندی مولّکدارەکاندا بووە, چونکە جووتیاران پێشتر زەوییان بەسەردا دابەشکراوە, بەمەش ئەوان ناگرێتەوە, ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاساکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەبێ بوونی هیچ قەوارە (سند) یەك ئەم زەوییانەیان بەکارهێناوە, بەتایبەتیش مولّکدارەکان.

سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی زەوییەکان, مادەی (12) ی یاساکە جەختی لە بەردەوامی یەکلاکردنەوەی زەوییەکان کردووەتەوە, کە پارێزگای هەولێریش بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە تا ئەو کاتە بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی یەکلانەکرابووەوە, تەنانەت تا ساڵی 1971 ڕێژەی (41,4%) ی زەویوزاری پارێزگای هەولێر یەکلانەکراوەتەوە و مافی خاوەندارێتی نەسەلمێندراوە (بروانە: الجمهورية العراقية, 1973, ص28) بەڵام لە بڕگەی (3) ی مادەی (13) ی یاساکەدا بۆ یەکلاکردنەوە و بەناوکردنی هەر پارچە زەوییەك مەرجی ئەوە دانراوە کە پێویستە بۆ ماوەی (10) ساڵ دارودرەختی تێدا چێندرابێ, ژمارەی دارەکانی نێویشی لە (40) دار لە هەر دۆنمێکدا کەمتر نەبێ (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970), بێگومان ئەم مەرجانەش لەگەڵ واقیعی کوردستان و لە نێویشیدا هەولێر گونجاو نەبووە, چونکە لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول و دواتریش وێرانبوون و سووتانی گوندەکان و مولّك و ماڵی جووتیاران ئەستەم بوو ئەم مەرجانە جێبەجێ بکرێن (محمد و قادر, 2007, ص156), جگە لەمانەش دیاریکردنی (40) دار بۆ هەر دۆنمێك بۆ دارگوێز نەگونجاو بووە وەك لە پێشتردا ڕوونمان کردەوە, بۆیە دواتر بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە 19 ی تەممووزی 1972 ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلول کرانە بیانوویێکی یاسایی بۆ پابەندنەبوون بە ناوەڕۆکی ئەم مادەیە (قادر و جامباز, 2013, ص72).

2- دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکان و دابەشکردنی بەسەر جووتیاران

بەپێی مادەی (6) ی یاساکە ئەگەر ڕووبەری هەموو ئەو زەوییانەی کە لە سنووری مولّکدارێتی دیاریکراوی نێو یاساکەدا زێتر بوون, دەستیان بەسەردا دەگیرێت, بەگوێرەی بڕگەی (1) ی مادەی (8) ی یاساکەش تەنیا قەرەبووی نرخی دار و درەخت و ماتۆری ئاو و ئامێرە کشتوکاڵییەکانی نێو زەوییەکە دەدرێتەوە خاوەن زەوی دەستبەسەرداگیراو نەك قەرەبووی نرخی زەوییەکە (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970). بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنیش بەڕێوەبەرایەتییەك لەژێر ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتن (مديرية الاراضي والاستيلاء العامة) دامەزرا کە سەرپەرشتی لێژنەکانی زەویوزار و دەستبەسەرداگرتنی پارێزگاکانی دەکرد, کە یەکێك لەو لێژنانەش لە پارێزگای هەولێر دانرا و کاروباری دەستبەسەرداگرتنی زەویوزارەکانی جێبەجێکرد (الداهري, 1970, ص285), بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی (5) ساڵدا (1970 - 1975) ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە لە پارێزگای هەولێردا دەستییان بەسەرداگیراوە بریتی بووە لە (429952) دۆنم (الجمهورية العراقية, 1976, ص93), ئەمە لە کاتێکدا وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە یاسای چاکسازی یەکەمدا لە ماوەی (12) ساڵدا ڕووبەری (4561120) دۆنم زەوی دەستی بەسەرداگیراوە, واتە پرۆسەی دەستبەسەرداگرتن لە یاسای چاکسازی دووەمدا کاراتر بووە. لەلایەکی دیکە لە کۆی (750) مولّکدار (290) مولّکدار ملکەچی ئەم یاسایە بوونە (حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری, ئاماری بڵاونەکراوە), ئەمە لە کاتێکدا لە یاسای یەکەمی چاکسازیدا تەنیا (73) مولّکدار ملکەچی یاساکە بوون, هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یاسای دووەمی چاکسازی ڕووبەری مولّکدارێتی کەمتر کردەوە, بۆیەشە ژمارەیەکی زۆرتر لە مولّکدارەکانی گرتەوە.

یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (117) ی ساڵی 1970 دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران و بەناوکردنیان بوو بەبێ بەرامبەر, جگە لە دابەشکردنی تاکەکەسی دابەشکردنی بەکۆمەڵیش لە یاساکەدا هەبوو, زۆربەی زەوییەکانی کوردستانیش بەشێوەی بە کۆمەڵ بەسەر جووتیاران دابەشکران (پارتی دیموکراتی کوردستان, 1996, ل36), بەپێی مادەی (6) یاساکە هەر جووتیارێکی کوردستان بە هەولێریشەوە لە زەوی دێمییدا (100) دۆنم زەوی بەسەردا دابەشکراوە, زەوی بەراویش لە چوارچێوەی ئەم سنوورەی خوارەوەدا بەسەر جووتیارانی کوردستان بە هەولێریشەوە دابەشکراوە:

1- (30) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن.

2- (12) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و لۆکە و سەوزەی تێدا دەچێندرێت.

3- (8) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و (6) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و برنجیان تێدا دەچێندرێت.

4- (5) دۆنم لەو زەوییانەی کە بە دەست ئاو دەدرێن و (4) دۆنم لەو زەوییانەی کە بەشێوەی بەراو ئاو دەدرێن و تووتنیان تێدا دەچێندرێت. جگە لە جووتیارانی ناو عێراق بەپێی برگەی (أ) ی مادەی (18) ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی (المجلس الزراعي الاعلى) بۆی هەیە زەوی بەسەر هاوڵاتییانی وڵاتانی عەرەبی دانیشتووی عێراقدا دابەش بکات, لەلایەکی دیکە بەپێی برگەی (د) ی هەمان مادە ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی بۆی هەیە لەکاتی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا ڕەچاوی بارودۆخی نێوخۆی وڵات بکات و لە هەر شوێنێك بە باشی بزانێت زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەش بکات, ئەمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنی نیشتەجێبوونی جووتیاران (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970), بەگوێرەی مادەی (23) ی یاساکە هەموو ئەو زەوییانەی بەسەر جووتیاراندا دابەش دەکرێن دوای (5) ساڵ لە وەرگرتنیان لەسەریان تاپۆ دەکرێت, بەڵام بۆ هێنانەدی ئەمە لە مادەی (24) دا چەند مەرجێك دانراوە, وەك ئەوەی پێویستە زەوییەکە دابچێنێ و ئاستی بەرهەمهێنانی کەم نەکاتەوە و جووتیار لە شوێنی دابەشکردنی زەوییەکەی نیشتەجێ بێت, وە نابێ مولکدارێتی ئەو زەوییەی بەسەریدا دابەشکراوە بیگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە (الوقائع العراقية, ع (1884), 30/5/ 1970). بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970-1975) بە هەردوو جۆری زەوی دێمی و بەراو ڕووبەری (241648) دۆنم بەسەر جووتیارانی هەولێردا دابەشکراوە, (5298) جووتیاریش لێی سوودمەندبوونە (الجمهورية العراقية, 1976, ص95), ئەمە لە کاتێکدا وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لە یاسای چاکسازی یەکەمدا لە ماوەی (12) ساڵدا (276165) دۆنم زەوی بەسەر جووتیاراندا دابەشکراوە و (3321) جووتیار لێی سوودمەندبوون. هەرچەندە نەتوندراوە بڕگە و مادەکانی نێو یاساکە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت, چونکە لەلایەك حکومەت لەلایەکی دیکە بەشێك لە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەندەی بە تەنگ وەدەستهێنانی لایەنگری و پشتگیری سیاسی دەرەبەگەکان بوون, ئەوەندە لە خەمی چاکسازی کشتوکاڵی و مافی جووتیاران نەبوون (الحزب الديمقراطي الكوردستاني, 1979, ص20), بەڵام وێڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانە یاسای دووەمی چاکسازی کشتوکاڵی لەڕووی چەندێتی دابەشکردنی زەوی و ژمارەی سوودمەندبوونی جووتیاران لە یاسای یەکەمی چاکسازی کشتوکاڵیدا بۆ هەولێر باشتر بووە.

ئەنجام:

1- یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی شۆڕشی چواردەی تەممووزی 1958لە عێراقدا, کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری مولکدارێتی و کشتوکاڵی لیوا (پارێزگا) ی هەولێر هەبوو, بووە مایەی لاوازبوونی دەسەڵات و هەژموونی مولکدارە گەورەکان و ئاغاکان, کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ جووتیارانیان چەوساندبووەوە و دەستیان بەسەر ژمارەیەکی بەفراوانی زەوی کشتوکاڵی داگرتبوو, ئەمە بەبێ ئەوەی مافی ڕەوای خۆیان بێت.

2- یاساکە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا ئەنجامدا, پێشتر بەگوێرەی سیستەمی پشکانە جووتیاران بەشێکی کەم لە داهاتی کشتوکاڵیان دەست دەکەوت و بەشی زۆری داهاتەکە بۆ دەرەبەگ و مولکدارەکان بوو, بەڵام دوای جێبەجێکردنی یاساکە جووتیاران خۆیان بوونە خاوەنی زەوی و زەوییەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەبەرهێنا.

3- لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1970 ڕادەی ئەوپەڕی مولکدارێتی بە بەراورد لەگەڵ یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 کەمترکرایەوە, بۆیە ژمارەیەکی زیاتر لە زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگای هەولێر دەستی بەسەرداگیرا و ژمارەیەکی زۆرتریش لە جووتیاران لە وەرگرتنی زەوی سوودمەندبوون.

4- ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی ئابووری-کۆمەڵایەتییەوە سەیری هەردوو یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ساڵی 1958 و 1970 بکەین ژمارەیەکی بەرچاو لە جووتیار و خێزانە هەژارەکان سوودمەندبوون و باری گوزەرانیان باشتر بووە, بێگومان ئەمەش پەرەسەندنێکی گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە لە هەولێر, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی هاوکارینەکردنی پێویستی جووتیاران لەلایەن حکومەتەوە بەشێکیان بەهۆی هەژاری و کەمدەرامەتییەوە نەیانتوانی زەوییەکانیان وەبەربهێنن, ئەمەش لە کۆتاییدا کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لێکەوتەوە.

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم/ بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

- دار الكتب والوثائق العراقية, وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية الاستيلاء والتقدير العامة, رقم الملف:4207001/39, الموضوع: احمد باشا حسين اغا, العدد: 35078, 11/17/ 1959.

- دار الكتب والوثائق العراقية, الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, السكرتارية العامة, العنوان: تقدير اراضي حمد احمد باشا, العدد:1029, 5/6/ 1960.

- دار الكتب والوثائق العراقية, وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية الاستيلاء والتقدير العامة, رئاسة لجنة التقدير في اربيل, العنوان: تقدير اراضي حمد احمد باشا, العدد:1029, 9/12/ 1960.

- دار الكتب والوثائق العراقية, وزارة الاصلاح الزراعي, مديرية التوزيع العامة, الامور الفنية, الموضوع: مذكرة بشأن توزيع اراضي منطقة قراج ضمن قضاء مخمور-لواء اربيل- على الفلاحين, العدد: 352, رقم الملف: 401/ 520700, 1962/5/28.

- أرشيف محافظة أربيل, وزارة الاصلاح الزراعى, مديرية الاصلاح الزراعي في اربيل, القلم السري, الموضوع: مباشرة لجان البحث بناحيتي قوشتبة و كوير ضمن لواء اربيل, العدد/ 45, 6/26/ 1966.

- أرشيف محافظة أربيل, قيادة الفرقة الاولى, الاركان العامة, سري للغاية, الموضوع: تأييد معلومات, الرقم: 2769, 11/16/ 1966.

- أرشيف محافظة أربيل, الامن العامة, مديرية امن لواء اربيل, القلم السري, رقم الاضبارة: 87, الموضوع: الوضع فى منطقة لواء اربيل, العدد (151), 2/20/ 1967.

دووەم/ چاپکراوە حکومی و حزبییەکان:

- الجمهورية العراقية, وزارة التخطيط, دائرة الاحصاء المركزي, نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة 1958-1959, مطبعة الحكومة, بغداد, 1961.

- الجمهورية العراقية, لجنة الاحتفالات بالذكرى الثالثة لقانون الاصلاح الزراعي, مطبعة المساحة, بغداد, 1962.

- مديرية التوجيه والنشر فى وزارة الاصلاح الزراعي, الاصلاح الزراعي فى اعوامه الثلاثة, شركة التجارة والطباعة, بغداد, 1962.

- الهيئة العليا للاصلاح الزراعي, قوانين الاصلاح الزراعي / قانون الاصلاح الزراعي رقم 30 لسنة 1958 وتعديلاته والانظمة والتعلميات والبيانات الصادرة بموجبه والقوانين ذات العلاقة به, مطبعة العاني, بغداد, 1965.

- الجمهورية العراقية, وزارة الزراعة, مديرية الديوان العامة, دليل القطاع الزراعي فى العراق لعامي 1968-1969, مطبعة وزارة الزراعة, بغداد, 1970.

- الجمهورية العراقية, وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للاحصاء, المجموعة الاحصائية السنوية 1970, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد, 1971.

- الجمهورية العراقية, وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للاحصاء, نتائج التعداد الزراعي العام لسنة 1971, ج1, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد, 1973.

- الجمهورية العراقية, وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للاحصاء, المجموعة الاحصائية السنوية 1975, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد, 1976.

- حكومەتی هەرێمی كوردستان, وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری, هۆبەی زەویوزار, ناوی ئەو مواڵكدارانەی ملكەچن بۆ یاساكانی چاكسازی كشتوكاڵی لە پارێزگای هەولێر لەنێوان ساڵانی 1958-1975, ئاماری بڵاونەكراوە.

- الحزب الديمقراطي الكوردستاني, طريق الحركة التحررية الكردية, التقرير السياسي المصادق عليه من قبل كونفراس الحزب المنعقد فى اب 1976 وقد اقره المؤتمر التاسع للحزب الديمقراطي الكردستاني المنعقد فى تشرين الثاني 1979, د.م, د.س.

- پارتی دیموكراتی كوردستان, مەكتەبی سیاسی, مەكتەبی ناوەندیی دیراسات و توژینەوە, كێشەی زەوی و واقیعی كشتوكاڵ لە كوردستانی عێراق دا, ب, ش, 1996.

سێیەم/ یاداشت و بیرەوەرییەكان:

- رەسول, فاتح, لە كاروانێكی دوورودرێژدا "كورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ", ستۆكهۆڵم, 1997.

- محەمەد, مەسعود, گەشتی ژیانم, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, 2016.

- هەریری, نەجمەدین مامۆ, بیرەوەرییەكانی نەجمەدین مامۆ هەریری, پێداچوونەوەی: سلێمان شێخ محەمەد, ب1, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, هەولێر, 2009.

چوارەم/ دیدارەكان:

- دیدار لەگەڵ ئازاد جەوهەر عەزیز دزەیی, 3/4/ 2018, هەولێر. نێوبراو لە ساڵی 1948 لە كۆیە لەدایك بووە, لە ساڵی 1970 كۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواوكردووە, لە ساڵی 1974 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە كردووە, لە سەرەتای هەشتاكانەوە تا ئێستا خەریكی كاری بازرگانییە و لە هەولێر دادەنیشێت.

- دیدار لەگەڵ پ.د. ئەرسن موسا ڕەشید, 10/11/ 2017, هەولێر. نێوبراو لە ساڵی 1955 لە شاری هەولێر لەدایك بووە, بڕوانامەی دكتۆرای لە مێژووی ئیسلامی لە زانكۆی ئەدنبەرە بەدەستهێناوە, یەكەمین سەرۆكی كۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی كوردستان بووە, ماوەی چەندین ساڵ سەرۆكی بەشی مێژوو بووە لە كۆلێژی ئەدەبیات-زانكۆی سەڵاحەدین, ئێستا مامۆستایە لە هەمان كۆلێژ و لە هەولێر نیشتەجێیە.

